زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستاو قوتابی و پەیوەندی بە زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەقوتابخانە ئامادەییەکانی ناوەندی شاری هەولێر)

تێزێکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لەزانکۆی سەلاحەددین- هەولێر وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لەکۆمەڵناسی- دەرونزانی کۆمەڵایەتی


لەلایەن

**عمر حمه أحمد**

بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- 2010

ماستەر لە کۆمەڵناسی- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- 2015

بەسەرپەرشتیاری

**پ.د.صباح أحمد محمد نجار**


هەولێر- کوردستان

تشرینی یەکەم 2023

بسم الله الرحمن الرحيم

{فَمَنِ اتَّقَىٰ وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ}

صَدَقَ الله العَظيم

سورەتی الاعراف، ئایەتی:35

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم، کە ئەم تێزی دکتۆرایە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە **(کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی و پەیوەندی بە زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە)** هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بەئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نوسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە، بۆئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: **عمر حمه احمد**

بەروار: / /2023

**بڕیاری هەڵسەنگێنەری زمانەوانی**

من(د.ڕێژنە سیف الدین حسن) بڕیارمدا، کە تێزی دکتۆرا بە ناونیشانی(کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی و پەیوەندی بەزیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە)، قوتابی(عمر حمە احمد) پێیداچومەتەوە و تایبەت بە زمانەوانی، گونجاوە بۆ گفتوگۆی زانستی، لەبەرئەوە واژۆمکرد لە خوارەوە.

واژۆ...............................

ناو: **د.ڕێژنە سیف الدین حسن**

مامۆستا لە کۆلێژی زمان-بەشی کوردی

ڕێکەوت:     /     /2023

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم تێزە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نوسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە پسپۆڕی (کۆمەڵناسی-**دەروونزانی کۆمەڵایەتی**)من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو: **پ.د.صباح احمد محمد نجار**

/ /2023

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆگفتوگۆ.

واژوو:

ناو: **د.سهی یونس اسماعیل**

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

بەروار: / /2023

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لەکۆلێژ

واژوو:

ناو: **پ.ی.د.شوان محەمەدئەمین خۆشناو**

بەروار: / / 2023

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەک لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەوتێزی دکتۆرایەمان، کە ناونیشانەکەی بریتی بوو لە:

**(کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی و پەیوەندی بە زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی ناوەندی شاری هەولێر)** خوێندەوە و قوتابییەکەمان کە ناوی (**عمر حمه احمد**) بوو، لە ناوەرۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیاردەدەین، کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی دکتۆرای لە پسپۆڕی (کۆمەڵناسی-دەروونزانی کۆمەڵایەتی) تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.د.صابر بكر بۆكانی
ئەندام
بەروار: / /2023

واژوو:
ناو: پ.د.نیان نامق صابر
ئەندام
بەروار: / /2023

واژوو:
ناو: پ.د.ئارام ابراهیم حسین
ئەندام
بەروار: / /2023

واژوو:
ناو: پ.ی.د.عزالدین عبدالصمد رسول
ئەندام
بەروار: / /2023

واژوو:
ناو:پ.د.صباح أحمد محمد نجار
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار: / /2023

واژوو:
ناو: پ.د.شەوبۆ عبدالله ملاطاهر
سەرۆکی لیژنە
بەروار: / /2023

واژوو:
ناو: پ.د.قادر محمد حسن
ڕاگری کۆلێژی ئەدەبیات
بەروار: / /2023

هەواڵنامەی کتێب

**پێشکەشە بە:**

هەموو ئەوکەسانەی **بە دڵسۆزییەوە لە خەمی پەروەردەدان،** وەک مۆم دەسوتێن!

**توێژەر**

هەواڵنامەی کتێب

**سوپاس و پێزانین**

- سوپاس و ستایش پۆپەروەردگاری بێ هاوتا، کە دەرفەت و تواناو تەندروستی پێ بەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم قۆناغەی کاری ئەکادیمی.
- سوپاسی مامۆستای سەرپەرشتیار بەڕێز(پ.د. صباح احمد محمد نجار) دەکەم، کە هەنگاو بە هەنگاو لە سەرجەم قۆناغەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا و لاپەڕە بە لاپەڕە بە تێبینییە بەنرخەکانی توێژینەوەکەی بەم قۆناغەی ئێستا گەیاندووە.
- سوپاس و پێزانین ئاراستەی ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم کە یارمەتیانداوم، چ بەڕاوێژ کردن، یاخود لە جێگیرکردنی پێوەرەکان یاخود وەرگێڕانی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی هاوکارم بوون. بەڕێزان: (پ.د.مؤيد اسماعيل جرجيس؛ پ.د.محمد محي الدين صادق؛ پ.د.جوان اسماعيل بكر؛ پ.د.عبد الحميد على سعيد؛ پ.د.عمرابراهيم؛ پ.د.سەليم بطرس الياس؛ پ.ی.د.لقمان صالح كريم؛ پ.د.زياد عبدالله عبدالصمد؛ پ.د.ادريس عبدالله).
- بەڕیزان لە سەرۆکایەتی و مامۆستایان و فەرمانبەرانی بەشی کۆمەڵناسی کە ماندووبوون لەکاتی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ئەم تێزی دکتۆرایە و وانەکانی کۆرسی دکتۆرا.
- سوپاسی هەریەک لە بەڕێزان:(پ.د.ئارام ابراهيم؛ پ.ی.د.شهلاء ولی؛ پ.ی.د.زانا أحمد)دەکەم، کە لەمیانی ئامادەبونیان لە(5)سیمناردا لە قۆناغە جیاوازەکانی تێزەکەدا، گەنگەشەی بەرەوپێشەوەچوون و خاڵی لاوزی تێزەکەیان کردووە.
- بەڕێز پیتەر سالۆڤی Peter Salovy ، کە بەناردنی توێژینەوەکانی خۆی لەڕیگەی ئیمەیلەوە توێژینەوەکەی دەوڵەمەندکردین.
- سوپاس بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گشتی هەولێر و پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ کارئاسانییان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان لە قوتابخانەکانی سنورەکانیان.
- سوپاس بۆ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی مامۆستایانی قوتابخانەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەوپەڕی سینگ فراوانییەوە هاوکار و هەماهەنگ بوون بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە و چاوپێکەوتنەکانمان.

- سوپاس و پێزانینم بۆ بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی هەولێر، بەتایبەتی ئەو سەرپەرشتیارە بەڕێزانەی، کە کاتیان بەخشی بەم توێژینەوەیە و گەنگەشەی ئەنجامە چەندایەتییەکانمان کرد و سەرنج و تێبینی خۆیان لەسەری خستەڕوو.
- سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی وەک سەربازێکی بێناو جێی پەنجەیان لە تێزەکەماندا کردۆتەوە بە هاندانێک، ڕاستکردنەوەیەک، یارمەتیدانێک.

**توێژەر**

هەواڵنامەی کتێب

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتییە، هەروەها زانینی ئاستی هەریەک لەو گۆڕاوانە لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، زانینی جیاوازی لە گۆڕاوەسەرەکییەکانی توێژینەوەکە بەپێی: ڕەگەز(نێرو مێ)، لقی زانستی(زانستی و وێژەیی)، جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)، ئاستی بژێوی(نزم، ناوەند، بەرز)دا، لەهەمان کاتدا دەرهێنانی ئەنجامی توێژینەوەی چۆنایەتی و پاڵپشتیکردنی داتا چەندایەتییەکان.

میتۆدی (چۆنایەتی و چەندایەتی)بەکارهاتووە، میتۆدی وەصفی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە و میتۆدی تێکەڵاو(Mixed Methods research)، فرە میتۆدی(Method Triangulation) و لەنێویشیدا شێوازی پاڵپشتیکردنی داتاچەندایەتییەکان بە چۆنایەتی(Validating Quantitative Data Model)بەکارهاتووە. نموونەی توێژینەوەکە بۆ توێژینەوەی چەندی بە چەند قۆناغێک دەستنیشانکراوە، سەرەتا نموونەی هەرەمەکی سادە بۆ دەستنیشانکردنی قوتابخانەکان بەپێی دابەشبوونی شارەوانییەکانی ناوەندی شاری هەولێر بەکارهاتووە، دواتر نموونەی هەڕەمەکی بەشی ڕێژەیی بۆ دیاریکردنی ڕێژەی هەربەشێک بەپێی قەبارەکەی بەکارهاتووە، لە کۆتا قۆناغدا نموونەی هەرەمەکی سادە جارێکی تر بەکارهاتووە بۆ دابەشکردنی پێوەرەکان بەسەر یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا. قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە(400) یەکە لەقوتابیانی ئامادەیی پۆلی(11) لەهەردوو ڕەگەز، زانستی و وێژەیی، حکومی و ناحکومی، لەناوچە و گەڕەکە جیاوازەکاندا لەناوەندی شاری هەولێر. جۆری نموونەی بەکارهاتوو بۆ توێژینەوەی چۆنایەتی بریتییە لە نموونەی ئەوتاکانەی دەوڵەمەندن بە زانیارییەکانی ناو پرۆسەی پەروەردەیی و خاوەن ئەزموون، کەقەبارەیان(43)یەکەبوون، لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی تاک و کۆمەڵ، ئەنجام دراوە. بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، سێ پێوەر بەکارهاتووە: (کارلێکی کۆمەڵایەتی، زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی). پێوەری یەکەم و سێیەم لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە و

پێوەری دووەم(زیرەکی هەڵچوونی، گونجاندنی بۆکراوە، کە لە هەردوو توێژەر(منوخ و علی، 2011) وەرگیراوە.

بۆ شیکردنەوەی داتاکان پشتبەستراوە بە هەگبەی ئاماری بۆزانستە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS) کەتییدا تاقیکردنەوەکانی(z) بۆبەراوردی ناوەندی گریمانەکراو بە ناوەندی هەژمارکراو و تاقیکردنەوەکانی(t) بۆ دوو گۆڕاوی سەربەخۆ، تاقیکردنەوەکانی(ANOVA)، هەروەها هاوکێشەکانی پەیوەستی(پیرسۆن و سپیرمان) بەکارهاتوون.

ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بە بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوانە دەکات لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونیدا، لە هەمانکاتدا پەیوەندی پێچەوانە دۆزرایەوە لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و فۆبیای کۆمەڵایەتی لە لایەک و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی لە لایەکی ترەوە. ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە. ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی بریتییەلە(16.75%) بەراورد بە کۆمەڵگەی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو نزمە، لەگەڵ ئەوەشدا جێگای تێبینی و سەرنجە.

جیاوازی هەیە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە بەرژەوەندی کچان، جیاوازی هەیە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان قوتابخانەی حکومی و ناحکومی لە بەرژەوەندی قوتابخانەی حکومی، جیاوازی نەبوو لە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی لقی خوێندن وێژەیی و زانستی، جیاوازی هەبوو بەپێی ئاستی بژێوی ژیان لە بەرژەوەندی چینی نزم، واتە لای چینی بژێوی نزم کارلێک کەمتر بوو. جیاوازی لە زیرەکی هەڵچوونی نەبوو بەپێی ڕەگەز جۆری قوتابخانە و جۆری خوێندن و ئاستی بژێوی ژیان. جیاوازی لە فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی ڕەگەز جۆری قوتابخانە و جۆری خوێندن نەبوو، بەڵام جیاوازی لە ئاستی بژێوی ژیان هەبوو لە بەرژەوەندی چینی بژێوی نزم، واتە چینی بژێوی فۆبیای کۆمەڵایەتی لەسەر خۆیان زیاتر تۆمار دەکەن بەراورد بە دوو چینەکەی تر. شایانی ئاماژە پێدانە ئەنجامی توێژینەوەی

چەندایەتی و چۆنایەتی هاوتەریب بوون، واتە یەکەکانی نموونەی چۆنایەتی، کە لە مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەر و پسپۆڕانی بواری کەسێتی و دەروونزانی کۆمەڵایەتی پێکهاتبوون بەوەڵامەکانیان پاڵپشتی وەڵامی یەکەکانی نموونەی چەندایەتیان دەکرد، کە لە قوتابیان پێکهاتبوون تەنها لە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی نەبێت کەپاڵپشتییەکە لاوازبوو.

هەواڵنامەی کتێب

## پێرستی بابەتەکان

ناونیشان لاپەڕە

بەڵێننامە ........ II

بڕیاری هەڵسەنگێنەری زمانەوانی ........ III

پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار ........ IV

بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە ........ V

پێشکەشە بە: ........ VI

سوپاس و پێزانین ........ VI

پوختە ........ VIII

پێرستی بابەتەکان ........ XII

لیستی هێڵکارییەکان ........ XVII

لیستی شێوەکان ........ XVII

لیستی خشتەکان ........ XVIII

پاشکۆکان ........ XX

پێشەکی ........ 15-1

بەشی یەکەم/ ڕەگەزە سەرەکییەکانی بابەتی توێژینەوەکە ........ 3

یەکەم/ گرفتی توێژینەوەکە ........ 3

دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە ........ 7

سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە ........ 8

چوارەم/ پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان ........ 9

أ-پێناسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی(Social interaction) ........ 9

ب-پێناسەی زیرەکی هەڵچوونی(Emotional intelligence) ........ 11

پ- پێناسەی فۆبیای کۆمەڵایەتی (Social phobia): ........ 13

پێنجەم/ سنوری توێژینەوەکە: ........ 15

بەشی دووەم: سروشت و تایبەتمەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی ........ 44-16

باسی یەکەم/ سروشت و تایبەتمەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی-Social interaction ..... 16

هەواڵنامەی کتێب

1- کۆمەڵناسی و کارلێکی کۆمەڵایەتی .......... 16
2- کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی .......... 18
3- شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوپۆل: .......... 21
4- ڕەهەندەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی .......... 21
5- ئامرازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی .......... 22
ا-ئامرازی زارەکی .......... 23
ب-ئامرازی نازارەکی .......... 23
6- کارلێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ .......... 24
7- جۆرەکانی پەیوەندی نێو پۆل: .......... 25
8- ئەنجامەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی .......... 25
باسی دووەم/سروشت و تایبەتمەندی زیرەکی هەڵچوونی .......... 27
1- سۆسیۆلۆجیای هەڵچوونەکان. .......... 27
2- زیرەکی هەڵچوونی .......... 30
3- تایبەتمەندی ئەوکەسانەی زیرەکی هەڵچوونیان بەرزە .......... 32
4- فشارەکان و زیرەکی هەڵچوونی .......... 33
5- گەشەپێدانی زیرەکی هەڵچوونی لە پرۆسەی پەروەردەییدا .......... 34
باسی سێیەم/سروشت و تایبەتمەندی فۆبیای کۆمەڵایەتی .......... 35
1-گرنگیدان بە فۆبیای کۆمەڵایەتی .......... 35
2- جیاوازی ڕەگەز لەفۆبیای کۆمەڵایەتیدا .......... 37
3- سەرەتای دەرکەوتنی فۆبیای کۆمەڵایەتیدا .......... 38
4- کاریگەری فۆبیای کۆمەڵایەتی .......... 39
ا-لە ڕوی مەعریفییەوە .......... 39
ب- لە ڕووی هەڵچوونی و فسیۆلۆجییەوە .......... 41
پ-لە ڕوی ڕەفتارییەوە .......... 41

5- ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی ........................................ 43

**بەشی سێیەم: ئاراستە تیۆرییەکان و توێژینەوەکانی پێشوو.................................... 45-94**

باسی یەکەم/ ئاراستە تیۆرییەکان ........................................................................ 45

یەکەم/ ئاراستەی تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی ..................................................... 47

تیۆری کارلێکی هێمایی ........................................................................................ 47

جۆرج هربرت مید و کارلێکی کۆمەڵایەتی .............................................................. 49

دووەم/ تیۆرەکانی زیرەکی هەڵچوونی Emotional IntelligenceTheory.............. 53

1-مۆدێلی (بارون-Bar-on) 1988 ........................................................................ 54

2-مۆدێلی (پیتەر سالۆڤی) وە (جۆن دی مایەر) 1990............................................ 57

3- مۆدێلی گۆڵمان(Danel Goleman) بۆ زیرەکی هەڵچوونی................................. 58

سێیەم/ تیۆرەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی-Social phobia Theory ........................... 61

1-تیۆری مەعریفی بۆفۆبیای کۆمەڵایەتی ............................................................ 62

2-تیۆری ئەلبێرت ئەلیس (Albert Allis, 1913-2007)........................................... 65

3-ئاراستەی تیۆری نێوان کەسەکان( Interpersonal perspectives on social phobia)................................................................................................... 71

ڕاڤەی گشتی بۆ پەیوەندی و کاریگەری ئاراستەی تیۆرەکان ................................. 74

باسی دووەم/ توێژینەوە کانی پێشوو....................................................................... 77

یەکەم/ توێژینەوەکانی تایبەت بەکارلێکی کۆمەڵایەتی ........................................ 77

دوەم/ توێژینەوەکانی تایبەت بە زیرەکی هەڵچوونی................................................ 83

سێیەم/ توێژینەوەکانی تایبەت بە فۆبیای کۆمەڵایەتی ........................................... 89

سودەکانی توێژینەوەکانی پێشو لەم توێژینەوەیەدا .............................................. 93

**بەشی چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکەو کارڕاییەکانی.......................................... 95-131**

یەکەم/ میتۆدی توێژینەوەکە.................................................................................. 95

1-میتۆدی وێنایی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە: .................................................. 95

قۆناغەکانی میتۆدی وێنایی.................................................................................... 96

2- میتۆدی جۆری ........................................................................................ 97
هەنگاوەکانی شیکردنەوە و ڕاڤەکرنی داتای جۆری:........................................................ 97
نموونەی چۆنایەتی و خەسڵەتەکانی:........................................................................ 98
ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەی چۆنایەتی ............................................... 99
3-میتۆدی تێکەڵاو(Mixed method):........................................................................ 102
کۆکردنەوە لەنێوان میتۆدی جۆری و چەندی:............................................................ 103
دووەم/کۆمەڵگەی توێژینەوەکە................................................................................. 104
سێیەم/نموونەی توێژینەوەکە،................................................................................... 104
خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە ......................................................................... 107
ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری چەندی .................................................................. 109
مەرجە سایکۆسۆسیۆمەترییەکانی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی ........................................ 110
یەکەم/ بڕگەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتSocial interaction Items : .................................. 110
دووەم/ بڕگەکانی زیرەکی هەڵچوونی Emotional Intelligence Items ............................... 116
مەرجە سایکۆسۆسیۆمەترییەکانی بڕگەکانی زیرەکی هەڵچوونی ....................................... 117
سێیەم/ بڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی، Social phobia Items:........................................ 122
سەرنجێک لەسەر لێ توێژراوان و بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەکان دابەشکردنی پێوەرەکان ........................................................................................................ 128
**بەشی پێنجەم: خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان ....................................... 132-189**
یەکەم/خستنەڕوی ئەنجامەکان و شرۆڤە و ڕاڤەکردنیان.................................................. 132
1-خستنەڕووی ئەنجامە چەندایەتییەکان.................................................................... 132
2-خستنەڕووی ئەنجامە چۆنایەتییەکان .................................................................... 173
3-خستنەڕووی ئەنجامەکانی میتۆدی تێکەڵاو و پاڵپشتی و بەراوردکردنیان .......................... 175
خستنەڕوی چەند گریمانەیەک:.................................................................................. 186
دووەم/پێشنیازەکان.................................................................................................. 187
سێیەم/توێژینەوە ئایندەییەکان:................................................................................. 189

هەولێرنامەی کتێب

سەرچاوەکان.......................................................................................... R190
پاشکۆکان ......................................................................................... A235–A207
پوختەی تێزەکە بەزمانی ئینگلیزی (Abstract)........................................................ A–C

هەواڵنامەی کتێب

## لیستی هێڵکارییەکان

(1) ڕەهەندەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ........................................................................ 22
(2) هەنگاوەکانی تیۆری(ABC) ڕوندەکاتەوە ................................................................ 66
(3) پێکەوە کارکردنی هەردوو قۆناغی دۆزینەوە و کورتکردنەوەی زانیارییەکان .............. 97
(4) ڕوونکردنەوەی ڕێبازی پاڵپشتیکردنی داتا چەندایەتییەکان........................................104

## لیستی شێوەکان

(1)دابەشبونی نموونەی توێژینەوەکە بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی ..........................................116
(2)دابەشبونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە زیرەکی هەڵچوونی ............................121
(3) دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی ..........................................127
(4)ئاراستەی جیاوازییەکان بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان گروپەکانی ئاستی بژێوی ژیان(نزم، ناوەند، بەرز)..............................................................................................156
(5) ئاراستەی جیاوازییەکان بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان................170

هاوڵاتەمەی کتێب

# لیستی خشتەکان


خشتەی(1) تایبەتمەندی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەی چۆنایەتی .................................. 99

خشتەی(2) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (قوتابیانی پۆلی 11)............................................. 104

خشتەی(3) قەبارەی نموونەی هەڵبژێردراو ............................................................. 107

خشتەی(4) ئاستی بژێوی ژیانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ...................................... 107

خشتەی(5) بۆچونی شارەزایان سەبارەت بە بڕگەکانی کارلێکی کۆمەلایەتی.................. 112

خشتەی(6) پەیوەستی هەربڕگەیەک بە نمرەی گشتی کارلێکی کۆمەلایەتی................. 112

خشتـــەی(7) جێگیری پێوەری کارلێکی کۆمەلایەتی بە ڕێگەی بەشـــکردن بۆ دوو بەش و ئەلفاکرونباخ ................................................................................................ 114

خشتەی(8) ڕیکوپێکی نێوخۆیی(الاتساق الداخلي) هەرتەوەرێک بۆ کارلێکی کۆمەلایەتی .. 114

خشتەی(9) تایبەتمەندی ئاماری کارلێکی کۆمەلایەتی................................................ 115

خشتەی(10) بۆچوونی شارەزایان سەبارەت بە بڕگەکانی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی... 117

خشتەی(11) پەیوەستی هەربڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی........ 118

خشتەی(12) جێگیری بەڕێگای بەشکردن بۆدووبەش و ئەلفاکرونباخ .............................. 119

خشتەی(13) ڕیکوپێکی نێوخۆیی هەرتەوەرێک بۆ زیرەکی هەڵچوونی............................ 119

خشتەی(14) تایبەتمەندی ئاماری پێوەری زیرەکی هەڵچوونی ....................................... 121

خشتەی(15) ڕاستگۆیی ڕوکەش بۆ بڕگەکانی پێوەری فۆبیای کۆمەلایەتی ...................... 123

خشتەی(16) پەیوەستی هەربڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوەری فۆبیای کۆمەلایەتی ....... 124

خشتەی(17) جێگیری بەڕێگای بەشکردن بۆدووبەش و ئەلفاکرونباخ .............................. 125

خشتەی(18) جێگیری نێوخۆیی هەرتەوەرێک بۆ فۆبیای کۆمەلایەتی ............................ 125

خشتەی(19)تایبەتمەندی ئاماری داتاکانی فۆبیای کۆمەلایەتی....................................... 126

خشـــتەی(20) تاقیکردنەوەی(z)جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەکراو و لادانی پێوەری بۆ ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی ........................................................................... 133

خشـــتەی(21) تاقیکردنەوەی(z)جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەکراو و لادانی پێوەری بۆ ئاستی زیرەکی هەڵچوونی ............................................................................. 137

خشـــتەی(22) تاقیکردنەوەی(z)جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەکراو و لادانی پێوەری بۆزانینی ئاستی فۆبیای کۆمەلایەتی.......................................................................... 140

خشتەی(23) ڕێژەی توشبوون بەفۆبیای کۆمەلایەتی دەخاتە ڕوو ................................. 141

خشتەی(24) جیاوازی بەپێی ڕەگەز بۆکارلێکی کۆمەلایەتی ........................................ 146

خشتەی(25) جیاوازی بەپێی جۆری قوتابخانە بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی ..........................149
خشتەی(26) جیاوازی بەپێی جۆری خوێندن بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی ..........................150
خشـــتەی(27)ئەنجامی تاقیکردنەوەی(ANOVA) بۆزانینی جیاوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی
بەپێ گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان..........................................................................152
خشتەی(28) ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەراوردی شیفیە..............................................153
خشتەی(29) جیاوازی بەپێی ڕەگەز بۆ زیرەکی هەڵچوونی ..............................................156
خشتەی(30)جیاوازی بەپێی جۆری قوتابخانە بۆزیرەکی هەڵچوونی ...............................159
خشتەی(31) جیاوازی بەپێی جۆری خوێندن بۆ زیرەکی هەڵچوونی...............................160
خشتەی(32)ئەنجامی تاقیکردنەوەی(ANOVA)..........................................................161
بۆزانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێ گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان ......................161
خشتەی(33) جیاوازی بەپێی ڕەگەز بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی ............................................163
خشتەی(34) جیاوازی بەپێی جۆری قوتابخانە بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی..............................165
خشتەی(35) جیاوازی بەپێی جۆری خوێندن بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی................................166
خشتەی(36)ئەنجامی تاقیکردنەوەی(ANOVA) بۆزانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی
گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان..................................................................................167
خشتەی(37)ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەراوردی شیفیە ................................................168
خشتەی(38)پەیوەندی گۆڕاوەسەرەکییەکانی توێژینەوەکە ...............................................170

هەولنامەی کتێب

**پاشكۆكان**

پاشكۆی(1) پێوەری كارلێكی كۆمەڵایەتی لەوێنەی سەرەتاییدا ................................... A207
پاشكۆی(2) پێوەری زیرەكی هەڵچوونی لەوێنەی سەرەتاییدا ................................... A211
پاشكۆی(3) پێوەری فۆبیای كۆمەڵایەتی لە وێنەی سەرەتاییدا ................................... A214
پاشكۆی(4) پێوەری كارلێكی كۆمەڵایەتی دوای كارڕاییەكان ........................................ A218
پاشكۆی(5) پێوەری زیرەكی هەڵچوونی دوای كارڕاییەكان ........................................... A222
پاشكۆی(6) پێوەری فۆبیای كۆمەڵایەتی دوای كارڕاییەكان ......................................... A225
پاشكۆی(7) ناوی پسپۆڕانی ڕاستگۆیی پێوەرەكان ..................................................... A228
پاشكۆی(8) ناوی پسپۆڕانی وردی وەرگێڕان ........................................................... A228
پاشكۆی(9) پرسیارەكانی چاوپێكەوتنی توێژینەوەی چۆنایەتی ...................................... A229
پاشكۆی(10) نوسراوی ڕێگە پێدان بۆقوتابخانە حكومییەكان ...................................... A232
پاشكۆی(11) نوسراوی ڕێگەپێدان بۆ قوتابخانە ناحكومییەكان .................................... A233
پاشكۆی(12) ڕەزامەندی بڵاوبونەوەی توێژینەوە(ئاستی فۆبیای كۆمەڵایەتی) ............. A234
پاشكۆی(13) ڕەزامەندی بڵاوبونەوەی توێژینەوە(كارلێكی كۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەزیرەكی هەڵچوونییەوە) ........................................................ A235

هەوڵنامەی كتێب

## پێشەکی

لە پێناو فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەباروگونجاو بۆ خوێندن و گەشەکردنی کەسێتی تاک لە کۆمەڵگە و ناوەندەکانی خوێندندا، هەروەها بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست لە پرۆسەی پەروەردەییدا، پێویستمان بە بنیادنانی پەیوەندی و کارلێکی ئەرێنی بەرهەمدار هەیە، لەنێوان قوتابیان و مامۆستادا؛ لە هەمانکاتدا هەبوونی پێکهاتەکانی زیرەکی هەڵچوونی لای تاک، نیشانەی تەندروستی و سەلامەتی کۆمەڵگە و پەروەردەی فەرمی و نافەرمییە. نەبوونی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای تاک، واتە نەشونما کردن و کردنەوەی دەرگاکانی سەرکەوتن بەڕوویاندا و چێژ بینین لە کارلێکی کۆمەڵایەتی.

پەروەردە و فێرکردن و چۆنایەتییەکەی، پێوەرو ئامرازی پێشکەوتن و سەرچاوەی سەرەکی سەرمایەی مرۆیی هەر کۆمەڵگەیەکە، پەیوەندی ئەرێنی و کارلێکی ڕۆژانەی نێوان مامۆستا و قوتابی بنیادنرابێت لەسەر ڕێزو پێزانین، کلیلی بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردەییە.

لە ئەنجامی تێکەڵبوونی توێژەر بە پرۆسەی پەروەردە و هەبوونی تێبینی وردمان لەسەر ئەو پرۆسەیە، لە کاتی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ قوتابیان، مامۆستایان، باوانیان هەستمان بەوە کرد کە پێویستە توێژینەوەی ورد بکرێت لەسەر کارلێکی نێوان مامۆستاوقوتابیان، چونکە نەبونی کارلێکی ئەرێنی کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی پەروەردەیی و فێربوون و باوەڕ بە خۆبوون و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان و هۆشیاری خودی و زیرەکی هەڵچوونی دابەزینی متمانە بە خۆبوون و ڕق لێ بوونەوە لەخوێندن هەیە لای قوتابیان، ئەنجامەکەشی بە نەگەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردەیی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تەواودەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە چەندین ڕاسپاردە بۆ بنیادنانەوەی کارلێکی ئەرێنی نێوان مامۆستا و قوتابییەکانیان و بنیادنانی زیرەکی هەڵچونی لای قوتابیان لە ناوەندە فێرکاری و پەروەردەییەکاندا.

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە دوو دەروازە، یەکەم لایەنی تیۆری و دووەم لایەنی مەیدانی و پێنج بەش، لەتەوەری یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، کە پێکهاتووە لە سێ بەش، لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەمان خستۆتە ڕوو، کە پێکدێت لە: گرفتی توێژینەوەکە، گرنگی توێژینەوەکە، ئامانجەکانی توێژینەوەکە، چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، سنوری توێژینەوەکە. بەشی دووەم، دابەش بووە بەسەر سێ باسدا: لە باسی یەکەم، سروشت و تایبەتمەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی خراوەتەڕوو؛ باسی دووەم، سروشت و تایبەتمەندی زیرەکی هەڵچوونی گەنگەشەکراوە، لە باسی سێیەم، سروشت و تایبەتمەندی فۆبیای کۆمەڵایەتی تاوتوێکراوە. بەشی سێیەم، ئاراستەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو خراوەتەڕوو، کە دابەشبووە بەسەر دوو باسدا: باسی یەکەم، ئاراستە تیۆرییەکان بەپێی گۆڕاوەکان روونکراوەتەوە و باسی دووەم، توێژینەوەکانی پێشوو بەپێی گۆڕاوەکان خراوەتەڕوو.

لەدەروازەی دووەم بەشی چوارەمدا میتۆدی توێژینەوەکە و کارڕاییەکانی خراوەتەڕوو بەم شێوەیە: میتۆد و کۆمەڵگە و نموونەکانی توێژینەوەکە و قەبارەیان و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و ئامرازە ئامارگرییەکان خراونەتەڕوو. لە بەشی پێنجەم ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاڤەکردنیان خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم/ ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا ڕەگەزەسەرەکییەکانی توێژینەوەکە تاوتوێکراوە، لە گرفتی توێژینەوەکە و گرنگی و ئامانجەکانی و سنور و پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان خراونەتەڕوو. بەم شێوەیەی خوارەوە:

### یەکەم/ گرفتی توێژینەوەکە

کارلێکی کۆمەلایەتی پایەیەکی گرنگی پرۆسەی پەروەردەییە، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە زۆربەی دیاردە پەروەردەیی و کۆمەلایەتییەکاندا، چۆنێتی ئەو کارلێکەش لەنێوان مامۆستا و قوتابیدا، کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامەکانی فێربوون و باوەڕ بە خۆبوون و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی قوتابی و ئامانج و پەیوەندییەکانی لەئایندەی ژیانی قوتابیدا. لەئێستاشدا نیگەرانی و دڵەڕاوکێ هەیە، لەهەمبەر پەیوەندی و کارلێکی نێوان قوتابی و مامۆستا و ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی لەئاستێکی دواکەوتووی پەروەردەیین یان لە قۆناغی گواستنەوەدان.

سروشتی کارلێکی کۆمەلایەتی لە ناوەندی خوێندندا بابەتێکی جێی بایەخی توێژینەوە پەروەردەییەکان بووە چوار دەیەی ڕابوردوودا.[1] ناوەندی خوێندنیش کۆمەڵگەیەکی بچوکە، کارلێکی کۆمەلایەتی لەنێوان تاکەکانیدا ڕوودەدات. پرۆسەی وانەوتنەوەش ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەسەر ئاراستەکردنی ئەم کارلێکە، ڕەنگە بەئاراستەی ئەرێنی بێت، تێیدا قوتابی وەک یەکەیەکی سەربەخۆ ڕێزی لێ بگیرێت، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرامبەریش دەبێت، جا قوتابییەکی وەک خۆی بێت یان مامۆستا و یەکتری قبوڵ دەکەن و کارلێک دەکەن، بەمەش ئامانجی پرۆسەی پەروەردەیی بەدیدێت، کە سەرکەوتنی قوتابی و گەشەپێدانی تواناکانیەتی،

---

(1) Banun Inan, A comparison of classroom interaction patterns of native and nonnative EFL teachers, Procedia-social and behavioral sciences, no. 46 (2012): p2419.

یان بەپێچەوانەوە بە ئاراستەی نەرێنی دەڕوات و پلەی کارلێکەکە کەم دەکاتەوە و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردەیی. [1]

لە ناوەندەکانی خوێندنا، ئەوەی جێگای تێبینی و هەڵوەستە لەسەر کردنە، پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی پێویستە بەشێوەیکی ئەرێنی بەئەنجامبگات، بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر ئامانجە پەروەردەییەکان و پرۆسەی پەروەردەیی دەبێت لە ئێستا و ئایندەدا. لە هەمانکاتدا نەبونی کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچوونی دەبێتە هۆی ئاستەنگی گەورە لەبەردەم ئامانجە پەروەردەییەکان و پێگەیاندنی تاکێکی هۆشیار، بوونیشی زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیی و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و دروستکردنی تاکێکی کارامە و بەهرەمەند.

تێبینی کراوە زۆرکەس وەک کتێبێکی زیرەک وەسف دەکرێن، بەڵام لەڕوی زیرەکی هەڵچوونییەوە بێ توانان، بەپێچەوانەشەوە زۆرکەس توانای( IQ-Intelligence Quotient)یان نزمە. بەڵام زۆر بەتوانان لە کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچوونیدا، دەکرێت بڵێین هاوشانی توانا عەقڵییەکان کۆمەڵێک هۆکاری تر هەن بۆ سەرکەوتنی تاک لە ژیانیدا. ئەم دیاردەیەش لای دامەزراوەی ستانفۆرد بۆ توێژینەوە(Stanford Research institute) بە 12% ی سەرکردایەتیکردن زانینە و ئەوی تری باش مامەڵەکردنە لەگەڵ خەڵکی تر، کە 88%[2] واتە بەپێی بۆچوونی ئەو دامەزراوەیە، تواناکانی زیرەکی هەڵچوونی پشکی گەورەی بەردەکەوێت لە سەرکەوتنی تاک لەژیان و کاردا. وەک تێبینیمانکردوە، تاکی کورد لەناوەندە ئەکادیمی و پەروەردەییەکاندا هوشیاری و زانیاری زۆر هەژارە لە ئاشنایەتی لەگەڵ چەمکی

(1) براهيمي محمد و بكاي ميلود، التفاعل الاجتماعي الصفي المثير للتفوق والنجاح، مجلة الجامع في الدراسات النفسية والعلوم التربوية، عدد06 (2017): ص80.

(2) Vindod. K Shanwal and Gurpreet Kaur, Emotional intelligence in education: Applications and implications, in Emotional intelligence Theoretical and cultural perspectives. ed. Robert J. Emmerling, Vinod, K. Shanwal and Manas K. Mandal, New York: Nova Scince Publishers, INC, (2008): p154.

زیرەکی هەڵچوونیدا، قوتابی درک بە توانا شاراوەکانی خۆی و لایەنە لاواز و خاڵە بەهێزەکانی ناکات، ئەمە خاڵی لاوازی تاکە، کە هۆشیاری بەخودی خۆی نییە. سەرنجامنداوە، قوتابی لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا کارامەییەکانی تایبەت بە زیرەکی هەڵچوونی لاوازە و درکی پێناکەن.

پەیوەست بە فۆبیای کۆمەڵایەتی، وەک دەستەی وانەبێژان لە زانکۆ، یەکێک لەو ئەرکانەی داوا دەکەین بە درێژایی ساڵی خوێندن قوتابی ئەنجامی بدات سیمنارە، زۆربەی جار تێبینی ئەوەمانکردووە، تا نزیک بوونەوە لە کۆتایی ساڵ سیمنارەکە ئەنجام نادەن، کە ئەنجامیشی دەدەن، بەئاسانی هەست دەکەین، دەستیان دەلەرزێت! ڕەنگیان تێک دەچێت! زۆرجار قسە دەبڕسکێنن! جۆرێک لە تەنگە نەفەسیان بۆدروست دەبێت، هەندێک جاریش لەسەرەتای سیمنارەکە خۆیان تەسلیم دەکەن و ناتوانن قسەبکەن، لە کاتێکدا پێویستە لەقۆناغی سەرەتایی و ناوەندی فێری ئەوە بووبن بەوپەڕی باوەڕ بە خۆبوونەوە لە بەرامبەر خەڵکانی تر وتار پێشکەش بکەن. هاوکات بەپێی بەدواداچوون و تێبینی کردنمان لە قوتابخانە ئامادەییەکانیشدا دیاردەیەکی بڵاوە و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم تاک لە گەشەدان بە تواناکانیان و تێکەڵبوون و بڕوابەخۆبوون و سەرکەوتن لە ژیان، ئەمەش لە زانستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا پێی دەڵێن فۆبیای کۆمەڵایەتی، کە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر کەسێتی تاک و کەم توانایی، بە جۆرێک تاک ناتوانێت کارلێک بکات یان قسەبکات لە بەرامبەر کەسانی تر، ڕەنگە ببێتە هۆی سەرنەکەوتن لەکار و خوێندن.[1] لە هەمان کاتدا زیان دەگەیەنێت بە چۆنایەتی ژیان و ڕەنگدانەوەی دوورمەوداشی دەبێت لەسەر خوێندن و ژیانی ئەکادیمی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و کار و پیشە و پەیوەندییەکان و لایەنی دەروونی و ڕەفتاری و نەگونجانی کۆمەڵایەتی.[2]،[3].

---

[1] هناء خالد الرقاد، الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتوافق الجامعي لدى طلبة الجامعة الهاشمية، مجلة العلوم التربوية والنفسية1، عدد 3 (2017): ص233.

[2] رولا عودة السوالقة و الحوسني محمد اسماعيل، الرهاب الاجتماعي من التنظير الاجتماعي إلى سبل العلاج: دراسة سوسيولوجية إكلينيكية، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الإنسانية والاجتماعية, 16، عدد 2 (2019): ص114.

[3] Joshua D. Lipsitz and Franklin R. Schneier, Social phobia Epidemiology and cost of illness, Pharmacoeconomics. 18, no. 1 (2000): p30.

فۆبیای کۆمەڵایەتی نەخۆشییەکی بەربڵاوە، توێژینەوە دەروونزانییەکان ئاماژە بەبەرزبونەوەی ڕێژەی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەکەن، بەتایبەتی لای قوتابیانی زانکۆ و ئامادەیی(بەهەردو ڕەگەزەوە).[1] بەپێی توێژینەوەی(Gardi, 2016) ڕێژەی فۆبیای کۆمەڵایەتی لەنێو قوتابیانی قوتابخانە ئامادەییەکانی نێو شاری هەولێر دەگاتە(34.3%)[2] ئەمەش ئاستێکی بەرزەوجێگەی سەرنج و هەڵوەستەلەسەرکردنە.

توێژی لاوانی هەر کۆمەڵگەیەک سەرمایەی ئایندەی کۆمەڵگەن، گرنگیدان بە بنیادنان و دروستبوونی کارلێکی ئەرێنی و زیرەکی هەڵچوونی و تاکێکی بێ ترس و دڵەڕاوکێ، گرنگیدانە بە ئایندەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست.

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە:** ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان: کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچونی و فۆبیای کۆمەڵایەتیدا لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە؟

لەم پرسیارە سەرەکییەوە چەند پرسیارێکی لقیشی لێدەبێتەوە:

1- کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەچ ئاستێکدایە؟

2-جیاوازی چییە لەنێوان (کچان و کوڕان)، (زانستی و وێژەیی)، (حکومی و ناحکومی)، (نزم، ناوەند، بەرز) لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتیدا؟

3-پەیوەندی دوانەیی نێوان(کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی)، (کارلێکی کۆمەڵایەتی و فۆبیای کۆمەڵایەتی)، (زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی) چۆنە لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە؟

---

[1] ناریمان محمد وآخرون، أضطراب القلق الاجتماعي لدى طلاب الجامعة في ضوء بعض المتغيرات، مجلة كلية التربية ببنها 6، عدد 116 (2018): ص236.

[2] Abdulqader Hussein Hamad Gardi, Prevalence of social phobia among high school students in Erbil Kurdistan region, Zanko j. Med. Sci 20, no. 3 (2016): p1504.

**دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە**

**گرنگی توێژینەوەکە خۆی لەدوو بواری سەرەکییدا دەبینێتەوە:**

**1- گرنگی تیۆری،** لە ڕووی تیۆرییەوە شیکردنەوە و تاوتوێکردنی گۆڕاوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەلایەتی، ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لەو بەربەستانەی بەهۆی هەبوونی فۆبیای کۆمەڵایەتی و نەبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و زیرەکی هەڵچوونی لای قوتابیان دروستدەبن و دەبنە لەمپەر لە بەردەم پرۆسەی پەروەردەییدا. کارلێکی کۆمەڵایەتی کلیلی پەیوەندییەکی باش و سەرکەوتووە و هەبوونی زیرەکی هەڵچوونی و پێهکاتەکانی لای تاک دەروازەی سەرکەوتنە. بونی فۆبیای کۆمەڵایەتی کۆسپ و تەگەرەی گەورەیە لەبەردەم تاکدا بۆ گەیشتن بەوسەرکەوتنانە. خستنەڕوو شیکردنەوەی ئەم گۆڕاوانە بەزمانی کوردی خزمەتێکی گەورە دەکات بە دەوڵەمەندکردنی بواری زانستی زمانی کوردی و پرۆسەی پەروەردەیی و دۆزینەوەی ئاریشەکان و کۆسپەکانی بەردەم سەرکەوتنی تاکی کوردی لەپرۆسەی پەروەردەییدا. ئەگەر شاکار و بەرهەمە کوردییەکانی هۆنەر و ئەدیبە کلاسیکەکانی وەک(نالی و مەولەوی و مەحوی...)نەبونایە ئێستا ئەدەبی کوردی لەچ کارەساتێکدا دەبوو. (دیارە مەبەستیشمان بەراورد نییە بەم توێژینەوەو بەرهەمی ئەدیبانی ئەدەبی کلاسیک، بەڵکو تەنها مەبەستمانە ئاماژە بەوەبکەین ئەگەربێتو ئەوئەدیبانە وەک زۆرێک لەنوسەرەکانی سیەردەمی خۆیان بەرهەمەکانیان بەعەرەبی و فارسی و تورکی بنوسیایە ئێستا ئەدەبی کلاسیک لەوئاستەدانەدەبوا! هەرلەبەرئەوە نوسین بەزمانی کوردی لەبوارە زانستییە جۆربەجۆرەکاندا خزمەتێکی گەورە بە زمان و ئەدەب و کۆمەڵگەی کوردیدەکات). ئەم نوسینە و نوسینەکانی تریش بەزمانی کوردی خزمەتێکی گەورەی بواری نوسینی ئەکادیمییە بەزمانی کوردی و بەشدارییەکی کارایە لەبوارەکەدا.

**2- لەڕوی پراکتیکییەوە،** جەخت لەسەر پرۆسەی پەروەردەیی، بەتایبەتی سێ ڕەهەندی سەرەکی کەسێتی و ئاریشە و کێشەکانی هەرزەکاران دەکاتەوە، کە سەرمایەی ئایندەی هەر

گەل و کۆمەڵگەیەکن، بەمەش ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە ڕێنیشاندەر بۆ پەروەردەکاران و دارێژەرانی سیاساتی پەروەردەیی، بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێکاری زانستی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کۆسپانەی دێنە ڕێگای قوتابیان و چارەسەرکردنیان. لە هەمانکاتدا دەستنیشانکردنی سروشتی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی و ئاستی زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بە کارلێک و فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها سروشتی فۆبیای کۆمەڵایەتی ڕێگە خۆشکەر دەبێت، بۆئەوەی ژینگەیەکی دەوڵەمەند فەراهەم بکرێت لە ڕووی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی دەروونییەوە بۆ پرۆسەی فێربوون و پەروەردە، هاوتەریب لەگەڵ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی مامۆستایان بۆ قوتابیان و ڕەوینەوەی ترس و دڵەڕاوکێکانیان لە هەمبەر پرۆسەی پەروەردەیی و ئایندەیان، بنیادنانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و چاندنی پێکهاتەکانی زیرەکی هەڵچوونی لەناخی قوتابیاندا، کە خزمەتێکی گەورە بە داهاتووی سەرمایەی مرۆیی کۆمەڵگە دەکات.

**سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئەنجامانەدایە:**

1-ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

2-جیاوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی: ڕەگەز(نێرو مێ)، لقی زانستی(زانستی و وێژەیی)، جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)، ئاستی بژێوی(نزم، ناوەند، بەرز)دا.

3-جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی: ڕەگەز(نێرو مێ)، لقی زانستی(زانستی و وێژەیی)، جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)، ئاستی بژێوی(نزم، ناوەند، بەرز)دا.

4-جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی: ڕەگەز(نێرو مێ)، لقی زانستی(زانستی و وێژەیی)، جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)، ئاستی بژێوی(نزم، ناوەند، بەرز)دا.

هەواڵنامەی کتێب

5-پەیوەندی دوانەیی نێوان (کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی، کارلێکی کۆمەڵایەتی و فۆبیای کۆمەڵایەتی، زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی).

## چوارەم/ پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان

چەمکەکان لەتوێژینەوە زانستییەکاندا بایەخێکی زۆری پێدراوە، زۆربەی ئەو کەسانەی گرنگی بە توێژینەوە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان دەدەن، پێیان وایە گرنگە توێژەر بەشێوەیەکی ورد چەمکەکانی توێژینەوەکەی دیاریبکات.[1]

### أ-پێناسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی(Social interaction)

پەیوەندی و کارلێک دوچەمکن بەزۆری لەدەروونزانی کۆمەڵایەتی بەکاردێن، ئەم دوانە زۆر پەیوەستن بەیەکەوە و یەکێکیان ڕووناددات بەبێ بوونی ئەوی تریان، یان ئەوە پەیوەندییەیە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر، یان کارلێکەکە کاریگەری ئاڵوگۆڕە و ئەوگۆڕانکارییەیە کە بەهۆیەوە ڕوودەدات.[2]

وشەی کارلێک لەزانستە سروشتییەکانەوە وەرگیراوە، واتە کاریگەری ئاڵوگۆڕ، بۆهەریەکێک لەو توخمانە تایبەتمەندی و پێکهاتە و سیفاتی بە سوودیان هەیە، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەوە کاریگەری ئاڵوگۆڕ لەنێوان ئەو توخمانەدا پێکهاتە و تایبەتمەندی و سیفاتی تر دێتە کایەوە، کە جیاوازە لە توخمەکانی پێشوتر. [3]

لێرەدا چەند پێناسەیەک بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی دەخەینەڕوو، بە پشتبەستن بە توێژینەوەکانی پێشوو و سەرچاوە بەردەستەکانی بوارەکە لە شوێن و کات و توێژەری جیاوازدا:

هەواڵنامەی کتێب

---

(1) العقبي الازهر، أهمية تحديد المفاهيم في البحث الاجتماعي في منهجية البحث العلمي في العلوم الاجتماعية، الجزائر: مؤسسة حسين راس الجبل للنشر والتوزيع، (2017): ص63.

(2) فؤاد البهي السيد و سعد عبدالرحمن، علم النفس الاجتماعي رؤية معاصرة، القاهرة: دار الفكر العربي، (1999): ص146.

(3) براهيمي محمد و بكاي ميلود، التفاعل الاجتماعي الصفي المثير للتفوق والنجاح" مجلة الجامع في الدراسات النفسية والعلوم التربوية، عدد 06 (2017): ص68.

**1-پێناسەی: تێرنەر (1988)** کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو بارودۆخەی، کە تیایدا ڕەفتاری یەکێک لە بکەرەکان دووبارە ڕێکدەخرێتەوە بە هۆشیاری و کارتێکردنی لایەنی بەرامبەر، پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە.[1]

**2-پێناسەی: السید و عبدالرحمن(1999)** مەبەست لەکارلێکی کۆمەڵایەتی کاریگەری ئاڵوگۆڕە لەنێوان دوو کەس بە جۆرێک کاریگەری لەسەر یەکتری دادەنێن، بەو هۆیەشەوە یەکێکیان وەڵامدانەوەی دەبێت بۆ وروژێنەری بەرامبەر، ئاڵوگۆڕ لەنێوان وروژێنەر و وەڵامدانەوە بەردەوام دەبێت، تاکو کارلێکەکە کۆتایی دێت.[2]

**3-پێناسەی: محامید (2003)** کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ لەنێوان دوو لایەنی کۆمەڵایەتی(دوو تاک، دوو گرووپی بچوک، یان تاک و گرووپی بچوک یان گەورە) لە هەڵوێست و ناوەندێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، بەجۆرێک ڕەفتاری هەریەک لەو لایەنانە، ئاگادارکەرەوە و وروژێنەری ڕەفتاری لایەنەکەی ترە، ئەم کارلێکەش لە ڕێگەی(زمان، کردار، شتەکان)ەوە دەبێت. لەئەنجامیشدا ئاڵوگۆڕی نامەی لێدەکەوێتەوە، کە پەیوەستە بە مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوەوە.[3]

**4-پێناسەی: علی ( 2017)** هەموو ئەوەی ئەنجام دەدرێت لە لای مامۆستا و قوتابی لە پۆلدا، لە گوفتار و کردار و جوڵە و ئاماژە، بەمەبەستی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی هەست و بیر و بۆچوونەکان.[4]

---

[1] Jonathan. H. Turner, A theory of Social interaction, California: Stanford University press, (1988): p13.

[2] فؤاد البهي السيد و سعد عبدالرحمن، علم النفس الاجتماعي، المصدر السابق، ص147.

[3] شاكر محاميد، علم النفس الاجتماعي، عمان: المدى (2003): ص142.

[4] علي أحمد حسن، مهارات التفاعل الصفي، الالوكة، تأريخ الزيارة: 15-4-2021: https://www.alukah.net/social/0/115488/

**5-پێناسەی: أمین، محمد و علی (2018)** کارلێکی کۆمەڵایەتی پرۆسەی کارتێکردن و کاریگەربوونە، کە وروژێنەر و وەڵامدانەوەی دوو لایەنە لە خۆ دەگرێت لەنێوان دوو کەس یان زیاتر.[1]

**پێناسەی کارپایی ئەزمونی بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی:** ئەو دۆخەیە، کە دوو لایەن(قوتابی و مامۆستا) کارلێک دەکەن لە ڕێگەی پەیوەندی زارەکی و نازارەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە، کە لە کۆتاییدا یەکێکیان یان هەردوو لایەن کاریگەری لەسەر لایەنی بەرامبەر دروست دەکات، بە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، ئەمەش وێنەیەکی زەینی لای لایەنی کارتێکراو دروست دەکات.

**پێناسەی کارپایی پێوەری بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی:** کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆی ئەو نمرەیەی، کە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لای قوتابیانی پۆلی یازدەی قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی ناوەندی شاری هەولێر، لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، کە توێژەر ئامادەی دەکات بۆ ئەو مەبەستە.

**ب-پێناسەی زیرەکی هەڵچوونی(Emotional intelligence)**

**1-پێناسەی: Salovey and Mayer (1989)** زیرەکی هەڵچوونی بریتییە لەکۆمەڵێکی بەشی لە زیرەکی کۆمەڵایەتی، کە خۆی دەبینێتەوە لە توانای چاودێریکردنی هەڵچوونەکانی خود و هەڵچوونی ئەوانی تر، بۆ جیاوازیکردن لەنێوانیاندا و بەکارهێنانی ئەم زانیارییانە بۆ ئاراستەکردنی بیرکردنەوە و کردەوەکانی تاک.[2]

---

[1] زینب محمد أمین وآخرون، التفاعل بين الدافع المعرفي ومستوى التفاعل الاجتماعي في بيئة الحوسبة السحابية وأثره على تنمية مهارات إنتاج الدروس الإلكترونية لدى طلاب تكنولوجيا التعليم، مجلة البحوث في مجالات التربية النوعية، عدد3، (2018): ص68.

[2] Peter Salovy and John D. Mayer, Emotional intelligence, Imagination, cognition and personality, 9 no. 3, (1989): p189.

**2-پێناسەی: Goleman (1998)** بەپێی پێناسەی گۆڵمان، توانای ناسینەوە و زانینی هەڵچوونەکانی خود و ئەوانی ترە، توانای هاندان و پاڵنەرایەتی خود و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هەڵچوونەکانی خود و ڕێکخستنی کارلێکەکانمانە[1].

**3-پێناسەی بارون(Bar-On, 1997)** کۆمەڵێک تواناو کارامەیی نامەعریفییە لەڕەهەندەکانی کەسێتی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی، کە کاریگەری لەسەر توانای تاک هەیە بۆ سەرکەوتن لە چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ داخوازییەکانی و فشارەکانی ژینگەی دەوروبەر، هۆکارێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی توانای تاک بۆسەرکەوتن لەژیان. [2]،[3]

**4-پێناسەی: Yeung (2009)** بریتییە لە: توانای تێگەیشتن و دیاریکردن و بەڕێوەبردنی دۆخی میزاجی و هەستەکانی خۆمان و خەڵکانی تریش[4].

**5- پێناسەی منوخ و علی(2011)** زیرەکی هەڵچوونی بریتییە لە توانای تاک بۆ تێگەیشتن لە هەست و هەڵچوونەکانی خۆی و ئەوانی تر و توانای بەڕێوەبردنیان بەشێوەیەکی باش، کە ببێتە هۆی سەرکەوتن، بەکارهێنانی هەست و سۆزەکانی لەگەڵ خەڵکانی تر بۆ پێکهێنانی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی و ئاراستەکردنیان. [5]

**پێناسەی کارڕایی ئەزمونی بۆ زیرەکی هەڵچوونی،** توێژەر بۆ پێناسەی کارڕایی ئەزموونی پشت دەبەستێت بە پێناسەی(منوخ و علی، 2011)، کە دەڵێت: توانای تاک بۆ تێگەیشتن لە

---

(1) Daniel Goleman, Working with emotional intelligence, New York: Bantam Dell, (1998) n.p.

(2) فاطمة الزهراء الزروق، الذكاء الانفعالي ودوره في التحصيل الأكاديمي، المجلة الجزائرية للطفولة والتربية، 4 عدد5، (2016): ص67.

(3) صفية إقرونة، الذكاء الانفعالي والصحة النفسية وعلاقتهما ببعض المتغيرات-دراسة على عينة من تلاميذ مرحلة التعليم الثانوي، مجلة العلوم النفسية والتربوية، 6 عدد2، (2018): ص231.

(4) Rob Yeung, Emotional intelligence: The new rules, London: Marshall Cavendish, (2009): p3.

(5) صباح مرشود منوخ و نظير سلمان علي، الذكاء العاطفي وعلاقته بنمط الشخصية لدى طلبة المحلة الاعدادية، مجلة جامعة تكريت للعلوم، 18 عدد8، (2011): ص355.

هەست و هەڵچوونەکانی خۆی و ئەوانی تر و توانای بەڕێوەبردنیان بە شێوەیەکی باش، کە ببێتە هۆی سەرکەوتن، بەکارهێنانی هەست و سۆزەکانی لەگەڵ خەڵکانی تر بۆ پێکهێنانی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی و ئاراستەکردنیان.

**پێناسەی کارڕایی پێوەری بۆزیرەکی هەڵچوونی،** بریتییە لەکۆی ئەونمرەیەی، کە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لای قوتابیانی پۆلی یازدەی قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکانی ناوەندی شاری هەولێر، لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری زیرەکی هەڵچوونییەوە، کە توێژەر پشتی پێ دەبەستێت بۆ ئەم مەبەستە.

**پ- پێناسەی فۆبیای کۆمەڵایەتی (Social phobia):**

زۆرجار(فۆبیای کۆمەڵایەتی-Social phobia) لە توێژینەوە و سەرچاوەکاندا بە ناوی تر بەکارهێنراوە وەک(دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی-Social Anxiety Disorder) لەڕاستیدا هەمان مانای فۆبیای کۆمەڵایەتی هەیە، لەهەندێ سەرچاوەشدا بە ترسی کۆمەڵایەتی گۆکراوە[1]،[2] ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی بەهەمان مانای(فۆبیای کۆمەڵایەتی) بەکارهێناوە[3] لەم توێژینەوەیەدا بەفۆبیای کۆمەڵایەتی بەکاری دەهێنین.

1-پێناسەی: American Psychiatric Association (1994)، فۆبیای کۆمەڵایەتی ترسێکی ڕوون و بەردەوامە لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی یان کارلێکی کۆمەڵایەتی، یاخود ترس لە ئەدای کارێک لە کاتی ئامادەبوونی خەڵکانێک ئاشنا نەبن، یان ترسی تاک لە ئەنجامدانی کارێک، کە ببێتەهۆی شەرمەزاری و کەم تێڕوانین.[4]

---

[1] ناريمان محمد رفاعي وآخرون، أضطراب القلق الاجتماعي لدى طلاب الجامعة في ضوء بعض المتغيرات، مجلة كلية التربية ببنها،6 عدد 116، (2018): ص242.

[2] DSM-5, Diagnostic and statistical manual of mental disorder (5th Ed.) American psychological association, Washington: New school library, DC. (2014): n.p.

[3] بلحسيني وردة، أثر برنامج معرفي-سلوكي في علاج الرهاب الاجتماعي ادة عينة من طلبة الجامعة-دراسة تجريبية بجامعة قاصدي مرباح بورقلة (أطروحة الدكتوراه غير منشورة) جامعة قاصدي مرباح ورقلة، (2010): ص32.

[4] Logsdon Conrado, Family interaction patterns in adolescents with social phobia, (Unpublished PhD diss) University of Louisville, (1998): p6.

**2-پێناسەی: عدوي (2011)** ترسێکی زۆر و بەردەوامە و بێ پاساوە لە هەڵوێست و دۆخی کۆمەڵایەتی نێوان کەسەکاندا، یان ئەنجامدانی کارێک لە بەرامبەر کۆمەڵێک خەڵک، کە تاک دەپەشۆکێت و تەریق دەبێتەوە و هەست بەترس دەکات لەهەڵسەنگاندنی نەرێنی، دەبێتە هۆی کەموکورتی لەکارەکانی و ئەنجامدانی چالاکییە ئەرێنییەکان، هەستکردن بە بێتوانایی خودی و کارامەیی کۆمەڵایەتی و ئەم هەستانەش لە شێوەی نیشانەی فسیۆلۆجی دەردەکەون.[1]

**3-پێناسەی: DSM-5 (2014)** فۆبیای کۆمەڵایەتی( Social Phobia or Social Anxiety Disorder) ترس یان دڵەڕاوکێیەکی زیاد لە پێویستە، لەبارەی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتییەوە، کە تێیدا تاک وا دەزانێت لەلایەن کەسانی ترەوە چاودێری ورد دەکرێت، وەک کارلێکی کۆمەڵایەتی:(گفتوگۆکردن، یان چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکانی نەناسراو) یاخود(خواردن و خواردنەوە) یاخود پێشکەشکردن لەبەرامبەر کەسانی تر (وەک پێشکەشکردنی وتارێک.[2]

**4-پێناسەی: Wong and Rapee (2015)** ئەزمونێکی بڵاوە لەئەنجامی وەڵامدانەوەی گومانی هەڵسەنگاندنی کەسانی تر ڕوودەدات لە پێش یان لەکاتی یاخود لەدوای هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتییەوە.[3]

**پێناسەی کارڕایی ئەزمونی بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی،** توێژەر بۆپێناسەی کارڕایی ئەزمونی پشت دەبەستێت بە پێناسەکەی(DSM-5، 2014).

---

[1] طه ربيع طه عدوي، النماذج والنظريات المفسرة للرهاب الاجتماعي، مجلة الارشاد النفسي-مركز الارشاد النفسي-عدد 29، (2011): ص491.

[2] DSM-5, Diagnostic and statistical manual of mental disorder, op.cit. n.p.

[3] Quincy J.J. Wong and Ronald M. Rapee, The developmental psychopathology of social anxiety and phobia in adolescents, In Social anxiety and phobia in Adolescents, ed. Ranta, K., La Greca, A. M., Garcia-Lopez, L-J. and Marttunen, M. Switzerland: Springer, (2015): p11.

**پێناسەی کارپایی پێوەری بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی:** بریتییە لەکۆی ئەو نمرەیەی، کە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە، کە توێژەر پشتی پێ دەبەستێت بۆ ئەو مەبەستە.

**پێنجەم/ سنوری توێژینەوەکە:**

**یەکەم/سنوری شوێنی:** مەیدانی توێژینەوەکە دەکەوێتە سنوری ناوەندی شاری هەولێر، قوتابخانە ئامادەییە ئاساییە حکومی و ناحکومییەکانی ناوەندی شاری هەولێر.

**دووەم/سنوری کاتی:** لە2-4-2022 تاکو 21-4-2022. توانراوە سەردانی قوتابخانەکان بکرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و دابەشکردنی پێوەرەکان. بۆ چاوپێکەوتنەکان لە ڕێکەوتی 26-1-2023 یەکەم چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە و کۆتا چاوپێکەوتنیش لە ڕێکەوتی: 25-2-2023 لەقوتابخانەی دواناوەندی ئیتالی دووی تێکەڵاو.

**سێیەم: سنوری مرۆیی:** قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی بۆخوێندنیساڵی(2022-2021). هەروەها مامۆستا و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار و پسۆڕی دەرونزانی کۆمەڵایەتی و دروستی دەرونی و کەسێتی.

## بەشی دووەم

### سروشت و تایبەتمەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی

ئەم بەشە دەکرێت بەسێ باس، هەر باسێک تایبەتکراوە بەتاوتوێکردنی سروشت و تایبەتمەندی یەکێک لەگۆڕاوەکانی توێژینەوەکە. بەوردی تیشک دەخرێتە سەر ڕەهەند و پەیوەندی و سروشتی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، بە گەڕانەوە بۆ توێژینەوە و نوسراوەکانی تایبەت بە هەرسێ گۆڕاوەکە، کە لەلایەن توێژەرانەوە خراونەتەڕوو.

### باسی یەکەم/ سروشت و تایبەتمەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی-Social interaction

لەم باسەدا بە پوختی تیشک دەخەینە سەر پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان کۆمەڵناسی و کارلێکی کۆمەڵایەتی، ئامرازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی بوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی لە نێوان قوتابی و مامۆستادا، کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەردەیی بەشێوەیەکی گشتی.

### 1- کۆمەڵناسی و کارلێکی کۆمەڵایەتی

ئەوەی پەیوەستە بە کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، چەمکێکە زۆر ئاشنایە لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی کۆمەڵایەتیدا، لە هەمانکاتدا کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی کردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەچوارچێوەی پێدان و وەرگرتن و ئاراستەکردندایە.

کارلێک یەکێکە لە چەمکە هەرە گرنگەکان لە کۆمەڵناسیدا، پرۆسەیەکە لەنێوان ئەقڵەکان و گواستنەوەی مانادا. پرۆسەیەکە دەرفەت دەدات بە تاکەکان(لە ڕێگەی پەیوەندیان بە ئەوانی ترەوە)، لەبەرئەوەی کاریگەری لەسەر یەکتری دروست دەکەن لە ڕێگەی چالاکی و بیرو هزرەوە، کاریگەری ئاڵوگۆڕ کرۆکی پرۆسەی کارلێکە[1]، ئەمەش بنەمای توێژینەوەکانی

---

[1] عطفة سيف الرحمن، تطوير عملية التفاعل الصفي بين المعلمين والمتعلمين لتحسين جودة التعلم، Arabia: Jurnal Pendidikan Bahasa Arab. 11 no. 2, (2019): p18.

بواری دەروونزانی کۆمەڵایەتییە، کە جەخت لەسەر  چۆنێتی کارلێکی تاک لەگەڵ ژینگەکەی دەکاتەوە و ئەو بەهاونەریت و ئاراستانەی لەو کارلێکە دروست دەبێت.[1] چونکە تاک کاریگەر دەبێت بە ڕەفتاری دیار و نادیاری ئەوانی تر، تەنانەت بوونی کۆمەڵگە و  گروپەکان بەستراوەتەوە بە بوونی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، واتە لەکاتی نەبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی ناتوانین بڵێین کۆمەڵگە و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و گروپی کۆمەڵایەتیمان هەیە، ئەوانەی بە تەنها دەژین ناتوانن دیاردەی کۆمەڵایەتی دروست بکەن و کۆمەڵگەیان نییە، مادام کاریگەری لەسەر یەکتری دروست ناکەن.[2]

کۆمەڵناسی ئەڵمانی بەناوبانگ (جۆرج زیمیل)، گەیشتوەتە ئەو باوەڕەی، کە کۆمەڵناسی زانستی کارلێکی کۆمەڵایەتییە، بەم شێوەیە پێناسەی کۆمەڵناسی کردووە: ئەو زانستەیە، کە توێژینەوە لەسەر کارلێک دەکات، لەنێوان تاکەکاندا لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بە واتایەکی تر، لێکۆڵینەوەی پەیوەندی و کارلێکی جیاوازی نێوان تاکەکان دەکات، لە چوارچێوەی بنیادی کۆمەڵگە و تێگەیشتن لە ماناکانی ئەو کارلێکە و لێکدانەوەی؛ واتە کۆمەڵناسی لێکۆڵینەوە لەسەر تاک ناکات، وەک ئەوەی (ماکس ڤێبەر) بۆی چووە، یان لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگە وەک ئەوەی (دۆرکهایم) بۆی چووە، بەڵکو دیراسەی ئەو پەیوەندی و کارلێکە دەکات، کە لە نێوان تاک و کۆمەڵگەدا هەیە. جا ئەو کارلێکە پێکەوە بەستراوبێت یان لێک جیابێت، ئەرێنی بێت یان نەرێنی. بە واتایەکی تر کۆمەڵناسی لەو کاریگەرییە دەکۆڵێتەوە، کە تاک دەیکاتە سەر کەسانی تر، لە چوارچێوەی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا.[3] ئەمەش ناوەرۆکی ئەو بابەتەیە، کە ئێمە توێژینەوەی لەسەر دەکەین. لە لایەکی ترەوە کۆمەڵناسی بەناوبانگ (جۆناتان تێرنەر)

---

[1] زينب محمد أمين وآخرون، التفاعل بين الدافع المعرفي ومستوى التفاعل الاجتماعي، المصدر السابق: ص، 67.

[2] احمد عبداللطيف وحيد، علم النفس الاجتماعي، عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، (2001): ص، 223.

[3] جميل حمداوي، جورج زيميل والسوسيولوجيا التفاعلية، تأريخ الزيارة: 17-4-2021. https://www.almothaqaf.com/a/b12-1/896326

ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە (پارسۆنز) بۆی چووە لەبارەی ئەوەی یەکەی بنەڕەتی شیکردنەوەی کۆمەڵناسی کردەبێت، بەڵکو پێی وایە یەکەی بنەڕەتی لە شیکردنەوە کۆمەڵناسییەکاندا کارلێکە، ئەوەی کە دەگوترێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی کردەوە بۆشیکردنەوەی کارلێک بڕۆین، ئەمەش هەڵەی (پارسۆنزە).[1]

## 2- کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ناتوانێت بەتەنها ژیانێکی مرۆییانە بژی، بەڵکو پێویستی بە یارمەتی خەڵکانی تر هەیە بۆ ژیان، چونکە بوار و ڕواڵەت و تایبەتمەندی ژیانی مرۆیی کۆمەڵایەتییە. کەسێتی مرۆڤیش بەلایەنە جۆربەجۆرەکانیەوە ئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتییە.[2]

پرۆسەی پەروەردەیی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆییە، کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی لە گرنگترین جۆرەکانی کارلێکە لە پرۆسەی پەروەردەییدا، سەرکەوتنی ئەو کارلێکە دەروازەیە بۆ سەرکەوتنی ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردەیی.[3] پەیوەندی پەروەردەیی نێوان مامۆستا و قوتابی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە و پاڵنەرەکەی پەروەردەییە، قوتابی دەچێتە پەیوەندییەوە لەگەڵ مامۆستا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زانستی، مامۆستا دەچێتە پەیوەندییەوە لەگەڵ قوتابی بۆگەیاندنی زانست و زانیاری و ئەزمون بە قوتابی، بۆئەوەی سوودی لێ ببینێت. ئەگەر پەیوەندییەکە ئەرێنی بوو، ئەوە ئەنجامەکەشی ئەرێنی دەبێت و ئەگەر نەرێنیش بوو ئەوە ئەنجامەکەشی نەرێنی دەبێت.[4]

---

(1) Jonathan. H. Turner, A theory of Social interaction, op. cit. p1.

(2) صالح سلامه البركات و عمر صالح ياسين، العلاقة بين التفاعل الاجتماعي ومستوى الطموح لدى طلبة المرحلة الثانوية في محافظة اربد، Journal of environmental studies, no.3, (2010), p109.

(3) كامل حسن كتلو، المحتوى الظاهر لسيكولوجيا العلاقات الإنسانية بين الطلبة وأساتذة الجامعة، المجلة الاردنية للعلوم الاجتماعية، 9 عدد3، (2016)، ص346.

(4) إحسان محمد الحسن، النظريات الاجتماعية المتقدم، عمان: دار وائل، (2005)، ص73.

توێژینەوەکان ئاماژەیان بەگرنگی ئەو کارلێکە کردووە، بەتایبەتیش توێژینەوەی فلاندەرس(Flanders) ئەوەی ئاشکرا کردووە، کە مامۆستا زۆربەی کاتەکانی لە پۆلدا بە قسەکردن بەسەردەبات و بە تەواوی ڕێگە نادات بە قوتابییەکانی بەشداری ئاخاوتن و گفتوگۆ بکەن، لە هەمانکاتدا زۆربەی ئاخاوتنەکانی مامۆستا لە شێوەی پرسیار و ڕێنمایی و ئاراستەکردن یان هوشیارکردنەوەی قوتابی و ئاگادارکردنەوەی و ئاراستەکردنی ڕەفتاری قوتابییە، ڕێژەی بەشداریکردنی قوتابی بە شێوەی زارەکی زۆر کەمە، لە هەمانکاتدا ڕێژەی گفتوگۆی نێوان قوتابییەکان زۆر لاوازە![1] لە کاتێکدا شێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی مامۆستاو قوتابی و قوتابی و قوتابی زۆر کاریگەرە و دەرفەت دەدات بە مامۆستا و قوتابی کارلێک لەگەڵ یەکتر بکەن و ئەزموونەکان لەیەکترییەوە فێربن، لە هەمانکاتدا دەرفەت بۆ قوتابی دەڕەخسێنێت بیروبۆچوونەکانی دەرببڕێت و ڕاهێنان لەسەر پرسیارکردن و دەربڕینی بیروبۆچونی نوێ و گفتوگۆ کردن لەنێوان خۆیان و مامۆستاکانیاندا بکەن، کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەسێتی  و توانای گونجاندن لەگەڵ ژیان بەشێوەیەکی باشتر و لە هەمان کاتدا کارامەیی جۆراوجۆر فێردەبن، وەک ئاڵوگۆڕی بیروبۆچون، باوەڕبەخۆبوون و خستنەڕوی بیروڕاو دەربڕینی خود[2]، چونکە کارلێکی کۆمەڵایەتی  ئەوە لە خۆدەگرێت ڕەفتاری کەسێکی دیاریکراو، داینەمۆی ڕەفتارەکانی کەسێکی ترە.[3]

لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، کە لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا ڕوودەدات، بەهۆی کۆمەڵێک سیستەم و پێوەری پیشەییەوە ئاراستەی ڕەفتار و ڕۆڵی دەکات، لە بەرامبەردا قوتابییەکان وەڵامدانەوەیان دەبێت بەپێی سیستەمێکی بەهایی تر بەو پێیەی کە قوتابین لە

---

[1] أحمد محمد أبو عوض، محاور تفاعل الطالب مع المعلم، منهل الثقافة التربوية،   تأريخ الزيارة: 15-4-2021، https://www.manhal.net/art/s/20344

[2] أحمد حسن محمد علي، مهارات التفاعل الصفي، الألوكة الاجتماعية، تأريخ الزيارة: 15-4-2021، https://www.alukah.net/social/0/115488/

[3] إبراهيم عثمان و سالم ساري، نظريات في علم الاجتماع، القاهرة: الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات، (2010)، ص206.

قوتابخانەدا، کاتێک مامۆستا ڕۆڵی وانەبێژ دەبینێت قوتابییەکان ڕۆڵی قوتابی دەبینن.[4] لێرەدا ئەرکی کۆمەڵناس ئەوەیە، پەیوەندی نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵچوونەکان بدۆزێتەوە و کارلێکی کۆمەڵایەتی چۆن دەبێتە هۆی دروستبونی هەڵچوونەکان بە ئەرێنی و نەرێنییەوە بخاتەڕوو.

ئەرکی قوتابخانە کورت نابێتەوە تەنها لە لەبەرکردنی زانیاری و گواستنەوەی بۆسەر دەفتەری تاقیکردنەوەکان، بەڵکو قوتابخانە قۆناغێکی گرنگە لە ژیانی منداڵدا و ڕۆڵی گەورەی هەیە لەئاراستەکردنی ڕەفتار و هەڵچون و خولیاکانیدا، لەهەمانکاتدا مامۆستا دەتوانێت کارلێکی کۆمەڵایەتی بکات بە ئامرازی پێگەیاندنی پەروەردەیی و ببێتە هۆی بەخشینی بەردەوام لە ڕەفتاری تەندروست و داهێنانی پەروەردەییدا ئەو مامۆستایەی باوەڕی بە خۆسەپاندن و ڕق لێبونەوە هەیە، ناتوانێت ئامانجە پەروەردەییەکان بەدی بهێنێت.[1]. دەبێت قوتابی لە قوتابخانە فێری باوەڕبەخۆبوون و ڕێزگرتن لە خود و هاوسۆزی و ڕێکخستنی خود و کارامەییەکانی ژیان و چارەسەری کێشەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە فێری قوتابی بکات، بە جۆرێک بتوانن هاوکاری و وابەستەیی و ئاکارە جوانەکانی مرۆڤدۆستی فێرببن.

کارلێککردن لە نێو پۆل یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان، کە دەبێتە هۆی چالاک کردنی پرۆسەی پەروەردەیی، ئەمەش لە ڕێگەی کارلێک لە مامۆستاوە بۆ گروپێک لە قوتابیان یان مامۆستا و قوتابی، قوتابی و قوتابی. مامۆستای بەتوانا تەنها لەم سێ هەڵوێستەدا خۆی قەتیس ناکات، بەڵکو هەوڵ دەدات هەموویان بەکاربهێنێت لە یەک وانەدا، بە پێی بارودۆخی پەروەردەیی.[2]

---

[4] علي اسعد وطفة و علي جاسم الشهاب، علم الاجتماع المدرسي: بنوية الظاهرة ووظيفتها الاجتماعية، الكويت، (2003)، ص22.

[1] علي اسعد وطفة و علي جاسم الشهاب، المصدر السابق، ص27.

[2] صلاح أحمد عبدالهادي الناقة و إبراهيم سليمان شيخ العيد، مهارات التواصل الصفي ومستوى أدائها لدى معلمي اللغة العربية والعلوم بالمرحلة الأساسية، دار المنظومة، أعمال مؤتمر: التواصل والحوار التربوي..نحو مجتمع فلسطيني أفضل، الجامعة الاسلامية غزة. (2011): ص379.

## 3- شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوپۆل:

### ا-مامۆستا بۆ قوتابی

ئەم کارلێکە کاتێک ڕودەدەات کە مامۆستا ئاگایی خۆی دەخاتە سەر قوتابییەکی دیاریکراو، بۆئەوەی تێکەڵ ببێت بە گفتوگۆکانی نێو پۆل یاخود پرسیارێکی دیاریکراو وەڵامبداتەوە.

### ب- کارلێکی نێوان مامۆستا و گروپێک لەقوتابیان

ئەم کارلێکە لە چوارچێوەی چالاکییە پەروەردەییەکان دروست دەبێت، کە مامۆستا سەنتەرە و بەڕێوەی دەبات، یاخود مامۆستا پرسیارێک ئاراستەی تەواوی گروپەکە دەکات بە مەبەستی کارلێکی کۆمەڵایەتی.

### پ- قوتابی بۆ قوتابی

لێرەدا چالاکییە پەروەردەییەکان بە ئاراستەی قوتابییە، بۆ نموونە قوتابییەک پرسیارێک دەکات و قوتابییەکان خۆیان گەنگەشەی دەکەن، لەبەرئەوە ڕۆڵی مامۆستا لێرەدا تەنها ئاراستەکردن و ڕێکخستنی پۆلە.[1]

## 4- ڕەهەندەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

ڕەهەندەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی و چۆنێتی ڕوودانی، لە چوار ڕەهەندی سەرەکی پێکدێت هەروەک لە شێوەی(1)خراوەتەڕوو:

---

[1] صلاح أحمد عبدالهادي الناقة و إبراهيم سليمان شيخ العيد، المصدر السابق، ص380.




**هێڵکاری 1 ڕەهەندەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی**

**کاری توێژەر**

لە شێوەی(1) دەردەکەوێت سەرەتای کارلێک لەخاڵێکەوە دەستپێدەکات کە پەیوەندییە، جا پەیوەندییەکە لە ڕێگەی پەیوەندی زارەکییەوە بێت یان نازارەکییەوە، جۆری پەیوەندییەکە پرۆسەکانی دواتر دەستنیشان دەکات، کە (هاوکاری و گرنگی پێدان و قەبوڵکردنی هەڵچوونەکان) لەخۆ دەگرێت، کە کۆی پرۆسەکە کارلێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. لە دۆخێکدا ئەگەر جۆری پەیوەندییەکە نەرێنی بوو بە هەردوو ڕەهەندی زارەکی و نازارەکی، ئەوە بێگومان کارلێکێکی نەرێنی پێکدەهێنێت لە کۆتاییدا.

### 5- ئامرازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

گومان لەوەدا نییە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەبێ بوونی پرۆسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هیچ بەها و بوونێکی نامێنێتەوە، چونکە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت. خەڵکی زانیارییەکانیان لە ڕێگەی پەیوەندی ئاڵوگۆڕەوە ئەنجام دەدەن، جا پەیوەندییەکی مەبەستداربێت یان بێ مەبەست، بەسوودبێت یان بێسوود، لە پێناو دەربڕینی

بیر و هەستەکان بێت یان ئینتیما، ئەمەش لە ڕێگەی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ ڕوودەدات، یان وشەی نوسراو وشەی زارەکی یان دەربڕین و ئاماژە و هێما، پەیوەندی و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە بە ڕێگەی جیاوازەوە.[1] کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان لایەنەکانی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئامرازی ناوەندگیرەوە دەبێت، کە لێرەدا پوختی دەکەینەوە لەدو خاڵی سەرەکیدا:

### ا–ئامرازی زارەکی– Verbal

کارلێکی زارەکی لە پرۆسەی پەروەردەییدا بە چوار شێوە ئەنجام دەدرێت: یەکەم/ کارلێکی زارەکی یەک ئاراستە، دووەم/ کارلێکی زارەکی دوولایەنە، سێیەم/ کارلێکی زارەکی سێ لایەنە، چوارەم/ کارلێکی زارەکی فرەجۆر.[2]

کارلێک لە ڕێگەی وتە و گفتوگۆی زارەکییەوە دەبێت لەچوارچێوەی زمانی بەکارهاتوودا، بە شێوەی جۆرە جیاوازەکانی(ئاراستەکردنی پرسیار، پێدانی زانیاری و بیرۆکە، پیاهەڵدان، و ئاراستەکردنی ڕەخنە، فەرمانپێکردن و پێدانی ڕێنماییەکان...) ئەم ئامرازەش کاریگەر دەبێت بە جۆری دەنگ و بەرزی و نزمییەکەی، خێراییەکەی و کات و بێدەنگی و گوێگرتن و وشە و ماناکانی و بیرۆکە و ژینگەی مادی و دەروونی و دەرفەتی ئاڵوگۆڕی کارلێکەکە.[3]

### ب–ئامرازی نازارەکی– Non–Verbal

ئەم ئامرازە بە دوو ڕێگا دەکرێت: کارلێکی زەینی و کارلێکی جەستەیی[4]، هەرچی نەچێتە چوارچێوەی زارەکییەوە وەک دەنگ بەبێ وشە، دەربڕینەکانی دەم و چاو، ڕەنگ، جل و بەرگ،زەردەخەنە، لەباوەشگرتن، زمانی ئاماژە، کە ئێستا بۆ کەسانی نابیست و ناگۆ

---

(1) فجر جودة النعيمي، علم النفس الاجتماعي دراسة لخفايا الإنسان وقوى المجتمع، بيروت: الرافدين دار اوما: بغداد؛ OPUS Publisher: London، (2016)، ص289.

(2) عطفة سيف الرحمن، تطوير عملية التفاعل الصفي بين المعلمين والمتعلمين لتحسين جودة التعلم، المصدر السابق، ص17.

(3) شاكر محاميد، علم النفس الاجتماعي، المصدر السابق، ص143.

(4) عطفة سيف الرحمن، تطوير عملية التفاعل الصفي بين المعلمين والمتعلمين لتحسين جودة التعلم، المصدر السابق، ص17.

بەکاردێت[1] هەروەک کۆمەڵناس و مرۆڤناسەکان ئەمەیان ناوناوە زمانی بێدەنگ (اللغە الصامتة-یان- لغة الجسد)[2]، زۆرجاریش بە ڕەفتاری نازارەکی یان زمانی جەستە ناودەبرێت، کە ئامرازێکە بۆ گەیاندنی زانیارییەکان، بە هەمان شێوەی دەربڕینی وشە، کە لە ڕێگەی دەربڕینەکانی دەم وچاو، ئاماژەکان، دەستلێدان، جوڵەی جەستە، شێوازی وەستان، ڕازانەوەی جەستە وەک:(جلوبەرگ، خشڵ و ڕێکخستنی قژ و تاتۆو...)، تەنانەت تۆنی دەنگ و بەرزی و نزمییەکەی...، کە بە نزیکەیی لە60-65% پەیوەندی پێکدەهێنن لەنێوان کەسەکاندا.[3]

## 6- کارلێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ

کارلێکی ڕاستەوخۆ ئەوجۆرە کارلێکەیە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوودەدات لەنێوان دوو کەس یان زیاتر بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو، وەک مامۆستا و قوتابییەکانی لە نێو پۆل، یان باوان و منداڵەکانیان لەنێو خێزاندا، بەڵام کارلێکی کۆمەڵایەتی ناڕاستەوخۆ ئەو جۆرە کارلێکەیە، کە بەهۆی ناوەندگیرێکەوە ڕوودەدات، وەک گفتوگۆ لە ڕێگەی مۆبایلەوە، یان نوسینی نامەیەک بۆ هاوڕێیەک، یان خوێندنەوەی کتێبێک یاخود چیرۆکێک، یان گوێگرتن لەگۆرانییەک، ئەم کارلێکەش بەشێوەی ئاگایی (وعی) دەبێت، ئەم پەیوەندییانەش بە شێوەیەکی ماددی دەبێت، واتە هەر لایەنە و بە شێوەیەکی ماددی و جەستەیی کارلێک لەگەڵ ئەوی تردا دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی هێمایی دەبێت، واتە کاتێک ئاڵ و گۆڕی مانای هێمایی دەکەن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر، لە شێوەی زمان یان هەر جۆرێکی تری وەک جوڵە و ئاماژە، کە ئاماژەی هەیە. کۆمەڵگە دروست نابێت، ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی کارلێک نەکەن لەگەڵ یەکتری بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بەردەوام[1].

---

[1] صالح محمد علي ابوجادو، سيكولوجية التنشئة الاجتماعية ،ط6، عمان:دار المسيرة للنشر والتوزيع، (2006) العمل الاصلي نشرة في(1998)، ص90.

[2] فجر جودة النعيمي، علم النفس الاجتماعي دراسة لخفايا الإنسان وقوى المجتمع، المصدر السابق، ص298.

[3] Joe Navaro and Marvin Karlind, What every body is saying: An EX-FBI Agenst's Guide to speed-reading people (2008): p5.

[1] احمد عبداللطيف وحيد، علم النفس الاجتماعي، عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة،(2001): ص223.

## 7- جۆرەکانی پەیوەندی نێو پۆل:

دەکرێت ئاماژە بەسێ جۆری پەیوەندی نێوپۆل بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ا-شێوەی دەسەڵاتخوازی:** مامۆستا لەم شێوەیە پەیوەندییەدا سەرکوتکەرانە ڕاوبۆچونەکانی بەکاردەهێنێت، ڕێگە بەقوتابی نادات بۆچوونیان هەبێت و دەیانترسێنێت، تەنانەت ڕێگەشیان پێ نادات گفتوگۆبکەن، بەسەریاندا دەسەپێنێت کە پێویستە چی فێربن، مامۆستا لێرەدا هەوڵ نادات قوتابییەکانی بناسێت و کێشەکانیان بزانێت.

**ب-شێوەی نەریتخوازی:** کە خۆی لە ڕێزگرتن لە گەورەساڵان دەبینێتەوە، لەسەر ئەوباوەڕەن، کە مامۆستا لە قوتابی گەورەترە و زمان پاراوترە، دانایی و ئەزموونی زیاترە، ئەم جۆرە مامۆستایە پێشبینی گوێڕایەڵی ڕەها لە قوتابییەکانی دەکات، پارێزگاری لەدۆخی پەروەردەیی دەکات، وەک ئەوەی کە پێشتر فێری بووە بەبێ گۆڕانکاری، تەنانەت بەرەنگاری هەرگۆڕانکارییەک دەبێتەوە لە پرۆسەی پەروەردەییدا.

**پ-شێوەی دیموکراسی:** لەم شێوازەدا مامۆستا بەپێی پرنسیپی دیموکراسی مامەڵە دەکات و ڕێگە بە قوتابییەکان دەدات گفتوگۆ بکەن و ڕاوبۆچون بگۆڕنەوە، ئامانج و پلان دابنێن، هەروەها دەرفەتی یەکسان بۆ قوتابییەکان دەرەخسێنێت و ڕێزیان دەگرێت و حەز و خولیا و ئاواتەکانیان لەبەرچاو دەگرێت.[2]

## 8- ئەنجامەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی

[2] حليمة قادري، التفاعل الصفي بين الاستاذ والتلميذ في المرحلة الثانوية، دراسات نفسية وتربوية مخبر تطوير الممارسات النفسية والتربوية، عدد8، (2012): ص17.

کارلێکی کۆمەڵایەتی نێو پۆل کاریگەر دەبێت بە توخمە سەرەکییەکانی کولتوور و کات(زمن). پێدانی دەرفەتی تەواو بە قوتابیان بۆ کارلێک و هەبوونی گفتوگۆی باش لە ئەنجامی پەیوەندی نێو پۆلەوە دروست دەبێت، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دروست نابێت، ئەمەش پێویستی بە کرانەوەی مامۆستا و گوێگرتنێکی باشی قوتابیانەوە دەبێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەربڕین و وشەی هاندەرەوە[1] بەشێوەیکی گشتی بونی کارلێکی ئەرێنی و ڕەچاوکردنی ڕێز و پێزانین ئەم سودانەی خوارەوەی دەبێت:

أ-گەشەی کەسێتی: بە جۆرێک تاک چۆنایەتی ڕەفتارەکانی باش دەبێت و بەپێی پێویستی ئاستی کولتووری.

ب-کارایی فێربون: تاک دەتوانێت کارامەییە پێویستەکانی ژیان فێربێت لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکەیدا.

پ-بنیادنانی ئینتیما: تاک شانازی دەکات بە ئینتیمای بۆ کۆمەڵ و کۆمەڵگە و نیشتیمان.

ت-رودانی پرۆسەی گونجانگونجان: کاتێک تاک بەشێوەی ئەرێنی کارلێک دەکات لەگەڵ گروپەکەی و لەگەڵیدا دەگونجێت و خۆی بە نامۆ نابینێت.

ج-گەیشتنی بە ئاسودەیی دەروونی: کاتێک تاک لەگەڵ گروپەکەی کارلێک دەکات سودییان پێ دەبەخشێت و سودیان لێ دەبینێت هەست بە ئاسودەیی دەروون دەکات.

چ-کاتێک تاک لەکۆمەڵگەکەیدا ئاسودەبوو گەشەی کەسێتی زیادیکرد بەخشین و بەرهەمی زیاد دەکات بۆکۆمەڵگە.[2]

---

[1] حليمة قادري، التفاعل الصفي بين الاستاذ والتلميذ في المرحلة الثانوية، المصدر السابق، ص16.
[2] براهيمي محمد و بكاي ميلود، التفاعل الاجتماعي الصفي المثير للتفوق والنجاح، المصدر السابق، ص69.

## باسی دووەم/سروشت و تایبەتمەندی زیرەکی هەڵچوونی

زیرەکی هەڵچوونی بە یەکێک لە نوێترین زیرەکییەکانی ئەم سەردەمەی ئێستا دادەنرێت لە بواری تەندروستی دەروونی و دەروونزانی و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەم چەمکە ئەنجامی ئەم سەردەمەیە کە تێیدا دەژین، کۆمەڵگەکان لە ئێستادا ڕووبەڕووی چەندین ئاڵەنگاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و کولتوری و ژینگەیی بونەتەوە، کە تاک ناچاردەکات ئاستێکی بەرز لە زیرەکی هەڵچوونی هەبێت، بۆئەوەی بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەوئاڵەنگاریانەدا بکات و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا بکات بە شێوەیەکی ئاسایی[1]. لە هەمان کاتدا تیۆر و توێژینەوەکانی بواری سەرکەوتن ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە تەنها زیرەکی لۆژیکی بەس نییە بۆ سەرکەوتن، بەڵکو کارامەیی و توانا کەسیی و داهێنانەکانی گرنگن بۆ سەرکەوتن لەژیان.[2]

### 1- سۆسیۆلۆجیای هەڵچوونەکان.

زۆرکەس بۆچوونی وایە هەڵچوونەکان بابەتی توێژینەوەی دەروونزانییە، ڕەنگە ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە هەڵچوونەکان تایبەتن بە خودی تاکەکەس، بەڵام ئەوەیان لەبیرچووە کە هەڵچوونەکانی مرۆڤ پەیوەستن بە دۆخی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، کە کاریگەری گەورەی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتی هەیە؛ دەکرێت لەگۆشەنیگای جیاوازەوە بۆئەم بابەتەبڕوانین. با سەرنجێک لەسەر ئەم تێڕوانینە سۆسیۆلۆجیانەی خوارەوە بدەین:

ئەگەرچی توێژینەوە سۆسیۆلۆجییەکان لەبواری بنیادی کۆمەڵایەتی و کەسێتی دا لە لایەن مارکس و ڤێبەر و دۆرکهایمەوە سەریانهەڵدا و مێژوویەکی پڕ لە شانازییە لەم بوارەدا، بەڵام

---

[1] مجذوب أحمد محمد أحمد قمر، الصحة النفسية والذكاء الوجداني وعلاقتهما ببعض المتغيرات(دراسة على عينة من طلبة كلية مروي التقنية)، مجلة العلوم النفسية والتربوية، 2 عدد1، (2016): ص163.

[2] Chamunderswari, S. Emotional intelligence and academic achievement among students at the higher secondary level, International journal of academic research in economics and management sciences 2, No. 4, (2013): p185.

لەئێستادا بەو جۆرە نییە. کۆمەڵێک توێژینەوە ئەنجامدراون لەسەر کاریگەرییەکانی بنیادی کۆمەڵایەتی(دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، شێوازی بەرهەمهێنانی ئابووری، سیستمی دابەشبوونی چینایەتی، شارنشینی، قەبارەی کۆمەڵگە، ئاڵۆزی، هاوبەستەیی بوون) لەسەر تایبەتمەندییە کەسییەکانی تاک (کەسێتی ، هەڵوێستەکان، بیروباوەڕ، ناسنامە، ڕەفتار)، بەڵام لەم دواییانەدا لە ڕێگەی توێژینەوەوە هەوڵی زیندووکردنەوەیان دراوە.[1]

(تێرنەر و ستێتس) لەم بارەیەوە دەڵێن: زانایانی دامەزرێنەری کۆمەڵناسی جگە لە (کولی).[2](Cooly، هیچ تیۆرێکیان نەخستۆتەڕوو بۆشیکردنەوەی هەڵچوونەکان، زانایانی کۆمەڵناسیش تاکو حەفتاکانی سەدەی رابردوو توێژینەوەیان لەسەر هەڵچوونەکان نەکردووە، لە درککردنێکی درەنگدا ئاوڕیان دایەوە لە هەڵچوونەکان. لە کاتێکدا هەڵچوونەکان هەموو لایەنی ئەزموونی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە مرۆییەکان دەگرێتەوە. چۆن دەکرێت زانایانی کۆمەڵناسی هەڵچوونەکان فەرامۆش بکەن؟ نەخێر هەموو کۆمەڵناسەکان فەرامۆشیان نەکردووە، ژمارەیەکی کەم گرنگیان پێداوە. زانایانی کۆمەڵناسی هەموو لایەنەکانی ڕەفتاری مرۆییان دیراسەکردووە، بەڵام گرنگییەکی کەمیان داوە بە دینامیەتی هەڵچوونەکان![3] لەئێستادا دەکرێت وەک بابەتێکی نوێ و گرنگ وا سەیری شیکردنەوەی هەڵچوونەکان بکرێت لەکاری تیۆری کۆمەڵناسیدا[4] هەر لەبەرئەوە سۆسیۆلۆجیای هەڵچوونەکان بەپێی بۆچونی (تێرنەر)،

---

(1) Steven Gordon, Social structural effects on emotions, In Research agendas in the sociology of emotions. ed, Theodore, D. Kemper, State University of New York Press, (1990): p145.

(2) Jonathan H. Turner and Jan E. Stets, Sociological theories of human emotions, Annual review of sociology No. 32, (2006): p25.

(3) Jonathan H. Turner and Jan E. Stets, Conceptualizing Emotions Sociologically, The Sociology of Emotions, Cambredge University Press, (2005): p1.

(4) Jonathan H. Turner and Jan E. Stets, Sociological theories of human emotions, op. cit. p25.

لە چواردەیەی رابردوودا بوون بە گرنگترین بابەتی تیۆردانان لەسەر ئاستی میکرۆسۆسیۆلۆجی.[1]

کۆمەڵناسەکان تێڕوانینێکی نوێیان هەیە بۆ هەڵچوونەکان، کە جیاوازە لە بۆچوونی زانایانی دەروونزانی و زانستی دەمار، کە سەردەمانێکە پێوەی سەرقاڵن. دەروونزانی جەخت لەسەر پرۆسە کەسییەکان دەکاتەوە بۆ وروژاندنی هەڵچوونەکان، بەڵام کۆمەڵناسی تاک لەنێو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا تاقی دەکاتەوە، واتە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتوور چۆن کاریگەری لەسەر هەڵچوونەکان دەبێت و دەی وروژێنێت.[2]

لەگۆشەنیگای کۆمەڵناسییەوە، هەڵچوونەکان بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەبن، بەومانایەی هەڵچوونەکان پەیوەستن بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە. ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕ و پێوەرە کولتوورییەکان لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن لەدروستبوون و دەربڕینی هەڵچوونەکان. هەندێک زۆرلەوە زیاتر ڕۆیشتون و پێیان وایە هەموو هەڵچوونەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی بنیادنراون، لە ڕێگەی ئەزموونکردن و کولتوورەوە. بۆ نموونە (ستیڤن گۆردۆن).[3] دەڵێ: ڕیشەی هەڵچوونەکان لە زانستی زیندەوەردا نیە، بەڵکو لەکولتووردایە، ئەندامانی کۆمەڵگە وشە و دەربڕینە زمانەوانییەکان لە یەکترییەوە فێردەبن، ڕەفتار و وەڵامدانەوە ناویستییەکان، مانای هەر هەڵچوونێکیش پەیوەستە بە جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بۆنموونە، ئیرەیی بردن ئاماژەیە بە دەستێوەردانی کەسێکی تر لە ژیانی کەسانی تر، یان توڕەیی، ئاماژەیە بۆ ئازاردانی کەسێک لەلایەن کەسانی ترەوە، خەمباریش واتە لەدەستدانی کەسێکی ئازیز، سوپاسگوزاریش واتە چوون بەدەم کەسێکەوە لەلایەن کەسێکی ترەوە، کەواتە هەڵچوونەکانیش لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرهەڵدەدەن، تاک

---

(1) Jonathan H. Turner, Toward a general sociological theory of emotions, Journal for the theory of social behavior 29, No. 2, (1999): p133.
(2) Jonathan H. Turner and Jan E. Stets, Sociological theories of human emotions, op cit. p2.
(3) steven gordon, Social structural effects on emotions, op. cit. p145.

هەڵچوونەکان وەردەگرێت و چۆنێتی بەکارهێنانیشی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا فێردەبێت.[1]

دوای ئەم خستنەڕووە کورتە لەسەر سۆسیۆلۆجیای هەڵچوونەکان ئەوە ڕووندەبێتەوە، ئەوەی هەڵچوونەکان دەوروژێنێت پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتییە، پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتیش تەنها لە چوارچێوەی ژیان کردن لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا فەراهەم دەبێت، ئەگەرچی دەستەواژەی هەڵچوونەکان لەگەڵ زیرەکی هەڵچوونی لەیەکتری جیاوازن، بەڵام ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێت، کە زیرەکی هەڵچوونی بە تەواوی لە نێو کۆمەڵگەوە دەردەکەوێت و تاک لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بەکۆمەڵایەتی بوونەوە وەریدەگرێت، کە سەرەتاکەی لە خێزان دەستپێدەکات و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ ناوەندە کۆمەڵایەتی و دامەزراوە پەروەردەی و ئایینی و ڕاگەیاندنەکان.

## 2- زیرەکی هەڵچوونی

زانایان و توێژەران پێیان وایە، کە هەندێ لە خەڵکی زیرەکی عەقڵی( Intelligence quotient -IQ) زۆر بەرزیان هەیە، بەڵام سەرکەوتوو نین لە ژیان! بەپێچەوانەوە هەندێکی تر نمرەی کەم دێنن لە تاقیکردنەوەی زیرەکی(IQ)، بەڵام سەرکەوتوون لە ژیان و کاردا! دواجار گەیشتن بەو ئەنجامەی، کە بەتەنها زیرەکی عەقڵی(IQ) وێنەی گشتی تواناکانی تاک نیشان نادات، ناکرێت بەتەنها پشتی پێ ببەسترێت بۆ پێشبینیکردنی سەرکەوتنی تاک لە ژیاندا، ئەم تێبینیانە وای لێکردن بگەڕێن بەدوای شتێکی تردا، کە ڕەنگە هۆکاری سەرکەوتنی ئەوخەڵکانە بێت، دوای توێژینەوەکان گەیشتن بە دۆزینەوەی کۆمەڵێک کارامەیی و توانا ناویان نا زیرەکی هەڵچوونی.[2] چەندین تیۆر و توێژینەوە لەو بارەیەوە خرانە ڕوو. لە هەمانکاتدا

---

[1] Jonathan H. Turner and Jan E. Stets, Sociological theories of human emotions, op cit. p2.

[2] أنعام هادي حسن، الذكاء الانفعالي وعلاقته باساليب التعامل مع ضغوط النفسية، عمان: دار الصفاء للنشر والتوزيع، (2012): ص45.

توێژینەوەکان پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و تەندروستی دەروونی و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان و هێزی پەیوەندییە خێزانییەکان و خود کۆنترۆڵکردن و چالاکی خودی و گونجانی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی قوتابی دۆزییەوە.[1]

ئەگەرچی بڵاوبونەوەی کتێبەکەی گۆڵمان (Daniel Goleman, 1995) بەناوی زیرەکی هەڵچوونی دەنگدانەوەیەکی فراوانی هەبوو لەسەر گرنگی زیرەکی هەڵچوونی، توێژەران لە بوارە جیاجیاکاندا بەشێوەیەکی فراوان ڕوویان لەو چەمکەکرد، بەڵام هەندێک لەتوێژەران ڕیشەی مێژوویی زیرەکی هەڵچوونی دەگەڕێننەوە، بۆ بەکارهێنانەکانی زیرەکی کۆمەڵایەتی لای زانای دەروونزانی ئەمریکی(سۆرندایک، 1920)، زۆرێک لەو توێژینەوە پێشینانە جەختیان لەسەر وەسف و پێناسە و هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری گونجاوی کۆمەڵایەتی دەکردەوە.[2] (سۆرندایک) زیرەکی کۆمەڵایەتی وا پێناسە کردبوو، کە بریتییە لە توانای تاکەکان(پیاو، ژن، منداڵ) و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لە چوارچێوەی پەیوەندییە مرۆییەکاندا.[3]

لە لایەکی ترەوە بەکارهێنانی چەمکی زیرەکی هەڵچوونی دەگەڕێتەوە بۆشەستەکانی سەدەی ڕابردوو، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و پزیشکی دەروونی، دوای دوو دەیە لە توێژینەوەکاندا بەشێوەیەکی فراوانتر بەکارهات.[4]

بۆچوونی تر هەیە و پێیوایە سەرەتای سەرهەڵدانی تیۆری زیرەکی هەڵچوونی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانەکانی(Bar-on, 1985). لە دایکبوونی تەواوی تیۆری زیرەکی هەڵچوونی

---

(1) Dolores Valadez Sierra et al., Emotional intelligence and it its relationship with gender, academic performance and intellectual abilities of undergraduates, Education & Psychology and Editorial EOS (Spain), Electronic Journal of Research in Educational Psychology 11, No. 2, (2013): p398.

(2) Reuven Bar-On, The Bar-On model of emotional-social intelligence, Psicothema, No. 18, (2006): p13.

(3) خليل يوسف علي احمد الشاعر، الذكاء الانفعالي لدى أطفال مدارس الموهوبين وعلاقته بالتحصيل الدراسي في مادة الرياضيات، دراسات تربوية، عدد6، (2017)، ص16.

(4) John D. Mayer, David R. Caruso and Peter Salovy, Emotional intelligence meets traditional standards for an intelligence. Intrlligence, 27 No. 4, (1999): p198.

دەگەڕێتەوە بۆساڵی(1990)، لەگەڵ بڵاوبونەوەی کۆمەڵێک توێژینەوە لە لایەن( Mayer and Salovey)ییەوە[1]،[2]،[3] دواتریش لە دوای بڵاوبونەوەی کتێبەکەی گۆڵمان( Emotional intelligence: Why it can matter more than IQ) لەساڵی 1995دا بەتەواوی چەمکی زیرەکی هەڵچوونی بڵاوبوەوە و ڕونتربوەوە و لە پانتاییەکی فراواندا بەکارهات.[4]

### 3- تایبەتمەندی ئەوکەسانەی زیرەکی هەڵچوونیان بەرزە

بەپێی بۆچونی گۆڵمان، ئەوکەسانەی لە ڕووی هەڵچوونییەوە زیرەکن، هەڵچوونەکانی خۆیان باش دەناسنەوە و زۆر بەباشی ئاراستەی دەکەن، لە هەڵچوونی خەڵکانی تریش تێدەگەن و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن بە شێوەیەکی زۆرباش، لەخەڵکی تر زۆر زیاتر هەست بە ڕەزامەندی دەکەن و بەتوانا و کارامەن لەژیانیاندا و هەردەم لەپێشکەوتندان.[5]

لە ڕووی گرنگی و بایەخی دارایی و سەرکەوتن لە پرۆسەی کاردا، (ڕۆبەرت کیوساکی)، دەڵێ: زیرەکی هەڵچوونی زۆرگرنگە بۆ زیرەکی ئابووری، دەشتوانم بڵێم زیرەکی هەڵچوونی لە هەموو زیرەکییەکانی تر گرنگترە، زیاتر لە زیرەکی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵی.[6] لە هەمان کاتدا، ڕێسایەک هەیە، دەڵێت:(Good Mood=Good work)، واتە میزاجی باش یەکسانە بە کاری باش. توێژینەوەکان لەم بوارەدا ئەوەیان سەلماندووە، ئەوکەسانەی میزاجیان باشە باشتر کاردەکەن، لە یەکێک لەوتوێژینەوانەدا لەسەر(32) شوێنی بازرگانی کراوە لە ویلایەتە

---

(1) إيمان عباس الخفاف، الذكاء الانفعالي تعلم كيف تفكر إنفعاليا عمان: دار المناهج للنشر والتوزيع، (2013)، ص27.

(2) Alan Mortiboys, Teaching with emotional intelligence, London and New Yourk: Routledge Taylor and Francis Group, (2005): p27.

(3) John D. Mayer, David R. Caruso and Peter Salovy, Emotional intelligence meets traditional standards for an intelligence, Intelligence, 27, no. 4, (1999): p198.

(4) Marc A. Brackett et al., Emotional intelligence: Implications for personal, social, academic, workplace success, Social and personality compass 5 No.1, (2011): p89.

(5) صفية إقروفة، الذكاء الانفعالي والصحة النفسية وعلاقتهما ببعض المتغيرات، دراسة على عينة من تلاميذ مرحلة التعليم الثانوي، مجلة العلوم النفسية والتربوية 6، عدد2، (2018): ص231.

(6) Robert T. Kiyosaki, Rich Dad's increase your financial intelligence IQ, New York: Business Plus, (2008): n.p.

یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەرکەوتووە ئەو شوێنانەی کارمەندەکانی بە میزاجێکی باشەوە کاردەکەن، پەیوەندی نێوان کارمەندەکان لەلایەک و بەڕێوەبەرەکەیان لە لایەکی ترەوە لەسەر تێگەیشتنە، ئەمەش یارمەتی دەردەبێت بۆئەوەی کرِیار زیاتر ڕوو لەو شوێنانە بکات بەراورد بە شوێنەکانی تر، کاتێکیش کە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری شوێنە بازرگانییەکاندا کراوە دەرکەوتووە، کە گەشبین و کراوەترن و زۆر باوەڕیان بە خۆیان هەیە، لێرەشەوە ڕۆڵی زیرەکی هەڵچوونی دەردەکەوێت لە دروستکردنی سەرکردەی ئیداری بەتوانا بۆ بەڕێوەبردنی دەزگا و دامودەزگا ئابووری و پەروەردەیی و ئیدارییەکان.(1)

لە لایەکی ترەوە (بارون) تیۆرڤانی زیرەکی هەڵچوونی پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و تەمەنی دۆزییەوە، مرۆڤ چەندە تەمەنی بەرەو سەروتر بچێت زیرەکی هەڵچوونی زیاتر دەبێت بەراورد بە تەمەنەکانی بچووکتر لەخۆی.(2)

### 4- فشارەکان و زیرەکی هەڵچوونی

لە ڕاستیدا زیرەکی هەڵچوونی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لە ڕووبەڕووبونەوەی فشارەکانی ڕۆژانە، کە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە فشاری دەروونی. ئەو کەسانەی زیرەکی هەڵچوونیان بەرزە بەشێوەیەکی دانایانە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە فشارانەدا دەکەنەوە و بەبێ هەڵەشەیی چارەسەری ئەوجۆرە کێشانە دەکەن، لە کاتێکدا کەمترین فشارەکان کاریان تێدەکات کەمترین کێشەی ڕەفتاری ڕوووبەڕویان دەبێتەوە.(3)

دەکرێت تاک فێری چۆنێتی پەرەپێدان و گەشەپێدانی زیرەکی هەڵچوونی ببێت لە ڕێگەی فێربوون و بەدەستهێنانەوە. زیرەکی هەڵچوونی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لەئاراستەکردنی تاک

(1) صبيحة ياسر مكطوف و سرى غانم محمود العبيدي، الذكاء الانفعالي وعلاقته بالمسايرة الاجتماعية لدى طلبة الجامعة، مجلة التربية والعلم، 15 عدد3، (2008): ص340.

(2) Reuven Bar-on, The Bar-On model of emotional-social intelligence, op. cit., p16.

(3) طالب عبد سالم و سافرة سعدون احمد، الذكاء العاطفي وعلاقته بالخجل لدى طلبة جامعة بغداد، مجلة البحوث التربوية والنفسية، عدد34، (2012): ص381.

بەرە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی و سەرکەوتن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کرداری خۆیدا، لەبەرئەوە زۆر پێویستە تاک گرنگییەکی زۆربدات بە هەڵچوونەکانی. لە هەمان کاتدا کارلێکی ژینگە و بۆماوە کاریگەری زۆری لەسەر پەرەپێدانی زیرەکی گشتی هەیە، لە هەمانکاتدا کاریگەری لەسەر زیرەکی هەڵچوونیش هەیە. زیرەکی هەڵچوونی کەمترین کاریگەری بۆماوەیی بەسەرەوەیە، لە هەمانکاتدا کاریگەری گەورەی ژینگەی دەوروبەری بەسەرەوەیە، ئەمەش ڕۆڵێکی گەورە بە پەروەردەی باوان و خێزانەکان دەدات[1]، هەروەها قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکان پێویستە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و تواناو کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچوونی لای تاک دروستبکەن.

**5- گەشەپێدانی زیرەکی هەڵچوونی لە پرۆسەی پەروەردەییدا**

هەروەک ئاماژەمان پێدا زیرەکی هەڵچوونی لەکۆمەڵێک کارامەیی پێکدێت، زۆربەیان دەکرێت لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە تاک فێربکرێت، ئەم کارامەییە هەڵچوونییانە هەروەک (گۆڵمان) ئاماژەی پێداوە ڕەمەک نییە، بەڵکو دەکرێت تاک فێری ببێت و پەرەی پێبدات، توانای ئەم پەرەپێدانەش دەوەستێتە سەر توانای زیرەکی هەڵچوونی تاک خۆی. لە هەمانکاتدا گۆڵمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەگەر بمانەوێت منداڵ ئامادەبکەین بۆ ژیانێکی ئارام و داهاتوویەک پڕ بێت لە سەرکەوتن و بە دەستهێنان لەڕووی کردارەکی و زانستییەوە پێویستە منداڵ فێری زیرەکی هەڵچوونی بکرێت، کە درککردنی خودی و درک بە پەیوەندی نێوان هەڵچوونەکان و ڕەفتار و بڕیاردان و کۆبیر خستنە سەر هەڵچوونەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ فشارەکان و هاوسۆزی لە ڕێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانەوە

---

[1] عايدة ذيب عبدالله محمد، دور معلمات الروضة في تنمية الذكاء الانفعالي لدى الأطفال، مجلة كلية التربية للبنات، عدد 25، (2014): ص1056.

بکات.[1] هەمان زانا باوەڕی وایە دەکرێ لە ڕێگەی گەشەپێدانی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچوونی بنیادبنرێت.[2]

**باسی سێیەم/سروشت و تایبەتمەندی فۆبیای کۆمەڵایەتی**

لەم باسەدا تیشک دەخەینەسەر سروشت و تایبەتمەندی فۆبیای کۆمەڵایەتی، بە پشتبەستن بە توێژینەوەوسەرچاوە بەردەستە زانستییەکانی ئەوبوارە.

**1-گرنگیدان بە فۆبیای کۆمەڵایەتی**

وەسفکردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی بۆیەکەمجار لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، لای بیرد(Beard, 1879)، لە فەرەنساش لای جانییە بو(Janet, 1903)، دواتر ئەم شڵەژانە جیاکرایەوە لە ترسەکانی تر لای( مارکس و گیڵدەر)، نوسینەکانی ئەم نوسەرانە لەسەر جۆرەکانی ترس بوو تایبەت بە خواردن، خواردنەوە، تێکەڵبوون، شەرم و ڕوسوور هەڵگەڕان، قسەکردن، نوسین لەکاتی بونی کەسانی تردا، جگە لەهەندێکی تری ترس کە لەسەرەتای قسەکردنەوە سەرهەڵدەدات، بەڵام فۆبیای کۆمەڵایەتی لە زۆرینەی زۆری فۆبیاکانی تر بەربڵاوترە دوای خەمۆکی و ئالودەبوون بە مادە کحولییەکان.[3]

لە چوارچێوەی زانستەکاندا فۆبیای کۆمەڵایەتی گرنگییەکی زۆری پێدراوە بەتایبەتی لەتوێژینەوەکانی بواری وەک: دەروونزانی کۆمەڵایەتی و دەروونزانی گەشە و دەروونزانی کەسێتی و دەروونزانی کلینیکی.[4]

لەزۆر دۆخدا هەندێک لەتاکەکان دەشڵەژێن لەبەرامبەر خەڵکانیترو زۆرجار تێبینیمانکردووە: بۆچی ژەنیارێکی کارامەی کەمان پەنجەکانی ڕادەوەستێت کاتێک لەبەرامبەر خەڵکی دەژەنێت؟ یان کاتێک قوتابیەک لەبەرامبەر مامۆستایەک تاقیکردنەوەی زارەکی هەیە، زمانی تەتەڵەدەکات

(1) صفية إقرونة، الذكاء الانفعالي والصحة النفسية وعلاقتهما ببعض المتغيرات، المصدر السابق، ص233.

(2) طالب عبد سالم و سافرة سعدون احمد، الذكاء العاطفي وعلاقته بالخجل لدى طلبة جامعة بغداد، المصدر السابق، ص379.

(3) بلحسيني وردة، أثر برنامج معرفي-سلوكي في علاج الرهاب الاجتماعي لدى عينة من طلبة الجامعة، المصدر السابق، ص19.

(4) Lynn E. Alden and Charles T. Taylor, Interpersonal processes in social phobia, Clinical psychology review, no. 24, (2004): p858.

و هەست دەکات مێشکی بەتاڵە؟ قوتابییەکی کۆلێژی پزیشکی لەیەکەم بەشداری نەشتەرگەری نزیک دەبێتەوە لە هۆش خۆ چوون.(1)

کاتێک سەرنج لە زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەدەین، زۆرجار دەبینین جۆرێک لەخۆلادان لەهەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان بەدی دەکەین، لە گفتوگۆکردن و بەشداری و چالاکی بەتایبەتی لەو ناوەندانەی کە تاک تێیدا دیارە و ناسراوە، ئەگەر سەرنج بخەینە نێو پۆلێکی خوێندن ژمارەیەکی کەم لەقوتابییەکان ئامادەن بەشداری چالاکییەکان بکەن، زۆرێک لەو قوتابیانە بە هەر هۆیەک بێت خۆیان لادەدەن لەبەشداریکردن لەچالاکییەکان. ئەم هەڵوێستە زۆرجار بەرەو نەرێنی و نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان ئاراستەیان دەکات و لە کۆتاییدا وەک گرێیەکی دەروونی بەیەکداچووی لێ دێت.

گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان وایانکرد ژیان ئاڵۆزتر ببێت، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی فشارەکانی ژیان و بڵاوبونەوەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، بەبێ ئەوەی تاک درک بەوە بکات، کە توشی نەخۆشی کۆمەڵایەتی و دەروونی بووە. لە کاتێکدا نەخۆشییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان زۆرمەترسیدارترن لەنەخۆشییە جەستەییەکان. یەکێک لەو نەخۆشییانەش فۆبیای کۆمەڵایەتییە، بوونی ئەم نەخۆشییە ئاستەنگ و بەربەست بۆ تاک دروست دەکات، کە نەتوانێت بەشداری کۆمەڵایەتی هەبێت بەبێ بوونی هیچ پاساوێک، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەیەکی ڕەفتاری و نەخۆشی، کە پێی دەڵێن فۆبیای کۆمەڵایەتی.(2)

بەپێی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی دەستنیشانکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان(المراجعه العاشره للتصنیف الدولی) بەکەسێک دەوترێت فۆبیای کۆمەڵایەتی هەیە ئەم سێ مەرجەی تیابێت:

---

(1)Aron. T. Beck, Gary Emery, and Ruth L Greenberg, Anxiety disorders and phobias: A cognitive perspective, BasicBooks: A Division of HarperCollinsPublishers, (1985), p3.

(2) رولا عودة السوالقة و محمد اسماعيل الحوسني، الرهاب الاجتماعي من التنظير الاجتماعي إلى سبل العلاج، المصدر السابق، ص113.

ا–پێویسته نیشانەکان، دەروونی و ڕەفتاری یان کۆئەندامی دەماری سەربەخۆ، تایبەتبن بە دڵەڕاوکێ نەک نیشانەی نەخۆشی تربن وەک خەم و بیری وەسواسی.

ب–پێویسته دڵەڕاوکێکە کۆنترۆڵی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بکات.

پ–پێویسته تاکی توشبوو خۆلادانی لەهەڵوێسته کۆمەڵایەتییەکانی هەبێت.[1]

فۆبیای کۆمەڵایەتیش وەک زۆربەی جۆرەکانی تری دڵەڕاوکێ، شڵەژانی تری دەروونی لەگەڵ دەبێت، زۆرترین شڵەژانیش کە لەگەڵ فۆبیای کۆمەڵایەتیدا سەرهەڵدەدات لای تاک شڵەژانی میزاجی دەبێت وەک خەمۆکی و شپرزەبون و وەسواسی قەهری و بەکارهێنانی کحول.[2]

## 2- جیاوازی ڕەگەز لەفۆبیای کۆمەڵایەتیدا

بۆچونەکان جیاوازن لەسەر جیاوازی ڕەگەز لە توشبوون بە فۆبیای کۆمەڵایەتی، هەندێک لە توێژینەوەکان، دەڵێن لە نێو کچان زیاتر بڵاوە و هەندێکی تر پێیان وایە لەنێو کوڕان بڵاوترە، لە کاتێکدا گروپی سێیەم دەڵێن جیاوازی نییە و هەردوو لا وەک یەک توشدەبن. ئەم بۆچونانەش لە کۆمەڵگە و کولتور و کاتی جیاواز سەرچاوەی گرتووە.[3]

ئەگەرچی لە توێژینەوەکاندا ڕێژەی توشبووان دەگۆڕێت و لەهەندێ شوێن زۆربەرز دەبێتەوە و لە هەندێ شوێنیش کەم دەبێتەوە. بەپێی توێژینەوەی(گەردی، 2016) فۆبیای کۆمەڵایەتی لە نێو قوتابیانی قوتابخانە ئامادەییەکانی نێو شاری هەولێر(34.3%)یە، بەجۆرێک کوڕان

---

(1) المراجعة العاشرة للتصنيف الدولي للأمراض تصنيف الإضطرابات النفسية والسلوكية: الأوصاف السريرية –الإكلينيكية– والدلائل الإرشادية التشخيصية، (ICD-10)، منظمة الصحة العالمية المكتب الاقليمي لشرق الأوسط،(1999)، ص147.

(2) Joshua D. Lipsitz and Franklin R. Schneier, Social phobia Epidemiology and cost of illness, op. cit., p26.

(3)مباركة ميدون و مسعودة هتهات، مظاهر الرهاب الاجتماعي لدى عينة من الطلبة الجامعيين: دراسة استكشافية بكلية العلوم الإنسانية والاجتماعية بجامعة قاصدي مرباح بورقلة، مجلة الفكر المتوسط، 11، عدد1، (2022): ص640.

ڕێژەکەیان بەرزترە(33.67%)بەراورد بەکچان کە(30.52%)[1] ئەمەش ڕێژەیەکی زۆربەرزە بەراورد بە کۆمەڵگەکانی تر، کە پێیان وایە زۆر بەربڵاو بێت لەنێوان(7%-14)دایە.[2] بەپێی ڕێبەری دەستنیشانکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان چوارەم، فۆبیای کۆمەڵایەتی لە شڵەژانە باوەکانە و بڵاوە لە کۆمەڵگەدا بە ڕێژەی(3%-13) لە نێو کۆی گشتی خەڵکدا بڵاودەبێتەوە[3]، کەچی بەپێی ڕاپرسییەک لەماوەی شەش مانگدا، کە لە ساڵی(1984) لەناوچە شارنشینییەکانی ئەمریکادا کراوە لە نێو پیاواندا 1.3% بووە و لە نێو خانماندا 2.0% بووە، بەڵام توێژینەوەیەکی تر لە بەریتانیا لە نێو قوتابیانی قۆناغی یەکەمدا لەنێوان 3% بۆ 10% بووە لەساڵی 1974.[4]

## 3- سەرەتای دەرکەوتنی فۆبیای کۆمەڵایەتیدا

فۆبیای کۆمەڵایەتی دۆخێکە بە ترسێکی ڕوون و ئاشکرا و بەردەوام، جیادەکرێتەوە بەوەی کە خەڵکانی تر چاودێرن بەسەرتەوە. توێژینەوەکان کاتی توشیبوون بە نەخۆشییەکە دەگەڕێننەوە بۆتەمەنی هەرزەکاری، چونکە قۆناغێکی هەستیارە لەڕووی گەشەکردنەوە[5] بەپێی توێژینەوەکان، سەرەتای سەرهەڵدانی نەخۆشییەکە بەزۆری لەسەرەتای قۆناغی هەرزەکارییدایە، بەجۆرێک ناوەندەکەی دەکەوێتە نێوان تەمەنی(15-21) ساڵی، بەپێی

[1] Abdulqader Hussein Hamad Gardi, Prevalence of social phobia among high school students in Erbil Kurdistan region, op. cit., p1504.

[2] نايف فدعوس الحمد وآخرون، مستوى الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتكيف النفسي والاجتماعي لدى الطلبة السعوديين في الجامعات الأردنية، دراسات العلوم التربوية، 43، عدد 5، (2016): ص1871.

[3] مبارکة میدون و مسعودة هتهات، مظاهر الرهاب الاجتماعي لدى عينة من الطلبة الجامعيين، المصدر السابق، ص639.

[4] Isaac Meyer Marks, Fears, phobias, and rituals: Panic, anxiety, and their disorders, Oxford University Press, (1987): p363.

[5] Eleanor Leigh, and David M.Clark, Understanding social anxiety disorder in adolescents and improving treatment outcomes: Applying the cognitive model of Clark and Wells, Clinical child and family psychology review, (2018): p388.

توێژینەوە ئەمریکی و بەریتانی و سویدییەکان.[1]،[2]،[3] لەتەمەنی منداڵیش دەکرێ تاک توشی فۆبیای کۆمەڵایەتی ببێت[4]، بەڵام ئەگەر بەبێ چارەسەر بهێڵرێتەوە، ئەوە دەبێتە کێشەیەکی درێژخایەن.[5]

## 4- کاریگەری فۆبیای کۆمەڵایەتی

فۆبیای کۆمەڵایەتی کارلەسێ لایەنی سەرەکی تاک دەکات، لە کاتێکدا تاک دوچاری ئەم جۆرە لە فشار و شڵەژان دەبێتەوە:

### ا–لە ڕوی مەعریفییەوە

تاک لە ڕووی مەعریفییەوە دەبێتە هەڵگری چەندین بیروباوەڕی نەرێنی و گریمانە و پێشبینی ناواقعی[6]، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر شڵەژان لای تاک، بۆ نموونە ئەوانەی توشی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەبن، وادەزانن ئەوان سەنتەری تێڕوانینی خەڵکانی ترن، پێیانوایە هەموو خەڵکی سەیری ئەوان دەکەن، یان پێیان وایە خەڵکی ئاگاییان لە هەموو وردەکاری و سپی و ڕەشێکی ئەوانە، ئاگاییان لە دڵەڕاوکێ و شەرمنییەکانی ئەوانە[7] بە هۆی هەڵسەنگاندنی نەرێنی کەسانی تر، یاخود پێشبینیکردنی گاڵتە پێکردن لەلایەن خەڵکانی تر لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا، یان باوەڕبەخۆنەبون، یان باوەڕنەبون بە تواناکانی خود لەسەر بەجێهێشتنی

---

(1) Isaac Meyer Marks, Fears, phobias, and rituals: Panic, anxiety, and their disorders, op. cit. p364.

(2) هناء خالد الرقاد، الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتوافق الجامعي لدى طلبة الجامعة الهاشمية، المصدر السابق، ص234.

(3) سامر جميل رضوان، القلق الاجتماعي: دراسة ميدانية لتقنين مقياس للقلق الاجتماعي على عينات سورية، مجلة مركز البحوث جامعة قطر، السنة العاشرة، عد19، (2001): ص49.

(4) Stefan. G. Hofman and Michael. W. Otto, Cognitive behavioral therapy for social anxiety disorder: Evidence-based and disorder-specific trearment techniques, New York-London: Routlefge, Taylor and Francis Group, (2008): p6.

(5) Joshua D. Lipsitz and Franklin R. Schneier, Social phobia Epidemiology and cost of illness, op. cit., p25.

(6) رولا عودة السوالقة و محمد اسماعيل الحوسني، الرهاب الاجتماعي من التنظير الاجتماعي إلى سبل العلاج، المصدر السابق، ص119.

(7) Aron. T. Beck, et al., Anxiety disorders and phobias: A cognitive perspective, op. cit. p206.

کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەوانی تر، دواتریش دابەزینی توانا کۆمەڵایەتییەکانی، لەبەر ئەو هۆیانە زۆربەی جار کۆمەڵێک چەمک دوبارە دەکەنەوە وەک، هەمووان گاڵتەم پێدەکەن هەمووان چاویان لەمنە، من گەمژەم، ئەنجامی کارەکانم خراپە.[1] هەروەک چۆن قوتابیەک ڕەتی دەکاتەوە بچێتەوە بۆخوێندن و پۆل، چونکە لەوە دەترسێت، کە مامۆستاکەی هاتە ژورەوە قسەیەکی بەرامبەر بکات و لەبەردەم هاوڕێکانی شەرمەزاربێت، خانمێک لەوە دەترسێت بچێتە بازار، چونکە وا دەزانێت خەڵکی هەمووی چاویان لەسەر ئەوە.[2]

ڕەهەندی مەعریفی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە بەردەوامی و مانەوە یان ڕزگاربوون لەفۆبیای کۆمەڵایەتی، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە گفتوگۆی نەرێنی لەگەڵ خود، بوونی بیری هەڵە و خود هەڵسەنگاندنی نەرێنی بۆ هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان و دانانی ئاستی بەرز بۆ ئەدای کۆمەڵایەتی کە تاک بۆ خۆی دایدەنێت و پێیوایە پێویستە لەو ئاستەدا بێت، بیرهاتنەوەی لە ڕێگەی ئاگایی دیاریکراوەوە بۆ زانیارییە نەرێنییەکان بۆخود و بۆ ئەنجامدانی کاروکردەوەکانی لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە جۆرێک سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی کۆمەڵایەتی دەداتەپاڵ کۆمەڵێک هۆکاری جەستەیی. گومانیشی تێدا نییە، کە گفتوگۆکردنی خودی نەرێنی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دروستبونی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێچەوانەی دەربڕین و گفتوگۆ ئەرێنییەکانەوە.[3]

---

(1) ناريمان محمد رفاعي وآخرون. أضطراب القلق الاجتماعي لدى طلاب الجامعة في ضوء بعض المتغيرات، المصدر السابق، ص243.

(2) Abdulqader Hussein Hamad Gardi, Prevalence of social phobia among high school students in Erbil Kurdistan region, op. cit. p1479.

(3) رولا عودة السوالقة و محمد اسماعيل الحوسني، الرهاب الاجتماعي من التنظير الاجتماعي إلى سبل العلاج، المصدر السابق، ص119.

لەسەر بنەمای ئەو ئاماژانەی سەرەوە ئەوکەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتیان هەیە، هەستێکی نەرێنیان هەیە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی.[1]

**ب- لە ڕووی هەڵچوونی و فسیۆلۆجییەوە**

کەسێک کە دوچاری فۆبیای کۆمەڵایەتی دەبێت، ڕووبەڕووی چەندین دۆخی هەڵچوونی دەبێتەوە، وەک: ترسێکی توند، شڵەژان، هەستکردن بەنائارامی، توڕەبون لەکاتی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندا، ترس لەوەی کە خەڵکی بە شێوەیەکی کەم سەیری بکەن یان هەڵسەنگاندنی نەرێنی بۆدەکەن، ئەمەش وایان لێدەکات دوچاری چەندین دۆخی فسیۆلۆجی ببنەوە.[2] وەک: دڵەڕاوکێ یەکی زیاد، زیاد لێدانی دڵ(خفقان القلب) سەر گێژبوون و زۆر ئارەقە کردن، سوربونەوەی دەم و چاو، هەستکردن بەوەی ناتوانێت لەو هەڵوێستە بەردەوام بێت، سەرئێشە، ئازاری پشت، ڕشانەوە و لەرزین و وشکبوونی دەم و دروستبوونی کێشە لە قسەکردن و هەندێک جاریش میزکردنی خۆنەویست.[3]،[4]،[5]

**پ-لە ڕوی ڕەفتارییەوە**

یەکێک لە سیما سەرەکییەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی(خۆلادان)ە لە بەشداریکردنی هەر جۆرە هەڵوێست و بۆنەیەکی بە کۆمەڵ. تێرنەر و هاوڕێکانی(1986) گەیشتن بەو ئەنجامەی کەزۆرینە یاخود(86%)ی ئەو کەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتییان هەبووە ترسیان لە بەشداری کردن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە و خۆیان لاداوە لە هەر جۆرە بەشداریکردنێکی بە

[1] Nancy A. Heiser, Differentiating social phobia from shyness, (Unpublished PhD diss), University of Maryland, (2004) p14.

[2] ناريمان محمد رفاعي وآخرون، أضطراب القلق الاجتماعي لدى طلاب الجامعة في ضوء بعض المتغيرات، المصدر السابق، ص244.

[3] Aron. T. Beck, et al., Anxiety disorders and phobias: A cognitive perspective, op. cit. p115.

[4] مباركة ميدون و مسعودة هتهات، مظاهر الرهاب الاجتماعي لدى عينة من الطلبة الجامعيين، المصدر السابق، ص643.

[5] نايف فدعوس الحمد وآخرون، مستوى الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتكيف النفسي والاجتماعي لدى الطلبة السعوديين في الجامعات الأردنية، ص1871.

کۆمەڵ.[1] لە هەمانکاتدا هیل (1989) گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئەوانەی فۆبیای کۆمەڵایەتیان هەیە، کارامەیی کۆمەڵایەتییان هەیە، بەڵام کەمترین ئامادەییان هەیە بۆ بەکارهێنانی و گومانیان لەتواناکانیان هەیە ئەنجامی بدەن بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە.[2] بۆیە لە ڕووی ڕەفتاریشەوە توشی چەندین خۆلادان دەبنەوە وەک:

1-خۆلادان لە هەرجۆرە ئاهەنگێک.

2-خۆلادان لە چوون بۆ کار و قوتابخانە.

3-خۆلادان لە قسەکردن لەگەڵ کەسانی تر.

4-خۆلادان لە پەیوەندی چاو.

5-خۆلادان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی نەناسراو یان نائاسایی.

6-خۆلادان لە چوونە ژوورێک، کە کەسانێک تێیدا دانیشتبن.

7-خۆلادان لە خواردن و خۆراک لە بەرامبەر کەسانی تر.[3]

8-دروستبوونی کێشە بۆقسەکردن.[4]

ئەم شڵەژانە بەردەوامە و درێژخایەنە، تاک لە توانا و وزە دەخات و وای لێدەکات، کەنارگیر بێت و بترسێت لە بەشداریکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتی و ناتوانێت هەستی خۆی دەرببڕێت و کار و کردەوە و ئەرکە ئەکادیمی و پیشەییەکانی کەمتردەبن لە تواناکانی.[5] ئەمە جگە لەوەی بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر چۆنایەتی ژیان(جودة الحياة) دەبێت، ئەوانەی توشی فۆبیای کۆمەڵایەتی بوون، جۆرایەتی ژیانیان خراپە

---

(1) Nancy A. Heiser, Differentiating social phobia from shyness, op cit. p15.

(2) Kerry S. Walters, Emotional intelligence, behavioural, and interpersonal assessment of social phobia in adolescents, (Unpublished PhD diss). University of Nebraska, (1999) p6.

(3) اضطراب القلق الاجتماعي(الرهاب الاجتماعي)، مايو كلينيك، تأريخ الزيارة: 31-10-2021، https://www.mayoclinic.org/ar/diseases-conditions/social-anxiety-disorder/symptoms-causes/syc-20353561

(4) نايف فدعوس الحمد وآخرون، مستوى الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتكيف النفسي والاجتماعي لدى الطلبة السعوديين في الجامعات الأردنية، المصدر السابق، ص1871.

(5) نايف فدعوس الحمد وآخرون، نفس المصدر، ص1872.

بەراورد بەو کەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتیان نییە.[1] بەپێی کات نیشانەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، قورستر دەبێت بە دوچاربوونی گۆڕانکاری زۆر لە ژیان و گرژی زۆر و داخوازییەکانی ژیان.

## 5- ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی

فۆبیای کۆمەڵایەتی یەکێکە لە جۆرەکانی فۆبیا، کە پەیوەستە بە چەندین گۆڕاوی کەسێتی یەوە، وەک لاوازی خود ڕێزگرتن، بیری نەرێنی، خراپی ئەدای کار و خوێندن، ڕەفتاری لادان، تێکچوونی لایەنی مەعریفی، لاوازی دڵنیایی و بڕوابەخۆبوون. وەڵامدانەوەیەکی مەعریفی، هەڵچوونی و ڕەفتارییە بۆ هەڵویستێکی دیاریکراو لای تاک، کە هەستی نائاسودەیی کۆمەڵایەتی و لادانی کۆمەڵایەتی و ترس لە هەڵسەنگاندنی نەرێنی لە لایەن کەسانی ترەوە، فەرامۆشکردنی خاڵی هێز و تواناکانی و نیشانەی فسیۆلۆجی لای تاک دەردەکەوێت.[2]

ڕەنگە فۆبیای کۆمەڵایەتی ژیانی کۆمەڵایەتی تاک کۆنترۆڵ بکات، ئەگەر فەرامۆش بکرێت و چارەسەر نەکرێت، لەوانەیە ببێتە بەربەست لە بەردەم کار و خوێندن و پەیوەندییەکان و چێژ بینین لە ژیان، کەڕەنگە ئەم کاریگەرییانەی خوارەوەی لێ بکەوێتەوە:

1-باوەڕبەخۆنەبوون.

2-ئاخاوتنی نەرێنی لەگەڵ خود.

3-هەستیارییەکی توند بۆ ڕەخنە ئاراستەکردن.

4-لاوازی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان.

5-دابڕان و بە ئەستەم تێکەڵبوون و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

6-لاوازی بەدەستهێنانی ئەکادیمی و وەزیفی.

---

(1) Safren, A. A., et al., Quality of life in social phobia, Depression and anxiety, no.4, (2006): p130.

(2) ناريمان محمد رفاعي وآخرون. أضطراب القلق الاجتماعي لدى طلاب الجامعة في ضوء بعض المتغيرات، المصدر السابق، ص236.

7-ئالودەبوون، وەک زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی خواردنەوە کحولییەکان.

8-هەوڵدان بۆ خۆکوشتن.[1]

9-لەهەمانکاتیشدا فۆبیای کۆمەڵایەتی لای تاک دەبێتە ڕێگریکردن لە ئاخاوتن لەبەرامبەر خەڵکی، خۆلادان لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکانێک، کە ئاشنا نەبن و دورکەوتنەوە لە کۆڕ و کۆبونەوەیەک، کە ڕێگریان لێ دەکات لە دروستکردنی هاوڕێیەتی و بەشداری گفتوگۆ لە نێو پۆل و گروپی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی.

10-لەکاتی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا ئەو کەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتییان هەیە، زەردەخەنەی بەرامبەر بە گاڵتەپێکردن لێکدەدەنەوە، نەک بە هاندان![2]

11- ئەوکەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتییان هەیە، خود ڕێزگرتنیان کەمە و وێنەیەکی شێواوی خودیان هەیە بەراورد بەو کەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتییان نییە.[3]

12- ئەنجامی توێژینەوەکان دەریانخستووە، کە فۆبیای کۆمەڵایەتی بەرز کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارکردنیش دەبێت[4]. لە هەمانکاتدا ئەو تاکانەی فۆبیای کۆمەڵایەتیان هەیە، لە پرۆسەی خوێندن نمرەی کەمتر بەدەستدەهێنن بەراورد بەو تاکانەی فۆبیای کۆمەڵایەتییان نییە.[5]

14- توێژینەوەکان دەریانخستووە، ئەوقوتابیانەی خێزانەکانیان داهاتێکی کەمیان هەیە، فۆبیای کۆمەڵایەتی و خەمۆکی بەرزتریان هەیە، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر فێربوون و چاڵاکییەکانی تریان دەبێت بەراورد بەو قوتابیانەی کە لە خێزانە داهات بەرزەکانن.[6]

---

(1) اضطراب القلق الاجتماعي(الرهاب الاجتماعي)، المصدر السابق.

(2) Nicole Buttermore, The evolved fuction of social anxiety: Detecting high stakes social interaction, (Unpublished PhD diss). University of Michigan, (2009): p2.

(3) Ferda Izgiç, et al., Social phobia among University students and its relation to self-esteem and body image, The Canadian journal of psychiatry-Brief Communication, 49, no.9, (2004): p630.

(4) Noor, N. M., and Talib, M. A., Family income, perfectionism and social anxiety among higher education students, GJAT, Specia issue, (2019): p162.

(5) Ferda Izgiç, et al., ‘‘Social phobia among University students, op. cit. p 630.

(6) Noor, N. M., and Talib, M. A., Family income, op cit. p162.

15-ئەوتاکانەی توشی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەبن کێشەیان بۆ دروست دەبێت لە بەدەستهێنانی ئەزموونی نوێ، کە دەکرێت لە کاتی تێکەڵبوونی لەگەڵ هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانی دامەزراوە پەروەردەییەکان بەدەستی بهێنێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر ئەنجامدانی کارەکانی بەراورد بە وزە و تواناکانی، لەکۆتاییشدا دەبێتەهۆی دوچاربوون بە کێشەی گەورە و ئازاری ترس و دڵەڕاوکێ.[1]

[1]مبارکة میدون و مسعودة هتهات، مظاهر الرهاب الاجتماعي لدی عینة من الطلبة الجامعیین، المصدر السابق، ص640.

## بەشی سێیەم

## ئاراستە تیۆرییەکان و توێژینەوەکانی پێشوو

ئەم بەشە دابەشکراوە بەسەر دوو باسدا، لەباسی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر ئاراستە تیۆرییەکانی تایبەت بەهەر گۆڕاوێک، لەباسی دووەمدا تیشک خراوەتە سەر توێژینەوە هاوشێوەکان یان نزیک لەبابەتی توێژینەوەکەی ئێمە.

### باسی یەکەم/ ئاراستە تیۆرییەکان

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر چەند ئاراستە و تێڕوانینێکی تیۆری، لە سەرەتاوە تیشکمان خستۆتە سەر کارلێکی کۆمەڵایەتی و تیۆری کارلێکی هێمایی، بەتایبەتیش بۆچوونی جۆرج هربرت مید بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی، لە خاڵی دووەمدا زیرەکی هەڵچوونیمان تاوتوێکردووە و لەگەڵ هەندێک لەو تیۆرانەی زیرەکی هەڵچوونیان خستۆتە ژێر مایکرۆسکۆبی بۆچوونەکانیان، لە خاڵی سێیەمیشدا هەوڵمانداوە تیشک بخەینە سەر فۆبیای کۆمەڵایەتی و هەندێک لە تیۆرەکانی لێکدانەوەی فۆبیای کۆمەڵایەتی.

نوسین و قسەکردن لەسەر تیۆرەکان، بابەتێکی دژوار و زەحمەتە، لەبەرئەوەی کاتێک دەمانەوێت لەسەر هەر ئاراستەیەکی تیۆری بنوسین، چەندین لق و پۆپی جیاواز و قوتابخانەی فکری جیاوازی لێ دەکەوێتەوە، لەهەمانکاتدا زۆرجار بۆچوونی دژبەیەک لە لای هەمان تیۆرڤان بەدی دەکرێت. سەرەڕای ئەوەی بەپێی سەردەمەکانی ژیانی ئەم تیۆرڤانانە دیاردەکان و بۆچوونەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت و بەپێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و شوێنی کۆمەڵگاش تێڕوانینەکان دەگۆڕێن.

هەروەک دەڵێن تیۆرەکان بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوەی توێژینەوەی زانستی نین، بەڵکو پێویستییەکی زانستیین و پێویستە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی پێ لێکبدرێتەوە و لە ڕێگەیەوە مەعریفەی نوێ بەرهەم بێت، تیۆرەکان لە پایە گرنگەکانی هەر لقێکی زانستی و پێویستی

توێژینەوەی زانستیین. پێویستە بەشدارییەکی کارایان پێبکرێت لە ڕاڤەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا.

تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان تەنها وەڵامی پرسیارەکان نادەنەوە لەسەر شێوەی کۆمەڵگەکان، بەڵکو زۆرێک لە وەڵامی پرسیارەکانمان دەدەنەوە، یارمەتیشمان دەدەن بۆئەوەی زانستییانە پرسیار بکەین و پرۆژەی توێژینەوەکان باشتر ڕێکبخەینەوە و وەڵامی دروستیان بدەینەوە، لە هەمانکاتدا وەک هەمو زانستەکانی تر هەردەم لە گەشەکردندایە. وەڵامدانەوەیان دەبێت بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی مرۆڤ و باشترکردنی مەعریفەی نوێ تایبەت بە ژیانی مرۆڤ، هەروەک چۆن نوسەری شانۆیی و هۆنەر(لیروی جۆنز-LeRoi Jones) لە یەکێک لە نوسینەکانیدا دەڵێت: ڕاوکردن ئەو سەرانە نییە لەسەر دیوارەکەن، ڕاوکردن سەرکەشییە، پرۆژەیە، ڕاوکردن شتێکە ڕەنگە جارێک باش بێت وجارێک خراپ. ڕاوچی ناتوانێت بزانێت لە ئایندە چی دەستگیر دەبێت و چی ڕاو دەکات، بۆ مەعریفەش هەروایە تیۆریش ڕێگایەکی پێشکەوتووە بۆڕێکخستنی مەعریفە، بەڵام ئەم مەعریفەیە هەرگیز کامل نابێت، لە هەمانکاتدا تیۆر ڕێخۆشکەرە بۆ توێژینەوەی نوێ.[1]

یەکێک لە پێکهاتەکانی پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پێشوو لە توێژینەوە زانستییەکاندا بۆ دیاریکردنی تیۆرەکانە، بۆ ڕونکردنەوەی پرسیاری توێژینەوەکە. لەتوێژینەوە چەندییەکاندا توێژەران تیۆرەکان تاقیدەکەنەوە، وەک وەڵامدەرەوەیەک بۆ پرسیارەکانیان، لە هەمانکاتدا بەشێکی تەواو لە تێزەکانیان بۆ تیۆرەکان تەرخان دەکەن، لە توێژینەوە چۆنایەتییەکاندا بەکارهێنانی تیۆرەکان فرە جۆرترن، لە هەمانکاتدا شێوازی بەکارهێنانەکانی دەوەستێتە سەر جۆری توێژینەوەکان.[2]

---

(1) Calhoun, C. et al., Classical sociology theory, (2nd Ed), Oxford: Blackwell Publishing Ltd, (2007): p1.

(2) John. W. Creswell, Research design: qualitative, quantitative and mixed method researches, Los Angeles: SAGE publication, (2017), n.p.

## یەکەم/ ئاراستەی تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی

کارلێکی کۆمەڵایەتی بیروبۆچوون و تیۆری زۆر و جۆراوجۆر خراونەتەڕوو، هەروەک (تێرنەر) دەڵێت: هەریەک لەو تیۆرانە بەشێک لەڕاستییەکانیان لایە و بەشێک لەکارلێکمان پێ دەڵێن، نەک هەموشتێک.[1]بۆنموونە، هەندێک لەو تیۆرانە ئاماژە پێدەکەین: تیۆری بێڵز Beles 1951، کەزیاتر جەختی لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە لە نێوگروپی بچوکدا[2]؛ تیۆری کارلێکی هێمایی، کە لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێدەبەسترێت، تیۆری Turner,1988؛ تیۆری نیوکمبNewcomb؛ تیۆری بوگاردسBogardus؛ تیۆری سامبسونSampson؛ تیۆری سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، تیۆری میلەر و هاوڕێکانی هێزی پاداشت و سزا لە کارلێکی کۆمەڵایەتییدا.[3] لێرەدا بە پێویستی نابینین یەک یەک باسی ئەم تیۆرانە بکەین، بەڵکو ڕاستەوخۆ باس لەو تیۆرە دەکەین، کە پشتمان پێ بەستووە بۆ لێکدانەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی.

## تیۆری کارلێکی هێمایی

تیۆری کارلێکی هێمایی، یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی کۆمەڵناسی، بەشدارییەکی گرنگی هەیە لە لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و شرۆڤەکردنیان و بەکارهێنانی ئەم تیۆرە لە توێژینەوە زانستییەکاندا، بەتایبەتیش لە پەیوەندییەکانی نێوان بونەوەرەکان و دام و دەزگاکاندا بە شێوەیەکی تایبەتی، بە پلەیەکی زیاتر لە ئاراستە تیۆرییەکانی تر گرنگی دەدەن بەتاکی کارا و داهێنەر، لەوسۆنگەیەشەوە کارلێکی هێمایی دوو مانای پەیوەست بەیەکەوە لەخۆدەگرێت:

1-کارلێکی کۆمەڵایەتی: بنەماکەی کرداری کۆمەڵایەتی ئاراستەکراوە، کە مانا لەخۆدەگرێت.

---

[1] Jonathan H. Turner, The mechanics of social interaction: Toward a composite model of signaling and interpreting,” Sociological theory, 4, no.1, (1986): p95.

[2] Robert F. Bales, Interaction process analysis: A method for the study of small group, Cambrisge: Addison-Wesley Press, INC, (1951).

[3] محمد مقداد الربيعي، قيادة التمكين لتدريس التربية الكشفية وعلاقتها بالتفاعل الاجتماعي عمان: دار معتز للنشر والتوزيع، (2016)، ص46.

2-پرۆسەی کارلێکەکەیە: لە چوارچێوەی سیستەمێکی هێمایی ئەنجام دەدرێت، ئەوانەی کارلێک دەکەن بەشداری دەکەن لەماناکان، کە بەشێوەی هێمایە، ئەمەش پرۆسەی تێگەیشتنە، ئەویش پشت دەبەستێت بە چالاکی ئەقڵ و کەڵەکەبوونی مەعریفە لە ماناکان و تێڕوانین و بیروباوەڕ.[1]

کارلێکی هێمایی لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، واتە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان دوو کەس یان زیاتر، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی تەماشاکردن، زمان، دەنگ و ئاماژە، جوڵە. مرۆڤ دەنێرێت زیاتر لەوەی قسە دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی جوڵەی جەستەوە دەنێرێت.[2] گرنگی دەدات بەپەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە و چۆن تاک پەیوەست دەبێت بە کۆمەڵگەوە، چۆن لێی جیادەبێتەوە، چۆن تاکەکان دەتوانن کۆمەڵگە دروستبکەن و بیپارێزن و گۆڕانکاری تێدابکەن، لە هەمانکاتدا کۆمەڵگە چۆن تاک دروست دەکات، تاکو بتوانێت بگونجێت لەگەڵ ئەوانی تردا، کارلێکی هێمایی بە ڕەهایی تەسلیمی ئەو بۆچوونە بووە، کە کۆمەڵگە تاک دروست دەکات و ڕەفتاریان دادەڕێژێتەوە، لەبەرئەوە پێی وایە کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی تر گرنگترین هۆکارە لە دیاریکردنی ڕەفتاری ئەوانی تردا.[3]

ڕەگ و ڕیشەی تیۆری کارلێکی هێمایی دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری و کارەکانی زانایانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی وەک: (جورج هربرت مید)، و (چارلس کولی) و (جۆرج هومانز)،ئەم تیۆرە بیروبۆچوونی زۆر و جۆراوجۆر لە لایەن تیۆرڤانەکانیانەوە خراونەتەڕوو، کە ئێمە بە گونجاوی دەزانین تەنها بیروبۆچوونی (جۆرج هربرت مید) لەو بارەیەوە بخەینەڕو.

---

(1) طاهر حسو زیباری، تیۆری هاوچەرخ لەکۆمەڵناسیدا، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیر، (2017): ل83.

(2) عبدالقادر عبدالله عرابي، المناهج الكيفية في العلوم الاجتماعية، دمشق: دار الفكر، (2007): ص111.

(3) عبدالله احمد القرني، التفاعل الاجتماعي في المجتمعات الافتراضية: دراسة مسحية على اساتذة وطلاب التعليم عن بعد بجامعة الملك عبدالعزيز، مجلة القراءة والمعرفة-مصر، عدد179، (2016): ص7.

**جۆرج هربرت مید و کارلێکی کۆمەڵایەتی**

ئەم زانایە(George Herbert Mead) توانیویەتی بە وردی تیشک بخاتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان تاک و کۆمەڵگە و کاریگەری کۆمەڵگە لەسەر تاک و چۆنیەتی بنیادنانەوە و دروستکردنەوەی تاک لە چوارچێوەی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبووندا.

(Mead)، دیارترین تیۆرڤانی تیۆری کارلێکی هێماییە، یەکێک لەو چەمکانەی جەختی لەسەر کردۆتەوە چەمکی خودی کۆمەڵایەتییە(الذات الاجتماعی-Social self)، یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆری کارلێکی هێمایی. لای (مید) خودی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی خەڵکانی ترە لە دەوروبەری تاک، بۆ نموونە(س) خەڵکی کارلێکی لەگەڵ دەکەن، ئەو پەیوەندییە لەنێوان(س) و ئەو خەڵکەی کارلێکی لەگەڵ دەکەن پەیوەندی دەرەکییە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە ناو خۆی(س) دەبێت و ئەوە دروست دەکات، کە پێی دەڵێین خودی کۆمەڵایەتی، لێرەدا دەروونی تاک و بەکۆمەڵایەتی بوون لە کۆمەڵگەدا تێکەڵ بە یەکتر دەبن،ڕێک وەک ئەو منداڵەی کە هەموو شتێکی دەوروبەری خۆی وەردەگرێت و دەبێت بە بەشێک لە ناو خودی منداڵەکە.[1]

هەروەک چۆن ئیسفنج ئاو هەڵدەمژێت و دوای گوشار خستنەسەری دەیداتەوە، بە هەمان شێوە تاکیش لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە شکڵ و شێوەی کۆمەڵایەتی دەگرێت لە ئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە.

بە بۆچوونی (Mead) هەموو تاکێک بەردەوام لە زنجیرەیەک کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکانی تر بەشداری دەکات، تەواوی ئەم کردەوانە لەسەر زەینی تاک کاریگەری دادەنێت و شکڵ و شێوازی تایبەتی پێدەبەخشێت.[2]

Mead باوەڕی وایە، کە خود لە ئەنجامی کارلێک دروست بووە، ئەم پرۆسەیە لە تەمەنی منداڵیەوە دەست پێ دەکات، کاتێک کە منداڵ دەست دەکات بە پەرەپێدانی هەستەکانی و

---

[1] احمد عبداللطيف وحيد، علم النفس الاجتماعي، المصدر السابق، ص225.

[2] تیم دیلانی، تیۆرییە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی، و: خالید شێخی، سەقز، پەخشانگای بیریار (1395): ل521.

بەتایبەتی هەوڵەکانی بۆ فێربوونی زمان.[1] باوەڕیشی وایە، کە خود(self) وەک تاکێکی نوێ لە نێو کۆمەڵگەوە دەردەکەوێت و لە ئەنجامی ئەم دەرکەوتنە نوێیەشەوە کیانێکی نوێ دەردەکەوێت.[2]ئەمەش لە ئەنجامی تواناکانی بۆ کارلێککردن لەگەڵ خەڵکانی تر لە کۆمەڵگەکەیدا لە ئەنجامی پەیوەندی هێمایی، لەهەمانکاتیشدا دەڵێت: خۆم دەبینم هەروەک چۆن خەڵکی دەمبینن، لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتیشەوە ڕاڤەی ئاماژە و دەربڕینەکانی دەم وچاو و هەستەکان دەکەم لە خۆشم تێدەگەم.[3]

لە لای (مید) خود دوو بەشە منی بکەر(فاعل)(منی ناوەکی و ناکۆمەڵایەتی I ) و منی کارتێکراو(مفعول بە-منی دەرەکی و کۆمەڵایەتی Me) من بەشی ئەرێنییە لە خود[4]، بەڵام کارتێکراو بەشی نەرێنییە، ئەو بەشەیە کە خەڵکی و دامەزراوەکان کاریگەری لەسەر دادەنێن.[5]واتە بەپێی بۆچوونی (مید)، خود شتێک نییە لە کاتی لەدایکبوونەوە لەگەڵ تاک هەبێت، بەڵکو لە نێو پرۆسەی ئەزموونی کۆمەڵایەتی و لە دڵی چالاکی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدات و گەشەدەسێنێت، واتا ڕەوتێکی بایۆلۆژی نییە.[6]

جیاوازی (مید) لەگەڵ (چارلس کولی) ئەوەیە، کە (کولی) باوەڕی وا یە دوای پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان دوو لایەن کۆتایی دێت، بە هەڵسەنگاندنی یەکتری کە کارلێکیان لەگەڵ

---

[1] Kerry Ferris and Jill Stein, The Real World an introduction to sociology, New York: Norton and Company, (2008): p122.

[2] George Herbert Mead, Mind, self, and society, 18th Published. 1st Published 1934, Chicago and London: The University of Chicago Press, (1972): p192.

[3] يحي بن العربي، ممارسة الألعاب الجماعية ودورها على التفاعل الإجتماعي عند لاعبي البطولة الولائية لولاية الجلفة، (أطروحة دكتوراه غير منشوره)، جامعة الجزائر، (2013): ص89.

[4] دەرونزان(ئەریک فرۆم) لەکتێبەکەیدا(بەناوی ژیانەوە) دەڵێت: توێژەران لەبواری فسیۆلۆژی و دەرونزانیدا شتێکیان دۆزیوەتەوە، کە دەتوانین ناوی بنێین(ویژدانی تەندروست- Health Consceience) هەستی جیاکردنەوەی باش لە خراپ. ئەگەر خەڵکی گوێ بۆ دەنگی ناوەوەی خۆیان بگرن ئیدی فەرمانەکانی سەرچاوەی دەسەڵاتی دەرەوە بەجێناهێنن. دەنگی ناوەوە ئێمە بە ئاراستەیەکدا ڕێنمایی دەکات، کە ئاراستەیەکی دروستی دەرونی و جەستەیی پێویستی ئۆرگانیزمەکانە. ئەم وێژدانە ڕێی دروستمان پیشاندەداو ناهێڵێت بە ڕێی چەوتدا بڕۆین. ئەریک فرۆم، بەناوی ژیانەوە، چ2، و: ئازاد بەرزنجی، (2003): ص50.

[5] George Herbert Mead, Mind, self, and society, op cit. p194.

[6] تیم دیلانی، تیۆرییە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل535.

یەکتردا کردووە، دەکرێت هەڵسەنگاندنەکە نەرێنی بێت یاخود ئەرێنی، کاتێکیش هەڵسەنگاندنەکە دەگاتە تاک، تاک خۆی هەڵدەسەنگێنێت بەپێی هەڵسەنگاندنی ئەوانی تر. بەڵام (مید) پێی وایە دوای کۆتایی هاتنی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە وێنەیەکی زەینی یان هێما لەگەڵ هەموو ئەو تاکانەی کارلێکی لەگەڵ کردوون، ئەو وێنە و هێمایەش دەکرێت خۆشەویست بێت یان خۆشەویست نەبێت. سروشتی ئەو هێمایەی کە تاک داوێتی بە لایەنی بەرامبەر سروشت و قووڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکە دیاری دەکات لەگەڵیان.[1]

(مید) باوەڕی وایە خودی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و بە تایبەتی زمانەوە فێردەبێت و گەشە دەکات، مرۆڤ لە سەرەتاوە لاسایی ئەو دەنگانە دەکاتەوە کە دەیبیستێت، لە هەمانکاتدا بەکارهێنانی زمانی ئاماژە یەکێکە لە شێوازە کاریگەرەکان.[2] شایانی باسە هەمان بۆچوون لای (چارلس کولی) هەیە، لە بارەی دروستبوونی خودەوە، کە لە ڕێگەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت و گەشە دەکات.[3] هەربۆیە (مید) پێشنیاز دەکات سەرەتا بە شیکردنەوەی چالاکییە دیار و ڕوونەکانی تاک دەستپێبکەین، کە دەتوانین تێبینی بکەین لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئەو ڕەفتار و پرۆسە کۆمەڵایەتییە بە دوای یەکانەی وەک یەکەی پێکهێنەر بۆ کارلێک لە ڕێگەی زمانەوە. ئەقڵیش دەرناکەوێت لای تاک، مەگەر دوای کارلێکی کۆمەڵایەتی تەواو نەبێت لە ئەزموونەکانی ئەو تاکەدا، کاتێکیش کە کارلێک ڕوویدا ئەوە تاک هۆشیار دەبێت، بە خودی خۆی و ئەوانی تر و دەبێتە خاوەنی عەقڵی کۆمەڵایەتی.[4]خودی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی زنجیرەیەکی دیاریکراوەوە گەشە دەکات، کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پەیوەندی هێمایی و زمانەوە دەبێت لە ڕێگەی زمانەوە تاک ئاراستە و هەڵچوونەکان فێردەبێت، پاشان ئەقڵ(mind) و خود(self)یش دروست دەبن.[5] لە ئەنجامی

---

[1] إحسان محمد الحسن، النظريات الاجتماعية المتقدم، المصدر السابق، ص80.

[2] George Herbert Mead, Mind, self, and society, op cit. pp51/53.

[3] طاهر حسو زيباری، تیۆری هاوچەرخ لەکۆمەڵناسیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل88.

[4] إبراهيم عثمان و سالم ساري، نظريات في علم الاجتماع، القاهرة، المصدر السابق، ص206.

[5] محمد فؤاد حجازی، النظريات الاجتماعية، ط6، القاهرة: مكتبة وهبة، (2008): ص1495.

تێکەڵبوون و یەکگرتنی (منی بکەر و منی کارتێکراو) کەسێتی تاک دروست دەبێت و دەردەکەوێت و خودی تاک بە شێوەیەکی کامڵ و تەواو سەرهەڵدەدات و گەشە دەسێنێت.[1]

کەواتە دەتوانین بڵێین: هەڵچوونەکان بەشی کارتێکراون و کۆمەڵگە کاریان تێدەکات، لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، چەندە کۆمەڵگە و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی ئەرێنی کاربکەن لەسەر لایەنە ئەرێنییەکانی تاک، ئەوە تاک بە ئاراستەی ئەرێنی دەبەن و تاک دەبێتە خاوەنی زۆرترین توانا کەسییەکان.

لەو سۆنگەیەوە، دەتوانین تێڕوانینەکانی (مید) وەک بەشێکی گرنگ و بنەما و بیروبۆچوونی پێکهێنەری تیۆری کارلێکی هێمای بەکاربهێنین، لەم توێژینەوەیەدا بۆ پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی.

بنەما سەرەکییەکانی تیۆری کارلێکی هێمایی، کە (مید) خۆی دایناوە دەکرێت، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

1-کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان، کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دیاریکراویان هەیە، کاتێکی پێویستە لە نێوان هەفتەیەک بۆ ساڵێک دەخایەنێت.

2-دوای کۆتایی هاتنی کارلێکەکە، ئەو تاکانەی کارلێکیان کردووە وێنەیەکی هێمایی زەینی پێکدەهێنن بۆ یەکتری، ئەم وێنەیەش کرۆک و حەقیقەتی ڕاستەقینەی ئەو کەسە نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی دۆخی تێڕوانینی ڕووکەشییە، کە تاکەکە بۆ تاکی بەرامبەر، کە کارلێکی لەگەڵ کردوە وێنای کردووە لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا.

3-لە کاتی پێکهێنانی وێنەی زەینی تاکەکە، وێنا کردنەکە تایبەت دەبێت بەو تاکەوە، تەنها بە ناوهێنان یان بینین یان باسکردنی ئەو تاکە. بەبێ دڵنیابوون لە ڕاستی زانیارییەکان، وێنەکە لە زەینی تاکی کارلێککراودا دەردەکەوێت.

---

[1] تیم دیلانی، تیۆرییە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل538.

4-کاتێک وێنەیەکی هێمایی لە بارەی کەسێکەوە پێکدێت، بڵاودەبێتەوە لای ئەو کەسە و لای خەڵکانی تر.

5-کاتێک وێنای هێمایەکی زەینی بۆ کەسێک پێکدێت، دەچەسپێت و بە ئاسانی ناگۆڕدرێت و وێنەیەکی دی دەخرێتە جێگاکەی، کاتێکیش کەسەکە ئەو وێنەیەی خۆی بۆ دەڕواتەوە لە ڕوانگەی ئەو وێنەیەوە خەڵکی بۆی کێشاوە خۆی هەڵدەسەنگێنێت.

6-کارلێکی کەسەکە یان دابڕانی کارلێکی لەگەڵ خەڵکانی تر پشت دەبەستێت بە وێنە هێماییەکە، کە خەڵکانی تر بۆیان کێشاوە، ئەگەر وێنە هێماییەکە ئەرێنی بوو، ئەوە کارلێک بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەگەر نەرێنی بوو، ئەوە کارلێکی لەگەڵ ئەو کەسەی کە وێنەکەی کێشاوە دەوەستێت.[1]

لە کۆتایی ئەم بۆچوونەدا دەتوانین بڵێین، کارلێکی کۆمەڵایەتی خاڵی وەرچەرخانی پەیوەندی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان قوتابی و مامۆستایە، خاڵی گرنگیش لە سەرەتای کارلێکەکەوە دەستپێدەکات، بە جۆرێک ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی لایەنە کارلێککراوەکان دەبێت، ئەگەر توانرا لە خاڵی دەستپێکی کارلێکەکاندا بە شێوەیەکی ئەرێنی وێنەی زەینی دروست بکرێت ئەوە لە داهاتووشدا ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت و بە پێچەوانەشەوە هەرڕاستە، دواتریش کاریگەرییەکانی کارلێکەکەش دەوەستێتە سەر جۆری کارلێکەکانی سەرەتای پەیوەندییەکە.

### دووەم/ تیۆرەکانی زیرەکی هەڵچوونی Emotional IntelligenceTheory

زیرەکی هەڵچوونی بابەتێکی تاڕادەیەک نوێیە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، بابەتێکی گرنگ و پڕ بایەخە لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەیی و دامەزراوە پەروەردەیی و کارگێڕی، بازرگانی، ئابووری و بازاڕی کاردا، وەک داینەمۆی کارامەییە کەسییەکانی تاک و سەرمایەی مرۆیی تەماشا دەکرێت. دوای بڵاوبونەوەی چەمکی زیرەکی هەڵچوونی و گرنگیپێدانی لە لایەن

[1] إحسان محمد الحسن، النظريات الاجتماعية المتقدم، المصدر السابق، صص88-89.

توێژەرانەوە  بە شێوەیەکی فراوان، چەندین مۆدێل و ئاراستەی تیۆری بۆ زیرەکی هەڵچوونی خرانەڕوو.

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر سێ لە باوترین ئەو تیۆرانەی تاوتوێی زیرەکی هەڵچوونیان کردووە  و توانیویانە بە وردی گرنگی هەڵچوونەکان لە ژیانی تاکە کەس و کۆمەڵگەدا بخەنەڕوو گەنگەشە و پێوانەی بکەن. لە هەمان ڕاستاییدا تێڕوانین و تێزەکانیان زۆر نزیکن لەیەکەوە، هەروەها ئەو تیۆرەی لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێدەبەستین بۆلێکدانەوەی زیرەکی هەڵچوونی وردتر بخەینەڕوو.

ئەو سێ مۆدێلە سەرەکییەش بۆ زیرەکی هەڵچوونی بریتین لە: مۆدێلی بارون ( Bar-On, 1988)؛مۆدێلی سالۆڤی (Salovey-Mayer,1990) و مۆدێلی گۆڵمان ( Golman, 1995)[1]

### 1-مدێلی (بارون-Bar-on) 1988

ئەم چەمکە لای (بارون) ئەو کاتە سەری هەڵدا کە قوتابی دکتۆرا بوو، زیرەکی هەڵچوونی لای بارون ڕیپۆرتێکی خودییە بۆ ڕەفتاری زیرەکی لە ڕووی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەوە، کە هەڵسەنگاندنی زیرەکی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی دابین دەکات، بە یەکەم پێوەر و باوترین دادەنرێت، کە لە لایەن بارونەوە بڵاوکرایەوە، پێکدێت لە (133)ڕستەی کورت، پێنج جێگرەوە لەخۆدەگرێت، بە جۆرێک بەوە دەستپێدەکات (زۆر بەدەگمەن یان هەڵەیە دەربارەی من کە نمرەی(1)ی پێدراوە و بەزۆری یان ڕاستە دەربارەی من کە(5)نمرەی پێدراوە بۆ تەمەنی (17) ساڵ و بەرەوسەرەوە دەبێت  وەڵامدانەوەی بە تێکڕا(40) خولەک دەبێت.[2]

(1) Reuven Bar-On, The impact of emotional intelligence on giftedness, Gifted education international. 23, (2007a): p125.
(2) Ibid, p125.

مۆدێلەکەی (بارون) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زیرەکی هەڵچوونی کۆمەڵێک توانا و کارامەیی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی بەیەکداچووە توانای تاک دەردەخات، کە چەندە دەتوانن لە خودی خۆی و خەڵکی تێبگەن و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.[1] لە هەمانکاتدا بارون تەنها دیراسەی پەیوەندییە کەسییەکانی تاک ناکات، لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خەڵکانی تر، بەڵکو گرنگی بە هۆکاری تریش دەدات وەک نەهێشتنی گیروگرفتەکان، مامەڵەکردن لەگەڵ دڵەڕاوکێ و هەڵوێستی گشتی لەو هۆکارانەن ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی زیرەکی هەڵچوونیدا. زیرەکی هەڵچوونی شێوەیەکە لە شێوەکانی زیرەکی کە لە ڕێگەی بیر و هەڵچوونەکانەوە دروستدەبێت، واتە توێژینەوەی کۆی پێکهاتەی گشتی توانا کەسی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونییەکانی تاک دەکات، کە کاریگەری لەسەر توانا و لێهاتوویی تاک دەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پێویستی و فشارەکانی ژیان.[2]

دوای دارشتنەوەی پێوەرەکەی (بارون).[3] بە دوای ئەو پرسیارەدا دەگەڕا: کە بۆ خەڵکی زیرەکی هەڵچوونی مانای چییە؟ هەرخۆیشی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: ئەو کەسانەی زیرەکن لە ڕووی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەوە توانای تێگەیشتن و دەربڕینی خودی و تێگەیشتن لەوانی تریان هەیە، دەتوانن بە شێوەیەکی باش پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی تر دروستبکەن و بە سەرکەوتوویی  لەگەڵ پێویستییەکانی ژیاندا مامەڵەبکەن. ئەمەش پێویستی بە تێگەیشتن لە خاڵە لاواز و بەهێزەکان و توانای دەربڕینی هەڵچوونەکان هەیە بە شێوەیەک ڕوخێنەر نەبێت. لە هەمانکاتدا درکی هەڵچوونەکانی ئەوانی تری هەبێت و توانای بنیادنان و بەردەوامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەبێت، کە جێگای ڕەزامەندی هەردوولا بێت.

---

(1) Reuven Bar-On,(2007a), op cit. p162.
(2) Azita Joibari and Niloufar Mohammadtaheri, The study of relation between emotional intelligence and studenta' academic achievement of High school in Tehran city, Procedia-Social and Behavioral sciences, 29, (2011): p1336.
(3) Reuven Bar-On, How important is it to educate people to be emotionally intelligent, and can it be done, in Educating people to be emotionally intelligent, ed, Reuven Bar-On, Maree, J. G., and Maurice Jesse Elias, Westport: Praeger Publishers, (2007b): p2.

**باروون پێنج بواری لە چوارچێوەی زیرەکی هەڵچوونی دیاریکردوە، کە سەرکەوتن لە ژیان دەستەبەردەکەن بۆ تاک ئەوانیش بریتین لە:**

**1-کارامەییە کەسییەکان**، توانای تاک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی فشارەکان و ئاراستەکردنی هەڵچوونەکان، کە لە چوار کارامەیی پێکدێت: دڵنیابوون و خود ڕێزگرتن و درککردنی خودی و سەربەخۆیی و خود جێبەجێکردن دەگرێتەوە.

**2-کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان**، کە لە سێ کارامەیی پێکدێت: هاوسۆزی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کەسییەکان دەگرێتەوە.

**3-توانای گونجان**، توانای گونجان و چارەسەرکردنی کێشەکان، کە سروشتێکی کۆمەڵایەتی و کەسیان هەیە، لە سێ کارامەیی پێکدێت: درککردنی واقیع، بەرگەگرتن، چارەسەری کێشەکان دەگرێتەوە.

**4-کارامەیی بەڕێوەبردنی فشارەکان**، توانای تاک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی فشارەکان و ئاراستەکردنی هەڵچوونەکان ئەمەش ئەمانە دەگرێتەوە: بەرگەگرتنی فشارەکان، چاودێریکردنی هەڵچوونەکان.

**5-ئەنگێزی گشتی(المزاج العام)**، کە گەشبینی و ئاسودەیی و توانای دەربڕینیان دەگرێتەوە.(1)،(2)،(3).

ئەم کارامەییانە پشت دەبەستن بە توانای کەسی تاک بۆ درککردن بە خودی خۆی، تێگەیشتن لە خاڵی لاواز و هێز و دەربڕینی بیر و هەڵچوونەکانی بە شێوەیەک کە ڕوخێنەر نەبێت.(4)

هەریەک لە توخمی ئەم پێکهاتانەش چەندین کارامەیی و توانا لەخۆدەگرێت کە پەیوەستن بەیەکەوە، واتە ئەگەر زیرەکی لە ڕووی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەوە لە خۆت تێبگەیت هەست

---

(1) Reuven Bar-on, The Bar-On model of emotional-social intelligence, op. cit., p15.

(2) صفية إقروفة، الذكاء الانفعالي والصحة النفسية وعلاقتهما ببعض المتغيرات، المصدر السابق، ص231.

(3) صباح مرشود منوخ و نظير سلمان علي، الذكاء العاطفي وعلاقته بنمط الشخصية لدى طلبة المحلة الاعدادية، المصدر السابق، ص375.

(4) Reuven Bar-on, The Bar-On model of emotional-social intelligence, op. cit., p15.

و سۆزی خۆت دەربڕی، بە شێوەیەکی کارا توانای هەستکردن بە هەڵچوون و هەست و پێویستییەکانی کەسانی ترت هەبێت، بۆ بنیادنان و بەردەوام بوونی پەیوەندییەکان هاوکاری جێگای ڕەزامەندی هەردوولابێت، لە هەمانکاتدا لەگەڵ ئاڵەنگاری و پێویستییەکانی ژیاندا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە مامەڵە بکەیت.[1]

لە ناوەرۆکیشدا بوونی زیرەکی هەڵچوونی واتا مامەڵەکردنێکی کاریگەرانە لە ڕووی کەسی و کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ گۆڕانە ژینگەییەکاندا، بە مامەڵەکردنێکی واقعی و نەرمونیانانە لەگەڵ دۆخ و پێشهاتەکاندا و چارەسەرکردنی کێشەکان و بڕیاردان، بۆ ئەمەش پێویستمان بە بەڕێوەبردنی هەڵچوونەکان هەیە بەجۆرێک، کە خزمەت بە تاک و کەسێتی یەکەی بکات، پێویستە مرۆڤ گەشبین و ئەرێنیانە بێت و پاڵنەری خودی هەبێت.[2]

ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە تیۆری (بارون) بۆ زیرەکی هەڵچوونی، چونکە پێوەری زیرەکی هەڵچوونی پێشتر لە لایەن هەردوو توێژەر(منوخ و علي، 2011) ئامادەکراوە، لەسەر بنەمای ئەو تیۆرە ڕەهەندەکانی بنیادنراوە.

**2-مۆدێلی (پیتەر سالۆڤی-زانکۆی ییل) وە (جۆن دی مایەر-زانکۆی نیو هامبشایر) 1990**

(مایەر و سالۆڤی) پێیان وایە زیرەکی هەڵچوونی جۆرێکە لە زیرەکی کۆمەڵایەتی، تاکی زیرەک توانای چاودێریکردن و ئاراستەکردن و جیاکردنەوەی هەڵچوونەکانی خۆی و ئەوانی تریشی هەیە و بەکارهێنانی زانیارییەکان بۆ ئاراستەکردنی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی.[3]

لە هەمانکاتدا (سالۆڤی و مایەر) لە سەرەتای توێژینەوەکەیاندا دەڵێن: مەبەستمان لە زیرەکی هەڵچوونی، بریتییە لە کۆمەڵێک کارامەیی و توانا لای تاک، کە توانای تێگەیشتن و دەربڕینی

---

(1) Ibid, p15.
(2) Ibid, p15.
(3) Peter Salovy and John D. Mayer, The intelligence of emotional intelligence, Intelligence, 17, (1993): p433.

هەڵچوونەکانی خۆیان هەیە و لە هەڵچوونەکانی بەرامبەریشیان تێدەگەن و توانای کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییەکانیان هەیە و توانای ئەوەیان هەیە، کە ئەنگێز(میزاج) و هەڵچوونەکانیان بەکاربهێنن بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتاریان.[1]

ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوەدەکات، کە هەڵچوونەکان پێکدێت لەو زانیارییانەی پەیوەستن بە پەیوەندی ناوخۆیی خودی تاکە کەس و پەیوەندییە دەرەکییەکانی پەیوەست بە خەڵکانی تر، بەپێی ئەو پەیوەندییانە هەڵچوونەکانی تاک دەگۆڕێن.[2] ئەوەشیان ڕونکردۆتەوە زیرەکی هەڵچوونی لەچوار کارامەیی پێکدێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-توانای درککردن بە وردی و هەڵسەنگاندنی هەڵچوونەکان و دەربڕینیان.

2-بەکارهێنانی هەڵچوونەکان بۆ ئاسانکردنی بیرکردنەوە.

3-توانای تێگەیشتنی هەڵچوونەکان و زانیاری هەڵچوونی.

4-توانای ڕێکخستنی هەڵچوونەکان و بەڕێوەبردنیان.[3]،[4]

### 3- مۆدێلی گۆڵمان(Danel Goleman) بۆ زیرەکی هەڵچوونی

گۆڵمان ئەم چەمکەی فراوانکرد و لە دوو پێکهاتە و پێنج کارامەییدا کۆی کردنەوە، بە جۆرێک پێکهاتەی کەسێتی(Personal Components)، کە سێ کارامەیی لەخۆدەگرێت:(هۆشیاری خودی، ڕێکخستنی خودی و پاڵنەرایەتی)، پێکهاتەی

---

(1) Peter Salovy. and John D. Mayer, Emotional intelligence, New York: Baywood Publishing co. Inc. (1990): p185.

(2) فجر جودة النعيمي، علم النفس الاجتماعي دراسة لخفايا الإنسان وقوى المجتمع، المصدر السابق، ص89.

(3) Marc A. Brackett et al., Emotional intelligence: Implications for personal, social, academic, workplace success, op cit. p91.

(4) Alan Mortiboys, Teaching with emotional intelligence, op cit. n.p.

کۆمەڵایەتی(Social Components)، کە دوو کارامەیی لەخۆدەگرێت:(هاوسۆزی و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان).[1] بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1-هوشیاری خودی- Self-Awareness:** بۆ زانینی ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکەین و بەکارهێنانی ئەو هەستانە لە پرۆسەی بڕیارداندا؛ گەیشتن بە هەڵسەنگاندنێکی بابەتی بۆ تواناکانیان و بنیادنانی باوەڕبەخۆبوون.[2] واتە تاک هۆشیاردەبێت بە هەڵچوونەکانی، چەندە کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هەیە. تاک هۆشیاردەبێت بە سەرچاوە نێوخۆییە خودییەکانی، هۆشیار دەبێت بە خاڵی بەهێز و لاوازی، بیردەکەنەوە و فێردەبن لە ئەزموونەکانیان و سود لە فیدباک و تێڕوانینی نوێ وەردەگرن و توانای فێربوونی بەردەوام و گەشەپێدانی خودیان هەیە و دەتوانن تێڕوانینەکانیان بە شێوەیەکی نەرم و نیان دەربڕن. هەستێکی گەورەیان هەبێت بۆ ڕێزگرتن لە خود و تواناکانیان و باوەڕیان بە خۆیان هەیە، کارێک دەکەن بۆچوونەکانیان گوێی لێبگیرێت و کار بۆ جێبەجێکردنی دەکەن.[3]

**2-ڕێکخستنی خود- Self-Regulation-:** مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵچوونەکانمان بە جۆرێک کارەکانمان بۆ ئاسان بکات، تاک ببێتە کەسێک کارەکانی بەجوانی ئەنجامبدات بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان، ڕزگاربونیش لە فشارە هەڵچوونییەکان.[4]

---

(1) أحمد العلوان، الذكاء الانفعالي وعلاقته بالمهارات الاجتماعية وأنماط التعلق لدى طلبة الجامعة في ضوء متغيري التخصص والنوع الاجتماعي للطالب، المجلة الاردنية في العلوم التربوية، 7، عدد2، (2011): ص127.
(2) Daniel Goleman, Working with emotional intelligence, New York: Bantam Dell, (1998):n.p.
(3) عايدة ذيب عبدالله محمد، دور معلمات الروضة في تنمية الذكاء الانفعالي لدى الأطفال، مجلة كلية التربية للبنات، عدد25، (2014): ص1055.
(4) Daniel Goleman, Working with emotional intelligence, op. cit. n.p.

**3-پاڵنەر-Motivation:** بەکارهێنانی باشترین تواناکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و بڕیاردان بۆ دەستپێشخەری و هەوڵدان بۆ باشتر بوون و توانای ڕوبەڕوبونەوەی هەوراز و نشێوییەکان و بێ هیوایی لە ژیان.

**4-هاوسۆزی-Empathy:** هاوسۆزی لەهەمبەر هەستی خەڵکانی تر، توانای تێگەیشتن لە تێڕوانینیان و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی جیاواز.

**5-کارامەیی کۆمەڵایەتی-Social Skills:** مامەڵەکردن لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ئەرێنی و وخوێندنەوەی هەڵوێست و تۆڕی کۆمەڵایەتی. بەکارهێنانی ئەم کارامەییانە بۆڕازیکردن و سەرکردایەتیکردن و ناوەندگیری و لابردنی ناکۆکییەکان لە پێناو هاوکاری و کاری بە کۆمەڵدا.[1]

لە چوارچێوەی شیکردنەوەکانی زیرەکی هەڵچوونی بە تیۆرەکان و توێژینەوە جۆربەجۆرەکان، دەگەینە ئەوئەنجامەی، کە هێشتا ناتوانین بە تەواوی زیرەکی هەڵچوونی دیاری بکەین، لەبەرئەوەی توانای عەقڵی و کارامەیی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی و توانای کەسی لە خۆدەگرێت، تاکو ئێستاش پێویستی بە توێژینەوە و بەدواداچوون و لێکدانەوە و تێگەیشتنی زیاتر هەیە، بەتایبەتیش ئەگەر جیاوازییە کولتوری و کۆمەڵگەیی و پێشینەییەکان و کاردانەوە هەڵچوونییەکان لەبەرچاوبگرین.[2]

لەهەمانکاتدا بەوردبونەوە لەکارە لەپێشینەکانی بواری زیرەکی هەڵچوونی نزیک دەبینەوە لەوڕاستییە کە تاک هەڵگری پێکهاتە و کارامەیی و توانا لەزیرەکی هەڵچوونی هەبێت، ژیانێکی دوور لە فشار و ئاسودە و سەرکەوتوو و ئەرێنی دەبێت و توانای داهێنان و هاوکاری و

---

[1] Ibid, n.p.

[2] منال عبدالخالق جاب الله، سيكولوجية الذكاء الانفعالي اسس وتطبيقات، دسوق: دار العلم والايمان للنشر والتوزيع، (2012): ص32.

یارمەتیدانی ئەوانی تریشی دەبێت، هەروەها توانای چارەسەرکردنی کێشەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەشی دەبێت، لە هەمانکاتدا کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچوونی وەرگیراون و تاک لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە بەدەستی دەهێنێت. دیارە ئەو توانا و کارامەییانەش بەشێکن لە ئامانجە سەرەکییەکانی پرۆسەی پەروەردەیی و قوتابخانەکان.

## سێیەم/ تیۆرەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی-Social phobia Theory

لێرەدا بە پوختی تیشک دەخەینە سەرچەند ئاراستەیەکی تیۆری فۆبیای کۆمەڵایەتی، کە بەوردی چۆنێتی سەرهەڵدان و توشبوون و بەردەوامی فۆبیای کۆمەڵایەتییان گەنگەشە کردووە.

لە دەیانساڵی ڕابردوودا چەندین تیۆر و ئاراستەی تیۆری بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن و چارەسەرکردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی خراونەتەڕوو، هەر ئاراستە و تیۆرڤانێک بەپێی تێڕوانین و تێگەیشتنی خۆی لێکدانەوەی کردووە بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی و چۆنێتی مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی.

زۆربەی تیۆرەکانی لێکدانەوەی فۆبیای کۆمەڵایەتی و ئەو کەسانەی توشی فۆبیای کۆمەڵایەتی بوون جەخت لەسەر دوو توخم دەکەنەوە بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی، ئەوانیش بریتین لە(زۆر جەختکردن لەسەر خود-Self-Focused attention- و بنیادی هۆشیاری خودی-Constract self-consciousness)بوونی ئەم دوو ڕەگەزەش لای تاک دەبێتە هۆی ئەوەی هەست و ڕەفتاری تاک بەرەو دڵەڕاوکێ ببەن، ئەمەش دواتر لە ناوەندی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەداتەوە و زۆرینەی توێژینەوەکانیش ئەم گریمانەیە پشت ڕاست دەکەنەوە.[1]

[1] Lynn E.Alden and Tanna M B. Mellings, Generalized social phobia and social jedgments: The salience of self-and partner-information, Anxiety disorfer, no.18, (2004): p144.

## ئاراستەی تیۆری فۆبیای کۆمەڵایەتی

زانایان و تیۆرڤانانی کۆمەڵایەتی و دەروونی چەندین تیۆر و بۆچوونیان خستۆتەڕوو بۆ تێگەیشتن لە فۆبیای کۆمەڵایەتی، هەر تیۆرڤانێک لە گۆشەنیگایەکەوە و بەپێی بە دواداچوونەکانی خۆی لێکدانەوەی کردووە بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی، وەک: تیۆری مەعریفی بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی(چەندین بۆچوون و مۆدێلی جیاواز لەخۆدەگرێت)، تیۆری مەعریفی ڕەفتاری بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی، تیۆری هۆکارە مەعریفییەکان، کە بەشدارن لە بەردەوام بوونی فۆبیای کۆمەڵایەتیدا.[1] تیۆری (لیری و شینکەر 1982).[2] تیۆری نێوان کەسەکان بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی و چەندین تیۆری تر خراونەتەڕوو، لێرەدا گرنگترینان بەپێی بابەتی ئەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو:

### 1-تیۆری مەعریفی بۆفۆبیای کۆمەڵایەتی

ئەم ئاراستەیە لە ڕابردوودا پاڵپشتییەکی زیاتری بەخۆیەوە بینی و لایەنگیرییەکی زۆری بۆ پەیدابووە. گریمانەی ئەوە دەکات زۆرینەی لاوازی لە ئەدای کاری کۆمەڵایەتیدا هۆکارەکەی فۆبیای کۆمەڵایەتییە، ئەنجامی وەڵامدانەوەی مەعریفییە، کە ناتوانن بگونجێن، تەنانەت ئەو کەسانەی خاوەن توانایەکی باشن لە کارامەییە کۆمەڵایەتییەکاندا، فۆبیای کۆمەڵایەتی ڕێگری دەکات لە ئەنجامدانی کردارەکی وەڵامدانەوەیەکی ڕەفتاری گونجاو بۆ هەڵوێستەکان.[3]

---

[1] طه ربيع طه عدوي، النماذج والنظريات المفسرة للرهاب الاجتماعي، المصدر السابق، ص491.

[2] بلحسيني وردة ، أثر برنامج معرفي-سلوكي في علاج الرهاب الاجتماعي لدى عينة من طلبة الجامعة، المصدر السابق، ص50.

[3] Dennis Gregory Brent, Social phobia and social anxiety: Continuous or discontinuous constructus, (Unpublished PhD diss),The University of Tulsa,(1992): p18.

ئەو قوتابخانەیە پێیان وایە بنیادی مەعریفی تاک لە قۆناغی منداڵییەوە دروست دەبێت لە ڕێگەی گەشەکردنیەوە، ئەم بنیادە ژمارەیەکی زۆر هێڵی گشتی دروست دەکات، کە پەیوەستن بە تاک و ژینگە و مامەڵەکردن لەگەڵ ورووژێنەرەکانیدا.[1] لە هەمانکاتدا هۆکارە مەعریفییەکان وەک بیری جیاواز و بیرۆکەی نائەقڵانی ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە سەرهەڵدان و بەردەوامی فۆبیای کۆمەڵایەتیدا.[2]

لە تیۆری مەعریفیدا دەستەواژەیەک هەیە مەعریفییەکان وەک بنەمایەک بەکاری دەهێنن بۆ چارەسەرکردنی شڵەژانە هەڵچوونییەکان، ئەویش ئەوەیە: **"ئەوڕێگایەی بیری پێدەکەیتەوە، کاریگەری لەسەر ئەوڕێگایە هەیە کەهەستی پێدەکەیت- The way you think effects the way you feel."**[3] واتە شێوازی بیرکردنەوەکانمان کاریگەری لەسەر هەستکردنمان هەیە؛ دواتر ئاراستەی مەعریفی ڕەفتاری ئەوەشیان بۆ زیادکرد، کە بیرکردنەوەکانمان دەبێتە هەست و هەستکردنیشمان دەبێتە ڕەفتار.

لە هەمانکاتدا سەرنجدراوە تاکی توشبوو بە فۆبیای کۆمەڵایەتی ئارەزووی دەربڕینی بڕیاری نەرێنی زیاد لە سنور دەدەن لە بارەی خۆیان و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانەوە، تیۆرڤانە مەعریفییەکان پێیان وایە ئەم جۆرە بڕیاردانە هۆکاری بەردەوامبوونە لەسەر فۆبیای کۆمەڵایەتی و خۆلادان لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان.[4] لە هەمانکاتدا مەعریفییەکان وەک لاوازی لە تێڕوانینی بۆ توانا خودییەکان لە دڵەڕاوکێ دەڕوانن و وا پێناسەی(لاوازی)یانکردووە، کە تێڕوانینی تاک بۆ خودی خۆی بە جۆرێکە ملکەچە بۆ هەر مەترسییەکی دەرەکی یاخود ناوەکی،

---

(1) بلحسيني وردة، أثر برنامج معرفي-سلوكي في علاج الرهاب الاجتماعي لدى عينة من طلبة الجامعة، المصدر السابق، ص48.

(2) Catherine Zeljika Musa, and Jean-pierre Lepine, Cognitive aspects of social phobia: a revew of theories and experimental research, Eur Psychiatry, no.15, (2000): p60.

(3) David A. Clark, and Aaron T. Beck, Cognitive therapy of anxiety disorfer: Science and practice, New York/ London: The Guilford press, (2010): p31.

(4) Charles T. Taylor and Lynn E. Alden, Safety behaviours and jujmantal biases in social anxiety disorder, Behavioural research and therapy, no.48, (2010): p226.

که توانای کۆنترۆڵکردنی نییە یاخود هەست بەئاسایش ناکات. درککردن بە مەترسی دۆخی(سیستمی لەناکاو) دروستدەکات، کە پرۆسەیەکی فسیۆلۆجی و ڕەفتاری و مەعریفی سەرەتایی لەخۆدەگرێت، بۆ پاراستنی مرۆڤ لە مەترسی جەستەیی.[1]

مەعریفییەکان کۆکن لەسەرئەوەی بەردەوامبوون لەسەر فۆبیای کۆمەڵایەتی لای تاک دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی ئەوتاکانە لە ڕێگەی زنجیرەیەک پرۆسەی مەعریفی-هەڵچوونی، کە بەشێوەیەکی نەرێنی ڕاڤە و لێکدانەوە بۆ هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، لەپێش ڕوودانی بۆنەی کۆمەڵایەتی و لە ساتی ئەنجامدانیشیدا، بە جۆرێک چاوەڕێی ئەنجامی نەرێنی دەکەن لەو بۆنە کۆمەڵایەتییە.[2]،[3] لە هەمانکاتدا ڕۆڵی تێڕوانینی کۆمەڵایەتی جیاواز و ئاخاوتنی خودی نەرێنی، ئاگایی خستنەسەر ئاماژەکانی مەترسی هۆکارن بۆ بەردەوامی ئەم شڵەژانە.[4]

مەعریفییەکان گریمانەی ئەوە دەکەن، ئەم پێشبینیکردنانە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێ و چارەسەرکردنی ئاماژەی مەترسییەکان، دوای بۆنە کۆمەڵایەتییەکانیش زیادەڕەوی دەکەن لە قەبارەی دڵەڕاوکێکەیان و کەمکردنەوەی وەڵامدانەوەی ئەوانی تر لێیان، تەنانەت ئەم جۆرە تێڕوانینەیان بۆ بۆنە کۆمەڵایەتیەکان ڕێگری دەکات لە هەر جۆرە ئەنجامێکی ئەرێنی بۆنە کۆمەڵایەتییەکە لای تاک.[5]

(1) David A. Clark, and Aaron T. Beck, Cognitive therapy of anxiety disorfer, op. cit. p1.
(2) Lynn E.Alden and Tanna M B. Mellings, Generalized social phobia and social jedgments, op. cit. p143.
(3) Charles T. Taylor and Lynn E. Alden, Safety behaviours and jujmantal biases in social anxiety disorder, op. cit. p226.
(4) Lynn E.Alden and Scott T. Wallace, Social phobia and social appraisal in successful and unsuccessful social interactions, Behav. Res. Ther, 33 no.5, (1995): p497.
(5) Charles T. Taylor and Lynn E. Alden, Safety behaviours and jujmantal biases in social anxiety disorder, op. cit. p227.

ئەم جۆرە ڕەفتارە لای تاکی توشبوو بە فۆبیای کۆمەڵایەتی وەک میکانیزمێکی بەرگری و سەلامەتی بەکاریاندەهێنێ، بۆ خۆلادان لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەریەککەوتن و تێکەڵبوون و دەرکەوتن و کارلێکی تاک تێیدا دەردەکەوێت.

وەک لە تێکستەکانی سەرەوە ڕوونە فۆبیای کۆمەڵایەتی وەک ئەزموون پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ(واتە دەبنە بیر و هزر لای تاک) ڕۆڵی سەرەکی و گەورەی هەیە لە دەروون ساغی لە ڕێگەی کەناڵە جۆربەجۆرەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە خێزان و گروپی هاوڕێیان و قوتابخانە و خانەکانی خواپەرستی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و شاشەزیرەکەکان و دەزگا جۆرەبەجۆرەکانی تر، کە کەسێتی  تاک دادەڕیژنەوە.

## 2-تیۆری ئەلبێرت ئەلیس[1]،[2](Albert Allis, 1913–2007)ناسروا بە(A B C) یان چارەسەری عەقڵانی هەڵچوونی ڕەفتاری

تیۆری ئەلیس (چارەسەری عەقڵانی هەڵچوونی ڕەفتاری) بە تیۆری(A B C)[3] ناسراوە، (A) واتە ئەو هەڵوێست و ڕووداوانەی تاک تێیدا دەژی(ژینگەی کۆمەڵایەتی)، بەڵام ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری دروستناکەن لای تاک، (B)واتە بیرکردنەوە و تێڕوانینە جیاوازەکان یان نالۆژیکییەکان دەربارەی ئەو ڕووداوە، هەر بیرکردنەوە و بیروباوەڕێک، کە تاک پێکی دەهێنێت

---

[1] دامەزرێنەر و سەرۆکی پەیمانگای ئەلبێرت ئەلیس بۆ چارەسەری ڕەفتاری هەڵچونی عەقڵانییە لە نیویۆرک، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایە لە دەرونزانی کلینیکی  لەزانکۆی کۆلۆمبیا، دەیان پۆستی کارگێری بەڕێوەبردووە و مامۆستا و سەرۆکی بەش بووە، بۆ ماوەی(60)ساڵ چارەسەرکاری دەروونی بووە، لەهەمانکاتدا ئەندامی کۆمەڵەی ئەمریکی بووە بۆ دەروونزانی، جگە لەوەی خاوەنی تێزی چارەسەری عەقڵانی مەعریفی ڕەفتارییە.

[2]  تائەوکاتەی لەتەمەنی(93)ساڵی وەفاتیکردووە (80)کتێب و (800)وتاری زانستی نوسیوە.

[3] بۆنمونە: هەڵوێستێکی وروژێنەر: هەفتەی داهاتو سیمنارێک پێشکەشدەکەم، A: ڕەنگە لەکاتی سیمنارەکە هەموشتێک لەبیربکەم هیچ نەزانم و وەک هیچ نەزانێک دەربکەوم! B: پێویستە هیچ شتێک لەبیرنەکەم، ئەگەر ئەمە ڕوویدا ئەوە بۆ ئامادەبوان دەردەکەوێت، کە من هیچ نەزانم! C: دڵەڕاوکێ و ئامادەگییەکی زیاد لە پێویست. Michael Neenan and Windy Dryden, Rational emotive behavior therapy in a nutshell, London, Thousand Oaks, New Delhi:  SAGE Publication, (2006): p2.

دەربارەی ئەو ڕووداو ئەزموونانە وەک هەستکردن بە سەرکۆنەکردن و بێزاری و خەمباری و دەرەنجامە ناتەندروستەکان؛ (C) واتە ئەنجام(هەڵچوونی و ڕەفتاری)، هەستکردن بە گوناهـ و تورەبوون و خەمۆکی.[1]،[2] هێڵکاری(2). هەنگاوەکانی تیۆری(ABC)، ڕون دەکاتەوە.




**هێڵکاری 2 هەنگاوەکانی تیۆری(ABC) ڕوندەکاتەوە[3]**

پەرەپێدانی ئەم تیۆرە بۆ یەکەم جار لەلایەن(Albert Ellis) بوو، لەساڵی(1950)[4] ئەلیس بۆ یەکەم جار وەک چارەسەرکارێکی خێزانی دەرکەوت دواتر گرنگیپێدانەکانی گواستەوە بۆ شیکاری دەروونی، بەڵام وازی هێنا لە شیکاری دەروونی و باوەڕی وایە، کە ئامانجەکان ناپێکێت و کارانییە، بۆماوەیەکیش شێوازی ڕەفتاری مەرجی بەکارهێنا، بەڵام بە هۆی بەدواداچونەکانی بۆی دەرکەوت، کە سەرچاوەی سەرەکی کێشەکان ڕەفتارنییە، بەڵکو بەهۆی تێڕوانینەکانی تاکەوە بۆ ڕووداوەکان و ڕەفتارە جیاوازەکانەوەیە.[5]

سەرەتای سەرهەڵدانی تیۆرەکەی ئەلیس بە ناوی(Rational Therapy) بوو دواتر دان بەوەدا دەنێت، کە بۆی دەرکەوتووە ناونانەکەی هەڵەیە، لەبەرئەوە لەساڵی(1961) ناوەکەی گۆڕیوە بۆ:(Rational-Emotive Therapy). دوای سەرهەڵدان و بەکارهێنان، جارێکی تر

---

(1) Monica O'kelly and James Collard, Rational emotive bihavioural therapy, The Oxford handbook of cognitive and behavioral therapies. Online publication, (2015): p5.

(2) بلحسيني وردة، أثر برنامج معرفي-سلوكي في علاج الرهاب الاجتماعي لدى عينة من طلبة الجامعة، المصدر السابق، ص56.

(3) رياض نايل العاسمي، العلاج العقلاني الانفعالي السلوكي بين النظرية والممارسة، عمان: دار الاعصار العلمي للنشر والتوزيع، (2015): ص44.

(4) Monica O'kelly and James Collard, Rational emotive bihavioural therapy, op. cit. p5.

(5) مسعودة سالمي و الطاهر سعدالله، العملية الارشادية وفق نظرية ألبرت أليس للإرشاد العقلاني الانفعالي، مجلة الباحث في العلوم الإنسانية والاجتماعية، 1، عدد14، (2022): ص163.

لەساڵی(1993) ناوەکەی گۆڕیوە بۆ چارەسەری هەڵچوونی ڕەفتاری عەقڵانی- Rational Emotive Behaviour Therapy (REBT).[1]

(ئەلیس ئاماژە) بەوە دەکات بۆ تیۆرەکەی سودی لە تێڕوانینی هەندێ لە فەیلەسوفە پێشینەکانی وەک (Marcus Aurelius Epictetus[2]) وەرگرتووە.[3] ناوەرۆک و گریمانەی سەرەکی تیۆری(Ellis)، کە لەسەرەتای کتێبەکەی خستویەتییە ڕوو دەڵێت: خەڵکی بە شێوەیەکی سەرەکی لە ژیانیاندا لەسەر بنەمای ئەو بەها و بیروباوەڕەی هەڵیانگرتووە ڕەفتاردەکەن، واتە تێڕوانینیان بۆ ڕووداوەکان ئاراستەیان دەکات، دواتر دەڵێت: ئەم تیۆرە پێی وایە خەڵکی لە ڕووی هەڵچوونی و ڕەفتارییەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارلێک لەگەڵ ئەوڕوداوانەدا ناکەن کەلە ژیانیاندا ڕوودەدەن، بەڵکو کاردانەوەکانی تاک(هەڵچوونی و ڕەفتاری) لەگەڵ شێوازی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕووداوانەدایە، کە پێیدا تێدەپەڕن و ئەزموونی دەکەن.[4] بە مانایەکی تر شڵەژانەکانی وەک فۆبیای کۆمەڵایەتی و هاوشێوەیان، بەزۆری ئەنجامی شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینی تاکە بۆ ڕووداوەکان، ڕەفتاری تاک هەڵێنجراوی شێوازی بیرکردنەوەی تاکە، لەبەرئەوە شڵەژانە هەڵچوونییەکان بەرەنجامی بیروباوەڕی هەڵەی تاکە، لەهەمانکاتیشدا باشبوونی تاک پەیوەستە بە شێوازی بیرکردنەوەیەوە.[5]

---

(1) Albert Ellis, Changing rational-emotive therapy(RET) to rational emotive behavior therapy(REBT), Journal of rational-emotive & cognitive-behaviour therapy, 13, no. 2, (1995): pp58/87.

(2) ئیپیکتیتۆس، وتەیەکی ناوداری هەیە دەڵێت: خەڵکی کاریگەرنین بەڕوداوە بێزارکەرەکان، بەڵکو بەتێڕوانینە کۆنکرێتییە توندڕەوەکانیان کاریگەرن. Michael Neenan and Windy Dryden, Rational emotive behavior therapy in a nutshell, op. cit. p12

(3) Albert Ellis, The revised ABC's of rational-emotive therapy(RET), Journal of rational-emotive & cognitive- behavioral therapy, 9, no.3, (1991): p140.

(4) Albert Ellis and Russell, Handbook of rational emotive therapy, New York: Springer Publishing Company, (1977): p3.

(5) نايفة حمدان الشوبكي و سمير عبدالكريم الريماوي، فاعلية برنامج إرشادي يستند إلى نظرية Ellis في تحسين الضبط الذاتي وخفض الرهاب الاجتماعي لدى طلبة المرحلة الثانوية في الاردن، دراسات العلوم التربوية، 45 عدد(4) (2018): ص580.

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕدەکات لەنێوان بیرکردنەوە و هەڵچوونەکان، کاردەکەن وەک هاوەڵ لەگەڵ یەکتری بە بێ دابڕان، بیرکردنەوە دەبێتە هەڵچوون و هەڵچوون دەبێتە بیرکردنەوە، ئەم بیرکردنەوە و هەڵچوونانە لە شێوەی ئاخاوتنی خودی دەردەکەون لای تاک، ئەم ئاخاوتنە خودییانە ڕەفتاری تاک ئاراستە دەکەن، ئەگەر بە شێوەیەکی ئەقڵانی ئاخاوتنی خودی بکرێت ڕەفتارەکە ئەقڵانی دەبێت و ئەگەر ئاخاوتنی نائەقڵانی بوو، ئەوە ڕەفتارەکەش نائەقڵانی دەبێت.[1]

(ئەلیس) ئاماژە بەوە دەکات: بیرکردنەوەی ئەرێنی و نەرێنی بەشدارییەکی گەورەیان هەیە لە سەرهەڵدانی شڵەژانە هەڵچوونی و ڕەفتارییەکان و یارمەتیدانیان بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەیان یارمەتیان دەدات کە کەمتر تووشی شڵەژانبن.[2] لەمەدا (ئەلیس) پێی وایە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بیرکردنەوەی نائەقڵانی سەرهەڵدان و دروستبونی دەگەڕێتەوە بۆ فێربونێکی پێشوەختە و بە هۆی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە، تاک ئامادەباشی هەیە بۆ ئەو فێربوونە، کە لە باوانەوە بە شێوەیەکی تایبەت وەریگرتووە و بەزۆریش بیرکردنەوەی نائەقڵانی دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری ئاستی کولتوری و کۆمەڵایەتی. ئەلیس پێی وایە ئەگەر تاک لە کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرەدا گەورە ببێت، ئەوە قوربانی ئەو بیروباوەڕەیە، کە ڕەفتاری ئاشکرایان دادەڕێژێتەوە بە قوڵبوونەوە و شۆڕبوونەوەی بەو بیروباوەڕە نالۆژیکییانە بە ناخیاندا بە بەردەوامی، بێگومان بەرە و داڕووخان و سەرنەکەوتنیان دەبات.[3]

---

(1) مسعودة سالمي و الطاهر سعدالله، العملية الارشادية وفق نظرية ألبرت أليس للإرشاد العقلاني الانفعالي، المصدر السابق، ص126.

(2) Albert Ellis, The revised ABC’s of rational-emotive therapy(RET), op. cit. p 141.

(3) مسعودة سالمي و الطاهر سعدالله، العملية الارشادية وفق نظرية ألبرت أليس للإرشاد العقلاني الانفعالي، المصدر السابق، ص168.

**ئەم تیۆرە چەند بنەمایەکی هەیە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەین:**

1-بیرکردنەوە و هەڵچوون دوو لای یەک دیوارن، هەریەکەیان هاوشانی ئەوی ترە لە کارتێکردن و کاریگەری.

2-دەکرێت مرۆڤ ئەقڵانی بێت و نائەقڵانیش بێت، کاتێک بە شێوەیەکی ئەقڵانی بیردەکاتەوە و ڕەفتاردەکات کارا و ئاسودە دەبێت، کاتێکیش نائەقڵانیانە بیردەکاتەوە و ڕەفتار دەکات نائاسودە دەبێت.

3-شڵەژانە دەروونییەکان ئەنجامی بیرکردنەوەی نائەقڵانیین، بیرکردنەوە و هەڵچوونەکانیش دابڕاونین لە یەکتری.

4-بیرکردنەوەی نائەقڵانی لەقۆناغەکانی سەرەتای منداڵی دروست دەبێت، خێزانیش بە سیستەمی فکری و بیروباوەڕەکانی بەرپرسیارە لەو بیرکردنەوە نائەقڵانییانە.

5-تاکو بیرکردنەوە نائەقڵانییەکان بەردەوام بن لای تاک، شڵەژانە هەڵچوونییەکانیش بەردەوام دەبن.[1]

لە هەمانکاتدا ئەلیس پێی وایە هەر هەست و سۆزێکی شڵەژاو لای تاک پەیوەندیدارە بە یەکێک یان زیاتر لەو بیرکردنەوە نالۆژیکیانەوە:

1- تاک بەخۆی دەڵێت: پێویستە لەسەرم باشترین ئەدا بکەم و هەموو ئەوەی ئەنجامی دەدەم جێگەی قەبوڵ و ڕەزامەندی بێت، ئەگەرنا ئەوە کەسێکی دۆڕاوم.

2-پێویستە لەسەر خەڵکی لە بەرامبەرم بە دادپەروەرانە و ڕێزەوە مامەڵە بکەن، ئەگەرنا ناتەواون.

3-بارودۆخم، کە تێیدا دەژیم پێویستە بەباشی بمێنێتەوە، تاکو ئەوەی پێویستمە بەدەستی بهێنم بەبێ هەوڵێکی زۆر، ئەگەرنا ئەوە ژیان خەمهێنەر دەبێت.[2]

---

[1] نفس المصدر، ص167.

[2] محمد محروس الشناوي، العملية الارشادية، القاهرة: دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، (1996): ص391.

لە لایەکی ترەوە ئەم تیۆرە ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆکاردەکات وەک:( ئامادەباشییە بۆماوەیی و بایۆلۆژییەکانی تاک، فێربوونە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان لە رابردوودا، بنەڕەتەکانی مێژووی ژیانی تاکە کەس، ئەو خوو و عادەتانەی وەریگرتووە)، کە ڕۆڵیان هەیە لە چالاککردنی شڵەژانەکان، ئەو چالاککەرانەش لە شێوەی ڕووداوەکانی ئێستا و ڕابردوو و بیرکردنەوە و هەڵچوون و ڕەفتارەکانی تایبەت بە تاک، دەکرێت ئەم ڕووداوانە لە قۆناغی ئاگایی و نائاگایی(الوعي واللاوعي)بن دەربارەی ڕووداوەکانی ڕابردوو، بە زۆریش مرۆڤ ئارەزووی وەڵامدانەوەی ئەو ڕووداوە چالاککەرانەی هەیە.[1]

جیاوازی (ئەلیس) لەگەڵ (بیک) و هاوەڵەکانی ئەوەیە، ئەوان پێیان وایە ئەوەی سەرچاوەی بێزارکردنی تاکە "بیروباوەڕی لەخۆوەیی یان شڵەژانی مەعریفی" و قسەکردن لەگەڵ خود سەرچاوەی بێزارکردنی تاکە، بەڵام (ئەلیس) لەوە زیاتر دەڕوات و دەڵێت: سەرچاوەی ڕاستەقینە بۆ شڵەژانەکان بیری سەرپێی و لەخۆوەیی یان قسەلەگەڵ خۆکردن نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندنی لەسەر ئاستێکی قوڵترە، کە ڕەنگە لە ئاستی هوشیاری و هەستی تاک نەبێت، لە لایەکی ترەوە لای ئەلیس لێکدانەوەی تاک بۆ ڕووداوەکان کاریگەری لەسەر تاک هەیە، بەڵام لای بیک بیری سەرەتایی لای تاک لە زەینی تاک دروست دەبێت، لەگەڵ کۆمەڵێک جیاوازی تر، کە لێرەدا ناتوانین ئاماژەی پێبکەین.[2]

بە پوختی ئەم تیۆرە پێی وایە ئەوەی ڕوو لە تاک دەکات لە باش و خراپ، دەرەنجامی بیرکردنەوەی خۆیەتی، ئەگەر بە شێوەیەکی ئەرێنی و ئەقڵانی بیریکردەوە دەرەنجامەکەی ئەرێنی دەبێت و ئەگەر بە شێوەیەکی نەرێنی و نائەقڵانی لێکدانەوەی بۆ ڕووداوەکان کرد ئەوە دەرەنجامەکەی نەرێنی دەبێت بۆ تاک، لە نێویشیاندا فۆبیای کۆمەڵایەتی دەرەنجامی خراپ

[1] ریاض نایل العاسمي، العلاج العقلاني الانفعالي السلوكي بين النظرية والممارسة، المصدر السابق، ص45.
[2] Monica O'kelly and James Collard, Rational emotive bihavioural therapy, op. cit. p7.

لێكدانەوەیە بۆ تواناكانی خودی خۆی و لێكدانەوەی ڕووداوەكانی رابردوو و ئێستا هۆكار و ئەنجامە هەڵچوونی و ڕەفتارییەكانیەتی.

### 3-ئاراستەی تیۆری نێوان كەسەكان(Interpersonal perspectives on social phobia)

نێوان كەسەكان گونجاوە بۆ لێكدانەوەی فۆبیای كۆمەڵایەتی، چونكە فۆبیای كۆمەڵایەتی لە بنەمادا بە ئاراستەی ئەوانی ترە و لە چوارچێوەیی بە كۆمەڵایەتی بووندا ڕودەدات، لە هەمانكاتدا چاڵاكبوونی فۆبیای كۆمەڵایەتی بە بوونی ئەوانی تر تەواو دەبێت.[1]

ئەم مۆدێلە لە چوارچێوەی چەندین بۆچونی جیاوازدا دەركەوتن، كە هەر ئاراستەیەك بە میتۆدی جیاواز و لە گۆشەنیگای خۆی و بواری گرنگیپێدانەوە تیۆری خۆی خستۆتەڕوو بۆ لێكدانەوەی فۆبیای كۆمەڵایەتی، سەرەڕای بوونی هەندێك جیاوازی هەموویان لەسەر یەك گریمانە هاوكۆكن ئەویش ئەوەیە: پەیوەندی كۆمەڵایەتی باش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەروون ساغی و خۆشگوزەرانی دەروونی تاك و بەپێچەوانەشەوە خراپی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانیش پەیوەستە بە نەخۆشییە دەروونییەكانەوە لای تاك.[2]

لە ناواخنی تێڕوانینی نێوان كەسەكانەوە ڕەفتاری كۆمەڵایەتی كارلێكییە، بە جۆرێك ڕەفتاری كەسێك ئەنجامی دەدات، وا دەكات لەوانی تر وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆ سەرنجراكێشانی بەرامبەر. بە شێوەیەكی گشتی تیۆرڤانەكانی نێوان كەسەكان گریمانەی ئەوە دەكەن. كە ڕەفتاری كۆمەڵایەتی لە باشترین وێنەیدا زنجیرەیەكە لە ڕووداوی **مەعریفی و هەڵچوونی و ڕەفتاری**، كە بە كەسێك دەستپێدەكات و دەبێتە هۆی وروژاندنی كاردانەوە مەعریفی و

---

(1) Ariel Stravynski, Social phobia in interpersonal perspective, United Kingdom: Cambridge University press, (2014): p7.

(2) Lynn E. Alden and Charles T. Taylor, Interpersonal processes in social phobia, op. cit. p858.

هەڵچوونی و ڕەفتاری تەواوکاری لە لایەن خەڵکانی ترەوە، لە گریمانەی دووەمدا پێیان وایە پەیوەندییە پێشوەختەکانی تاک هەستکردن بە خود دروستدەکات.[1]

ئەم ئاراستەیە گریمانەی ئەوەش دەکەن هەندێک بابەتی نێوان کەسەکان هەیە، پەیوەستە بە رابردوو و ئێستای ژیانی تاکەوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەزموونە پێشوەختەکان ئەو هەستەمان لا دروست دەکات، کە ئێمە کێین و چی لەوانی تر چاوەڕێ دەکەین؟ بەڵام کاتێک ژیان دەگوزەرێت و بەردەوام دەبین لە ژیان ڕۆڵی جۆراوجۆر دەبینین و ڕەفتارەکانمان دەبێتە هۆی وروژاندنی کاردانەوەی ئەوانی تر ئەمەش هاندەری بیروباوەڕە پێشینەکانمانە، لە کۆتاییدا گرنگ نییە چەندە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیمان دەگونجێت لەگەڵ ئەوانی تر، بەڵام ئامانجی سەرەکی تاک ئەوەیە هەست بە پەیوەندی بکات لەگەڵ کەسانی گرنگ لە ژیانیدا.[2]

ئەم تیۆرە بە وردی تیشک دەخاتە سەر کاریگەری پەیوەندی نێوان کەسەکان و وا وەسفی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەکات، کە لە ناوەرۆکدا کێشەیەکی نێوان کەسەکانە و بە هۆی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت. نیشانەی دڵەڕاوکێ و گومان دروست دەبێت، کاتێک تاک بیر لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تر دەکاتەوە و ناتوانێت پەرە بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بدات دەبێتە هۆی لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە شوێنی کارکردن. یەکەم بنەمای ئەم مۆدێلە ئەوەیە، هەر ڕەفتارێکی ناکارا(Dysfunctional) لە ڕێگەی ژینگەی نەخۆشی نێوان کەسەکانەوە پەرەدەسێنێت و پرۆسەکەش پێی دەوترێت: سەرهەڵدانی نەخۆشی کۆمەڵایەتی(Social Pathogenesis).[3]

---

(1) Lynn E. Alden, Interpersonal perspectives on social phobia, In International handbook of social anxiety: Concepts, research and interventions relating to the self and shyness, ed, W. Ray Crozier & Lynn E. Alden. Alden, John Wiley & Sons Ltd. (2005): p196.
(2) Lynn E. Alden, Interpersonal perspectives on social phobia, op. cit. p171.
(3) Lynn E. Alden, Interpersonal perspectives on social phobia. In The Essential handbook of social anxiety for cinicians, ed, W. Ray Crozier and Lynn E. Alden, John Wiley & Sons Ltd. (2001): pp381–404.

یەکێک لە دیارترین تیۆرڤانەکانی تیۆری نێوان کەسەکان ئالدنە(Alden)[1] بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئاراستەی نێوان کەسەکانەوە. ئاڵدن پێی وایە فۆبیای کۆمەڵایەتی لە بنەمادا شڵەژانێکی نێوان کەسەکانە(Interpersonal)نیشانە جیاکەرەوەکانی ئەم دۆخە لە دڵەڕاوکێ و گومانی خودی کاتێک کە تاک بیر لە کارلێک دەکاتەوە لەگەڵ کەسانی تر دەردەکەوێت، کاریگەرتر و ڕوخێنەرتر دەبێت، کاتێک کەم توانایی تاک بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە کەسییەکانی و پەیوەندییەکانی لە شوێنی کار دەردەکەوێت.[2]

یەکەم بنەمای توشبوون بە فۆبیای کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە.[3] گومان لەوەشدا نییە ئەوانەی فۆبیای کۆمەڵایەتیان هەیە، پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لاوازەو نەرێنییە و و هاوڕێی کەمیان هەیە، تەنانەت کارلێکیان لەگەڵ باوان و هاوپۆل و هاوڕێ و هاوبەشەکانیان جێگای ڕەزامەندی نییە و پڕە لەکێشە، لە هەمانکاتدا بەڵگە هەیە ئەوکەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتیان هەیە توشی جۆرێک لە کاردانەوەی نەرێنی دەبنەوە لە لایەن کەسانی ترەوە وەک گاڵتەپێکردن و زیادەڕۆیی لە کۆنترۆڵکردن و کەم دەربڕینی خۆشەویستی لە لایەن هاوپۆلەکان لە قوتابخانە هەڵوەشانەوە و نەچوونە پێشەوەی پەیوەندییەکان لە لایەن گەورەکانەوە.[4]

(ئاڵدن) گریمانەی ئەوە دەکات، کە ناکارایی شێوەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کەسییەکان ئەنجامی کارلێکی بەردەوامی نێوان تاک و ژینگەی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش پرۆسەیەکە لە سەرەتای ژیانی تاکەوە دەستپێدەکات و بەردەوامیش دەبێت بە درێژایی تەمەن،

---

[1] پرۆفیسۆر لە کلینیکاڵ سایکۆلۆجی و مامۆستای دەرونزانی لە زانکۆی بریتش کۆلۆمبیا( The University of British Columbia)

UBC. The University of British Colombia, Lynn Alden Biography. Accessed on: 6-9-2021. https://psych.ubc.ca/profile/lynn-alden/

[2] Lynn E. Alden, Interpersonal perspectives on social phobia, op. cit. p168.

[3] Lynn E. Alden and Charles T. Taylor, Interpersonal processes in social phobia, op. cit. p859.

[4] Ibid. p874.

پەیوەندییەکانمان تەنها ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانمان داناڕێژێتەوە، بەڵکو هەستکردنمان بە خۆمان و ئەوانی تریش دادەڕێژێتەوە.[1]

(ئالدن) و هاوڕێکانی باوەڕیان وایە، ئەو تاکانەی کە توشی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەبن بە شێوەیەکی زیادەڕۆیی کردن پێشبینی نەرێنی بۆ خۆیان دروست دەکەن، دەربارەی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئەدای کارەکانیان دەترسن و دڵەڕاوکێیەکی زیاد لە پێویست دەکەن و گریمانەی ئەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە.[2]

(ئاڵدن) پێیوایە ئەو کەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتییان هەیە، هەمیشە بە شێوەیەکی نەرێنی سەیری ئەوانی تر ناکەن، بەڵام لەهەندێک هەڵوێستدا بە شێوەیەکی ناڕاست ڕاڤەی ڕەفتاری ئەوانی تر دەکەن بەوەی کە ساردوسڕن یان هاوڕێیانە نین.[3]

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین وێڕای بوونی نیشانەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای ئەو کەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتییان هەیە، لە هەمانکاتدا مێژوویەک لە ئەزمونی کەسییان هەیە، کە بیروباوەڕیان پێکدێنێت لەسەر خۆیان و لەسەر خەڵکانی تر، هەروەها ستراتیژە کەسییەکان و وەڵامدانەوەیان بۆ چارەسەر، لەگەڵ ئەوەشدا وەک هەموو کەسانی تر قەبووڵی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پڕ لە خۆشەویستییان دەوێت، بەڵام تێڕوانین و بیروباوەڕەکانیان و ستراتیژەکانیان وەک بازنەیەک دەوریان دەدات لە گەیشتن بەو ئامانجانە.[4]

### ڕاڤەی گشتی بۆ پەیوەندی و کاریگەری ئاراستەی تیۆرەکان

(1) Ibis, p859.
(2) Lynn E. Alden, Tanna M. Mellings, and Judith M. Laposa, Framing social information and generalized social phobia, Behaviour research and therapy, no.42, (2004): p565.
(3) Lynn E. Alden, Interpersonal perspectives on social phobia, op. cit. p178.
(4) Lynn E. Alden and Charles T. Taylor, Interpersonal processes in social phobia, op. cit. p875.

بە سەرنجدان لە هەر سێ ئاراستەکە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

1- بنیادنانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی هەیە، لە نەشونما کردنی قوتابیدا لە ڕووی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی و دەروونیەوە. لە هەمانکاتدا مامۆستای ڕۆشنبیر و کارامە و بەتوانا و دڵسۆز ڕۆڵی سەرەکی هەیە، لە بنیادنانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت ئاراستەو بیرکردنەوەی قوتابییەکانی بەشێوەیەکی ئەرێنی بگۆڕێت، لە بەرامبەر ژینگەی قوتابخانە و خوێندن و ئایندەی قوتابییەکان.

2-زیرەکی هەڵچوونی توانایەکی وەرگیراوە و مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە، چ لە خێزان یان دامەزراوە پەروەردەییەکاندا بەدەستی بهێنێت. لە لایەکی ترەوە زیرەکی هەڵچوونی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە، لە ژیانی تاکدا لە ڕووی خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و ڕەزامەندی و سەرکەوتن لە ژیان و کار و پەیوەندییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکاندا؛ بەو پێیەی کۆمەڵێک کارامەیی لەخۆدەگرێت، کە ڕێگە خۆشدەکات بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر لە نێو کۆمەڵگەدا بژی و ڕۆڵی مرۆییانەی خۆی بگێڕێت، چونکە مرۆڤ تەنها بۆئەوە ناژی، کە کارێکی هەبێت و تەنها خۆی لا گرنگ بێت، بەڵکو مرۆڤ گرنگییەکی زیاتری هەیە لە ژیان و پێویستە ئەو دەرفەتەی لەبەردەمدا هەبێت و بتوانێت لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا ئەو ڕۆڵە ببینێت.

بۆ ئەم مەبەستەش قوتابخانە و بە دیاریکراوی مامۆستا، ڕۆڵی گرنگ و یەکلاکەرەوەی هەیە، لە فەراهەمکردنی ژینگەیەکی تەندروست، کە قوتابی بتوانێت لە ڕووی جەستەیی و مەعریفی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە نەشونما بکات و تاکێکی ئەرێنی و کاریگەرو بەرهەمهێن بێت و پێویستییەکانی خۆی و دەوروبەری بەپێی پسپۆڕی و تواناکانی پڕبکاتەوە.

3-دەتوانین بڵێین فۆبیای کۆمەڵایەتی بەشی زۆری ڕەفتارێکی وەرگیراوە و لە کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت و تاک بە هۆی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە توشی دەبێت، بە تایبەتیش شێوازی پەروەردەرکردنی سەرەتایی و نێو خێزان و دواتر پرۆسەی پەروەردەیی و چاندنی بیرکردنەوەی ئەقڵانی و نائەقڵانییەکانی، لەبەرئەوە  باوان و مامۆستایانیش ڕۆڵی گەورەیان هەیە، لە پاراستن و ڕەواندنەوەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی ڕووبەڕووی تاک دەبێتەوە، کە بە هۆی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە تاک لەگەڵ لایەنەکانی تری کۆمەڵگا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. پرۆسەی خود هەڵسەنگاندنی بەردەوامی تاک بە شێوەیەکی نەرێنی و دوور لە واقیع تاک ڕووبەڕووی ئەو جۆرە لە فشار دەکاتەوە، لەبەرئەوە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی دروست ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەروونساغی و متمانە و باوەڕبەخۆبوونی تاک هەیە، کە دوربێت لە هەر جۆرە فشار و شڵەژانێکی دەروونی.

**باسی دووەم/ توێژینەوە کانی پێشوو**

لەم باسەدا بەپێی گۆڕاوەکان تیشک دەخەینە سەر ئەوتوێژینەوانەی نزیکن توێژینەوەکەی ئێمە. ژمارەیەکی زۆر توێژینەوە گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی ئێمەیان خستۆتە ژێر مایکرۆسکۆبی توێژینەوەکانیان لە گۆشەنیگا و پسپۆڕی جیاوازەوە، کۆمەڵناسی، دەروونزانی، پزیشکی لە وڵات و کۆمەڵگەی جیاوازدا. هەندێک لەو توێژینەوانە بەپێی گۆڕاوەکان دەخەینەڕوو، لەبەرئەوەی هیچ توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەمان بەدەست نەکەوت کە هەرسێ توێژینەوەی لەسەر هەرسێ گۆڕاوەکە کردبێت، لەگەڵ جەختکردن لە خاڵە گرنگەکانیان، کە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە سودی هەیە. لە کۆتایشدا تاوتوێی توێژینەوەکان و ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکەین بەپێی گۆڕاوە سەرەکییەکان.

**یەکەم/ توێژینەوەکانی تایبەت بەکارلێکی کۆمەڵایەتی**

**1-توێژینەوەی(رزق الله، 2008)**[1] بە ناونیشانی: "پەیوەندی نێوان کارامەیی زیرەکی هەڵچوونی و کارلێکی کۆمەڵایەتی" ئامانجی توێژینەوەکە، زانینی پەیوەندی نێوان کارامەیی زیرەکی هەڵچوونی و کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنییە لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە شاری دیمەشق، زانینی ئەوپەیوەندییە لای هەردوو ڕەگەز. میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمانی بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، پێوەری زیرەکی هەڵچوونی و کارلێکی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان. قەبارەی نموونەکەی بریتییە لە (181) قوتابی لە هەردوو ڕەگەز، ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن: پەیوەندی هەیە لەنێوان زیرەکی هەڵچوونی و کارلێکی کۆمەڵایەتی لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە، ئەو کەسانەی زیرەکی هەڵچوونیان بەرزە توانای دروستکردنی

---

[1] رندا رزق الله، العلاقة بين مهارة الذكاء العاطفي والتفاعل الاجتماعي، مجلة جامعة دمشق، 24، عدد1، (2008).

پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارلێکی کۆمەڵایەتییان هەیە؛ جیاوازی نییە لەنێوان کچان و کوڕاندا لە کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچوونی، بەڵام جیاوازی هەیە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی کوڕان لەبەرئەوەی کوڕان لەم قۆناغەدا کۆمەڵایەتیترن بەراورد بە کچان زیاتر دوورە پەرێزن.

**2-توێژینەوەی(البرکات و یاسین، 2010)**[1] بە ناونیشانی "پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئاستی بەرزخوازی(طموح) لای قوتابیانی ئامادەیی لە پارێزگای اربد. اردن". ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پەیوەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی بە ئاستی بەرزخوازی لای قوتابیانی ئامادەیی. دوو پێوەری بەکارهێناوە بۆ کردنەوەی زانیاری یەکەمیان بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی و دووەمیان بۆ ئاستی بەرزخوازی، قەبارەی نموونەکەیان بریتییە لە(483) قوتابی کوڕ و کچ لە قۆناغی ئامادەیی لە پارێزگای اربد لە ئوردون. پشتیان بەستووە بە نموونەی هەڕەمەکی سادە بۆ دیاریکردنی نموونە. ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بە بوونی ئاستێکی بەرز لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئاستی بەرزخوازی  لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەکات، لە هەمانکاتدا بوونی پەیوەندی ئاماری ئاماژەداری ئەرێنی لای قوتابیان هەیە، لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و بەرزخوازی ئەکادیمی.

**3-توێژینەوەی(قادری، 2012)**[2] بە ناونیشانی: "کارلێکی کۆمەڵایەتی نێو پۆل لەنێوان مامۆستا و قوتابی لە قۆناغی ئامادەیی-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەهەردوو ئامادەیی وهران" ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی توخمەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێو پۆل لای قوتابیان لە قۆناغی ئامادەیی، هەروەها زانینی پەیوەندی نێوان ڕەفتاری قوتابی و مامەڵەی مامۆستا و دۆخی گشتی نێو پۆل و بەڕێوەبردنی پۆل. دوو نموونەی وەرگرتووە بە شێوەیەکی مەبەستدار، لە

---

[1] صالح سلامه البركات  و عمر صالح ياسين، العلاقة بين التفاعل الاجتماعي ومستوى الطموح لدى طلبة المرحلة الثانوية في محافظة اربد، المصدر السابق.
[2] حليمة قادري، التفاعل الصفي بين الاستاذ والتلميذ في المرحلة الثانوية، المصدر السابق.

قوتابیان(56) قوتابی کوڕو کچ و لە مامۆستایان(30) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز، دوو پێوەری بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، پێوەرێک تایبەت بە قوتابیان و پێوەرێکیش تایبەت بە مامۆستایان . ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات پەیوەندی هەیە لەنێوان ڕەفتاری قوتابی و مامەڵەی مامۆستا، بە جۆرێک سیماتی کەسێتی  مامۆستا و تێگەیشتن لە قۆناغی تەمەنی قوتابی، کە پێیدا تێدەپەڕێت خۆشیانی بوێت وەک باوانێکی میهرەبان بێت پێش ئەوەی مامۆستا بێت، زانیاری لەسەر سروشت و حەز و بیر و خوو ئارەزوی قوتابییەکانی هەبێت و بە دادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و زانیاری و زانینیان پێ ببەخشێت، پەیوەندی هەیە لە نێوان دۆخی گشتی نێو پۆل و بەڕێوەبردنی پۆلدا. ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە، کە مامۆستای دەسەڵاتخواز کاریگەری نەرێنی لەسەر قوتابییەکانی دەبێت، دەرفەتی کارلێک لەنێوان مامۆستا و قوتابی کەم دەکاتەوە و ئاستی دەستپێشخەری کەمدەکاتەوە، ئەمەش لەو بەشانەدا دەرکەوت، کە مامۆستا ڕێگە بە گفتوگۆ و دەستپێشخەری و پرسیارکردن نادات، ئەمەش جۆرێک لە وزەی نەرێنی لە پۆلدا دروست دەکات.

**4-توێژینەوەی(Poulou, 2016)**[1] بە ناونیشانی: "تاقیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بۆچوونی مامۆستایان لەمەڕ فێربوونی کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی، کارایی وانەوتنەوە، کارلێکی نێوان مامۆستاوقوتابی، کێشە ڕەفتارییەکانی قوتابیان" ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: بۆچوونی مامۆستایان چۆنە لە بەرامبەر زیرەکی هەڵچوونی و فێربوونی کارامەیی کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی و کارایی وانەوتنەوە و پەیوەندی تێڕوانینی پەیوەندییەکانی مامۆستا و قوتابی و هەڵچوونەکانی قوتابی و  قورسی ڕەفتار. لە توێژینەوەکەدا چوار پێوەر بەکارهاتووە(پێوەری زیرەکی هەڵچوونی(SREIS)، پێوەری تێڕوانینەکانی مامۆستا(SEL)، پێوەری تواناکانی مامۆستا(TSES) و پێوەری پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی(STRS-SF)، هەروەها پێوەری خاڵی بەهێز و شلەژانی ڕەفتاری(SDQ) قەبارەی نموونەکەیان پێکهاتووە لە (98)

---

(1) behavioral difficulties, International journal of school and educational psychology, Routledge Taylor and Francis Group, 5, no(2), (2016).

مامۆستای سەرەتایی لە هەردوو ڕەگەز لە(43)قوتابخانەی حکومی لە وڵاتی یۆنان، لەگەڵ(617) قوتابی، کە تەمەنیان لە نێوان(6-11)ساڵ بووە. ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات: تێڕوانینی مامۆستایان دەربارەی زیرەکی هەڵچوونی و کارایی وانەوتنەوە بە شێوەیەکی بەهێز پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابییەوە، بەڵام پەیوەست نییە بە کێشەی هەڵچوونی و ڕەفتاری قوتابییەوە.

**5-توێژینەوەی(فلقت، 2018)**[1] بە ناونیشانی: "زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بە پەیوەندی پەروەردەیی لای قوتابیانی ئامادەیی" ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی بە پەیوەندی پەروەردەیی بە هەر چوار ڕەهەندەکەیەوە(پەیوەندی هەڵچوونی، پەیوەندی مەعریفی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی ڕەفتاری)، نمرەی گشتی پەیوەندی پەروەردەیی لای قوتابیانی ئامادەیی، میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییە لە ڕێبازی وەسفی، بۆکۆکردنەوەی داتا پێوەری بەکارهێناوە تایبەت بە زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی پەروەردەیی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە قوتابیانی ئامادەیی زانستی و وێژەیی لە هەردوو ڕەگەز، قەبارەی نموونەکەی(316)قوتابی بە شێوەی هەڕەمەکی سادە نموونەکەی هەڵبژاردووە، دواتر بە شێوەی چینایەتی ڕێژەیی یەکەکانی هەڵبژاردووە، هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان و الفاکرونباخ و ڕێژەی سەدی بەکارهێناوە وەک ئامرازی ئامارگری. ئەنجامی توێژینەوەکەی ئاماژە بە بوونی پەیوەندی دەکات لەنێوان پەیوەندی پەروەردەیی لەنێوان هەڵچوونەکان، ڕێکخستنی هەڵچوونەکان، مەعریفەی هەڵچوونی، هاوسۆزی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی ئەرێنی واتە چەندە نمرەی ڕەهەندەکانی هەڵچوونەکان بەرز بێت ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرزتر دەبێتەوە، هەروەها پەیوەندی ئەرێنی هەیە لە نێوان

---

[1] الشيخ فلقت، الذكاء الوجداني وعلاقته بالتواصل التربوي لدى تلاميذ المرحلة الثانوية، دراسة ميدانية بثانويات مدينة ورقلة(رسالة ماجستير غير منشورة). جامعة-قاصدي مرباح-ورقلة، (2018)

زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی پەروەردەییدا بە جۆرێک چەندە زیرەکی هەڵچوونی بەرزبێت کارلێکی کۆمەڵایەتی بە ڕێژەی دڵنیایی 99% بەرزدەبێتەوە.

**6- توێژینەوەی( أمين، محمد و علی، 2018)**[1] بە ناونیشانی: "کارلێکی نێوان پاڵنەری مەعریفی و ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ژینگەی(الحوسبة الحسابية) کاریگەری لەسەر گەشەی کارامەییەکانی بەرهەمهێنانی وانەی ئەلیکترۆنی لای قوتابیانی تەکنۆلۆژیای فێرکردن" ئامانجی توێژینەوەکە گەڕان بە دوای پەیوەندی کارلێک لە نێوان پاڵنەری مەعریفی و ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ژینگەی(الحوسبه الحسابيه) لەسەر گەشەپێدانی کارامەییەکانی بەرهەمهێنانی وانەی ئەلیکترۆنی لای قوتابیانی تەکنۆلۆژیای فێرکردن. قەبارەی توێژینەوەکەیان پێکدێت لە(30) قوتابی کوڕو کچ قۆناغی سێ لە بەشی تەکنۆلۆژیای فێرکردن، کۆلێژی پەروەردەی جۆری زانکۆی المنیا. دوو پێوەر بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان. ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن بوونی پەیوەندی ئەرێنی لە نێوان پاڵنەری مەعریفی و ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و کارامەییەکانی بەرهەمهێنانی وانەی ئەلیکترۆنی و بوونی کاریگەری کارلێکی لەنێوان پاڵنەری مەعریفی و ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەسەر گەشەپێدانی کارامەییەکانی بەرهەمهێنانی وانەی ئەلیکترۆنی لای قوتابیانی تەکنۆلۆژیای فێرکردن. پەیوەندی و ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و توانای بەشداریکردن هۆکاری گرنگ و پێویستن بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان قوتابیاندا. کارلێک و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی بەدیهێنانی پێویستییە مادییەکان و پەیوەندیکردن بە قوتابیەکانەوە دەربارەی بابەتێکی خوێندنی دیاریکراو و فێربوونی کارامەییەکی نوێ.

---

[1] زينب محمد أمين وآخرون، التفاعل بين الدافع المعرفي ومستوى التفاعل الاجتماعي، المصدر السابق.

**دوەم/ توێژینەوەکانی تایبەت بە زیرەکی هەڵچوونی**

**1-توێژینەوەی(مکطوف و العبيدي، 2008)**،[1] بە ناونیشانی: زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بە گونجانی کۆمەڵایەتیەوە لەلای قوتابیانی زانکۆ. ئامانج لە توێژینەوەکە: زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی و گونجانی کۆمەڵایەتییە، لە هەمانکاتدا پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوەکە بە گۆڕاوی(ڕەگەز-نێر و مێ، پسپۆڕی: زانستی و وێژەیی)، نموونەیەکی هەڕەمەکی وەرگرتووە بە قەبارەی(110) قوتابی لە قۆناغی یەکەم و چوارەم لە هەردوو پسپۆڕەتییەکە لە(6) کۆلێژی جیاواز لە زانکۆی موسڵ، دوو پێوەریان بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردنی زیرەکی هەڵچوونی و گونجانی کۆمەڵایەتی، ئەنجامەکانیان لە ڕێگەی(SPSS) ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ئاستێکی بەرزی زیرەکی هەڵچوونییان هەیە، پەیوەندی هەیە لە نێوان زیرەکی هەڵچوونی و گونجانی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و پسپۆڕی لە بەرژەوەندی کچان و پسپۆڕی وێژەیی.

**2-توێژینەوەی(Jaibari and Mohammadtaheri 2011)**[2] بە ناونیشانی: "پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و بەدەستهێنانی ئەکادیمی لای قوتابیان ئامادەیی لە شاری تاران". ئامانج لە توێژینەوەکە بریتییە لە: گەڕان بە دوای پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی زیرەکی هەڵچوونی و بەدەستهێنانی ئەکادیمی لای قوتابیانی ئامادەیی لە شاری تاران، میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، قەبارەی نموونەکەیان(380)قوتابی کوڕ و کچ بە شێوەیەکی هەرەمەکی سادە دیاریکراوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێوەری زیرەکی هەڵچوونی بەکارهێناوە هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆنیان بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی(t) بۆ زانینی جیاوازی نێوان گروپەکان، ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بە بوونی

---

[1] صبيحة ياسر مكطوف و سرى غانم محمود العبيدي، الذكاء الانفعالي وعلاقته بالمسايرة الاجتماعية لدى طلبة الجامعة، مجلة التربية والعلم، 15، عدد3، (2008).

[2] Azita Joibari and Niloufar Mohammadtaheri, The study of relation between emotional intelligence and students' academic achievement of High school in Tehran city, op. cit.

پەیوەستێکی ئەرێنی بەرز دەکات، لەنێوان پێکهاتەکانی زیرەکی هەڵچوونی و بەدەستهێنانی ئەکادیمی، لە هەمانکاتدا جیاوازی هەیە لەنێوان کچان و کوڕاندا لە زیرەکی هەڵچوونی لە بەرژەوەندی کوڕاندا.

**3-توێژینەوەی(Mohzan, Hasan and Halil, 2012)**[1] بە ناونیشانی: کاریگەری زیرەکی هەڵچوونی لەسەر بەدەستهێنانی ئەکادیمی لای قوتابیان. ئامانجی توێژینەوەکە گەڕان بەدوای کاریگەری زیرەکی هەڵچوونی لەسەر بەدەستهێنانی ئەکادیمی لای قوتابیانی کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی(University Teknologi Mara-UITM)لە وڵاتی مالیزیا، ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە چەندایەتی وەسفی دۆزینەوەی پەیوەندی، کۆکردنەوەی داتاکان لە ڕێگەی پێوەرێک بووە بۆ پێوانەکردنی زیرەکی هەڵچوونی و بەدەستهێنانی ئەکادیمی، قەبارەی نموونەکەیان بریتییە لە(278) قوتابی، کە بە ڕێگەی هەڕەمەکی سادە دیاریکراون، لە هەمانکاتدا بۆ دیاریکردنی هەر بەشێک بە ڕێگەی چینایەتی یەکەکانیان دیاریکردووە، ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان زیرەکی هەڵچوونی و بەدەستهێنانی ئەکادیمیدا نییە، بەڵام ئاماژە بە بوونی ئاستێکی بەرزی زیرەکی هەڵچوونی دەکات لای قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی(UITM).

**4-توێژینەوەی (القاضي، 2012)**[2] بە ناونیشانی: "زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بە تێکەڵبوونی زانکۆیی لای قوتابیانی کۆلێژی پەروەردە زانکۆی تعز". ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی و تێکەڵبوونی زانکۆیی و زانینی پەیوەندی زیرەکی هەڵچوونی بە تێکەڵبوونی زانکۆییەوە و جیاوازی لەنێوان نێر و مێ و زانستی و وێژەیی لە

---

[1] Maizatul Akmal Mohd Mohzan et al., The influence of emotional intelligence on academic achievement, International conference on University learning and teaching, Published by: Elsevier Ltd, (2012).

[2] عدنان محمد عبدة القاضي، الذكاء الوجداني وعلاقته بالاندماج الجامعي لدى طلبة كلية التربية/جامعة تعز، المجلة العربية لتطوير والتفوق، عدد4، (2010).

ساڵی خوێندنی 2010-2011، قەبارەی نموونەی لە(340) قوتابی کوڕ و کچ پێکهاتووە لە پسپۆڕی زانستی و وێژەیی. توێژەر دوو پێوەری بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، پێوەری زیرەکی هەڵچوونی و تێکەڵبوونی زانکۆیی. ئامرازی ئاماری وەک تاقیکردنەوەی(t) بۆ یەک نموونە و بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە، هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆنی بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان.

ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بە بوونی ئاستێکی نزم لە زیرەکی هەڵچوونی و تێکەڵبونی زانکۆیی دەکات، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەوئەنجامەی کە پەیوەندییەکی نەرێنی هەیە لەنێوان زیرەکی هەڵچوونی و تێکەڵبوونی زانکۆیی، بە جۆرێک چەندە زیرەکی هەڵچوونی کەم بێتەوە ئەوەندە تێکەڵبوونی زانکۆیی دادەبەزێت و بەپێچەوانەشەوە، لە هەمانکاتدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە جیاوازی هەیە لە هەندێک لە پێکهاتەکانی زیرەکی هەڵچوونی لەنێوان کچ و کوڕدا بە ئاستی بەڵگەداری(0.05) بە جۆرێک کچان زیاتریان هەیە بەسەر کوڕاندا لە کارامەیی هاوسۆزی و کارامەیی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا کوڕان بەسەر کچاندا زیاتریان هەیە لە ئیدارەدانی فشار و میزاجی گشتی. لە هەمانکاتدا هیچ جیاوازییەک نەدۆزرایەوە لەنێوان پسپۆڕی زانستی و وێژەییدا بۆ زیرەکی هەڵچوونی.

**5-توێژینەوەی: (Lawrence and Deepa, 2013)**[1] بە ناونیشانی: "زیرەکی هەڵچوونی و بەدەستهێنانی ئەکادیمی لای قوتابیانی ئامادەیی لە ناوچەی کانیاکوماری-هیندستان". ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: دۆزینەوەی جیاوازی ڕەگەز(نێرو مێ) لە زیرەکی هەڵچوونی، دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری لای قوتابیانی ئامادەیی، زانینی پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و بەدەستهێنانی ئەکادیمی. قەبارەی نموونەکەیان پێکدێت لە(400) قوتابی کچ و کوڕ لە دە قوتابخانە، کە بەشێوەی هەڕەمەکی

---

(1) Aru Lawrence and Sivan T. Deepa, Emotional intelligence and academic achievement of high school students in kanyakumari district, IJPSS, 3, no.2, (2013).

سادە یەکەکان دیاریکراون، بۆ کۆکردنەوەی داتا پێوەری زیرەکی هەڵچوونی بەکارهێناوە لەگەڵ نمرەی بەدەستهاتوو بۆبابەتەکان، ئامرازی ئامارگری بە بەکارهێنانی(SPSS)ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و تاقیکردنەوەی(t) و (ANOVA) هاوکێشەی پەیوەستی بەکارهێناوە، ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە: ئاستی زیرەکی هەڵچوونی ناوەندە لای قوتابیانی ئامادەیی، هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان (نێر و مێ)دا لای قوتابیانی ئامادەیی بۆ زیرەکی هەڵچوونی، هیچ پەیوەندییەک نییە لەنێوان زیرەکی هەڵچوونی و بەدەستهێنانی ئەکادیمیدا، هیچ پەیوەندییەک نییە لەنێوان زیرەکی هەڵچوونی و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری یەکەکانی توێژینەوەکەدا.

**6-توێژینەوەی (Chamunderswari, 2013)**[1] بە ناونیشانی: "زیرەکی هەڵچوونی و سەرکەوتنی ئەکادیمی لە قوتابخانەی ئامادەییدا" لە هندستان. ئامانج لە توێژینەوەکە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و سەرکەوتنی ئەکادیمییە لە قوتابخانەی ئامادەییدا، بە وەرگرتنی قەبارەی نموونەی (321) قوتابی نێر و مێ بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سادە. بە بەکارهێنانی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی و وەرگرتنی نمرەکانیان لە نیوەی ساڵ. ئامرازە ئامرگرییەکانی بەکارهاتوو بریتییە لە: ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و تاقیکردنەوەکانی(t)و(F-ratios)و هاوکێشەی پەیوەست. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکەن پەیوەندییەکی ئەرێنی بەهێز هەیە لەنێوان زیرەکی هەڵچوونی و سەرکەوتنی ئەکادیمیدا_لە نێو قوتابیانی ئامادەییدا. قوتابیانی قوتابخانەکانی سەربە( Central board schools)، کە لەسەر سیستمی خوێندنی جیهانی دەڕۆن و قوتابخانە ناحکومییەکانیش بەشێکن لەو سیستەمە، زیرەکی هەڵچوونیان بەرزتر بوو لە قوتابیانی قوتابخانە حکومییەکان.

---

[1] Chamunderswari, S. Emotional intelligence and academic achievement among students at the higher secondary level, op. cit.

**7-توێژینەوەی(محمد و منصور، 2015)**[1]، بە ناونیشانی: زیرەکی هەڵچوونی لای قوتابیانی ئامادەیی و پەیوەندی بە بەدەستهێنانی خوێندن و ڕەگەز و پسپۆڕیتی، لە ویلایەتی غلیزان لە وڵاتی جەزائیر. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای قوتابیانی ئامادەیی، زانینی کاریگەری زیرەکی هەڵچوونی لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی خوێندن، زانینی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و پسپۆڕیتی. قەبارەی نموونەکەیان بریتییە لە(642) قوتابی کچ و کوڕ لە پۆلی(11) لە(6) قوتابخانەی جیاواز، میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی وەسفی بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، پێوەری بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردنی زیرەکی هەڵچوونی، ئامرازە ئامارگرییەکان بە بەکارهێنانی(SPSS)برتیین لە: ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و ڕێژەی سەدی و ناوەندی گریمانەکراو، هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن و تاقیکردنەوەی(t)و (One way ANOVA)بەکارهێناوە. ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بە بوونی ئاستێکی بەرز لە زیرەکی هەڵچوونی دەکات لای قوتابیانی پۆلی یازدەی ئامادەیی، پەیوەندییەکی لاواز هەیە لەنێوان زیرەکی هەڵچوونی و بەدەستهێنانی خوێندندا، جیاوازی نییە لە نێوان نێر و مێدا بۆ زیرەکی هەڵچوونی لەسەر ئاستی نمرەی گشتی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی، تەنها لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی جیاوازی هەبوو لە بەرژەوەندی کچان و ڕەهەندی بەڕێوەبەردنی فشارەکان لە بەرژەوەندی کوڕان، جیاوازی نەبوو بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕیتی.

**8-توێژینەوەی(Macula, 2017)**[2] بە ناونیشانی: "زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بە کارلێکی کۆمەڵایەتی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی پێشبینیکراو". ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: بنیادی زیرەکی هەڵچوونی و دیاریکردنی کاریگەری زیرەکی هەڵچوونی لەسەر کارلێکی

[1] بلقاسم محمد و هامل منصور، الذكاء الانفعالي لدى تلاميذ التعليم الثانوي وعلاقته بالانجاز الدراسي والنوع والتخصص، مجلة التنمية البشرية، عدد05، (2015).

[2] Albulena Metah Macula, Emotional intelligence, it is relation with social interaction and perceived social support, European journal of spcial sciences education and research, 4, no.4, (2017).

کۆمەڵایەتی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی پێشبینیکراو، پێوەری تایبەت بە زیرەکی هەڵچوونی و کارلێکی کۆمەڵایەتی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، هاوکێشەی پەیوەستی بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان. قەبارەی نموونەکەی پێکدێت لە(525) قوتابی بە شێوەی هەڕەمەکی سادە دیاریکراون، لە زانکۆی(Prishtina) بەشی دەروونزانی و بەشی پەروەردە لەتەمەنی نێوان(18-26)، ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بە بوونی پەیوەستێکی ئەرێنی بەهێز دەکات لەنێوان بنیادی زیرەکی هەڵچوونی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی پێشبینیکراو بە جۆرێک ئەو کەسانەی پلەیەکی باڵا لە زیرەکی هەڵچوونیان هەیە، ئارەزووی زیاتریان هەیە بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لە هەمانکاتدا بوونی پەیوەستی لەنێوان زیرەکی هەڵچوونی و کارلێکی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی لاواز، ئاماژە بەوەش دەکات، کە کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچوونی لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان کەسەکان بنیاد دەنرێت.

**9-توێژینەوەی(إقرونة، 2018)**[1] بە ناونیشانی: زیرەکی هەڵچوونی و دروستی دەروونی پەیوەندییان بە هەندێک گۆڕاوەوە-توێژینەوەیەک لەسەر قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی. ئامانج لە توێژینەوەکە زانینی پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و دروستی دەروونی و کاریگەرییان لەسەر گۆڕاوەکانی(ڕەگەز و پسپۆڕیتی)، قەبارەی نموونەکەیان پێکدێت لە(94)قوتابی کەبەشێوەی هەڕەمەکی سادە دیاریکراون، ڕێبازی وەسفی بەکارهاتووە لە توێژینەوەکەدا، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان دوو پێوەری بەکارهێناوە تایبەت بە زیرەکی هەڵچوونی و دروستی دەروونی، ئامرازە ئامارگرییە بەکارهاتووەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی(SPSS) بریتین لە: ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن و (ANOVA)، توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی پەیوەندی هەیە لەنێوان زیرەکی هەڵچوونی و دروستی دەروونیدا، جیاوازی هەیە لە زیرەکی هەڵچوونی لەسەر ئاستی نمرەی گشتی بەپێی ڕەگەز لە

---

[1] صفية إقرونة، الذكاء الانفعالي والصحة النفسية وعلاقتهما ببعض المتغيرات، المصدر السابق.

بەرژەوەندی کوڕان، جیاوازی هەیە لە زیرەکی هەڵچوونی بەپێی پسپۆڕێتی لە بەرژەوەندی لقی وێژەیی، تەنانەت لە پێکهاتەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە گۆڕاوی تەندروستی دەروونی جیاوازی هەیە لە بەرژەوەندی لقی وێژەیی.

**سێیەم/ توێژینەوەکانی تایبەت بە فۆبیای کۆمەڵایەتی**

**1-توێژینەوەی(وردة، 2010)**[1] بە ناونیشانی:"کاریگەری پرۆگرامی مەعریفی-ڕەفتاری لەسەرچارەسەرکردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای نموونەیەک لەقوتابیانی زانکۆ". ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی و کاریگەری پرۆگرامی مەعریفی ڕەفتارییە لەسەر فۆبیای کۆمەڵایەتی و زانینی جیاوازییە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ) لە فۆبیای کۆمەڵایەتی. پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی، قەبارەی نموونەکە بریتییە لە(429) یەکە، دواتر (20)یەکە جیاکراونەتەوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە. دوای بەکارهێنانی(SPSS) ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون، فۆبیای کۆمەڵایەتی لەسەر سێ ئاست دانراوە: ئاستی بەرز ڕێژەکەی(7.96%) و ئاستی ناوەند(50.58%) و ئاستی نزم(41.72%)، جیاوازی هەیە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ) لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ.

**2-توێژینەوەی(ابریعیم، 2016)**[2]، بە ناونیشانی: "ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای هەرزەکاران لە قوتابخانەکانی شاری تبسە-جەزائیر". ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتییە لای هەرزەکاران، هەروەها جیاوازی ڕەگەز(نێر و مێ) لە فۆبیای کۆمەڵایەتی لای هەرزەکاران. قەبارەی نموونەکە بریتییە لە(293)قوتابی پۆلی یازدە لە دوو قوتابخانەی ئامادەیی، کە بە شێوەیەکی مەبەستدار دیاریکراون، پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتییان بەکارهێناوە

---

[1] بلحسيني وردة، أثر برنامج معرفي-سلوكي في علاج الرهاب الاجتماعي لدى عينة من طلبة الجامعة، المصدر السابق.

[2] سامية ابريعم، مستوى الرهاب الاجتماعي لدى المراهقين في مدارس مدينة تبسة-الجزائر،" مجلة جامعة الاسقلال للابحاث، 1 عدد2، (2016).

بۆ پێوانەکردن و کۆکردنەوەی زانیاری، بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان(SPSS)یان بەکارهێناوە، بە بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە: ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری، تاقیکردنەوەکانی(t) بۆ زانینی جیاوازییەکان بەکارهێناوە، ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بە بوونی ئاستێکی بەرز بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەکەن لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، لە هەمانکاتدا هیچ جیاوازییەک نییە بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی ڕەگەز(نێرو مێ).

**3-توێژینەوەی(Gardi, 2016)**[1] بە ناونیشانی: "ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی لەنێو قوتابیانی ئامادەیی نێو شاری هەولێر". ئامانجی توێژینەوەکە: دیاریکردنی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتییە لای قوتابیانی ئامادەیی، (1000) قوتابی وەرگرتووە لە (7) قوتابخانەی حکومی زانستی و وێژەیی(Scientific branch and Literary branch)لە پۆلەکانی(11-10) لە هەردوو ڕەگەز، لە سێ ئاستی ئابووری جیاواز(خراپ، ناوەند، باش). بۆ کۆکردنەوەی داتا پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە کە پێکهاتووە لە(17)بڕگە، بە بەکارهێنانی:(SPSS)ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و ڕێژەی سەدی و (One Way ANOVA) بەکارهێناوە. ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات فۆبیای کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی بەرزدایە لەنێو قوتابیانی ئامادەیی بە ڕێژەی(31.25%) جیاوازی نییە لە فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی تەمەن، جیاوزی هەیە لەنێوان کچان و کوڕاندا، بە جۆرێک فۆبیای کۆمەڵایەتی لای کوڕان بەرزترە بەڕێژەی(33.67%)، بەڵام کچان کەمترە بە ڕێژەی(30.25%). لە هەمانکاتدا زۆرینەی قوتابیانی ئامادەیی نیشانەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتیان هەیە.

**4-توێژینەوەی(Ali, Kareem and Al-Banna, 2016)**[2] بە ناونیشانی: "هەڵسەنگاندنی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی کۆلێژی پەرستاری زانکۆی هەولێری پزیشکی لەشاری

---

(1) Abdulqader Hussein Hamad Gardi, Prevalence of social phobia among high school students in Erbil Kurdistan region. op. cit.

(2) Sirwan Kamil Ali, Mosleh Saber Kareem, and Dara Abdulla Al.Banna, Assessment of social phobia among students of nursing college in Hawler Medical University at Erbil city-Iraq, Kufa journal for nursing science, 6, no.2 (2016).

هەولێر" ئامانجی توێژینەوەکە، هەڵسەنگاندنی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتییە لای قوتابیانی کۆلێژی پەرستاری لە زانکۆی هەولێری پزیشکی لە شاری هەولێر، میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، قەبارەی نموونەکەی بریتییە لە(296) قوتابی بە شێوەی نموونەی مەبەستدار هەڵبژاردووە، زۆرینەیان لە ڕەگەزی مێ بوون. بۆ کۆکردنەوەی داتا پێوەری تایبەت بە فۆبیای کۆمەڵایەتییان بەکارهێناوە. بۆ شیکردنەوەی داتاکان(SPSS)بەکارهێناوە بە بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی و (CHI-square)و (ANOVA). ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە فۆبیای کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی ئەو زانکۆیە زۆر بەرزە و نیوەی قوتابیانی دیراسەکراو فۆبیای کۆمەڵایەتییان هەبووە.

**5-توێژینەوەی(الرقاد، 2017)**[1] بە ناونیشانی: "فۆبیای کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە گونجانی زانکۆیی لای قوتابیانی زانکۆی هاشمی". ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی و گونجانی زانکۆیی لای قوتابیانی زانکۆی هاشمی، دۆزینەوەی پەیوەندییە لەنێوان فۆبیای کۆمەڵایەتی و گونجان لە زانکۆ لای قوتابیانی زانکۆی هاشمی، زانینی جیاوازی نێوان ڕەگەز و پسپۆڕی. قەبارەی نموونەکەیان بریتییە لە(800) قوتابی لە هەردوو ڕەگەز، لە هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی. دوو پێوەریان بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی و گونجانی زانکۆیی، ئامرازی ئامارگری وەک: ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و ڕێژەی سەدی و هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن، تاقیکردنەوەکانی(t) بۆزانینی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان بەکارهاتون. ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی ناوەندە بە ڕێژەی(54%) و ئاستی گونجانی کۆمەڵایەتی ناوەندە بە ڕێژەی(56.6%) پەیوەندی هەیە لەنێوان فۆبیای کۆمەڵایەتی و گونجانی زانکۆیی بە ئاستی ئاماژەداری(0.05) هیچ جیاوازی نییە، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز نێر و مێ  لە ئاستی فۆبیای

[1] هناء خالد الرقاد، الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتوافق الجامعي لدى طلبة الجامعة الهاشمية، المصدر السابق.

کۆمەڵایەتی و گونجان لە زانکۆ. هیچ جیاوازییەکیش نییە، بەپێی پسپۆڕی زانستی و ویژەیی لە فۆبیای کۆمەڵایەتی و گونجان لە زانکۆ.

**6-توێژینەوەی:(رفاعي، مظلوم و الطنطاوي، 2018)**[1] بە ناونیشانی: "فۆبیای کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە چەند گۆڕاوێکەوە لای قوتابیانی زانکۆ". ئامانج لە توێژینەوەکە دۆزینەوەی جیاوازییە لە نێوان نێر و مێ و پسپۆڕی ویژەیی و زانستی لە فۆبیای کۆمەڵایەتی، نموونەی توێژینەوەکەی پێکهاتووە لە(220) قوتابی، پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان ئامرازی ئاماری وەک: تاقیکردنەوەکانی(t) بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بە بوونی جیاوازی دەکەن لەنێوان کچان و کوڕاندا لە فۆبیای کۆمەڵایەتی بە لای کچاندا واتە کچان زیاتر توشی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەبنەوە بەراورد بەکوڕان، هیچ جیاوازی نییە لەنێوان پسپۆڕێتی زانستی و ویژەییدا. لە هەمانکاتدا جیاوازی نییە بەپێی گۆڕاوی کۆمەڵایەتی و کولتوری بەپێی بژێوی ژیان لە نێوان کەم داهات و داهات زۆرەکاندا.

**7-توێژینەوەی(میدون و هتهات، 2022)**[2]، بە ناونیشانی: ڕواڵەتەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای نموونەیەک لە قوتابیانی زانکۆ-توێژینەوەیەکی دەرخستنییە(کشفی) لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی قاصدی مرباح لە ورقلە، ئامانجی توێژینەوەکە پێوانەکردنی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی و زانینی جیاوازییە بەپێی ڕەگەز(نێرو مێ)، پشتیان بەستووە بە پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، لە هەمانکاتدا بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان(SPSS) یان بەکارهێناوە، قەبارەی نموونەکەیان بریتییە لە(400) یەکە لە هەردوو ڕەگەز، کە بەشێوەی چینایەتی دەستنیشانکراون، ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە ئاستی بڵاوبونەوەی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی زانکۆ

---

(1) ناريمان محمد رفاعي وآخرون. أضطراب القلق الاجتماعي لدى طلاب الجامعة في ضوء بعض المتغيرات، المصدر السابق.

(2) مباركة ميدون و مسعودة هتهات، مظاهر الرهاب الاجتماعي لدى عينة من الطلبة الجامعيين، المصدر السابق.

گەیشتۆتە(23.75%)، لە هەمانکاتدا توێژینەوەکە بەوە کۆتایی هێناوە، کە جیاوازی کرۆکی هەیە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ) لە بەرژەوەندی کچان.

**سودەکانی توێژینەوەکانی پێشو لەم توێژینەوەیەدا**

توێژینەوەکانی پێشوو بە یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، بەرچاو ڕوونی و ڕێنوێنیکارێکی گرنگی توێژەرە بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی و چەمکەکان و میتۆد و تیۆر. لەم توێژینەوەیەدا(22)توێژینەوەی زانستی خراوەتەڕوو تایبەت بە هەر سێ گۆڕاوەکەی بابەتی توێژینەوەکەمان.

دەتوانین بڵێین سودمان لە تەواوی ئەو توێژینەوانە وەرگرتووە لە بوارەکانی:(وەرگرتنی زانیاری پێویست لە بارەی هەریەک لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەمانەوە، تێگەیشتن لە گرفتی توێژینەوەکە و چەندە بڵاوە و کاریگەری هەیە لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەدا، ئامادەکردنی برگەکان بۆ ئامادەکردنی پێوەری هەرسێ گۆڕاوەکە، کلیلێک بوون بۆ دۆزینەوەی بەشێک لە تیۆرەکانی تایبەت بە هەرگۆڕاوێک، بۆ ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان و بەراوردکردنیان بە ئەنجامی توێژینەوەکەمان سودمان لێ بینیوون.

بە شێوەیەکی گشتی خاڵی جیاواز و هاوبەشی نێوان ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی پێشوو لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەدەردەکەوێت:

**یەکەم/ لەڕوی ناونیشانی توێژینەوە و گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەوە،** هیچ کام لە توێژینەوەکانی پێشوو توێژینەوەیان لەسەر هەرسێ گۆڕاوەکەی توێژینەوەکەی ئێمە هاوتەریب نەکردووە. بەڵکو یەک یان دوو لە گۆڕاوەکان لە توێژینەوەکانی پێشوو توێژینەوەیان لەسەر کراوە.

**دووەم/ لە ڕووی ئامانجەکانی توێژینەوەوە**

لە ڕووی ئامانجەکانی توێژینەوەوە هاوشێوەی ئەم توێژینەوانەی خوارەوە بوو، لانی کەم لەگەڵ یەکێک لە ئامانجەکاندا: (رزق الله، 2008)؛ (البركات و یاسین، 2010)؛ (فلقت، 2018)؛ ( أمین، محمد و علی، 2018)؛ (مطوف و العبیدي، 2008)؛ ( Jaibari and

(Mohammadtaheri 2011؛ (القاضي، 2012)؛ (Lawrence and Deepa, 2013)؛ (Chamunderswari, 2013)؛ (محمد و منصور، 2015)؛ (Macula, 2017)؛ (إقرونة، 2018)؛ (وردة، 2010)؛ (ابريعيم، 2016)؛ (Gardi, 2016)؛ (Ali, Kareem and Al-Banna, 2016)؛ (الرقاد، 2017)؛ (رفاعى، مظلوم و الطنطاوي، 2018)؛ (ميدون و هتهات، 2022)؛

له هەمانكاتدا له ڕووی ئامانجەوه جیاوازه لەگەڵ توێژینەوەكانی: (قادری، 2012)؛ (Poulou, 2016)؛ (Mohzan, Hasan and Halil, 2012).

**سێیەم/ له ڕووی میتۆدی توێژینەوەوه**

له ڕووی میتۆدی توێژینەوەوه هیچ كام له توێژینەوەكانی پێشوو میتۆدی تێكەڵاوی بەكارنەهێناوه، بەڵام جگه لەو دوو توێژینەوەی خوارەوه، سەرجەم توێژینەوەكانی پێشوو میتۆدی وەسفیان بەكارهێناوه. بەڵام جیاواز بوو له توێژینەوەكانی: (وردة، 2010) و ( أمین، محمد و على، 2018).

**چوارەم/ لەڕوی قەبارەی نموونەوه:** ئەم توێژینەوەیە هاوشێوه یان زۆر نزیكه لەتوێژینەوەكانی: (البركات و یاسین، 2010)؛ (فلقت، 2018)؛ (Jaibari and Mohammadtaheri 2011)؛ (القاضي، 2012)؛ (Lawrence and Deepa, 2013)؛ (Chamunderswari, 2013)؛ (وردة، 2010)؛ (میدون و هتهات، 2022)، بەڵام ئەم توێژینەوەیە جیاوازه لەگەڵ توێژینەوەی: (رزق الله، 2008)؛ (قادری، 2012)؛ (Poulou, 2016)؛ ( أمین، محمد و على، 2018)؛ (مطوف و العبیدي، 2008)؛ (Mohzan, Hasan and Halil, 2012)؛ (محمد و منصور، 2015)؛ (Macula, 2017)؛ (إقرونة، 2018)؛ (ابریعیم، 2016)؛ (Gardi, 2016)؛ ( Ali, Kareem and Al-Banna, 2016)؛ (الرقاد، 2017)؛ :(رفاعى، مظلوم و الطنطاوي، 2018).

چوارەم/ له ڕووی ئامرازەكانی كۆكردنەوەی داتا و زانیارییەكانەوه: تەنها له ڕووی بەكارهێنانی پێوەرەوه چونیەكه لەگەڵ: (رزق الله، 2008)؛ (البركات و یاسین، 2010)؛ (قادری، 2012)؛ (Poulou, 2016)؛ (فلقت، 2018)؛ ( أمین، محمد و على، 2018)؛ (مطوف و العبیدي،

2008)؛ (Jaibari and Mohammadtaheri 2011)؛ (Mohzan, Hasan and Halil, 2012)؛ (القاضي، 2012)؛ (Lawrence and Deepa, 2013)؛ (Chamunderswari, 2013)؛ (محمد و منصور، 2015)؛ (Macula, 2017)؛ (إقرونة، 2018)؛ (ابريعيم، 2016)؛ (Gardi, 2016)؛ (Ali, Kareem and Al-Banna, 2016)؛ (الرقاد، 2017)؛ :(رفاعى، مظلوم و الطنطاوي، 2018)؛ (ميدون و هتهات، 2022)، بەڵام ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لەگەڵ سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو لە ڕووی چاوپێکەوتن و تەکنیکەکانیەوە.

پێنجەم/ لە ڕووی ئامرازە ئامارییەکانەوە: چونیەک یان نزیکە لەگەڵ توێژینەوەکانی: (رزق الله، 2008)؛ (فلقت، 2018)؛ ( أمين، محمد و على، 2018)؛ (القاضي، 2012)؛ ( Lawrence and Deepa, 2013)؛ (Chamunderswari, 2013)؛ (محمد و منصور، 2015)؛ ( Macula, 2017)؛ (إقرونة، 2018)؛ (ابريعيم، 2016)؛ (Gardi, 2016)؛ ( Ali, Kareem and Al-Banna, 2016)؛ (الرقاد، 2017)؛ :(رفاعى، مظلوم و الطنطاوي، 2018)؛ (ميدون و هتهات، 2022).

شەشەم/ لە ڕووی ئەنجامەوە، لەگەڵ بەشێکی توێژینەوەکاندا هاوتەریبە و لەگەڵ بەشێکی تریان جیاوازن، بە وردی لە کاتی ڕاڤەکردنی ئەنجامەکاندا خراونەتەڕوو، ئەمەش بۆ تایبەتمەندی کۆمەڵگە و کات و میتۆدی بەکارهاتوو دەگەڕێتەوە.

## بەشی چوارەم

### میتۆدی توێژینەوەکەو کارڕاییەکانی

لەم بەشەدا بە وردی پرۆسەی بەکارهێنانی میتۆد و دیاریکردنی کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە و قەبارە و چۆنێتی کۆکردنەوەی داتا و بەکارهێنانی ئامرازی ئامارگریمان خستۆتەڕوو.

**یەکەم/ میتۆدی توێژینەوەکە**

بەکارهێنانی زیاتر لەیەک ئامراز بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کارێکی گونجاوە لە توێژینەوەی زانستییدا، ئەمەش بۆ گەیشتن بە زۆرترین زانیاری پێویست، لەگەڵ ڕاهێنانی پێویستی توێژەر لەسەر ئەو ئامرازانە و زانینی جێگیری و ڕاستگۆیی و بابەتی بووندا.[1]

بە مەبەستی گەیشتن بە باشترین زانیاری و ئەنجام لەهەمانکاتدا بەیەکداچوونی سروشتی پەیوەندی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، چەند میتۆدێکی زانستیمان بەکارهێناوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-میتۆدی وێنایی و کارڕاییەکانی.

2-میتۆدی جۆری و کارڕاییەکانی.

3-میتۆدی تێکەڵاو و کارڕاییەکانی.

**1-میتۆدی وێنایی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە:**

ڕێبازی وێنایی بە وردی وەسفی دیاردەکان دەکات کە توێژینەوەی لەسەردەکرێت، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک پرسیارەوە وەک: 1-دۆخی ئێستای دیاردەکە چۆنە؟ 2-لە کوێوە توێژینەوەکە دەستپێبکات؟ 3-پەیوەندی چییە لە نێوان دیاردەی دیراسەکراو دیاردەکانی

[1] أحمد بدر، أصول البحث العلمي ومناهجه، ط9، القاهرة: المكتبة الاكاديمية، (1996): ص334.

تردا؟ 4-ئەنجامە چاوەڕاونکراوەکان چین لە توێژینەوەی ئەم دیاردەیە؟ وەڵامدانەوەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری چەندی و چۆنی دەبێت لەسەر دیاردەی دیراسەکراو و هەوڵدان بۆ ڕاڤەکردنی ئەو ڕاستیانە.[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وێناییە، کە تێیدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستین بە میتۆدی وێنایی-ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە، چونکە پێمان وایە میتۆدی وێنایی بە چەند هەنگاوێک بە وردی تیشک دەخاتەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی توێژینەوەکە و گونجاوە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەماندا و گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

میتۆدی وێنایی دیارترین ڕێبازی توێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانە، بە تایبەتی لە بواری پەروەردەو سایکۆلۆژیا و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا، بەرفراوانترین میتۆدە، تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە، کە جەخت لەسەر دیاردە و ڕووداوەکانی ئێستا دەکەنەوە.[2]

**قۆناغەکانی میتۆدی وێنایی**

یەکەم/ شوناسی توێژنەوەکە.

دووەم/چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە.

سێیەم/ڕێکارەکانی توێژینەوەکە.

چوارەم/ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنیان.

---

[1] المرجع السابق، ص312.

[2] سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ2، سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، (2020): ص73.

پێنجەم/ دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان.[1]

## 2- میتۆدی جۆری

توێژینەوەی جۆری وا پێناسەکراوە، ئەوجۆرەیە لە توێژینەوە، کە توێژەر تێیدا تێگەیشتنێکی قوڵ و ڕاڤەیەکی گشتگیر پێشکەش دەکات، بە شێوەی ژمارەی ئاماریی ئەنجامەکان ناخاتەڕوو، بەڵکو لە ڕێگەی وشە و زاراوە و زمانی سروشتییەوە دەیخاتەڕوو.[2]

**هەنگاوەکانی شیکردنەوە و ڕاڤەکرنی داتای جۆری:**

أ-قۆناغی ئامادەکردن و نوسینی زانیارییەکان(چوونە نێو مەیدان).

ب-قۆناغی دۆزینەوەی زانیارییەکان و کورتکردنەوەیان(ئەم دوو قۆناغە پێکەوە کاردەکەن)




**هێڵکاری 3 پێکەوە کارکردنی هەردوو قۆناغی دۆزینەوە و کورتکردنەوەی زانیارییەکان**

---

(1) هەمان سەرچاوە، ص73-74.

(2) بوترعة بلال و ذياب سليمة، دراسة نظرية تحليلية لحجم العينة في البحث الكيفي، المجلة الجزائرية للعلوم الاجتماعية والانسانية، 9، عدد2، (2021): ص357.

پ-پۆلێنکردنی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان.

ت-نوسینی ڕونکردنەوە و ڕاڤەکردن.

ج-ڕاستگۆیی و جێگیری ڕاڤەکردنەکە(بە بەراوردکردنی لەگەڵ گونجانی ئەنجامەکان لەگەڵ کۆمەڵگە).[1]

چ-نوسین و ڕاڤەکردنی کۆتایی بۆ زانیارییە جۆرییەکان.

**نموونەی چۆنایەتی و خەسڵەتەکانی:**

جۆری نموونەی توێژینەوەی چۆنایەتی بریتییە لە نموونەی ئەو کەسانەی دەوڵەمەندن بە زانیاری(الحالات الغنية-Intensity Sampling)، ئەمەش بریتییە لەپرۆسەی گەڕانە بەدوای ئەوتاکانەی، کە زانیاری ورد و قووڵیان لایە لەسەر دیاردەی دیراسەکراو. کاتێک بەکاردەهێنرێت، کە توێژەر پێویستی بە زانیاری ورد و قووڵ هەبێت و ئەوتاکانە پێشینەیان هەبێت لەسەر دیاردەی دیراسەکراو، ئەوکەسانەش ئەوزانیارییانەیان لادەست دەکەوێت کەتوێژەر دیراسەی دەکات.[2]،[3] لەخشتەی(1)تایبەتمەندی نموونەی چۆنایەتی خراوەتەڕوو:

---

[1] ڕاستگۆیی توێژینەوەی جۆری ڕاستگۆیی تیۆرییە، بە جۆرێک کاتێک ڕاڤەی تیۆری لەگەڵ واقعی مەیدانی دەگونجێت، یاخود گەڕانەوەی توێژەر بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوە بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندیان لەسەر ئەوەی، کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە لە ڕاڤەکردنەکان(فیدباکی پێچەوانە-Feedback Participation)، بەڵام جێگیری لە توێژینەوەی جۆری دەرناکرێت، لەبەرئەوەی واقیع زۆر بە قورسی گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات، بۆیە دەکرێت بڵێین توێژینەوە ڕاستێتی هەبوو ئەوە واتای جێگیری دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر جێگیری هەبوو مانای ئەوە نییە، کە ڕاستێتی هەیە. صباح احمد محمد نجار، وانەکانی ڕێبازی توێژینەوە، دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، (2021).

[2] Cohen, D and Crabtree, B, Qualitative research, guidelines preject, Robert Wood Johnson Foundation. Accessed on: 21-1-2023. http://www.qualres.org/HomeInte-3810.html

[3] Michael Quinn Patton, Qualitative evaluation and research methods, Beverly Hills, CA: Sage, (1990): p172.

**خشتەی 1 تایبەتمەندی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەی چۆنایەتی:**

| ناونیشان/ ڕەگەز | | ژمارە | ساڵی لەدایکبوون | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| پسپۆڕی دەروونساغی و کەسێتی | نێر | 1 | 1959 | 2 |
| پسپۆڕی دەروزانی کۆمەڵایەتی | مێ | 1 | 1968 | |
| سەرپەرشیار | نێر | 8 | 1980-1966 | 10 |
| | مێ | 2 | 1970-1966 | |
| بەڕێوەبەر | نێر | 2 | 1955-1979 | 3 |
| | مێ | 1 | 1978 | |
| مامۆستا | نێر | 14 | 1967-1995 | 28 |
| | مێ | 14 | 1963-1985 | |
| کۆی گشتی | | | | 43 |

خشتەی(1)دیارە کە دوو پسپۆڕی لە بوارەکانی دەروونساغی و کەسێتی و دەروونزانی کۆمەڵایەتی بوون لە هەردوو ڕەگەز؛ (10)سەرپەرشتیار لە پسپۆڕی(وەرزش، کۆمەڵناسی، زیندەزانی، کیمیا، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، کۆمپیوتەر )بوون؛ لە هەمانکاتدا سێ بەڕێوەبەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجامدراوە، دوو بەڕێوەبەر لە قوتابخانەی حکومی لە هەردوو ڕەگەز، یەک بەڕێوەبەر لە قوتابخانەی ناحکومی. هەروەها(28)مامۆستا کە(7) مامۆستا لەقوتابخانەی ناحکومی و (21)مامۆستا لە قوتابخانەی حکومی، لە پسپۆڕییە جیاوازەکانی وەک:(کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، زیندەزانی، بیرکاری، فیزیا، کیمیا، کۆمپیوتەر، وەرزش).

**ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەی چۆنایەتی**

**چاوپێکەوتن-Interview:** چاوپێکەوتن تەکنیکێکی گرنگە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، کە پەیوەندی زارەکی لەخۆدەگرێت لە نێوان توێژەر و ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت(interviewee) ئەم تەکنیکە بە شێوەیەکی زۆر لە توێژینەوە خستنەڕوو و

وێناییەکاندا بەکاردێت[1]یەکێک لەو ئامرازانەی پشتی پێدەبەسترێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوە مەیدانییەکاندا چاوپێکەوتنی زارەکییە، کە لە ڕێگەیەوە توێژەر زانیاری زارەکی ڕاستەوخۆی دەستدەکەوێت لەگەڵ کەسانی لێتوێژراو یان شارەزا لە بوارەکەدا، ئەمەش هەر گفتوگۆیەکی مەبەستدار لەخۆدەگرێت لەنێوان توێژەر و کەسانی تردا بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستییەکان، یان هەڵوێستێکی دیاریکراو، کە توێژەر دەیەوێت بەدەستیبهێنێت بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە. جیاوازە لە گفتوگۆی ئاسایی نێوان کەسەکان، لە هەمانکاتدا زۆرترین ئامرازی بەکارهاتووە بۆکۆکردنەوەی زانیاری لە زانستە مرۆییەکاندا لەبەر تایبەتمەندی و ئاسانی لە بەکارهێناندا، لەگەڵ ئەوەشدا بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی توێژەر و زانیاری پێدەرانە.[2] شێوازی چاوپێکەوتنەکان بۆکۆکردنەوەی زانیاری بۆئەم توێزینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

**1- چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو Semi-structured Interview** ئەم جۆرە لە چاوپێکەوتن کۆمەڵێک پرسیاری کراوە لەخۆدەگرێت لەژێر ڕۆشنایی بابەت و ڕەهەندەکانی توێژینەوەکەدا، کە توێژەر دەیەوێت تیشکی بخاتەسەر، ئەم جۆرە لە چاوپێکەوتن دەرفەت دەدات بە هەردوو لا بە شێوەیەکی وردتر گفتوگۆی بابەتەکان بکەن، ئەگەر کەسی چاوپێکەوتنکراو بە کورتی وەڵامی پرسیارە کراوەکەی دایەوە، ئەوە توێژەر دەتوانێت ئاماژە و داخوازی بخاتەڕوو بۆ هاندانی کەسی بەرامبەر، بۆئەوەی کەسی چاوپێکەوتنکراو درێژە بە وەڵامەکەی بدات و زانیاری زیاتر و وردتر بخاتەڕوو لەسەر بابەتەکە.[3]

---

(1) Nigel Mathers et al., Trent focus for research and development in primary health care: Using interviews in a research project, Sheffield: Institute of general practice, (1998): p1.

(2) محمد در، أهم مناهج وعينات وأدوات البحث العلمي، مجلة الحكمة للدراسات التربوية والنفسية-مؤسسة كنوز الحكمة للنشر والتوزيع-الجزائر. عدد(9)، (2017): ص319.

(3) Nigel Mathers et al., Trent focus for research and development in primary health care, op. cit. p2.

**2- گفتوگۆی بە گروپ Focus group interviews:** جۆرێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوە چۆنایەتییەکاندا، پێکدێت لە کۆمەڵێک کەس کە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە، گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەکەن، پێکدێت لە ژمارەیەکی کەم لە کەسەکان، کە بە شێوەیەکی ئاسایی لەنێوان(9-6)کەس دەبێت، کە توێژەرێک کۆیان دەکاتەوە، بۆ دەرخستنی بیروبۆچوون و هەڵوێست و هەست و بیروبۆچوونیان لەسەر بابەتێکی دیایکراو.[1]

**گفتوگۆی گروپەکان لەم توێژینەوەیەدا بەم شێوەیەبوون:**

أ- فۆکس گروپێک لە بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی هەولێر، کە ژمارەیان(10)سەرپەرشتیار بوو لە هەردوو ڕەگەز سەرجەم پسپۆڕییەکان.

ب-چوار فۆکس گروپ بۆ مامۆستایانی قوتابخانەی حکومی و ناحکومی، بە سەرجەم پسپۆڕییەکان و هەردوو ڕەگەز، کە ژمارەیان(28) مامۆستا بوو،

**3- چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو،Face-to-face interviews** ، چاوپێکەوتنی تاکە کەسی ڕووبەڕوو، یەکێکە لە شێوە بەربڵاوەکان و ستراتیژەکانی کۆکردنەوەی داتا لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا، توێژەر ئەم شێوە بەکاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ورد لای بەشداربووان، هەروەها بیروبۆچوون و هەڵوێست و تێڕوانین و مەعریفەیان تایبەت بە دیاردەی لێتوێژراو. گریمانەی ئەوە دەکرێت لەم شێوەیەدا، ئەگەر توێژەر بە شێوەیەکی باش پرسیارەکانی دابڕێژێت، ئەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دەربڕین و ئەزموون و واقعیان لەسەر داڕشتنەوەی وەڵامەکانیان.[2] ئەم تەکنیکەش لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و پسپۆڕانی

---

(1) Rana Muhammad Dilshad and Muhammad Ijaz Latif, Focus group interview as a tool for qualitative research, op. cit. p192.
(2) Sylvie D. Lambert and Carmen G. Loiselle, Combining individual interviews and focus groups to enhance data richness, JAN: Research methodology, 62, no.2, (2008): p229.

بواری دەرونساغی و دەروونزانی کۆمەڵایەتی بەکارمان هێناوە، کە ژمارەیان(5) کەسبوون لە هەردوو ڕەگەز.

## ستراتیژەکانی شیکردنەوەی زانیارییەکان Systematic text Condensation:

شیکردنەوەی زانیارییە چۆنایەتییەکان بە سیستەمی چڕکردنەوەی تێکستەکان، بە چوار قۆناغ و بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامدراوە:
ا-خوێندنەوەی سەرجەم چاوپێکەوتنەکان بۆ چەند جارێک بۆ گەیشتن بۆ کۆی گشتی تێڕوانینەکان.
ب-کۆکردنەوە و ڕیکخستنەوەی یەکەی ماناکان لە چەند بابەتێکدا.
پ-دواتر چڕکردنەوەی سەرجەم یەکەکانی مانا بۆ بابەتی گشتی و بابەتی لقی بۆ بەکارهێنانیان لە خستنەڕووی وەسفکردنەکاندا.
ت-وێناکردن.[1]

## 3-میتۆدی تێکەڵاو(Mixed method):

ئەم میتۆدە کۆکەرەوە و تەواوکاری هەردوو شێوازی جۆری و چەندییە لە توێژینەوەکاندا، داتای جۆری پشت بەزانیاری و وەڵامی کراوە دەبەستێت بەبێ داخرانی پرسیارەکان، بە پێچەوانەوە داتای چەندی پشت بە وەڵامی داخراوی پێشوەختە دەبەستێت، وەک ئەوەی لە پێوەرەکاندا بەردەستە[2]

لەهەمانکاتدا میتۆدی جۆری جەخت لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە دەربڕینی هەست و سۆز و بیروبۆچوونی تاکەکان، هەروەها توێژینەوەی جۆری لەسەر بنەمایەکی گرنگ دامەزراوە ئەویش ئەوەیە زانین لە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەدەگرێت، تێگەیشتنیش لە زانین پرۆسەیەکی زانستییە، لەبەرئەوە توێژینەوەی جۆری بە تەواوی جیاوازە لە توێژنەوەی چەندی.[3]

---

(1) Annette Jellesmark et al., Fear of falling and changed functional ability following hip fracture among community-dwelling elderly people: an explanatory sequential mixed method study, Disability and Rehabilitation, 34, (25), (2012): p2126.
(2) John. W. Creswell, Research design: qualitative, quantitative and mixed method researches, op. cit. n.p.
(3) بوترعة بلال و ذياب سليمة، دراسة نظرية تحليلية لحجم العينة في البحث الكيفي، المصدر السابق، ص356.

بەناوبانگترین و بەربڵاوترین ڕێباز لە میتۆدی تێکەڵاو ڕێبازی سێکوچکە(Trangulation)، یان فرە میتۆدییە(Multi–methods)، کە(کراسویڵ و پلانۆکلارک) ئەم شێوەیانکردووە بە چوار جۆرەوە، بەم شێوەیە:(Convergence design)؛(Data Transformation Model)؛ (Validating Quantitative Data Model)؛ (Multilivel Model)، مەبەست لەم ڕێبازە گەیشتنە بە زۆرترین زانیاری جیاواز و کامل و هەمەلایەنە لەسەر هەمان بابەت، بۆ تێگەیشتن لە گرفتی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ورد، هەروەها کۆکردنەوەی خاڵی هێزی هەردوو شێوازەکەی توێژینەوە(قەبارەی نموونەی گەورە، ئاراستەکان، گشتاندن)، هەروەها شێوازی جۆری(قەبارەی نموونەی بچوک، وردەکاری زیاتر، چونەقوڵایی دیاردەکە). مەبەستی سەرەکیش لە بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە بۆئەوەیە توێژەر بتوانێت بەراوردی ئەنجامی ئاماری چەندایەتی و ئەنجامی چۆنایەتی بکات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامی چەندایەتی و پاڵپشتیکردنی بە داتا چۆنایەتییەکان.[1]

**کۆکردنەوە لەنێوان میتۆدی جۆری و چەندی:**

لەم توێژینەوەیدا جۆری سێیەممان بەکارهێناوە، پاڵپشتیکردنی داتا چەندایەتییەکان بە داتای چۆنایەتی(Validating Quantitative Data Model)، کاتێک ئەم مۆدیلە بەکاردێت، کە توێژەر بیەوێت بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆکردنەوەی زانیاری چۆنایەتی پاڵپشتی و تەواوکاری و شیکردنەوەی زیاتر بۆ ئەنجامە چەندایەتییەکان بکات.[2]،[3] لە شێوەی(4)هێڵکاری چۆنیتی ئەنجامدانی تێکەڵکردنەکە لەخۆدەگرێت.




---

(1) John W. Creswell and Vicki L. Plano-Clark, Designing and conducting mixed methods research, SAGE Publication, Inc. (2006), p62.

(2) احمد محمد پور، فراوش: بنیانهای فلسفی و عملی روش تحقیق ترکیبی درعلوم اجتماعی ورفتاری، تهران: انتشارات جامعشناسان، (1389)، ص 91.

(3) Rana Muhammad Dilshad and Muhammad Ijaz Latif, Focus group interview as a tool for qualitative research: An analysis, Pakistan journal of social sciences. 33, No.1, (2013): p193.

### هێڵکاری 4 ڕوونکردنەوەی ڕێبازی پاڵپشتیکردنی داتا چەندایەتییەکان[1]

### دووەم/کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان پێکدێت لە قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی ناوەندی شاری هەولێر، کە ژمارەیان(10475) قوتابی نێر  ومێ یە لە قوتابخانەکانی خوێندنی کوردی نێو شاری هەولێر بەڕەچاوکردنی تایبەتمەندی گروپاتی تایبەت وەک: قوتابخانەی حکومی و ناحکومی و زانستی و وێژەیی و نێر و مێ، هەروەک لەخشتەی(2)دەردەکەوێت.

**خشتەی 2 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (قوتابیانی پۆلی 11) ڕووندەکاتەوە.[2]**

| | ڕەگەز / لقی زانستی | کچ | کوڕ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| حکومی | زانستی | 3929 | 3137 | 7066 |
| | وێژەیی | 958 | 1523 | 2481 |
| | کۆی گشتی | 4887 | 4660 | 9547 |
| ناحکومی | زانستی | 893[3] | | 893 |
| | وێژەیی | 35 | | 35 |
| کۆی گشتی | | | | **10475** |

### سێیەم/نموونەی توێژینەوەکە،

نموونە بەشێکە لە کۆمەڵگە بە چەندین ڕێگەی جیاواز دەستنیشان دەکرێت، بە مەبەستی توێژینەوە لەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی نموونەکەی لێ وەردەگیرێت. ئەمەش بە ڕێگەیەکی زانستی دروست ئەنجام دەدەرێت و دواتریش ئەنجامەکانیش گشتاندنی بۆ دەکرێت. زۆرجار ناتوانرێت یەکەکانی کۆمەڵگەکە بەگشتی وەربگیرێت، ئەمەش  بۆکەمکردنەوەی کات و  ماندوبوونی زۆر،

---

(1) John W. Creswell and  Vicki L. Plano-Clark, Designing and conducting mixed methods research, op. cit. p63.

(2) بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر، بەشی پلاندانان،  28-3-2022؛ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، بەشی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان، 30-3-2022.

(3) دوای سەردانیکردنی توێژەر بۆلایەنی بەرپرسیار لە ئاماری قوتابخانە ناحکومییەکان، تەنها توانی ژمارەی قوتابیانی هەرقوتابخانەیەک بەجیا وەربگرین، داتایەکی ورد و جیاکراوە نەبوو تابتوانێت وەک قوتابخانە حکومییەکان بیخەینەڕوو.

کەمکردنەوەی تێچون و گەیشتن بە زۆرترین زانیاری ورد بەتایبەتی لە ڕێگەی پێوەرەوە[1] پێویستیشە ئەونموونەیە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەکەی تێدا بێت و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات.[2]

**جۆری نموونەی توێژینەوەی چەندی و خەسڵەتەکانی:** هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی توێژینەوە، لەبەرئەوە بەسێ قۆناغ نموونەی توێژینەوەکەمان ئەنجامداوە، بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانەکان لە ناوەندی شاری هەولێر، کە بەشێوەیەکی ئاسایی پێکدێت لە(شەش) شارەوانی، لە ڕێگەی نموونەی گریمانەیی(العینات الاحتمالیة– Probability Sampling).[3]

لە هەر شارەوانییەک بە شێوەی نموونەی هەڕەمەکی سادە.[4] قوتابخانەیەکی ئامادەیی حکومی دیاریکراوە بۆ توێژینەوەکە، بەم شێوەیەش دەرفەت دراوە بە هەموو ئەو قوتابخانانەی لە سنوری ئەوشارەوانیانەدان بچنە نێو نموونەی توێژینەوەکەمانەوە، دواتر دوو قوتابخانەی دواناوەندی و دوو قوتابخانەی ناحکومی دیاریکراون بە هەمان سیستەم، کە جیاوازن لەقوتابخانە ئامادەییەکان.

---

(1) شرف الدین خلیل، الاحصاء الوصفي، شبکة الابحاث والدراسات الاقتصادیة، (د.ت)، ص12.

(2) مهدي محمد القصاص، مبادئ الإحصاء والقیاس الاجتماعي، کلیة الاداب: جامعة المنصورة، (2007)، ص78.

(3) نمونەی گریمانەیی(العینات الاحتمالیه) ئەوجۆرە نمونانەیە، یەکەکانی بە شێوەی گریمانەیی دیاری دەکرێن، بە مانایەکی تر یەکەکانی لەکۆمەڵگەی توێژینەوە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دیاری دەکرێن، بە مەبەستی خۆلادان لە لایەنگیری ئەنجامەکانی دیاریکردنی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە. کە چەندین جۆری هەیە. شرف الدین خلیل، الاحصاء الوصفي، المصدر السابق، ص13.

(4) لەم جۆرە نمونەیەدا هەموو تاکێک لەکۆمەڵگەی توێژینەوە دەرفەتی هەڵبژاردنی هەیە، بۆ چوونە نێو نمونەی توێژینەوەکەوە. بواری لایەنگیری توێژەر نادات لە دیاریکردنی یەکەکانی نمونەکاندا. چەندین شێوە هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم نمونەیە، وەک: سیستمی چانس(یانصیبLottery method) ناوی یەکەکان لەسەر پارچە کاغەزێک دەنوسرێت و دەخرێتە نێو کیسەیەکەوە و بەجوانی تێکەڵ دەکرێت توێژەر بەپێی قەبارەی نمونەکەی یەکە دەردەهێنێت لە کیسەکە، یاخود بەپێی سیستمی ژمارە، یان لە ڕێگەی(SPSS) دەکرێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت. أحمد بدر، أصول البحث العلمي ومناهجه، المصدر السابق، ص325.

بۆ دەستنیشانکردنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی(نموونەی هەڕەمەکی بە پشک-العینات العشوائیة الحصصیة-Quata Sample)[1] دەستنیشانکراون بەپێی هەر بەشێک و قەبارەی لە قوتابخانەکەدا، چونکە کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکدێت لە: ڕەگەز، جۆری قوتابخانە، جۆری خوێندن، بەپێی ڕێژەی خۆی یەکەیان لێوەرگیراوە، کە نوێنەرایەتیان بکات[2]، دواتر جارێکی تر پشت بەستراوە بە نموونەی هەڕەمەکی سادە بۆ دەستنیشانکردنی یەکەکانی نموونەیی توێژینەوەکە لە هەر بەشێک بەپێی قەبارەی خۆی یەکە وەرگیراوە.

بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەرەکان نموونەیەکی هەرەمەکیمان وەرگرت بە قەبارەی(100)یەکە، تەنها بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاستێتی و جێگیری بۆ هەرسێ پێوەرەکە، دوای گەیشتن بە مەرجە سەرەکییەکانی هەرسێ پێوەر لە ڕووی ڕاستێتی و جێگیری، دواجار دوای دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە سەردانی قوتابخانەکانمان کرد و پێوەرەکانمان دابەشی(400)[3]یەکەکرد بە ڕەچاوکردنی گروپە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابیانی پۆلی یازدە لە قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندییە حکومی و ناحکومیەکانی ناوەندی شاری هەولێر، هەردوو ڕەگەز نێرو مێ و هەردوو لقی: زانستی و وێژەیی. هەروەک لە خشتەی(3)خستومانەتەڕوو:

---

(1) کاتێک کە کۆمەڵگەی توێژینەوە چونیەک (متجانس) نەبوو، دەکرا دابەشی چینایەتی لێکجیابکرێت بەپێی یەکێک لە گۆڕاوەکانی توێژینەوە وەک(ڕەگەز، ئاستی بژێوی، پسپۆڕی زانستی و وێژەیی، لەوکاتەدا دەکرێت توێژەر هەر چینێک وەک یەکەیەک دابنێت، دواتر دەتوانێت بە شێوەیەکی هەڕەمەکی یەکەکانی نمونە دەستنیشان بکات لەهەر چینێک بە جۆرێک ڕێژەی دەستنیشانکراو نوێنەرایەتی ڕێژەی بوونیان بکات لەکۆمەڵگەی دیراسەکراو. خلیل یوسف الخلیلي و أحمد سلیمان عودة، الأحصاء للباحث فی التربیه والعلوم الإنسانیه، عمان: دار الفکر للنشر والتوزیع (1988)، ص174.

(2) بەش ÷ گشت × قەبارەی نمونەی توێژینەوە.

(3) سەبارەت بەقەبارەی نمونەی دیراسەکراو بۆچوونی زانایان(کرێجسی و مۆرگان)( Krejcie & Morgan, 1970مان پێ پەسەندبوو، باوەڕیان وایە کۆمەڵگەی توێژینەوە یەک ملیۆن(1000000) کەسیش بەسەرەوە بێت بە وەرگرتنی(384) یەکە بەڕێژەی(95%) نزیک دەبیتەوە لەڕاستی و (0.05) هەڵەدەکەیت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە(400)یەکەمان وەرگرتووە.

## خشتەی 3 قەبارەی نموونەی هەڵبژێردراو

| ژ | ناوی قوتابخانە | گەڕەک شارەوانی | کۆی گشتی | زانستی | | وێژەیی | | نمونە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | زانستی | | وێژەیی | |
| | | | | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ |
| 1 | ئا/ شارستانی کچان | نەورۆز6 | 116 | | 68 | | 48 | | 23 | | 17 |
| 2 | ئا/ هەڵمەتی کوڕان | شۆڕش2 | 117 | 71 | | 46 | | 25 | | 16 | |
| 3 | ئا/ بێری کچان | کاریزان4 | 70 | | 42 | | 28 | | 15 | | 10 |
| 4 | ئا/شکۆداری تێکەڵ | کۆماری5 | 259 | 127 | 132 | | | 44 | 45 | | |
| 5 | ئا/ زۆزکی کوڕان | هەولێری نوێ3 | 177 | 116 | | 61 | | 40 | | 21 | |
| 6 | ئا/میدیای کچان | 30 مەتری 1 | 137 | | 96 | | 41 | | 33 | | 13 |
| 7 | د.نیگای کچان | شارەوانی | 90 | | 70 | | 20 | | 24 | | 7 |
| 8 | د.ئیتالی دوی تێکەڵ | ئیتالی2 | 59 | 18 | 32 | 3 | 6 | 6 | 11 | 3 | 3 |
| 9 | ک/ گەورە ناحکومی | – | 52 | 23 | 29 | | | 8 | 10 | | |
| 10 | فێنکی ناحکومی | – | 38 | 20 | 11 | 7 | | 12 | 8 | 6 | |
| کۆی گشتی | | | 1115 | 375 | 480 | 117 | 143 | 135 | 169 | 46 | 50 |
| | | | | | | | | 400 | | | |

### خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە

خشتەی4 ئاستی بژێوی ژیانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو:

| گۆڕاو | | ژمارە | % | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی بژێوی | بەرز | 31 | 7.8 | 400 |
| | ناوەند | 355 | 88.8 | |
| | نزم | 14 | 3.5 | |
| ڕەگەز | نێر | 181 | 45.25 | 400 |
| | مێ | 219 | 54.75 | |
| جۆری قوتابخانە | حکومی | 356 | 89 | 400 |
| | ناحکومی | 44 | 11 | |
| پسپۆڕی | زانستی | 304 | 76 | 400 |
| | وێژەیی | 96 | 24 | |

له خشتەی(4)دەردەکەوێت کە (31)یەکە ئاستی بەرزی بژێویان هەیە و ڕێژەکەی (7.8%)دەبێت، بەڵام(355)یەکە ئاستی ناوەندییان هەیە و ڕێژەکەی(.88.8%)دەبێت، لە کاتێکدا ئاستی بژێوی نزم کەمترینن و (14)یەکە ئاماژەیان بەوەداوە، کە ئاستی بژێویان نزمە بە ڕێژەی(3.5%). لە کاتی سەردانەکانمان هەستمان بەوە کرد، کە ڕەنگە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دانیان بەو ڕاستییەدا نەنابێت کە هەژارن، چونکە وا بیردەکەنەوە هەژاری جۆرێکە لە(لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی)، چینی هەژار بە شێوەیەکی ئەرێنی تەماشاناکرێن لە کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوە زۆرینەیان زیاتر خۆیان بە چینی ناوەند لەقەڵەم داوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین سەرنجێک بخەینە سەر ئاستی بژێوی ژیانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە. ئاستی بژێوی لە توێژینەوە کۆمەڵناسی و دەروونزانییەکاندا گرنگی و بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تەواوی پرۆسەکانی ژیان هەیە، بەتایبەتیش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەردەستبوونی پێویستییەکانی ژیان و چۆنایەتی خوێندن و خۆشگوزەرانییەکانی تاک و خێزان و کۆمەڵگە. ئەگەرچی ئەستەمە بتوانرێت بە شێوەیەکی دروست لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئاستی بژێوی ژیان بە شێوەیەکی ورد دیاری بکرێت، بەتایبەتی لە نێو چینی هەرزەکاراندا.

لەلایەکی تریشەوە دۆخی ئابووری لەکۆمەڵگەی کوردیدا بە جۆرێک پێکداچوو و ئاڵۆز بووە، ئەستەمە بە شێوەیەکی ورد ئاستەکان دیاریبکرێت. دەکرێت سود لە پۆلێنەکەی ولیەم لوید ورنر(William Lioyd Warner) لەتوێژینەوەکەی بەناوی(Yankee city) بکەین بۆپۆلێنکردنی ئەم چینانە بەسەر سێ چینی تردا، کە دەڵێت لەشارە مۆدێرنەکاندا چینەکان بەم شێوەیە دابەشدەبن: (هەژار، ناوەند، بەرز) ئەم سێ چینەش دەبنە نۆ چین، هەرچینێک بەسەر سێ چینی تردا دابەشدەبێت، بۆ نموونە: چینی ناوەند:(ناوەندی هەژار، ناوەندی ناوەند، ناوەندی دەوڵەمەند) بۆ چینەکانی تریش بەهەمان شێوە بەم جۆرەبێت، چینەکانی: هەژاری هەژار و دەوڵەمەندی دەوڵەمەند لە نموونەکەی ئێمەدا نیین، چونکە هەژاری هەژار ڕەنگە توانای ئەوەی

نەبێت بچێتە پرۆسەی خوێندن، بەڵکو لە بازاڕی کاردا کاردەکات یانیش پیشەیەک هەڵدەبژێرێت، لە هەمانکاتدا دەوڵەمەندی دەوڵەمەندیش یان لەقوتابخانە نێودەوڵەتییەکان یاخود لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن، دەوڵەمەندی هەژار و دەوڵەمەندی ناوەندیش بە ڕێژەیەکی کەم بوونیان هەیە، لەناو یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەماندا و بەزۆری یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەی ئێمە دەکەوێتە سنوری ناوەندی دەوڵەمەند بەرەوخوار، لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم چاوپێکەوتنەکان جەختیان لە ڕاستی و دروستی دیاریکردنی زۆرینەی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە لە ئاستی ناوەند کردۆتەوە.

لە لایەکی تریشەوە زۆرینەی هەژارەکان ناتوانن دان بەو ڕاستیەدا بنێن کە هەژارن، چونکە پێیان وایە هەژاری جۆرێکە لە لەکەداربوونی کۆمەلایەتی و چینی هەژار بە شێوەیەکی ئەرێنی تەماشا ناکرێن لە کۆمەڵگەدا، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا **"دەوڵەمەندەکان بە کردەوە ڕێزیان لێدەگیرێت"** لەبەرئەوە زۆرینەیان زیاتر خۆیان بە چینی ناوەند لەقەڵەم داوە. لەم بارەیەوە لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ پسپۆڕێکی دەروونزانی کۆمەلایەتی[1]، هەروەها کەسێتی و تەندروستی دەروونی[2] وتیان: **"سروشتی ئەوتەمەنە وایە هەردەم هەوڵدەدات زیاتر لە ئاستی خۆی پیشانبدات و هەژاری خۆی بشارێتەوە، چونکە شەرم دەکات دان بەو ڕاستییەدا بنێت، ئەمەش سیستمێکی بەرگری دەروونییە، بۆیە پەنا بۆ ئەم شێوازە لە وەلامدانەوە دەبات"**

**ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری چەندی**

**پێوەر(Scale):** بێگومان بۆئەم توێژینەوەیە یەکێک لە گونجاوترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پێوەرە. بۆ پێوانەکردنی هەرسێ گۆڕاوەکەی توێژینەوەکە پشت بە سێ پێوەر بەستووە. پێوەری تایبەت بە کارلێکی کۆمەلایەتی و فۆبیای کۆمەلایەتی لە لایەن ئێمەوە(ئامادە کراوە)، بۆ پێوانە کردنی زیرەکی هەڵچوونی گونجاندنمان کردووە بۆ پێوەری تایبەت بە

[1] پرۆفیسۆر لەبواری دەرونزانی کۆمەلایەتی.
[2] پرۆفیسۆر لەبواری دروستی دەرونی و کەسێتی.

بوارەکە، کە توێژەرانی تر پێشتر بەکاریان هێناوە و گونجاوە لەگەڵ کولتوری کۆمەڵگەی کوردیدا، بەم شێوەیەی خوارەوە هەریەکە لەو پێوەرانە ڕووندەکەینەوە:

**مەرجە سایکۆسۆسیۆمەترییەکانی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی**

**یەکەم/ بڕگەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتSocial interaction Items :**

دوای تاوتوێکردنی چەندین توێژینەوەی تایبەت بە کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی لە وڵات و ژینگە و کۆمەڵگەی جیاوازدا و لە لای چەندین توێژەر، نەمانتوانی باوەڕبەوەبکەین، ئەگەر پشت بە پێوەرەکانیان ببەستین دەگەین بە ئەنجامی دروست، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە بۆئەوەی بتوانین ئەنجامێکی باوەڕپێکراومان دەستبکەوێت، لەبەرئەوە توانیمان، پێوەرێکی تایبەت بە کارلێکی کۆمەڵایەتی و پێوەرێکیش تایبەت بە فۆبیای کۆمەڵایەتی ئامادەبکەین، کە بگونجێت لەگەڵ کولتور و تایبەتمەندی و کاتی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا.

بە مەبەستی ئامادەکردنی پێوەری تایبەت بە پێوانەکردنی (کارلێکی کۆمەڵایەتی) لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، بە وردی چەندین توێژینەوەو پێوەرمان تاوتوێکردووە و سودمان لە دەربڕین و بڕگەکانیان بینیوە وەک: پێوەری(خضیر و هلال، 2020) [1]؛ الناقة و شیخ العید، 2011 [2]؛ [3]Heerey, 2004; [4]Colin, 2011 ; [5]Spears, 2012. هەروەها

---

[1] بلال خالد خضير و عماد اسماعيل هلال، أنماط التفاعل الصفي الممارسة من قبل المعلمين والمعلمات وعلاقتها بدافعية الطلبة نحو التعلم في المرحلة الابتدائية، مجلة الدراسات التربوية والعلمية-كلية التربية-الجامعة العراقية، 2، عدد15، (2020).

[2] الناقة و شيخ العيد، مهارات التواصل الصفي ومستوى أدائها لدى معلمي اللغة العربية والعلوم بالمرحلة الأساسية.

[3] Erin A. Heerey, Emotional, social anxiety, and social interaction. (Unpublished PhD diss), University of California, Berkeley (2004).

[4] Colin Hesse, Emotional Competence and Interpersonal Interaction: Understanding the Relationship Between Alexithymia and Positive Social Interaction, (Unpublished PhD diss), Arizona State University, (2009).

[5] Lajoy Spears, Social Presence, Social Interaction, Collaborative Learning, and Satisfaction in Online and Face-to-Face Courses, (Unpublished PhD diss), *Iowa State University*, (2012).

سودوەرگرتن لە تیۆری کارلێکی هێمایی(Mead, 1934)[1] لە ئەنجامدا(48) بڕگەمان کۆکردەوە، بڕوانە پاشکۆی(1)، کە دابەشبووە بەسەر سێ پێکهاتەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:(پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هاوکاری، گرنگی پێدان)، کە تاک دوای خوێندنەوەی هەر بڕگەیەک دەتوانێت یەکێک لەم جێگرەوانە هەڵبژێرێت:(**زۆر لەگەڵیدام، تاڕادەیەک لەگەڵیدام، لەگەڵیدانیم، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵیدانیم**). بەجۆرێک کە بڕگە ئەرێنییەکان لە(1-4) نمرە وەردەگرن و بۆبڕگە نەرێنییەکانیش(4- 1)وەردەگرن. پرۆسەی ڕاستێتی و جێگیری بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام دراوە:

## 1-ڕاستێتی Validity

ڕاستێتی بڕگەکان، لە هەنگاوە گرنگەکانی توێژینەوە چەندایەتییەکانن، لەبەرئەوەی پێوەر بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری هەژماردەکرێت لە توێژینەوە زانستییەکاندا، ئەمەش پێویستی بە ئاستێکی باش لە ڕاستێتی (validity) هەیە. مەبەست لە ڕاستێتی(Validity) ئەوەیە تا چەند پێوەر یان ئامرازەکە ئەو بابەتە دەپێوێت، کە بۆی ئامادەکراوە.[2]

لێرەدا دوو جۆر لەڕاستێتیمان دەرهێناوە:

### أ- ڕاستێتی ڕووکەش Face Validity

بۆ گەیشتن بە ڕاستێتی ڕووکەش، بڕگەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی توێژینەوەکەمان خستە بەردیدی دەستەیەکی پسپۆڕ بە پلەی پرۆفیسۆرو پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆمەڵناسی و دەروونزانی، تاوەکو بۆچوونی خۆیان لەو بارەیەوە بخەنەڕوو، لە ئەنجامی ئەم ڕێوشوێنەدا (10) بڕگە لابران، (38) بڕگەمایەوە. لە پاشکۆی (7) ناوو پلەی زانستی پسپۆڕان خراوەتەڕوو.

---

[1] George Herbert Mead, Mind, self, and society, op. cit.

[2] سعد بن سعيد القحطاني، الإحصاء التطبيقي: المفاهيم الاساسية وأدوتت التحليل الإحصائي الأكثر استخداما في الدراسات والبحوث الاجتماعية واللإنسانية بأستخدام SPSS، المملكة العربية السعودية: معهد الادارة العامة-مركز البحوث الرياض، (2015)، ص38.

**خشتەی 5 بۆچونی شارەزایان سەبارەت بە (شیاوی‌و نەشیاو) ی بڕگەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی**

| پێزبەندی بڕگەکان | ژ.بڕگەکان | ژ. شارەزایانی ڕازی بوو | ڕێژەی ڕازیبوون | ڕێژەی سەدی ڕازی بوون | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| لە (1-48) جگەلە بڕگەکانی: | 30 | 7 | 7/7 | %100 | گونجاون |
| 5،8،10،19،28،30،38،46 | 8 | 6 | 7/6 | %86 | گونجاون |
| 2،11،21،24،32،33،35،37،40،42 | 10 | 5 | 7/5 | %71 | نەگونجاون |
| کۆ | 48 | | | | |

دوای وردبوونەوە لە ڕاوبۆچوونی شارەزایان لەخشتەی(5) لەبارەی بڕگەکانی پێوەرەکەوە، دەرکەوت کە (10) بڕگە کەمتر لەڕێژەی (80%) یان هەیە، بۆیە دورخرانەوە. بەشەکەی تری وەک خۆی مایەوە کە دەکاتە (38) بڕگە. کەواتە پێوەرەکە لە (48) بڕگەوە کەم بوویەوە بۆ (38) بڕگە لەم قۆناغەدا.

### ب- ڕاستێتی بنیادی Construct Validity

جگە لەوەی بە ڕێگەی ڕاستێتی ڕووکەش ڕاستگۆییمان دەرهێنا، لەهەمانکاتدا ڕاستێتی بنیادی و پەیوەندی هەربڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوەرەکەمان دەرهێنا، دوای دابەشکردنی بڕگەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەسەر (100) یەکە لە یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە. لەم نێوانەدا (1) بڕگەی تر لابردرا، پێوەرەکە بوو بە (37) بڕگە. هەروەک لە خشتەی(6) دەردەکەوێت.

**خشتەی 6 پەیوەستی هەربڕگەیەک بە نمرەی گشتی کارلێکی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات**

| بڕگەکان | ب.پەیوەست | بڕگەکان | ب.پەیوەست | بڕگەکان | ب.پەیوەست | بڕگەکان | ب.پەیوەست | بڕگەکان | ب.پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.415** | 9 | 0.342** | 17 | 0.566** | 25 | 0.683** | 33 | 0.273** |

| برگەکان | ب.پەیوەست | برگەکان | ب.پەیوەست | برگەکان | ب.پەیوەست | برگەکان | ب.پەیوەست | برگەکان | ب.پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2 | 0.286** | 10 | 0.254* | 18 | 0.717** | 26 | 0.712** | 34 | 0.577** |
| 3 | 0.400** | 11 | 0.546** | 19 | 0.763** | 27 | 0.683** | 35 | 0.676** |
| 4 | 0.415** | 12 | 0.312** | 20 | 0.643** | 28 | 0.644** | 36 | 0.472** |
| 5 | 0.340** | 13 | 0.261** | 21 | 0.370** | 29 | 0.562** | 37 | 0.711** |
| 6 | 0.228** | 14 | 0.405** | 22 | 0.750** | 30 | 0.653** | 38 | 0.259** |
| 7 | 0.550** | 15 | 0.496** | 23 | 0.728** | 31 | 0.667** | | |
| 8 | 0.044 | 16 | 0.622** | 24 | 0.592** | 32 | 0.337** | | |

خشتەی(6)ئاماژە بە بوونی پەیوەستێکی بەهێز دەکات لەنێوان هەر برگەیەک و نمرەی گشتی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی، بە جۆرێک سەرجەم برگەکان بەڵگەدارن بە ئاستی ئاماژەداری(0.01) تەنها برگەی(8)نەبێت پەیوەستی نییە، بۆیە لادران، بەم شێوەیە ژمارەی برگەکانی ئەم پێوەرە دەبێت بە(37) برگە، لەهەمانکاتدا دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕوکەش جێگرەوەکانیش بونە(5)جێگرەوە، بڕوانە پاشکۆی(4).

**2- جێگیری Reliability:** جێگیری گرنگە بۆ پشت بەستن بە پێوەرەکە، لەبەرئەوە پشتمان بە دوو ڕێباز بەست:

**أ-جێگیری برگەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی بە ڕێگەی بەشکردن بۆ دوو بەش** ( Split-Half Reliability Confficient): بە بەکارهێنانی(Guttman Split-Half Coefficient)[1] بۆ دەرهێنانی جێگیری برگەکان لە ڕێگەی بەشکردن بۆ دوو بەش، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی برگەکانمان دابەشکردووە بەسەر (30) یەکە لە هەردوو ڕەگەز، دەرکەوت، کە ڕێژەی جێگیری پێوەر بریتییە لە: (0.898).

(1) جەتمان (Guttman split-half reliability coefficient) هەروەک سپێرمان براونە بۆدابەشکردن بۆ دوو بەش(Sperman Brown split-half coefficient)، بەڵام کاتێک بەکاردەهێنرێت کە تەباین و جێگیری هەردو بەشی برگەکان پێوەرەکە یەکسان نەبن یان تەباین نەبن.
اسماء البرغني، "حساب الثبات بطريقة التجزئة النصفية"، الدرس(73): https://www.youtube.com/watch?v=8K2VWktwSiQ تأريخ الزيارة: 5-11-2022.

**خشتەی 7 جێگیری پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی  بە ڕێگەی بەشکردن بۆ دوو بەش و ئەلفاکرونباخ نیشان دەدات**

| کارلێکی کۆمەڵایەتی | جێگیری بەڕێگای: | |
|---|---|---|
| | بەشکردن بۆدو بەش (split-Half) | Cronbach's Alpha |
| | 0.917 | 0.905 |

ب- **بۆزانینی ڕێکوپێکی ناوخۆیی-Internal Consistency، پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی(معادلەی ئەلفاکرونباخ(**Cronbach's Alpha)مان بەکارهێنا) بۆ هەر تەوەرێک لە تەوەرەکانی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی توێژینەوەکە دەرهێنراوە. بۆئەم مەبەستە نموونەیەکمان لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە وەرگرت تایبەت بە جێگیری پێوەرەکانی توێژینەوەکە. لێرەدا ئەگەر بەهای کرونباخ بەرز بوو، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ڕێکوپێکی نێوخۆیی. هەروەک لە خشتەی(8) ڕونکراوەتەوە، داتاکان ئاماژە بە بوونی پەیوەستێکی بەهێزدەکەن لەسەر ئاستی تەوەرەکان چ لەسەر ئاستی کۆی گشتی بابەتی توێژینەوەکە، وەک لە خشتەی (8) دیارە:

**خشتەی 8 ڕیکوپێکی نێوخۆیی (الاتساق الداخلي) هەرتەوەرێک بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات**

| تەوەرەکان | Cronbach's Alpha | ژمارەی برگە |
|---|---|---|
| پەیوەندی کۆمەڵایەتی | 0.681 | 13 |
| هاوکاری | 0.753 | 16 |
| گرنگی پێدان | 0.730 | 8 |
| کۆی پێوەرەکە | 0.905 | 37 |

دوای ئەوەی بڕگەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی پرۆسەی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ ئەنجامدرا (37)بڕگەمایەوە و کەمترین نمرە بریتییە لە(37)واتە کارلێکی کۆمەڵایەتی نەرێنییە و زۆرترین

نمرەش بریتییە لە(185)، واتە کارلێکی کۆمەڵایەتی زۆر ئەرێنییە، ناوەندی گریمانەکراویش بریتییەلە(111)[1]

## 3-تایبەتمەندی ئاماری بڕگەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

**خشتەی 9 تایبەتمەندی ئاماری کارلێکی کۆمەڵایەتی**

| جۆری | Statistic |
|---|---|
| الوسط الحسابي Mean ناوەندی ژمێرەیی | 131.49 |
| الوسيط Median ناوەند | 133.49 |
| المنوال Mode مینوال | 132.00 |
| التباين Variance جیاوازی | 650.197 |
| الانحراف المعياري Std. Deviation لادانی پێوەری | 25.49 |
| المدى Range | 116.95 |
| الالتواء Skewness لاری | -0.266 |
| التفرطح Kurtosis تەپین | -0.408 |
| اقل درجة Minimum کەمترین نمرە | 66 |
| اعلى درجة Maximum زۆرترین نمرە | 183 |
| Missing | 0 |

لە خشتەی(9) دابەشبوونی سروشتی نیشانەدات، دیارە کە بەهای ناوەند(131.49)و ناوەندی ژمێرەیی(133.49) و مینوال(132.00)زۆر نزیکن لە یەکتری، مەبەست لە تایبەتمەندی ئاماری ئەوەیە، کە دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە سروشتی بێت(التوزيع الطبيعي)، تاکو بتوانین ئاماری پارامەتری بەکاربهێنین، ئەگەر دابەشبوونی سروشتی نەبوو ئەوە ئاماری ناپارامەتری بەکاربهێنین. بەپێی ئەم داتایانەی سەرەوە ئاماژەیە بۆئەوەی داتاکانی توێژینەوە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی نزیکە لە دابەشبوونی سروشتی. لەبەرئەوە دەتوانین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بگشتێنین و ئامرازە ئامارگرییە پارامەترییەکانیش بەکاربهێنین.

[1] ناوەندی گریمانەکراو: کۆی نمرەی جێگرەوەکان(15) ناوەندی جێگرەوەکان بریتییەلە(3) جارانی ژمارەی بڕگەکان(111).




**شێوەی 1 دابەشبونی نموونەی توێژینەوەکە بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی دەردەخات**

بەم شێوەیە توانیمان پێوەرێک بۆ پێوانە کردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئامادەبکەین.

## دووەم/ برگەکانی زیرەکی هەڵچوونی Emotional Intelligence Items

بۆ پێوانەکردنی زیرەکی هەڵچوونی پشتمان بەست بە پێوەری(منوخ و علی، 2011)، چونکە گونجاوە لەگەڵ کۆمەڵگە و کولتورو توێژینەوەکەی ئێمەدا. کە لە (50)برگە و شەش کارامەیی پێکهاتبوو بەم شێوەیەی خوارەوە:(تێگەیشتن لە هەڵچوونە خودییەکان، تێگەیشتن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڕێوەبردنی فشارە دەروونییەکان، گونجان، پارێزگاریکردن لە میزاجی ئەرێنی، بەدیهێنانی تێروانینێکی ئەرێنی بۆ خود)، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(2). جێگرەوەکانیش پێکدێن لە(**زۆر لەگەڵیدام، تاڕادەیەک لەگەڵیدام، لەگەڵیدانیم، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵیدانیم**)هێزی برگەکانیش بریتین لە(4،3،2،1)، بۆبرگە نەرینییەکانیش پچەوانە دەبنەوە.

## مەرجە سایکۆسۆسیۆمەترییەکانی برگەکانی زیرەکی هەڵچوونی

1-ڕاستێتی Validity :

أ-ڕاستێتی ڕووکەش Face Validity:

**خشتەی 10 بۆچوونی شارەزایان سەبارەت بە (شیاوی‌و نەشیاو) ی برگەکانی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی**

| ڕیزبەندی برگەکان | ژ.برگەکان | ژ. شارەزایانی ڕازی بوو | ڕێژەی ڕازیبوون | ڕێژەی سەدی ڕازی بوون | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| لە (1-50) جگەلە برگەکانی: | 31 | 7 | 7/7 | %100 | گونجاون |
| 6،16،22،24،26،30،33،39،40،48،49 | 11 | 6 | 7/6 | %86 | گونجاون |
| 1،4،19،20،25،27،44،46 | 8 | 4 | 7/4 | %57 | نەگونجاون |
| کۆ | 50 | | | | |

لە خشتەی(10)دا دوای وردبوونەوە لە بۆچوونی شارەزایان لە بارەی برگەکانی پێوەرەکەوە دەرکەوت، کە(8) برگە کەمتر لە ڕێژەی (80%) یان هەیە، بۆیە دورخرانەوە. بەشەکەی تری وەک خۆی مایەوە، کە دەکاتە (42) برگە، کەواتە پێوەرەکەمان لە (50) برگەوە کەم بوویەوە بۆ (42) برگە لەم قۆناغەدا.

ب- ڕاستێتی بنیادی Construct Validity:

جگە لەوەی بە ڕێگەی ڕاستێتی ڕووکەش ڕاستگۆییمان دەرهێنا، لەهەمانکاتدا ڕاستێتی بنیادی و پەیوەندی هەر برگەیەک بە نمرەی گشتی پێوەرەکەمان دەرهێناوە، دوای دابەشکردنی برگەکانی زیرەکی هەڵچوونی بەسەر(100)یەکە لەیەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە. وەک لە خشتەی(11) دەردەکەوێت:

### خشتەی 11 پەیوەستی هەربرگەیەک بە نمرەی گشتی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی نیشان دەدات

| برگەکان | ب.پەیوەست | برگەکان | ب.پەیوەست | برگەکان | ب.پەیوەست | برگەکان | ب.پەیوەست | برگەکان | ب.پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.310** | 10 | 0.230* | 19 | 0.339** | 28 | 0.388** | 37 | 0.528** |
| 2 | 0.083 | 11 | 0.239* | 20 | 0.133 | 29 | 0.494** | 38 | 0.391** |
| 3 | 0.274** | 12 | 0.303** | 21 | 0.015 | 30 | 0.465** | 39 | 0.500** |
| 4 | 0.361** | 13 | 0.424** | 22 | 0.214* | 31 | 0.516** | 40 | 0.449** |
| 5 | 0.142 | 14 | 0.452** | 23 | 0.425** | 32 | 0.388** | 41 | 0.328** |
| 6 | 0.135 | 15 | 0.048 | 24 | 0.327** | 33 | 0.442** | 42 | 0.147 |
| 7 | 0.414** | 16 | 0.433** | 25 | 0.406** | 34 | 0.396** | | |
| 8 | 0.387** | 17 | 0.003 | 26 | 0.331** | 35 | 0.230* | | |
| 9 | 0.292** | 18 | 0.550** | 27 | 0.509** | 36 | 0.157 | | |

خشتەی(11)ئاماژە بە بوونی پەیوەستێکی بەهێز دەکات لەنێوان هەر برگەیەک و نمرەی گشتی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بە جۆرێک سەرجەم برگەکان بەڵگەدارن بە ئاستی ئاماژەداری(0.01) جگە لە برگەکانی:(2، 5، 6، 15، 17، 20، 21، 36، 42)کە پەیوەستیان نەبوو بە نمرەی گشتی زیرەکی هەڵچوونییەوە، بۆیە لابران، بەم شێوەیە ژمارەی برگەکانی ئەم پێوەرە دەبێتە(33)برگە، لەهەمانکاتدا دوای دەرهێنانی راستگۆیی روکەش جێگرەوەکانیش بون بە(5) جێگرەوە، بڕوانە پاشکۆی(5).

### 2- جێگیری Reliability

**أ-جێگیری برگەکانی زیرەکی هەڵچوونی بە رێگەی بەشکردن بۆ دوو بەش (split-Half):** بە بەکارهێنانی(Guttman Split-Half Coefficient) بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری زیرەکی هەڵچوونی لە رێگەی بەشکردن بۆ دوو بەش، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی برگەکانی زیرەکی هەڵچوونیمان دابەشکردووە بەسەر (30) یەکە لەیەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوت، کە رێژەی جێگیری برگەکانی زیرەکی هەڵچوونی بریتییە لە: (0.737).

**خشتەی 12 جێگیری بەڕێگای بەشکردن بۆدووبەش و ئەلفاکرونباخ نیشان دەدات**

| گۆڕاوی توێژینەوە | جێگیری بەڕێگای: | |
|---|---|---|
| | دابەشکردن بۆدوبەش Split Half | الفا کرونباخ |
| زیرەکی هەڵچوونی | 0.737 | 0.779 |

ب- بۆ زانینی ڕێکوپێکی نێوخۆیی-**Internal Consistency**، **برگەکانی زیرەکی هەڵچوونی(معادلەی ئەلفاکرونباخمان**(Cronbach's Alpha) **بەکارهێنا)** بۆ هەر تەوەرێک لە تەوەرەکانی زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەستی بە هەر برگەیەک بە تەوەری تایبەت بە توێژینەوەکە دەرهێنراوە. بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەکمان لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە وەرگرت تایبەت بە جێگیری و ڕاستگۆیی پێوەرەکانی توێژینەوەکە. لێرەدا ئەگەر بەهای کرونباخ بەرزبوو ئەوە بەڵگەیە لەسەر ڕێکوپێکی نێوخۆیی. هەروەک لە خشتەی(13) ڕونکراوەتەوە داتاکان ئاماژە بە بوونی پەیوەستیێکی بەهێزدەکەن چ لەسەر ئاستی برگە و تەوەرەکان چ لەسەر ئاستی کۆی گشتی بابەتی توێژینەوەکە.

**خشتەی 13 ڕیکوپێکی نێوخۆیی(الاتساق الداخلي) هەرتەوەرێک بۆ زیرەکی هەڵچوونی نیشان دەدات**

| تەوەرەکان | Cronbach's Alpha | ژمارەی برگە |
|---|---|---|
| تێگەیشتن لە هەڵچوونەخودییەکان | 0.742 | 3 |
| تێگەیشتن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | 0.664 | 8 |
| بەڕێوەبردنی فشارە دەروونییەکان | 0.671 | 3 |
| گونجان | 0.716 | 6 |
| پارێزگاریکردن لە میزاجی ئەرێنی | 0.708 | 9 |
| بەدیهێنانی تێڕوانینێکی ئەرێنی بۆخود | 0.766 | 4 |
| کۆی گشتی پێوەرەکە | 0.779 | 33 |

لە خشتەی(13)دەردەکەوێت جێگیری لەسەر ئاستی گشتی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی(33)بڕگەکە باشە و گەیشتۆتە(0.779) ئەمەش ئاستێکی باشی جێگیرییە وە

جێگیری بوارەکانی توێژینەوەکە لەنێوان(0.664- 0.766)ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی، کە پێوەری زیرەکی هەڵچوونی بە پلەیەکی باش ئامادەیە بۆئەوەی بەکاربهێنرێت.

### 3- وردی وەرگێڕان- دقة الترجمة

دوای ئەوەی بڕیارماندا پشت ببەستین بە پێوری زیرەکی هەڵچوونی(منوخ و علی، 2011)[1] بۆ پێوانەکردنی زیرەکی هەڵچوونی، پێوەرەکەمان وەرگێڕا لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، دواتر وەرگێڕانەکە بە دەقە عەرەبییەکەیەوە خستمانە بەر دیدی پسپۆڕێکی زمانی عەرەبی دوای ڕاستکردنەوەی چەند دەستەواژەیەک لە لایەن ئەو پسپۆڕەوە، جارێکی تر پێوەرەکەمان خستە بەر دیدی پسپۆڕێکی زمانی کوردی دوای ڕاستکردنەوەی چەند دەستەواژەیەک لە لایەن ئەو پسپۆڕەوە، پێوەرەکەمان خستە بەر دیدی پسپۆڕێکی بواری دەروونزانی، کە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەباشی دەزانی ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر دەستەواژە کوردییەکان، کە گونجاون بۆ پێوانەکردنی زیرەکی هەڵچوونی. پاشکۆی(8) ناو و ناونیشانی پسپۆڕەکان خراوەتەڕوو.

دوای دەرهێنانی ڕاستێتی و جێگیری بۆ پێوەری زیرەکی هەڵچوونی (33)بڕگەمایەوە و کەمترین نمرە(33) واتە زیرەکی هەڵچوونی زۆر لاوازە و زۆرترین نمرە(165)واتە زیرەکی هەڵچوونی زۆر بەرزە، ناوەندی گریمانەکراویش بریتییە لە(99). جێگرەوەکانیش لەچوار جێگرەوە بوبە پێنج جێگرەوە.

4-تایبەتمەندی ئاماری پێوری زیرەکی هەڵچوونی لە خشتەی(14)خراوتەڕوو:

[1] صباح مرشود منوخ و نظير سلمان علي، الذكاء العاطفي وعلاقته بنمط الشخصية لدى طلبة المحلة الاعدادية، المصدر السابق.

## خشتەی 14 تایبەتمەندی ئاماری پێوەری زیرەکی هەڵچوونی

| جۆری | Statistic |
|---|---|
| الوسط الحسابي Mean | 127.75 |
| الوسيط Median | 128.00 |
| المنوال Mode | 128.00 |
| التباين Variance | 115.82 |
| الانحراف المعياري Std. Deviation | 10.76 |
| المدى Range | 51.63 |
| الالتواء Skewness | -0.090 |
| التفرطح Kurtosis | -0.433 |
| اقل درجة Minimum | 100 |
| اعلى درجة Maximum | 152 |
| لەدەستچو missing | 0 |

بە تێڕوانین لە ئەنجامەکانی خشتەی(14) دابەشبوونی سروشتی، دەبینین کە ناوەندی ژمێرەیی(127.75) و ناوەند(128.00) و مینوال(128.00) زۆر نزیکن لەیەکەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دابەشبوونی نزیک لە سروشتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەبەرئەوە دەتوانین ئەنجامەکانی بگشتێنین و ئامرازە ئامارگرییە پارامەترییەکانیش بەکاربهێنین.




**شێوەی 2 دابەشبونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە زیرەکی هەڵچوونی دەردەخات**

بەم شێوەیە توانیمان گونجاندن بکەین بۆ پێوەری پێوانەکردنی زیرەکی هەڵچوونی بە پشتبەستن بە پێوەری زیرەکی هەڵچوونی(منوخ وعلی، 2011).

**سێیەم/ بڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی، Social phobia Items:**

دوای تاوتوێکردنی چەندین توێژینەوەی پەیوەست بە فۆبیای کۆمەڵایەتی، نەماتوانی پێوەری یەکێک لەوتوێژینەوانە بەکاربهێنین، پێمان وابوو گونجاو نین لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێمەدا، لە هەمانکاتدا چەند پێوەرێکمان دەستنیشانکرد، باوەڕمان وابوو یارمەتی دەرێکی باشە بۆ ئامادەکردنی پێوەرێکی تایبەت بە پێوانەکردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی ئامادەیی گونجاو بێت لەگەڵ کولتورو شێوازی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا. لە ئەنجامی شەن و کەوکردنی هەندێک لە بڕگە و پێوەرەکانی توێژەرانی وەک:

(الرقاد، 2017؛[1]الحمد، العوهلی و حمیدان، 2016؛[2] رضوان، 2001؛[3] Safren et al, 1998;[4] Mattick and Clarke, 1998;[5] Ali, Kareem and Al-Banna,2016;[6] )، هەروەها تیۆری ئەلیس(Albert Allis) لە ئەنجامدا توانیمان(32)بڕگە دیاری بکەین. بڕوانە پاشکۆی(3) کەتاک دوای خوێندنەوە بۆ هەر بڕگەیەک دەتوانێت یەکێک لەم پێنج جێگرەوە دابنێت (**زۆر لەگەڵیدام، تاڕادەیەک لەگەڵیدام، لەگەڵیدانیم، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵیدانیم)، هێزی جێگرەوەکانیش بەم شێوەیە: (4،3،2،1).**

**مەرجە سایکۆ سۆسیۆمەترییەکانی بڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی**

---

[1] هناء خالد الرقاد، الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتوافق الجامعي لدى طلبة الجامعة الهاشمية، المصدر السابق.

[2] نایف فدعوس الحمد وآخرون، مستوى الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتكيف النفسي والاجتماعي لدى الطلبة السعوديين في الجامعات الأردنية.

[3] سامر جميل رضوان، القلق الاجتماعي: دراسة ميدانية لتقنين مقياس للقلق الاجتماعي على عينات سورية، المصدر السابق.

[4] Steven A. Safren, Cynthia L Turk, and Richard G. Heimberg, Factor structure of the social interaction anxiety scale and the social phobia scale. Behavior research and therapy 36, (1998).

[5] Richard P. Mattick, and Christopher Clarke, Development and validation of measures of social phobia scrutiny fear and social interaction anxiety, Behaviour Research and Therapy, 36, no.4, (1998).

[6] Sirwan Kamal Ali, Mosleh Saber Kareem and Dara Abdulla Al.Banna, Assessment of social phobia among students of nursing college in Hawler Medical University at Erbil city-Iraq, Kufa journal for nursing science, 6, no.2, (2016).

## 1- ڕاستێتی Validity

### أ- ڕاستێتی ڕوکەش Face Validity:

دوای ئامادەکردنی برگەکانی تایبەت بە فۆبیای کۆمەڵایەتی، بڕگەکانمان خستە بەردەستی دەستەیەکی پسپۆڕ بەمەبەستی شیاوی و نەشیاوی بڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی، لەخشتەی(15) ئەنجامەکانی خراوەتەڕوو:

**خشتەی 15 بۆچوونی شارەزایان سەبارەت بە (شیاوی‌و نەشیاو) ی بڕگەکانی پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی**

| ڕیزبەندی بڕگەکان | ژ.بڕگەکان | ژ. شارەزایانی ڕازی بوو | ڕێژەی ڕازیبوون | ڕێژەی سەدی ڕازی بوون | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| لە (1-32) جگەلە بڕگەکانی: | 19 | 7 | 7/7 | %100 | گونجاون |
| 3،5،6،8،12،19،21،23،32 | 11 | 6 | 7/6 | %86 | گونجاون |
| 5،13 | 2 | 5 | 7/5 | %71 | نەگونجاون |
| کۆ | 32 | | | | |

لە خشتەی(15)دا دوای وردبوونەوە لە بۆچوونی شارەزایان لەبارەی بڕگەکانی پێوەرەکەوە دەرکەوت، کە (2) بڕگە کەمتر لە ڕێژەی (80%) یان هەیە، بۆیە لابران. بەشەکەی تری وەک خۆی مایەوە، کە دەکاتە (30) بڕگە، بڕوانە پاشکۆی(6)، کەواتە بڕگەکان لە (32) بڕگەوە کەم بوویەوە بۆ (30) بڕگە لەم قۆناغەدا.

### ب- ڕاستێتی بنیادی Construct Validity:

جگەلەوەی بە ڕێگەی ڕاستێتی ڕوکەش ڕاستگۆییمان دەرهێنا بۆ بڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی، لەهەمانکاتدا ڕاستێتی بنیادی و پەیوەندی هەر بڕگەیەک بە تەوەرەکەمان دەرهێنا، دوای دابەشکردنی بڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەسەر (100) یەکە لە یەکەکانی نموونەی

توێژینەوەکەدا. لەم تاقیکردنەوەیەدا هیچ بڕگەیەک لانەبران و بڕگەکان وەک خۆیان مانەوە هەروەک لە خشتەی(16) دەردەکەوێت.

**خشتەی 16 پەیوەستی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی نیشان دەدات**

| ب.پەیوەست | بڕگەکان | ب.پەیوەست | بڕگەکان | ب.پەیوەست | بڕگەکان | ب.پەیوەست | بڕگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0.702** | 25 | 0.617** | 17 | 0.609** | 9 | 0.532** | 1 |
| 0.549** | 26 | 0.530** | 18 | 0.681** | 10 | 0.392** | 2 |
| 0.608** | 27 | 0.547** | 19 | 0.562** | 11 | 0.347** | 3 |
| 0.705** | 28 | 0.552** | 20 | 0.389** | 12 | 0.239* | 4 |
| 0.627** | 29 | 0.556** | 21 | 0.368** | 13 | 0.345** | 5 |
| 0.582** | 30 | 0.597** | 22 | 0.210* | 14 | 0.469** | 6 |
| | | 0.574** | 23 | 0.580** | 15 | 0.928** | 7 |
| | | 0.645** | 24 | 0.541** | 16 | 0.591** | 8 |

خشتەی(16)دوای دابەشکردنی بڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەسەر(100)یەکە لە نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڕەمەکی دەرکەوت، کە سەرجەم بڕگەکان پەیوەستێکی بەهێزیان هەیە بە نمرەی گشتی فۆبیای کۆمەڵایەتییەوە، بەجۆرێک سەرجەم بڕگەکان بەڵگەدارن بەئاستی ئاماژەداری(0.01). لەم قۆناغەدا هیچ بڕگەیەک لانەبراو(30)بڕگە مایەوە بۆپێوانەکردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی. لەهەمانکاتدا دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕوکەش جێگرەوەکان بون بە(5) جێگرەوە، بڕوانە پاشکۆی(6).

## 2- جێگیری Reliability

**أ-جێگیری** بۆبڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی بە ڕێگەی بەشکردن بۆ دوو بەش (split-Half): بە بەکارهێنانی(Guttman Split-Half Coefficient) بۆ دەرهێنانی جێگیری بڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەشکردن بۆ دوو بەش، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتیمان دابەشکردووە بەسەر (30) یەکە لە هەردوو ڕەگەز دەرکەوت، کە ڕێژەی جێگیری بڕگەکان بریتییە لە: (0.886).

**خشتەی 17 جێگیری بەڕێگای بەشکردن بۆدووبەش و ئەلفاکرونباخ نیشان دەدات**

| فۆبیای کۆمەڵایەتی | جێگیری بەڕێگای: | |
|---|---|---|
| | دابەشکردن بۆدوبەش Split Half | الفا کرونباخ |
| | 0.886 | 0.940 |

ب- بۆ زانینی ڕێکوپێکی نێوخۆیی-**Internal Consistency**، بڕگەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی(معادلەی ئەلفاکرونباخ (Cronbach's Alpha) مان بەکارهێنا بۆ هەر تەوەرێک لە تەوەرەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی. بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەکمان لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە وەرگرت تایبەت بە جێگیری و ڕاستگۆیی. لێرەدا ئەگەر بەهای کرونباخ بەرز بوو، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ڕێکوپێکی نێوخۆیی. هەروەک لە خشتەی(18) ڕونکراوەتەوە داتاکان ئاماژە بە بوونی پەیوەستێکی بەهێز دەکەن چ لەسەر ئاستی بڕگە و تەوەرەکان چ لەسەر ئاستی کۆی گشتی بابەتی توێژینەوەکە. هەروەک لە خشتەی(18)خراوەتەڕوو:

**خشتەی 18جێگیری نێوخۆیی هەرتەوەرێک بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی نیشان دەدات**

| تەوەرەکان | Cronbach's Alpha | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|
| خۆلادان لە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی | 0.831 | 12 |
| خۆلادان لەو چالاکیانەی سەرنجی مامۆستا و قوتابییەکانی لەسەرە | 0.844 | 11 |
| کاردانەوە جەستەییەکان | 0.863 | 7 |
| کۆی گشتی پێوەرەکە | 0.940 | 30 |

لە خشتەی (18)دەردەکەوێت جێگیری لەسەر ئاستی گشتی هەر(30)بڕگەکە زۆربەرزە و گەیشتۆتە(0.940)، ئەمەش ئاستێکی بەرزی جێگیرییە و جێگیری بوارەکانی توێژینەوەکە لە نێوان(0.831-0.863)دایە دیسان ئەمەش ئاستێکی بەرزی جێگیرییە و ئاماژەیە بۆئەوەی کە پێوەرەکە بە پلەیەکی بەرز ئامادەیە بۆئەوەی پێوانەی فۆبیای کۆمەڵایەتی پێبکرێت.

له کۆتاییدا و دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری کەمترین نمرەی فۆبیای کۆمەڵایەتی بریتییە لە(30)نمرە، واتە فۆبیای کۆمەڵایەتی زۆر لاوازە و زۆرترین نمرەش(150) واتە فۆبیای کۆمەڵایەتی زۆربەرزی هەیە، دابەشبووە بەسەر سێ تەوەردا بەم شێوەیە: خۆلادان لە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی، خۆلادان لەو چاڵاکیانەی سەرنجی مامۆستا و قوتابییەکانی لەسەرە، کاردانەوە جەستەییەکان. ناوەندی گریمانەکراویش بریتییە لە(90).

**خشتەی 19تایبەتمەندی ئاماری داتاکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی**

| جۆری | Statistic |
|---|---|
| الوسط الحسابي Mean | 69.18 |
| الوسيط Median | 67.96 |
| المنوال Mode | 69.00 |
| التباين Variance | 434.482 |
| الانحراف المعياري Std. Deviation | 20.84 |
| المدى Range | 95.75 |
| الالتواء Skewness | 0.414 |
| التفرطح Kurtosis | -0.360 |
| اقل درجة Minimum | 31 |
| اعلى درجة Maximum | 126 |
| لەدەستچو missing | 0 |

خشتەی(19) دەبینین ناوەندی ژمێرەیی(69.18) و ناوەند(67.96) و مینوال(69.00) زۆرنزیکن لەیەکترییەوە، ئەمەش ئاماژەیە بە بوونی دابەشبوونی نیمچە سروشتی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە. لەبەر ئەوە دەتوانین ئامرازە ئامارگرییە پارامەترییەکان بەکاربهێنین.




**شێوەی 3 دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی دەردەخات**

بەم شێوەیە پێوەرێکمان ئامادەکرد بۆ پێوانە کردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی

**دابەشکردنی کۆتایی پێوەرەکان**

جێبەجێکردن و دابەشکردنی کۆتایی پێوەرەکان، لە ڕێکەوتی2-4-2022 تاکو 20-4-2022 توێژەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لەنێو پۆل و ڕووبەڕوو بە پێدانی ڕێنمایی پێشەکی و وەڵامدانەوەی سەرجەم پرسیاری لێتوێژراوان لە پۆلی یازدە هەردوو ڕەگەز، حکومی و ناحکومی، زانستی و وێژەیی.

**کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی پێوەرەکان:**

دوای دابەشکردنی پێوەرەکان بەسەر یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سادە و کاتگرتنەوە بۆ هەر پێوەرێک، بەم شێوەیەی خوارەوە کاتی پێویست بۆ پێوەرەکان تۆمارکران:

1-پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بە نزیکەیی: لە 5 بۆ 9 خولەک. تێکڕا: 7 خولەک.

2-پێوەری زیرەکی هەڵچوونی: لە 5 بۆ 10 خولەک. بە تێکڕایی: 7.5 خولەک.

3-پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی: لە 4 بۆ 6 خولەک. بە تێکڕایی: 5 خولەکە.

**سەرنجێک لەسەر لێ توێژراوان و بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەکان دابەشکردنی پێوەرەکان**

بە پێویستی دەزانین سەرنجێک بخەینەڕوو لەسەر چۆنێتی وەڵامدانەوە و پڕکردنەوەی پێوەرەکانی توێژینەوەکە، لە کاتی کۆکردنەوەی داتاکان و سەردانیکردنی قوتابخانەکان، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ توێژەر زانیارییەکان کۆبکاتەوە، چەند سەرنجێک دەخەینەڕوو.

**یەکەم/تایبەت بە ڕوپێوی قوتابخانەکان**

1-سەرجەم قوتابخانەکان بەڕێوەبەر و مامۆستاکان هاوکار و هەماهەنگ بوون بۆئەوەی بە شێوەیەکی تەندروست زانیارییەکان لە قوتابییەکان وەربگرین، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ هەر قوتابخانەیەک بەپێی قەبارە و سروشتی قوتابخانەکە چەند وانەیەکمان وەردەگرت.

2-ئاستی هوشیاری یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستی زۆرباشدا بوو، بە ڕەچاوکردنی ژمارەیەکی زۆرکەم لە قوتابیان، کە توێژەر هەستی دەکرد بەرپرسیارانە وەڵامیان نەدەدایەوە، لەبەرئەوە لە توێژینەوەکە دوورخرانەوە، بەڵام زۆرینەی زۆری لێتوێژراوان بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و هۆشیارانە وەڵامی پرسیارەکانیان دەدایەوە، لە هەمانکاتدا وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانیان لە کاتی وەڵامدانەوەکاندا بۆ ڕووندەکرایەوە.

3-سەبارەت بەکۆکردنەوەی داتای چەندایەتی دەتوانین بڵێین لە ئێستادا کۆمەڵگەی کوردی بەشی ئەوەندە هۆشیاری پەیداکردووە، کە توێژینەوەی چەندایەتی لەسەر ئەنجام بدرێت، بە مەرجی ئامادەبوونی توێژەر لە ناوەندی دیراسەکراو و بە خستنەڕووی ڕوونکردنەوەی

پێویست بۆ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە بۆ لێتوێژراوان و پێدانی کاتی تەواو و مانەوەی توێژەر لەگەڵیاندا. لە کاتی سەردانیمان بۆ قوتابخانەکان و دابەشکردنی بەسەر قوتابییەکاندا و لە کاتی وەڵامدانەوەی بڕگەکاندا وا هەستمان دەکرد لێتوێژراوان وەڵامی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە دەدەنەوە، ئەوەندە بە وردی و هۆشیارییەوە وەڵامی بڕگەکانیان دەدایەوە.

4-لەکاتی دابەشکردنی پێوەرەکاندا تێبینی ئەوەمان کرد، کە ئەگەر پێوەری هەر گۆڕاوێک وەڵامدرایەوە، لێتوێژراوان ماوەیەک بوەستن، ئەگەر کەمتر لە خولەکێکیش بێت، باشتر دەتوانن وەڵامەکانیان بدەنەوە و هیچ بڕگەیەکیش بەجێناهێڵن بەراورد بەو کاتانەی، کە بەبێ تەرخانکردنی ماوەیەکی کورت وەڵامی بڕگەکانیان دەدایەوە، کێشەی هەڵەکردن و بەجێ هێشتنی بڕگەکانی لێدەکەوێتەوە.

**دووەم/ تایبەت بە چاوپێکەوتەکان:**

1-توێژەر سەرجەم چاوپێکەوتنەکان بە وردی و بە قووڵی هەموو ڕەهەندەکانی توێژینەوەکەی بەوپەڕی بەرپرسیاری و بابەتییانە خستۆتەڕوو لەگەڵ چاوپێکەوتنخوازەکاندا.

2-سەرجەمی چاوپێکەوتنخوازەکان بەوپەڕی بەرپرسیارییەوە کاتیان تەرخان دەکرد بۆ چاوپێکەوتنەکان.

3-وەڵامی چاوپێکەوتنخوازەکان بە شێوەیەکی قوڵ دەچوونە نێو ڕیشەی دیاردەکە، بەتایبەتی هەردوو پسپۆڕەکە و فۆکس گروپی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرەکان.

4-وێڕای ئەوەی پێناسەی چەمکەکانمان دەخستەڕوو و ڕونیشمان دەکردەوە، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستاکان شارەزانەبوون لە چەمکە سەرەکییەکان بەتایبەتی(زیرەکی هەڵچوونی).

**ئامرازە ئامارگرییەکان کەبەکارهاتوون لەشیکردنەوەی داتاکان:**

لەم توێژینەوەیەدا بۆ شیکردنەوەی داتاکان و دەرهێنانی ئەنجامەکان بە ڕێگەیەکی ئاماری دروست پشتمان بەستووە بە(SPSS-Statistical Package for the Social Science) بە سود وەرگرتن لەم ئامرازە ئامارگریانەی خوارەوە:

1- تاقیکردنەوەکانی(z) بۆ دەرهێنانی جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەی نموونە و کۆمەڵگە، لە کاتێکدا کە قەبارەی نموونە زیاتربێت لە(120) هاوکێشەی(z)بەکاردەهێنین.[1]

2-تاقیکردنەوەکانی(Independent sample t-test)بۆ زانینی جیاوازی دوو نموونەی سەربەخۆ.

3-هاوکێشەی جێگیری دابەشکردن بۆ دوو بەش(Split-Half Reliability Confficient) بۆ زانینی جێگیری پێوەرەکان.

4-تاقیکردنەوەی(هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن Person Correlation) بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان.

5-تاقیکردنەوەی هاوکێشەی سپێرمان براون(Spearman – Brown) بۆ زانینی جێگیری پێوەرەکان.

6-تاقیکردنەوەی(One-way ANOVA)، لە هەندێک کات کارەکان بە ئاسانی نامێننەوە و ئاڵۆز دەبن، لەبەرئەوە هەندێک کات پێویستە لە بابەتە ئاسان و سادەکانەوە بازبدەینە سەر بابەتە ئاڵۆز و قورسەکان، لێرە تاقیکردنەوەی(t) بەکارنایەت بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندەکان، بۆدەرهێنانی جیاوازی نێوان زیاتر لە دوو ناوەند پێویستە پەنا بۆ ئامرازی تر

---

[1] عثمان علي أميمن و بدرية علي السامرائي، الأختبار النفسي اسسه ومعالجته الإحصائية، الاسكندرية: مطابع عصر الجماهير، (2001): ص166.

ببەین ئەویش (التحليل وحيد الاتجاه للتباين-One-way ANOVA )، بۆئەوەی بزانین جیاوازی نێوان ناوەندی هەر سێ گۆڕاو هەیە یاخود نا[1]، ئەمەش لە ڕێگەی بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی گۆڕاوەکانەوە.

7-تاقیکردنەوەی(Scheffe) بۆ بەرواردکردنی نێوانی دوو ناوەندی ژمێرەیی جیاوازی گروپەکان لە تاقیکردنەوەی پاشەکی (One way ANOVA). لە کاتێکدا بەکاردێت، کە جیاوازی هەبێت لە نێوان گروپەکاندا بۆ دۆزینەوەی سروشتی ئەوجیاوازییە و جیاوازییەکە بۆ کام لە گروپەکان دەگەڕێتەوە. یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکانی ئەوەیە لە کاتی بوونی جیاوازی لەنێوان گروپەکان و نموونەی نایەکساندا کاردەکات(Homogenety of Variance)[2]

---

[1] المرجع السريع للتحليل الإحصائي بأستخدام أمثلة SPSS، ترجمة واعداد لجنة التأليف والترجمة، حلب: شعاع للنشر والتوزيع، (2008): ص177.

[2] محمد ترقو، التحليل الاحصائي للبيانات بأستخدام برنامج SPSS-تطبيق اختبار شيفيةScheffe على برنامج SPSS الدرس128: https://www.youtube.com/watch?v=xXZSc-aW3HE&list=PLF95nA9dvFzY_Q-ahsHF0Jv5nWlBUCqZT&index=6 تأريخ الزيارة: 2022-11-21.

## بەشی پێنجەم

## خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

لەم بەشەدا بە وردی و بەپێی داتا کۆکراوەکان ئەنجامەکانی چەندی و چۆنی و جیاوازی و پەیوەندی گۆڕاوەکان و شرۆڤە و ڕاڤەکردنی زانیارییەکان بەپێی ڕیزبەندی ئامانجەکان دەخەینەڕوو:

**یەکەم/خستنەڕوی ئەنجامەکان و شرۆڤە و ڕاڤەکردنیان**

**1-خستنەڕووی ئەنجامە چەندایەتییەکان**

**ئامانجی یەکەم/ خستنەڕوی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.**

**أ-ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە:**

دوای دابەشکردنی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بەسەر یەکەکانی توێژینەوەکەدا دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەگشتی بریتییە لە(131.23)بە لادانی پێوەری(21.76)، بە بەراوردکردنی بەناوەندی گریمانەکراوی پێوەر(111) دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی یەکەکانی توێژینەوەکە گەورەترە، لە کاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(Z) دەرکەوت، کە بەهای(Z[1]) دەرهێنراو(16.07) گەورەترە لە بەهای(Z) خشتەیی(1.96) بەڵگەی

(1) تاقیکردنەوەکانی(Z) لە تاقیکردنەوە باشەکانە و بەکارهێنانیشی ئاسانە، بەکاردێت بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەی ئاماری، یەکێک لە بەکارهێنانەکانی بریتییە لە دەرهێنانی جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەی نمونە و کۆمەڵگە، ئەمەش بە ئامانجی زانینی جۆری جیاوازی و ئایا ناوەندی گریمانەی نموونە هەمان بەهای ناوەندی گریمانەی کۆمەڵگەیە یان جیاوازە ئەمەش لە کاتێکدا، کە قەبارەی نمونە زیاتربێت لە(120) هاوکێشەی(Z)بەکاردەهێنین، کە بریتییە لە جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەکراو/لادانی پێوەری/$\sqrt{400}$ =بەهای Z. عثمان علي أميمن، و بدرية علي السامرائي، الأختبار النفسي اسسه ومعالجته الإحصائية، المصدر السابق، ص166.

ئاماری هەیە، بەئاستی(0.05) بە نمرەی ئازادی(399) لە بەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەیی یەکەکانی توێژینەوەکە، هەروەک لە خشتەی (20)ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی 20 تاقیکردنەوەی(Z)جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەکراو و لادانی پێوەری رووندەکاتەوە بۆ ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی**

| گۆڕاو | ق.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەکراو | بەهای-Z | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | 400 | 131.49 | 25.49 | 111 | 16.07 | 1.96 | بەڵگەدارە |

بە وردبونەوە لە خشتەی (20) و ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە نزیک دەبێتەوە لە هەمیشە. نمرەی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان(37-185)، بە جۆرێک وەرگرتنی نمرەی(37) واتە کارلێکی کۆمەڵایەتی زۆر نەرێنییە و (185)واتە کارلێکی کۆمەڵایەتی زۆر ئەرێنییە. لە ئەنجامەکان دەردەکەوێت، کە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی ئەرێنییە بە ئاستێکی بەرز، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی(البرکات و یاسن، 2010)ە، ئەمەش ڕەنگە وا لێکبدرێتەوە، کە مرۆڤ هەردەم پێویستی بە کەسانی دەوروبەریەتی بۆ بەدیهێنانی خەون و ئامانج و پێویستییەکانی، قوتابخانەش کۆمەڵگەیەکی بچوککراوەیە و مامۆستا و قوتابیش بۆ تەواوکردنی ئەرک و کارەکانیان و تێرکردنی پێویستییەکانیان پێویستیان بە یەکتری هەیە.

لەم بارەیەوە لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان فۆکس گروپێک لە مامۆستایانی قوتابخانەی حکومی وتیان: "**ئەوەندە پەیوەندیمان باشە لەگەڵ قوتابییەکانمان خەریکە لەخۆیان بایی ببن، لیژنەی تایبەتمەندیشمان هەیە سەردانی ئەوخێزانانە دەکات، کە پێویستە سەردانیان بکەین بۆ زانینی ڕەوشی خێزانی قوتابییەکان**" پسپۆڕێکی کەسێتی و تەندروستی دەروونیش وتی: "**لە قوتابخانەکانی ئێمە کۆمەڵێک مامۆستای ڕۆشنبیر هەیە، قوتابی وەک هاوڕێ سەیردەکات - هاوڕێ مۆدێرنترە، بۆیە ڕەنگە مامۆستاکان بە شێوەیەکی جوانتر مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکان**

**بکەن(هەرچەندە ئەمە ڕێژەییە)، چونکە ئەمە لای هەموو مامۆستایەک بەرچاو ناکەوێت"** لەهەمانکاتد مامۆستایەک وتی: **من بە دەستەواژەی "گوڵەکانم قوتابییەکانم بانگ دەکەم"** لە لایەکی ترەوە پسپۆڕێکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی وتی: **"ئەزمونی مامۆستا و پاشخانی مەعریفی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵدەبینێت لەم بوارەدا، ئەگەر مامۆستا پاشخانی کۆمەڵایەتی هەبێت و توانایەکی باشی هەبێت لە تێگەیشتن لە پێویستییەکانی هەرزەکاران ئەوە مامەڵەیەکی گونجاودەکات، لەبەرئەوە زۆرگرنگە مامۆستا شارەزایی باشی هەبێت لە پێویستییەکانی ئەوقۆناغە"**

پەیوەندی قوتابی بە مامۆستا پەیوەندی وەرگرتن و بەخشینە، بەخشینی زانیاری و ئەزموون و پێدانی سۆز و خۆشەویستی گەورە بۆ بچوک و میهرەبانی باوان بۆ منداڵەکانیان، لە بەرامبەردا بەخشینی ڕیزگرتن و پێزانین. کاتێک کارلێک و پەیوەندی لەسەر ئەم بنەمایە بوو ،ئەوە ئەنجامەکە ئەرێنی دەبێت و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

لە توێژینەوەی (قادری، 2012)بەم ڕاستیانەی سەرەوە گەیشتوون. لە هەمانکاتدا( ,Poulou 3 :2016)ئاماژەی بەوە کردووە، کە چۆنایەتی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر گونجانی قوتابی لەقوتابخانەدا.

ئەگەر لەمە زیاتر بڕۆین دەبینین، (فارابی) لەم بارەیەوە دەڵێت: تاک بە ڕەمەک پێویستی بەکۆمەڵبوون و هاوکاری ئەوانی تر هەیە، لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی باشەوە لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگە کەماڵی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەدیدەهێنێت.[1]

ئەگەر سەرنجێک بخەینەسەر تیۆری کارلێکی هێمایی (مید)، لە کاتی خستنەڕووی خودی کۆمەڵایەتی، ئاماژە بە بوونی منی کارتیاکراو دەکات، ئەمەش ئەو بەشەیە کە تاک کاریگەر

[1] صالح سلامه البركات و عمر صالح ياسين، العلاقة بين التفاعل الاجتماعي ومستوى الطموح لدى طلبة المرحلة الثانوية في محافظة اربد، المصدر السابق، ص109.

دەبێت بە دەوروبەرەکەی لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها ئەو باوەڕە جێگیرەیان بەوەی، کە کۆمەڵگە ڕەفتاری تاک دادەڕێژێتەوە.

مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنییەوە بەشی کارتیاکراوی قوتابییەکانی لە پرۆسەی هاوکاری و گرنگیپێدان و قبوڵکردنی هەڵچوونەکانی قوتابییەکانی بە جۆرێک دابڕێژێتەوە، کە خزمەت بە تاک و کۆمەڵگە بکات و کار لەسەر گەشەپێدانی لایەنی باوەڕ بەخۆبوون و ڕێزگرتن لە خود بکاتەوە و هەستی بەرپرسیارێتی لە ناخیاندا بچێنێت.

یەکێک لەو چەمکانەی (مید) جەختی لەسەر کردۆتەوە چەمکی دەروونی کۆمەڵایەتییە، یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆری کارلێکی هێمایی. لای مید دەروونی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی خەڵکانی ترە لە دەوروبەری تاک، بۆ نموونە(س) لە خەڵکی کارلێکی لەگەڵ دەکەن، ئەو پەیوەندییە لەنێوان(س) و ئەو خەڵکەی کارلێکی لەگەڵ دەکەن پەیوەندی دەرەکییە، ئەمە ڕەنگدانەوەی لە ناو خۆی(س) دەبێت، دواتر ئەوە دروست دەکات، کە پێی دەڵێین دەروونی کۆمەڵایەتی.

ئەگەرچی لە کاتی سەردانیکرنمان بۆ قوتابخانەکان و بینینی ژمارەیەک لە قوتابییەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە توندوتیژی زارەکی لای هەندێک لە مامۆستاکان هەیە: "**هەندێک لە مامۆستاکان جنێوی نەشیاومان پێدەدەن، وەک:**[1]!؛ یان "**هەندێ مامۆستا زۆر خەمساردن لە ئاست وانەکانیان! کورە قوتابییەکی پۆلی یازدە؛** "**مامۆستامان هەیە وەک ئەوە وایە، بەزۆر کرابێت بە مامۆستا**(2) " بەداخەوە ئەمەش دیاردەیەکە لای هەندێک لە مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان هەستی پێدەکرێت، لە ئەنجامی نەخوێندنەوەی واقیع و تێنەگەیشتن لە خواست

(1) (ق.ە.ش.م.ە.ر؛ ق.ۆ.ن.د.ە.ر.ە.ی) دەکەمە ناودەمت!

(2) توێژەرانی چۆنایەتی گرنگی دەدەن بە وشەو دەربڕین، لەبەرامبەردا توێژەرانی چەندایەتی گرنگی دەدەن بە ژمارە. شارلین هس-بیبر و باتریشیا لیفی، البحوث الكيفية في العلوم الاجتماعية (ت:هنا الجوهری)، القاهرة: المركز القومي للترجمة، العدد(1783)، (2011): ص43.

و دۆخی دەروونی و هەڵچوونی هەرزەکاران لە لایەک و نەگەیشتن بە ماف و جیاوکەکانی خۆیان لە لایەکی ترەوە بە هۆی دواکەوتن و لێبڕینی بەشێک لە موچەی مامۆستایان و ڕاگرتنی مافە یاساییەکانیان وەک(پلەبەرزکردنەوە)، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی لەنێوان ئەو مامۆستایانەی لەسەرەتای پرۆسەی فەرمانبەرین و ئەو مامۆستایانەی گەیشتوون بە کۆتا پلەی وەزیفی، کە پلەی(وەهمییە). یاخود بوونی کێشەی کەسی لای هەندێک لە مامۆستاکان لە پانتاییە کۆمەڵایەتییەکەدا دەکەونە ئەو هەڵە ناپەروەردەییەوە و دەیگوازنەوە بۆ نێو ژینگەی قوتابخانە و ئاسەواری نەرێنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتوری خراپ لەسەر قوتابییەکانیان بەجێ دەهێڵن، کە ڕەنگە بە درێژایی تەمەنی منداڵ کاریگەری نەرێنی هەبێت، دوو مامۆستا لە قوتابخانەی حکومی هەستی خۆیان نەشاردەوە و بە ڕاشکاوی وتیان **ئێمە باوەڕمان بە کارلێکی ئەرێنی نییە لەگەڵ قوتابییەکانمان چونکە**[1]

*"هیوادارم لەگەڵ مامۆستاکانمان مشتومڕ بکەن بۆئەوەی بەباشی لەگەڵمان ڕەفتاربکەن"* کوڕە قوتابییەکی پۆلی یازدە.

گروپێکیش لەسەرپەرشتیاران باوەڕیان وا بوو: **ئەگەر مامۆستا خۆشەویستی بۆ قوتابییەکانی دەرنەبڕێت، ئەوە ناتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر قوتابییەکانی. لە هەمانکاتدا زۆری ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانەی حکومی و دۆخی ناباشی دارایی مامۆستا، مامەڵەی بەڕێوەبەری ناسەرکەوتوو، ناڕێکی بەشێکی زۆر لە بینایەکان، نەبوونی ڕاهێنانی شێلگیرانە بۆ مامۆستایەکان، وا دەکات مامۆستا کارلێک و ئەدای باش نەبێت لە قوتابخانە.**

**ب-ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە:** دوای دابەشکردنی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی بەسەر یەکەکانی نموونە توێژینەوەکەدا کە(400)یەکە بوون لە قوتابیانی پۆلی یازدە دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی زیرەکی هەڵچوونی بەگشتی (127.71)بە لادانی

---

[1] ب،ێ،ێ،ە،دە،ب،ن!

پێوەری(10.75)، بە بەراوردکردنی بە ناوەندی گریمانەکراوی پێوەر کە(99) دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراو گەورەترە، لە کاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(z) دەرکەوت، کە بەهای(z) بریتییە لە(53.41)، ئەمەش گەورەترە لە بەهای(z) خشتەیی (1.96)بە بەڵگەی ئاماژەداری بە ئاستی(0.05) بە نمرەی ئازادی(399)، هەروەک لە خشتەی(21)ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی 21 تاقیکردنەوەی(z)جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەکراو و لادانی پێوەری رووندەکاتەوە بۆ ئاستی زیرەکی هەڵچوونی**

| گۆڕاو | ق.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەکراو | بەهای-z | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| زیرەکی هەڵچوونی | 400 | 127.71 | 10.75 | 99 | 53.41 | 1.96 | بەڵگەدارە |

هەرچی پەیوەستە بە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە خشتەی(21)دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە و نزیک دەبێتەوە لە زۆرجار، بەجۆرێک ئاستی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی لەنێوان(33-165)، (33) واتە زیرەکی هەڵچوونی زۆر لاوازە و (165) واتە زیرەکی هەڵچوونی زۆر بەرزە. بەپێی ئەم ئەنجامە زیرەکی هەڵچوونی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە.

دەکرێت بەرزی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی تاڕادەیەک جێگیری گۆڕانکارییە فسیۆلۆجییەکان و تەمەنی هەرزەکاری لەو تەمەنە و تێگەیشتن لە هەڵچوونەکان لە لایەک و سروشتی کۆمەڵگەی قوتابخانە بگەڕێتەوە لە ئێستادا تاڕادەیەک دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ کارلێکی ئەرێنی و هاوسۆزی نێوان مامۆستا و قوتابی لە لایەک، ڕای گشتی بۆ پرۆسەی پەروەردەیی لە لایەکی ترەوە وایکردووە، کە زیاتر گرنگی بە ناوەندەکانی خوێندن بدرێت بە هۆی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی کە لە ژیانی تاک و خێزان و کۆمەڵگە و دەرفەتی کاردا هەیەتی ، وێڕای ئەوەی

خێزانی کوردی لە ئێستادا هەوڵ و ماندوبوونی زۆر خەرج دەکات، بۆئەوەی منداڵەکانیان سەرکەوتوو بن لە قوتابخانە و ژیان.

لەم بارەیەوە سەرپەرشتیارێک و پسپۆڕێکی تەندروستی دەروونی و کەسێتی وتیان: **مرۆڤ ئەگەر بە تەنها بێت هیچی لێ بە دەرناکەوێت لە زیرەکی هەڵچوونی، بەڵکو لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە ئەزموون وەردەگرێت و شارەزایی پەیدا دەکات و کولتوری کۆمەڵگە دەبێتە هۆی دروستبوونی زیرەکی هەڵچوونی.** لە هەمانکاتدا پسپۆڕێکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی وتی: **ئەم نەوەیە چاوکراوەن و تەکنۆلۆژیا و میدیای کۆمەڵایەتی چاویکردونەتەوە کەسێتی یەکی ماکیاڤیلیانەیان هەیە!**

لە هەمانکاتدا گروپێک لە مامۆستایان وتیان: **ئەمە زیاتر پەیوەندی بە تەمەن و سەرمایەی کولتوری خێزانەوە هەیە، خێزانی باش لە ڕووی سەرمایەی کولتورییەوە دەبێتە قەڵایەک بۆ بنیادنانی زیرەکی هەڵچوونی لای تاک.**

ئەم ئەنجامەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی:(محمد و منصور، 2015)، (Mohzan, Hasan and Halil, 2012) ئاماژەیان بەوە داوە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکانیان زۆربەرزە. بەڵام ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئاستی زیرەکی هەڵچوونی جیاوازە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی:( Lawrence and Deepa, 2013)، کە پێیان وایە زیرەکی هەڵچوونی لای قوتابیانی ئامادەیی لە ئاستی ناوەندایە.

(بارون)، تیۆرڤانی زیرەکی هەڵچوونی و خاوەنی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی، دەڵێت، چەند نمرەی وەڵامدەرەوە بەرزتربێت ئاستی ئەرێنی بەرزتردەبێت و پێشبینی بۆ ئەدای کاری تاک کاریگەرتردەبێت و توانای پڕکردنەوەی داخوازییەکانی ژیان و ڕووبەڕوبونەوەی کۆسپەکانی ژیانی زیاتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە چەندە نمرەی کەمتربێت لە وەڵامدانەوەکان ئەوە

ئاماژەیە بۆ بێتوانایی کارانەبوون و ئەگەری بوونی کێشەی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری لێدەکرێت.

(بارون)، ئەوە دەخاتەڕوو ئەو کەسانەی زیرەکن لە ڕووی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەوە توانای تێگەیشتن و دەربڕینی خودی و تێگەیشتن لەوانی تریان هەیە، دەتوانن بە شێوەیەکی باش پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی تر دروستبکەن و بەسەرکەوتویی لەگەڵ پێویستییەکانی ژیاندا مامەڵەبکەن، ئەمەش پێویستی بە تێگەیشتن لە خاڵە لاواز و بەهێزەکان و توانای دەربڕینی هەڵچوونەکان هەیە، بە شێوەیەک کە ڕوخێنەرنەبێت. لە هەمانکاتدا درکی هەڵچوونەکانی ئەوانی تری هەبێت و توانای بنیادنان و بەردەوامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەبێت، کە جێگای ڕەزامەندی هەردوو لا بێت.

ئەگەرچی لە کاتی سەردانیکردنمان بۆ قوتابخانەکان و بینینی چەند گروپێک لە قوتابیان لە هەندێک لەو قوتابخانانە بەم شێوەیە هەستی خۆیان دەردەبڕی: پۆلێک لەقوتابیانی کوڕ دەیانووت: **"بەڕێوەبەرەکەمان زۆر جنێو دەدات[1]!"؛ "مامۆستا ئافرەتەکان لە کاتی کۆنترۆڵنەکردنی پۆلدا پەنا دەبەنە بەر هاوارکردن!"** کچە قوتابییەکی پۆلی یازدە؛ **"مامۆستامان هەیە موراعاتی قوتابییەکانی ناکات بە هیچ شێوەیەک"**کچە قوتابییەکی پۆلی یازدە؛ **هەندێک لە مامۆستاکان زۆر بەبێ خولقی دێن بۆ پۆل"** کوڕەقوتابییەکی پۆلی یازدە. ئەمەش دیاردەیەکە بەداخەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەست و هەڵچوونی قوتابییەکان دەبێت بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم قوتابیان پێی کاریگەردەبن و دوور نییە ببێتە هۆی دابەزینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بەشێک لەو قوتابیانەی کە بەرکەوتەی ئەم جۆرە توندوتیژیەن.

**ج-ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە:** دوای دابەشکردنی پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی بەسەر یەکەکانی نموونە توێژینەوەکەدا، کە(400)یەکە بوون لە قوتابیانی

---

[1] **ناوی ئاژداد و ئاباومان دەهێنێت!** لەقوتابخانەبەکی کچانیش، کچە قوتابییەکی پۆلی یازدە وتی : **"لەڕیزی وەستانی بەیانیاندا بەڕێوەبەری قوتابخانە بەدەستی ئاماژەی کردووە و پێی وتم(چ،ا،و،ز،ا،ق!)"**

پۆلی یازدە، دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەگشتی(69.18)بەلادانی پێوەری(20.84)، بە بەراوردکردنی بە ناوەندی گریمانەکراوی پێوەرەکە(90) دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بچوکترە و لە کاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(Z) دەرکەوت، کە بەهای(Z)دەرهێنراو بریتییە لە(68.96) و بەهای(Z) خشتەیی(1.96) بە بەڵگەی ئاماری ئاماژەداری بە ئاستی(0.05) بۆ بەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەیی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە نمرەی ئازادی(399)، واتە ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای قوتابیان کەمترە لە ئاستی گریمانەی پێوەرەکە، هەروەک لە خشتەی (22)ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی 22 تاقیکردنەوەی(z)جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەکراو و لادانی پێوەری ڕووندەکاتەوە بۆزانینی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی**

| گۆڕاو | ق.نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەکراو | بەهای-Z | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| فۆبیای کۆمەڵایەتی | 400 | 69.18 | 20.84 | 90 | 68.96 | 1.96 | بەڵگەدارە |

ئەوەی پەیوەستە بە ئاستی ئاماژەداری فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە خشتەی(22)دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی یەکەکانی نموونە توێژینەوەکە نزیک دەبێتەوە لە (بەدەگمەن)، چونکە ئاستی پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی دەکەوێتە نێوان(30-90) بە جۆرێک (30) واتە فۆبیای کۆمەڵایەتی بوونی نییە(90)، واتە فۆبیای کۆمەڵایەتی زۆر بەرزە. ئەم ئەنجامە دەریدەخات، کە ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەراورد بە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نزمە لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەک لە خشتەی(23)خراوەتە ڕوو(333) یەکە لە(90)نزمترە و(67) یان لە(90) بەرزترە.

بۆ زیاتر وردبونەوە و دڵنیابوون لە ڕێژەی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕێژەی بەرزی و نزمیمان دیاریکرد بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی. لە خشتەی(23) ئەنجامەکەی خراوەتەڕوو:

**خشتەی 23 ڕیژەی توشبوون بەفۆبیای کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو**

| گۆڕاو | ناوەندی گریمانەکراو | ژمارە | | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| فۆبیای کۆمەڵایەتی | 90 | 90 + | 67 | 16.75[1] |
| | | 90 - | 333 | 83.25[2] |
| کۆ | | | 400 | %100 |

لە خشتەی(23)دەردەکەوێت، کە ڕێژەی توشبون بە فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە(16.75%)، واتە ئەو قوتابیانەی ناوەندیان زیاترە لە(90) یەکسانە بە(67) بە ڕێژەی(16.75%) لە کاتێکدا ئەو قوتابیانەی ناوەندیان بچوکترە یان یەکسانە بە(90) بریتین لە(333) قوتابی بە ڕیژەی(83.25%.) لە یەکەی نموونەکە.

ئەم ئەنجامەی سەرەوە وا لێکدەدرێتەوە وێرای ئەوەی خێزانی کوردی هۆشیارانەتر مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن، لەهەمانکاتیشدا قوتابخانەکان تا ڕادەیەک ژینگەی لەباریان ڕەخساندووە بۆ قوتابیان، بۆئەوەی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە گەشەبکەن و جۆرێک لە باوەڕ بەخۆبوونیان لادروست بێت. گرووپێک لە سەرپەرشتیاران و پسپۆڕێکی بواری دەروونزانی کۆمەڵایەتی وتی: **ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئاستی متمانەیان بە خۆیان بەرزە، بەشێکی گرنگیشی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پەروەردەی خێزانەکان لە سەرەتاکانی ژیانی تاکەوە.** لە هەمانکاتدا پسپۆڕێکی بواری تەندروستی دەروونی و کەسێتی وتی: **بەشێکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنەکانی میدیای کۆمەڵایەتی، کە وایکردووە ئەم نەوەیە چاوکراوەتر بن،**

(1) 16.75 =100*400/67.
(2) 83.25=100*400/333.

**کاتێکیش فۆبیا کەمبوویەوە بێگومان کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونیش بەرزدەبنەوە هاوتەریب..**

هەرچەندە بەشێک لە قوتابیان لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان، ئاماژەیان بە چەندین دیاردەی نادروستی زارەکی و ڕەفتاری دەکردەوە لەلایەن هەندێک لە مامۆستا و بەڕێوەبەرەکانەوە، وەک جنێودان و خەمساردی و گرنگی نەدان بە وانەکانیان و هاوارکردن و ڕەچاونەکردنی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی قوتابییەکانیان. هەر لەم بارەیەوە پسپۆڕێکی دەروونساغی و کەسێتی وتی: **"مامەڵەی شەڕانگێزی لای هەندێک مامۆستا دژ بە قوتابی هەیە، وەک: جنێودان، چاوسورکردنەوە، بەکارهێنانی زمانی جەستە بەشێوەیەکی نەرێنی".**

بەپێی ئەم ئەنجامە دەتوانین بڵێین، فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی نزمدایە بەراورد بە توێژینەوەکانی پێشوو، ئەمەش هاوتەریبی ئەنجامی توێژینەوەی: (میدون و هتهات، 2022)، کە دەڵێن ڕێژەی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی زانکۆ(23.75%) دەبێت.

لە کاتێکدا ئەم ئەنجامە پێچەوانەی توێژینەوەی:(Gardi, 2016)، کە ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەرزە لای قوتابیانی ئامادەیی لەنێو شاری هەولێر و دەگاتە(31.25%)، لە هەمانکاتدا توێژینەوەی(Ali, Kareem and Al-Banna, 2016)،کە لە سەر قوتابیانی زانکۆ کردبوویان، ئاماژە بە ئاستێکی زۆربەرزی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەکات لای قوتابیانی زانکۆ، کە نیوەی قوتابیان توشی فۆبیای کۆمەڵایەتی بوون. لە هەمانکاتدا توێژینەوەی(ابريعيم، 2016)، ئەنجامی توێژینەوەکەیان ئاماژە بە ئاستێکی بەرزی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەکات لای هەرزەکاران.

دەکرێت جیاوازی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو کە لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە و ئەم توێژینەوەیە لە ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی ئەوە بێت، ئەو قۆناغەی ئەو دوو توێژینەوەیەی تێدا

ئەنجامدراوە قۆناغێکی سەختی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەی کوردی بوو بەگشتی لە باشووری کوردستان، لەبەر سەرهەڵدانی قەیرانی جەنگی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش)، کە لەساڵی(2014-6 تا ساڵی12-2017)خایاند، بەشێکی زۆری خاکی عێراقی خستە ژێر فەمانڕەوایی خۆیەوە و بووە هۆی ئاوارەبوون و پەنابەرێکی زۆر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لە لایەکی تریشەوە سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بە هۆی بڕینی بەشە بوجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، دۆخێکی سەختی ژیان ڕووی لە هەرێم کرد و دەرفەتی کارکردن و ژیان لە دۆخێکی سەختدا بوو، کە دەرفەتی کارکردن بە تەواوی کەم بووەوە و موچەی فەرمانبەران بە نزیکەیی بۆ سێ یەک کەم بووەوە، جگەلە دواکەوتن بە شێوەیەکی بەردەوام لە وادەی خۆی موچە نەدەدرا. بێگومان ئەم دۆخە پێش هەموشتێک کاریگەری کۆمەڵایەتی و دەروونی گەورەی هەبوو لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە، ئەگەرچی قەیرانی دارایی تاکو ئێستاش بە تەواوی بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەرنەداوە.

ئەمە جگە لەوەی ئەنجامی توێژینەوەکان دەریانخستووە، ئەو کەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتیان هەیە، دڵەڕاوکێی زیاتریان هەیە و کارامەیی کۆمەڵایەتییان لاوازە لە کاتی کارلێکی کۆمەڵایەتییاندا [1]. لە هەمانکاتدا توێژینەوەکان سەلماندوویانە هاوشانی فۆبیای کۆمەڵایەتی شڵەژانی دەروونی تری لەگەڵدایە، سەلمێنراوە بە ڕێژەی(69%) ئەو کەسانەی فۆبیای کۆمەڵایەتییان هەیە لە هەمانکاتدا شڵەژانی دەروونی تریان هەیە.[2]

ئەگەرچی فۆبیای کۆمەڵایەتی بە زۆری لە سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری سەرهەڵدەدات، بەڵام ڕێژەی توشبووان لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەراورد بە کۆمەڵگەی توێژینەوە

(1) Nancy A. Heiser, Differentiating social phobia from shyness, op cit. p56.

(2) بلحسيني وردة ، أثر برنامج معرفي-سلوكي في علاج الرهاب الاجتماعي لدى عينة من طلبة الجامعة، المصدر السابق، ص34.

نزمترە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ڕێژەی توشبووان ئەو ڕێژەیەش جێگای سەرنجە و پێویستە ڕێگەچارەی گونجاو بگیرێتەبەر، بۆئەوەی ئەو ڕیژەیەش کەم بکرێتەوە. بۆنموونە فۆکس گرووپێک لە سەرپەرشتیاران و پسپۆڕێکی کەسێتی و تەندروستی دەروونی وتی: **"لە قوتابخانەکاندا گۆڕینی وانەکانی هونەر و وەرزش بۆ بابەتەکانی تر بۆ نموونە بیرکاری و زانست، کاریگەری گەورەی نەرێنی دەبێت لەسەر سەرهەڵدانی نیگەرانی لای قوتابی، لە هەمانکاتدا بوونی چالاکی زۆری دەرەکی زەمینە خۆشدەکات بۆ زیاتر کارلێککردنی نێوان مامۆستا و قوتابی و ڕەوینەوەی ترسی کۆمەڵایەتی لای قوتابیان"** قوتابخانە پێویستە جگە لە پرۆسەی فێربوون ژینگەیەکی لەبار فەراهەم بکات، کە تاک هەست بە ئاسودەیی و ئاسایشی ناوەکی و دەرەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی بکات، لە هەمانکاتدا بتوانێت لە ڕوی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی و جەستەییەوە گەشەیەکی تەندروست بکات.

ئەمەش جگە لە بوونی سیاسەتی پەروەردەیی تۆکمە لە لایەن حکومەت و وەزارەتی پەروەردەوە، لە هەمانکاتدا وەک لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان پسپۆڕێکی کەسێتی و تەندروستی دەروونی وتی: **بوونی ستافی شارەزا لە بەڕێوەبردنی مۆدێرنانە بۆ پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەیە بۆ پەروەردەی منداڵ و هەرزەکاران لە ڕووی کەسێتی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕەفتاری و ئەقڵی و شێوەی حەقیقەتی خۆی، کە تاک بتوانێت ئارامی و بەخشندەیی و میهرەبانی و ڕاستگۆیی و بەرپرسیارەتی هەڵبگرێت"**

ئەلیس(Albert Allis) تیۆرڤانی تیۆری(چارەسەری عەقڵانی هەڵچوونی ڕەفتاری)پێی وایە: ئەوەی کاریگەری لەسەر تاک هەیە بۆ ئاسودەیی و نیگەرانییەکانی بیرکردنەوەکانێتی، واتە تێڕوانین و لێکدانەوەی بۆ ڕووداوەکان وا دەکات کاریگەری هەڵچوونی و ڕەفتاری لەسەرتاک هەبێت. ئەگەر بە شێوەیەکی ئەقڵانی بیریکردەوە و لێکدانەوەی بۆ ڕووداوەکان کرد، ئەوە ئەنجامەکەشی ئەرێنی دەبێت، ئەگەر بە شێوەیەکی نائەقڵانی لێکدانەوەی بۆ ڕووداوەکان کرد ئەوە ئەنجامەکەی نەرێنی دەبێت و تاک توشی شڵەژانە دەروونییەکان دەکاتەوە، ئەمەش

پەیوەندی هەیە بە چۆنێتی پەروەردەی سەرەتایی تاک لەنێو خێزان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئەگەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاک لە سەرەتاکانی ژیانیدا ئەقڵانی بێت، ئەوە بەئەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات و ئەگەر بە شێوەیەکی نائەقڵانیش تێڕوانینی تاک بۆ ڕووداوەکان پەروەردە کرا بێت، بە شێوەیەکی نائەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات. واتە ڕووداوەکان کاریگەری لەسەر تاک نابێت، بەڵکو لێکدانەوەی ڕووداوەکان لە لای تاک کاریگەری هەڵچوونی دروست دەکات و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای تاک، هەرئەم جیاوازییەشە بەشێک لە دانیشتوانی هەمان کۆمەڵگە توشی فشارە دەروونییەکان دەبن و بەشێکی تریشیان زۆرینەن توش نابن.

لەهەمان ڕاستاییدا، تیۆرڤانە مەعریفییەکان ڕێسایەکیان هەیە دەڵێن: ئەو ڕێگایەی بیری پێدەکەیتەوە کاریگەری لەسەر ئەو ڕێگایە هەیە هەستی پێدەکەیت، لەو ڕوانگەیەوە پێیان وایە بەردەوام بوون لەسەر فۆبیای کۆمەڵایەتی لای تاک دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەو تاکانە لە ڕێگەی زنجیرەیەک پرۆسەی مەعریفی هەڵچوونی، کە بە شێوەیەکی نەرێنی ڕاڤە و لێکدانەوە بۆ هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن لە پێش ڕوودانی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و لە ساتی ڕوودانیدا، بە جۆرێک چاوەڕێی ئەنجامی نەرێنی دەکەن.

(ئاڵدن) تیۆرڤانی نێوان کەسەکان وای بۆچووە کاتێک تاک توشی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەبێت، کە بیر لە کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە.

توێژەر پێی وایە شێوازی ژیان و بەتایبەتی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی نادروستی باوان و خێزانەکان لە لایەک و بەکارهێنانی توندوتیژی زارەکی و بەکارهێنانی دەستەواژەی ناپەروەردەیی لە لایەن بەشێکی کەم لەمامۆستایانەوە بە پلەی یەکەم و ئەزموونی تاکەکەس بە پلەی دووەم، هۆکارن بۆ توشبوون بە فۆبیای کۆمەڵایەتی.

**ئامانجی دووەم/زانینی جیاوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی: گۆڕاوەکانی ڕەگەز(نێرو مێ)، لقی زانستی(زانستی و وێژەیی)، جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)، ئاستی بژێوی(بەرز، ناوەند، هەژار)دا.**

أ-بۆ زانینی جیاوازی بەپێی **ڕەگەز(نێرو مێ)**بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆمان بەکارهێنا. لە خشتەی(24)دەردەکەوێت بەهای ناوەندی ژمێرەیی کوڕان دەگاتە(127.7) بە لادانی پێوەری(25.66)، بەڵام ناوەندی ژمێرەیی کچان دەگاتە(134.60)بە لادانی پێوەری(24.97)، لە هەمانکاتدا بەهای(t)دەرهێنراو بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی دەگاتە(2.936)، لە کاتی بەراوردکردنی بە بەهای(t)خشتەیی(1.96) بە نمرەی ئازادی(398) بوونی جیاوازی ئاماری ئاماژەداری لەسەر ئاستی(0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی کوڕان و ناوەندی ژمێرەیی کچان هەیە، لە پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی کچان. واتە ڕەگەزی مێ کارلێک کردنیان زیاترە بەراورد بە ڕەگەزی نێر، هەروەک لە خشتەی(24) خراوەتەڕوو:

**خشتەی 24 جیاوازی بەپێی ڕەگەز بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو:**

| | ڕەگەز | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی بەئاستی | |
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | نێر | 127.07 | 25.66 | 2.936 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 134.60 | 24.97 | | | |

خشتەی(24) پیشانی دەدات کە بەڵگەی ئاماری ئاماژەداری هەیە لەنێوان کچان و کوڕاندا بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی کچان، واتە کچان(لەم قۆناغی تەمەنەیاندا)توانای زیاتریان هەیە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی لە کوڕان.

ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە، کە ڕەگەزی مێ توانای پەیوەندی و کارلێک و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی پەیوەندیکردنیان بەهێزترە بەراورد بە ڕەگەزی نێر بەتایبەتی لە ئاخاوتن و

دەستەواژەو دەربڕین و پەیوەندی و هاوکاریدا. لە هەمانکاتدا کۆمەڵگەی کوردی کراوەترن بەراورد بە هەندێ لە کۆمەڵگەکانی تر گۆڕانکارییە کولتورییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز لەنێو خێزان و دامەزراوە و کۆمەڵگەدا کەم بۆتەوە. پسپۆڕێکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی ئەم ئەنجامەی سەلماندوو وتی:"**کچان لەم تەمەنەدا زیاتر حەزیان لە کارلێکی کۆمەڵایەتییە، بەتایبەتی لەگەڵ مامۆستا ئەگەر شێوازی سەرنج ڕاکێشبێت و دەم بەخەندە بێت**"

لەم بارەیەوە سەرجەم چاوپێکەوتنەکان پێیان وابوو کە: **ڕەگەزی مێ گرنگیپێدانەکانی بە بەرامبەر زیاترە و لە خێزانیش نازی زیاترە و بەزۆری تەنها قوتابخانەیان هەیە کارلێکی لێ ئەنجام بدەن، بەڵام ڕەگەزی نێر زیاتر دەچنە دەرەوە و کارلێکی خۆیان لە شوێنی تر تێردەکەن.**

لە هەمانکاتدا گروپێک لە مامۆستایانی رەگەزی مێ وتیان: بەپێی ئەزمونی ئێمە کە لە هەردوو جۆری قوتابخانەی کچان و کوڕانیش وانەمان وتۆتەوە: **کارلێکی کۆمەڵایەتی بە جۆرێکە لەنێوان هەردوو ڕەگەز، ئەگەر مامۆستا مێ بێت و قوتابییەکان کوڕ بن، کارلێک باشترە و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.**

ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکانی(رزق الله، 2008) و (البرکات و یاسن، 2010)، کە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی کوڕانە و پێیان وایە ئەنجامەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگە و ژینگەی تەقلیدی، کە ڕێگە بە کوڕان دەدات ئازاد بن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی فراوان دروستبکەن زیاتر لەو دەرفەتەی کە بە ڕەگەزی مێ دەدرێت. لە لایەکی تریشەوە پێیان وایە ڕەگەزی نێر زیاتر ئازادن لە ڕادەربڕین لەوەی کە دێت بە خەیاڵیاندا لە هەر چالاکییەکی کۆمەڵایەتی کەئەنجامی بدەن پێچەوانەی ڕەگەزی مێ، کە دەترسن و شەرم دەکەن لە بەشداری چالاکی کۆمەڵایەتی.

هەروەک تویژەران (میدون و هتهات)، لەسەر بوونی شەرم و ترس لە کاتی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای کچان و کوڕان ئاماژەیان پێکردووە، ئەم جیاوازییە ڕەنگە بۆ سروشتی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای ڕەگەزی نێر بگەڕێتەوە، کە زیاتر وەسفی خۆیان کردووە شەرمن و توڕەن و کاتێکی زیاتریان پێویستە بۆ کۆبیر خستنەسەر لایەنی بەرامبەر لەکاتی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا[1].

(مید) تیۆرڤانی کارلێکی کۆمەڵایەتی باوەڕی وایە، کە خود لە ئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتی دروست بووە، ئەم پرۆسەیە لە تەمەنی منداڵیەوە دەست پێ دەکات، کاتێک کە منداڵ دەست دەکات بە پەرەپێدانی هەستەکانی و بەتایبەتی هەوڵەکانی بۆ فێربوونی زمان، باوەڕیشی وایە خود(self) وەک تاکێکی نوێ لەنێو کۆمەڵگەوە بەدەردەکەوێت و لە ئەنجامی ئەم بەدەرکەوتنە نوێیەشەوە کیانێکی نوێ دەردەکەوێت. باوەڕمان وایە هەر ئەمەی دووەمیش، کە کۆمەڵگەیە ئەو جیاوازیانە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان هەردوو ڕەگەز دروست دەکەن، بەتایبەتیش کولتوری کۆمەڵگە کۆمەڵێک نەریتی تایبەت بە نێر و کۆمەڵێک نەریتی تایبەت بە مێ دیاری دەکات، تاکیش بەپێی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەریاندەگرێت و پەیڕەویان دەکات، کە خوێندن لە قوتابخانە و کارلێکی قوتابی لەگەڵ مامۆستاش بەشێکن لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

**ب–**بۆزانینی جیاوازی بەپێی **جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)** بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆمان بەکارهێنا. لە خشتەی(25)دەردەکەوێت بەهای ناوەندی ژمێرەیی قوتابخانەی حکومی دەگاتە(129.86) بە لادانی پێوەری(21.10)، بەڵام ناوەندی ژمێرەیی قوتابخانەی ناحکومی دەگاتە(135.86)بە لادانی پێوەری(23.37)، لە هەمانکاتدا بەهای(t)دەرهێنراو بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی

[1] مبارکة میدون و مسعودة هتهات، مظاهر الرهاب الاجتماعي لدى عينة من الطلبة الجامعيين، المصدر السابق، ص641.

دەگاتە(2.337) و لە کاتی بەراوردکردنی بە بەهای(t)خشتەیی(1.96) بە نمرەی ئازادی(398) بوونی جیاوازی ئاماری ئاماژەداری لەسەر ئاستی(0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی قوتابخانەی حکومی و ناحکومی هەیە، لە پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بۆ بەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەیی قوتابخانە ناحکومییەکان، واتە کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی لە قوتابخانە ناحکومییەکان بەرزترە، هەروەک لە خشتەی(25)خراوەتەڕوو:

**خشتەی 25 جیاوازی بەپێی جۆری قوتابخانە بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو:**

| کارلێکی کۆمەڵایەتی | جۆری قوتابخانە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | حکومی | 129.86 | 21.10 | 2.337 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| | ناحکومی | 135.86 | 23.37 | | | |

هەروەک لەخشتەی(25) ڕونکراوەتەوە جیاوازی هەیە بە بەڵگەی ئاماری ئاماژەداری بەپێی جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)، لە بەرژەوەندی قوتابخانە ناحکومییەکان.

ئەمە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆئەوەی ژمارەی قوتابی لە قوتابخانە ناحکومییەکان کەمن بەراورد بە ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانە حکومییەکان بە شێوەیەکی گشتی زۆرە، ئەمەش دەرفەتی زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ کارلێکی نێوان مامۆستا و قوتابی لە پۆلدا، لە لایەکی ترەوە مامۆستایان لە قوتابخانەی ناحکومی هەست بە چاودێری زیاتری بەڕێوەبەر و خاوەن پرۆژەکانی قوتابخانە ناحکومییەکان دەکەن و ناچارن بۆ ڕەزامەندی قوتابیان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان هەوڵی زیاتر بدەن بۆئەوەی بە شێوەیەکی ئەرێنی دەربکەون لە قوتابخانەکاندا، تاکو بتوانن لە ڕاژەی ئەوقوتابخانانە بەردەوامبن، بەهۆی ئەوەی دەرفەتی کار زۆرکەمە بۆ خاوەن بڕوانامەکان چ لە کەرتی حکومی و ناحکومی ئەمەش وایکردووە کێبەرکێیەکی زۆر دروست بێت بۆ دەرخستنی باشترین ئەدای قوتابخانەکان.

بەڕێوەبەرێک و گروپێک لە مامۆستایانی حکومی بۆچوونیان وابوو کە: **لە قوتابخانەی ناحکومی چاوپۆشی لە زۆر ڕەفتاری قوتابی دەکرێت و مامۆستا ناچار دەکرێت کە چاوپۆشی بکات نەرم و نیان بێت لەگەڵ قوتابییەکانی.**

لە هەمانکاتدا فۆکس گروپێک لە سەرپەرشتیاران وتیان: **مامۆستا لە قوتابخانەی ناحکومی موچە و ئایندەی دەکەوێتە ژێر مەترسی، لەبەرئەوە ناچار دەبێت بەو ئاراستەیە مامەڵەبکات، کە هەم خێزانەکان و هەم بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەش ڕازی بکات، لەگەڵ ئەمانەشدا مامۆستاکانی قوتابخانەی ناحکومی گرنگی بە سەرمایەی مەعریفی خۆیان دەدەن و بەشداری خول دەکەن.**

ج-بۆ زانینی جیاوازی بەپێی **جۆری خوێندن(زانستی و وێژەیی)**بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆمان بەکارهێنا، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون، کە لەخشتەی(26) خراوەتەڕوو:

**خشتەی 26 جیاوازی بەپێی جۆری خوێندن بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو:**

| | جۆری خوێندن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | زانستی | 133.08 | 24.89 | 1.923 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| | وێژەیی | 127.73 | 26.61 | | | |

لە خشتەی(26)دەردەکەوێت بەهای ناوەندی ژمێرەیی جۆری خوێندن دەگاتە(133.08) بە لادانی پێوەری(24.89)، بەڵام ناوەندی ژمێرەیی لقی وێژەیی دەگاتە(127.73)بەلادانی پێوەری(26.61)، لە هەمانکاتدا بەهای(t)دەرهێنراو بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی دەگاتە(1.923) و لە کاتی بەراوردکردنی بە بەهای(t)خشتەیی(2.59) بە نمرەی ئازادی(398) بوونی جیاوازی ئاماری ئاماژەداری لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن(زانستی و وێژەیی) نییە لەسەر ئاستی کۆی نمرەی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە جۆرێک لە

جیاوازی هەیە، بەڵام ناگاتە ئاستی بەڵگەداری، بەڵام بوونی جیاوازی ئاماری ئاماژەداری لەسەر ئاستی پێکهاتەی: (پەیوەندی کۆمەڵایەتی) لە بەرژەوەندی لقی وێژەیی بوونی هەیە.

پسپۆڕێکی بواری تەندروستی دەروونی و کەسێتی وتی نەبوونی جیاوازی لە جۆری خوێندنی وێژەیی: **"بۆ چاولێکەری دەگەڕێتەوە، چونکە ژمارەیەکی کەم لەو کەسانە بە بڕیارێکی سەلیم ئەو لقەیان هەڵبژاردووە کاتێک جیاوازی حەقیقی دروست دەبێت، کە بە شێوەیەکی زانستی و بەپێی توانا و خولیای تاکەکان لەو لقانە وەربگیرێن، کاتێک لەسەر بنەمای توانا و حەز و خواستەکان نەبوو، جیاوازی کرۆکی دروست نابێت"**

دوو بەڕێوەبەر و گروپێک لە مامۆستایان بۆچوونیان وا بوو کە: **دەبوایە وێژەییەکان کارلێکیان زیاتر بوایە لە زانستییەکان، چونکە چالاکی کۆمەڵایەتییان زیاترە و وانەیان کەمترە و کەمتر سەرقاڵ و خەمی وانەکانیان هەیە بەراورد بەزانستی، بەڵام دیسان ئەمە دەبەستنەوە بە شێوازی وەرگرتن و خوێندن لەو دوو لقە زانستییە.**

گروپێک لە مامۆستایان وتیان، **نەبوونی جیاوازی لەنێوان زانستی و وێژەیی بۆ نەبوونی هۆشیاری خێزانەکان لە کاتی دیاریکردنی زانستی و وێژەییدا دەگەڕێتەوە، کە درک بە تواناکانی منداڵەکانیان ناکەن بەچی ئاراستەیەکدا بڕوات، زۆرینەیان حەزدەکەن منداڵەکەیان بچێتە لقی زانستی.**

ئەم ئەنجامە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی(البرکات و یاسین، 2010)ە، کە پێیان وایە هیچ جیاوازی نییە بەپێی پسپۆڕێتی(وێژەیی و زانستی)، لە کاتێکدا پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی(إقرونة، 2018)یە، کە پێیان وایە جیاوازی هەیە بەپێی پسپۆڕی(زانستی و وێژەیی) لە بەرژەوەندی لقی وێژەیی.

**د-جیاوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان(بەرز، ناوەند، نزم)**، بۆ ئەم مەبەستە تاقیکردنەوەی(One Way ANOVA)مان بەکارهێنا، بۆئەوەی بزانین جیاوازی هەیە لەنێوان ئاستی بژێوی ژیان(نزم، ناوەند، بەرز) لە کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی. بەکارهێنانی(شیکردنەوەی یەک ئاراستە بۆ جیاوازی-التحليل التباين وحيد الاتجاه)، یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی زۆرینەی توێژینەوەکان، ئامرازێکی بەربڵاوە و لە بەکارهێنان ئاسانە لە جێبەجێکردن و ڕاڤەکردن، ئەنجامی ئەمەش لە خشتەی(27)خراوەتەڕوو:

**خشتەی 27 ئەنجامی تاقیکردنەوەی(ANOVA) بۆزانینی جیاوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێ گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی جارانەکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی کۆی جارانەکان | بەهای (ف)دەرهێنرارو | بەهای(ف)خشتەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەبەینی گروپەکاندا | 7394.421 | 2 | 3697.210 | 8.081 | 3.00 | بەڵگەدارە |
| لەنێو گروپەکاندا | 181645.057 | 397 | 457.544 | | | |
| کۆی گشتی | 189039.477 | 399 | | | | |

لە خشتەی(27) دەردەکەوێت، کە بەهای(ف)ی هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (ف) خشتەیی بەپێی ئاستی گۆڕاوی گوزەران(بەرز، ناوەند، نزم). بەهای(P.Value) بریتییە لە(0.000) ئەمەش بچوکترە لە ئاستی ئاماژەداری(0.05)، لەبەرئەوە لانی کەم دوان لە گروپەکان جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە و یەکسان نین.

بۆ زانینی دیاریکردنی ئاراستەی جیاوازیی نێوان گروپەکان بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی، یەکێک لە تاقیکردنەوەکانی پاشەکیمان بەکارهێنا، کە تاقیکردنەوەی(Sheffe) خشتەی(28)ئاراستەی جیاوازی نێوان گروپەکان دەخاتەڕوو.

**خشتەی 28 ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەراوردی پاشەکی شیفیە**

| کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان | جیاوازی لەناوەندەکان Mean Differences | بەهای دەرهێنراو | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| ناوەند---بەرز | 9.76111 | 0.053 | بەڵگەدار نییە |
| نزم---بەرز | 27.58525* | 0.000 | بەڵگەدارە |
| نزم---ناوەند | 17.82414* | 0.010 | بەڵگەدارە |

لە خشتەی(28)ڕووندەبێتەوە، کە هۆکاری بوونی جیاوازی ئاماری بەڵگەداری بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی جیاوازی لای(نزم-بەرز) بەجیاوازی (*27.58525)بە ئاستی ئاماژەداری(0.000) لە بەرژەوەندی ئاستی نزم، واتە کارلێکی کۆمەڵایەتی لای ئاستی بژێوی نزم کەمترە بەراورد بە گروپی ئاست بەرزەکان، لەگەڵ گروپی ئاستی (نزم-ناوەند[1]) بە جیاوازی(*17.82414)، بە ئاستی ئاماژەداری(0.010)لە بەرژەوەندی ئاستی بژێوی نزم، بەڵام جیاوازی نەبوو لە نێوان ئاستی ناوەند و بەرزدا.

گومان لەوەدا نیە، هەژاری کاریگەری نەرێنی گەورەی هەیە لەسەر تاک لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیی و ئابووری و چۆنایەتی ژیان. ڕەنگە بوونی ئەم جیاوازییانەش لە نێوان هەژار لە لایەک و ناوەند و بەرز لە لایەکی ترەوە بۆ سروشتی ئاستی بژێوی ژیان بگەڕێتەوە لای هەژاران، زیاتر سەرقاڵی کار و پەیداکردنی بژێوی ژیانبن بۆ خۆیان و

---

(1) دەکرێت ئاماژە بە پۆلێنەکەی لوید ورنر(William Lioyd Warner) لەتوێژینەوەکەی بەناوی( Yankee city) بکەین بۆپۆلێنکردنی ئەم چینانە بەسەر سێ چینی تردا، بۆنمونە(ناوەند) دابەشدەکرێت بۆسەر سێ چینی تری(هەژاری ناوەند، ناوەندی ناوەند، ناوەندی بەرز)، پێمانوایە زۆرینەی ناوەندی ئەم چینەش لەئێستادا لەزۆنی(ناوەندی ناوەند و هەژاری ناوەندبن) ئەمەش بەستراوەتەوە بە تەرخانکردنی موچەو بوجە و دابەشکردن یان پاشەکەوتکردنی).

خێزانەکانیان، لە ڕووی خۆراک و جل و بەرگ و پێویستییەکانی ژیانەوە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە هەست بە جۆرێک لە بێبەش بوون و نادادی کۆمەڵایەتی بکەنەوەوە و نەتوانن گرنگی بە خۆیان بدەن لە ڕووی پەروەردەیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

لە لایەکی ترەوە خێزانە ئاست بژێوی بەرزەکان و تاڕادەیەکیش ناوەندەکان لە ڕووی ئابوورییەوە توانای دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان هەیە لە پێویستییە بنەڕەتییەکان و جۆرێک لە زیادەڕۆییش بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لای چینی بەرز.[1] منداڵانی ئەوخێزانانە سەرقاڵی ئەوە نابن خەم لە بژێوی ژیانی ئێستا و ئایندەی خۆیان بخۆن، ئەم هەستەش وا دەکات هەژارەکان هەست بە ئارامی و سەقامگیری دەروونی نەکەن و نەتوانن لە ئەنجامدانی کارلێکی کۆمەڵایەتی هاوشانی گروپەکانی تر بڕۆن و هەستی خۆجیاکردنەوەیان بۆ دروست دەبێت. ئەگەرچی زۆرینەی هەژارەکان لە گەڕەکە هەژارنشینەکان نیشتەجێن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەو گەڕەکانەش بەهێزە، بەڵام کاتێک تێکەڵ بەچینەکانی تر دەبن یان لە ژینگەیەکی تری وەک قوتابخانە خۆیان دەبیننەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەستی خۆبەکەم زانینیان لادروست دەبێت.

چاوپێکەوتنەکان هەموو بیرۆکەکان بە ئاراستەی ئەوە بوون کە: **هەژارەکان هەندێکیان دەیشارنەوە کە هەژارن و هەندێکیشیان شەرم دەکەن، بە هۆی نەبوونی پێویستی و خەرجی ڕۆژانە و جل و بەرگی پێویستەوە، ئەمەش وایان لێدەکات پاشەکشێ بکەن لە کارلێکی**

---

[1] تێبینی ئەوەمانکردووە منداڵی چینەبەرزەکان و تەنانەت هەندێک لە چینی ناوەندیش شارەزای زۆرێک لەکەل و پەلەکانی بەکارهێنانی براندە جیهانییەکانن و تەنانەت لەهەندێک لەقوتابخانە ناحکومییەکاندا ئەم دیاردەیە بەڕونی هەستی پێدەکرێت لە کێبەرکێکردن لەبەکارهێنانی کەل و پەلە براندە گرانبەهاکاندا و خەرجییەکی زیاد لەپێویستیشی بۆخەرج دەکرێت. زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبونی هەستی خۆبەکەمزانین لای ئەومنداڵانەی کەناتوانن ئەوکەل و پەلانە بەدەست بهێنن و بەهەرهۆیەکیشەوەبێت ناچارن لەو قوتابخانە ناحکومیانەدا بخوێنن.

**کۆمەڵایەتی.** ئەگەرچی بەشێک لە قوتابخانەکان هەوڵی دابینکردنی پێویستییەکانیشیان بۆ دەدەن.

**بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک و گرووپێک لە سەرپەرشتیاران وتیان: گەڕان و تێکەڵبوونیش کاریگەری هەیە و هەبووەکان دەگەڕێن و گەشت دەکەن و ئەمەش دەبێتە هۆی کرانەوەیان و زوو تێکەڵبوونیان.**

لە هەمانکاتدا پسپۆڕێکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی وتی:"**خێزان هەبووە زیاتر پێویستییەکان بۆ منداڵەکانیان فەراهەم دەکەن و یارمەتیان دەدەن پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتیان دەکەن، ئەمەش دەبێتە بەشێک لە کەسێتی خۆی، لەهەندێک دۆخیش قوتابی ئامادەیی باشی هەیە، بەڵام چونکە ژینگەکەی خێزانی باشی نییە و توانجی لێدەدرێت و ناتوانێت کەسێتی یەکی کاریگەر دروست بکات بەسەرخۆیدا دەشکێتەوە**"

**گرووپێک لە مامۆستایان وتیان: هەژار بەراورد دەکات لەنێو ئەوشتانەی ئەو نییەتی و هاوپۆلەکانی تریان هەیەتی، ئەمەش وای لێدەکات هەست بە کەمی بکات، لە کاتێکدا ئەمە بۆچوونێکی لۆژیکی نییە.** ئەلیس تیۆرڤانی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەڵێت: **بۆچوونە ناژیرییەکان لە منداڵییەوە و لەمیانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە دەچەسپێت لای تاک، لەبەرئەوە بە شێوەیەکی نالۆژیکیش لێکدانەوە بۆ شتەکان دەکات.**



**شێوەی 4 ئاراستەی جیاوازییەکان بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی دەردەخات لەنێوان گروپەکانی ئاستی بژێوی ژیان(نزم، ناوەند، بەرز)**

**ئامانجی سێیەم/زانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی: ڕەگەز(نێرو مێ)، لقی زانستی(زانستی و وێژەیی)، جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)؛ ئاستی بژێوی(نزم، مام ناوەند، بەرز)دا.**

**أ-زانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی ڕەگەز(نێرو مێ)** بۆ زیرەکی هەڵچوونی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆمان بەکارهێنا، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون، کە لە خشتەی(29) خراوەتەڕوو:

**خشتەی 29 جیاوازی بەپێی ڕەگەز بۆ زیرەکی هەڵچوونی دەخاتەڕوو:**

| | ڕەگەز | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t دەرهێنراو | بەهای t خشتەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زیرەکی هەڵچوونی | نێر | 127.25 | 11.81 | 0.695 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 128.03 | 9.95 | | | |

بەوردبونەوە لە خشتەی(29)هیچ جیاوازییەک بەدی نەکرا لە نێوان کچان و کوڕاندا لە زیرەکی هەڵچوونی لەسەر ئاستی نمرەی گشتی پێوەر، تەنها لە پێکهاتەی تێڕوانینی ئەرێنی بۆ خود جیاوازی دۆزرایەوە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ، ئەمەش هەمان ئەنجامە، کە بارون (Bar-On, 2006: 16)تیۆرڤانی زیرەکی هەڵچوونی پێی گەیشتووە.

ئەم ئەنجامەی سەرەوە وا لێکدەدرێتەوە هەردوو ڕەگەز، ئەگەر دەرفەتی یەکسانیان بۆ بڕەخسێت نمرەی بەرز بەدەست دەهێنن لە پێوەری زیرەکی هەڵچوونی. پێدەچێت لە ئێستادا کۆمەڵگەی کوردەواری زیاتر هەوڵی کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی دابێت لەسەر بنەمای ڕەگەز، لە ئێستادا تاڕادەیەکی باش دەرفەت ڕەخساوە بۆ هەردوو ڕەگەز، کە هەست و سۆزەکانیان دەربڕن و پەیرەوی بکەن، قوتابخانەش کە یەکێکە لە دامەزراوە سەرەکییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی نەوەکان و ڕۆڵی گرنگ و تەواوکاری و یەکلاکەرەوەی هەیە، لە

پێگەیاندن و پەروەردەکردن، دەرفەتی یەکسان ڕەخساوە بۆ هەردوو ڕەگەز نەشونما بکەن و پێکهاتەکانی زیرەکی هەڵچوونی لای قوتابییەکان بە هەردوو ڕەگەزەوە پەرەپێبدەن.

ئەم ئەنجامە هاوتەریبە لەگەڵ توێژینەوەی: (Lawrence and Deepa, 2013)؛ (رزق الله، 2008) لە کاتێکدا توێژینەوەی:(محمد و منصور، 2015)، جیاوازی نەدۆزیەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر ئاستی نمرەی گشتی پێوەر، بەلام جیاوازی تەنها لە ڕەهەندی کۆمەلایەتی جیاوازی هەبوو، لە بەرژەوەندی کچان و ڕەهەندی بەڕێوەبردنی فشارەکان لە بەرژەوەندی کوڕان. لە هەمان ڕاستاییدا توێژینەوەی:(القاضي، 2012)، تەنها جیاوازی لە هەندێک لە پێکهاتەکانی زیرەکی هەڵچوونی لە نێوان کچ و کوڕدا هەیە، بە جۆرێک کچان زیاتریان هەیە بەسەر کوڕاندا لە کارامەیی هاوسۆزی و کارامەیی کۆمەلایەتی، لە کاتێکدا کوڕان بەسەر کچاندا زیاتریان هەیە لە ئیدارەدانی فشار و میزاجی گشتی.

هەروەها ئەنجامی توێژینەوەی بارون(Bar-On, 2006: 16) دەڵێت: جیاوازی نەدۆزرایەوە لە نێوان نێر و مێدا لە زیرەکی هەڵچوونی لەسەر ئاستی نمرەی گشتی، بەلام جیاوازی لەنێوان نێرومێ دا لە ژمارەیەک هۆکاری کەمدا بەدی دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرییەکانی کەمە، بەپێی نموونەی وەرگیراو لە ئەمریکای باکور، خانمان لە ڕووی هوشیاری بە هەڵچوونەکان و کارامەیی نێوان کەسییەکانەوە(interpersonal skills) بەتواناتر بوون لە ڕەگەزی نێر، ڕەگەزی نێر لە توانا کەسییەکانیان باشتربوون لە بەڕێوەبردنی هەڵچوونەکان و توانای زیاتری گونجان بالاتربوون بەسەر ڕەگەزی مێدا. هەروەها خانمان هۆشیارتر بوون بۆ هەڵچوونەکان و دەربڕینیان و هاوسۆزی و توانای پەیوەندیکردن لەنێو خەڵکی و هەڵگرتنی بەرپرسیاری کۆمەلایەتی زیاتر لە پیاوان. لە کاتێکدا پیاوان بالاتر بوون لە خود نرخاندن (Self-esteem)زیاتر پشت بەخۆبەستن و توانای باشتریان هەبوو لە چۆنێتی مامەڵەکردن

لەگەڵ فشارەکان و نەرم و نیانیان زیاتر بوو، لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا باشتر بوون، زیاتر گەشبین بوون لە خانمان.[1]

لە کاتێکدا توێژینەوەی: (إقرونة، 2018) پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکەی ئێمەیە، دەڵێت: لەسەر ئاستی نمرەی گشتی پێوەر جیاوازی هەیە لە بەرژەوەندی کوڕان، تەنها لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەبێت جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی کچان بووە. لە هەمانکاتدا ئەنجامی توێژینەوەی(مکطوف و العبيدي، 2008)، بە پێچەوانەوە زیرەکی هەڵچوونی لای کچان بەرزترە بەراورد بە کوڕان. لەهەمان ڕاستاییدا توێژینەوەی ( Jaibari and Mohammadtaheri 2011)، گەیشتونەتە ئەوئەنجامەی زیرەکی هەڵچوونی لای ڕەگەزی مێ بەرزترە بەراورد بە ڕەگەزی نێر.

پسپۆڕێکی تەندروستی دەروونی بۆچونی وابوو: **ئەگەر جیاوازی بکرایە بۆ(IQ) ئەوە ڕەنگە جیاوازی بەدەربکەوتایە، بەڵام بە هۆی ئەوپاڵپشتییەی کە ئێستا هەیە لە کۆمەڵگەی کوردی بۆڕەگەزی مێ لە ڕووی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوجیاوازییەی نەهێشتووە لە ڕووی زیرەکی هەڵچوونییەوە.**

لە هەمانکاتدا بەڕێوەبەرێک و پسپۆڕێکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی ڕایان وابوو، **کچان گەشەی کۆمەڵایەتییان زیاترە و لەو تەمەنەدا زیاتر تێڕوانینی ئەرێنی بۆ خود و خۆدەرخستنیان بۆ دروست دەبێت، ئەمەش پەیوەندی بە خێزان و کولتورەوە هەیە.**

لە هەمانکاتدا گروپێک لە سەرپەرشتیاران بۆچوونیان وابوو: **لە ئێستادا کۆمەڵگەی کوردی گرنگی زیاتر بە کچان دەدات. گروپێکیش لە مامۆستایان وتیان:** ئەمە زیاتر پەیوەندی بە پەروەردەی سەرەتایی خێزان و قوتابخانەوە هەیە و پرۆسەیەکی درێژخایەنە.

---

(1) Reuven Bar-on, The Bar-On model of emotional-social intelligence, op. cit., p16.

**ب-زانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی):** بۆ زیرەکی هەڵچوونی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆمان بەکارهێنا، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون، کە لەخشتەی(30) خراوەتەڕوو:

**خشتەی 30 جیاوازی بەپێی جۆری قوتابخانە بۆزیرەکی هەڵچوونی دەخاتەڕوو:**

| | جۆری قوتابخانە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t دەرهێنراو | بەهای t خشتەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زیرەکی هەڵچوونی | حکومی | 127.26 | 10.77 | 1.520 | 1.96 | بەڵگەدارنییە |
| | ناحکومی | 129.20 | 10.61 | | | |

لە داتاکانی خشتەی(30) دەردەکەویت، کە جیاوازی نییە لە زیرەکی هەڵچوونی بەپێی جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی).

ڕەنگە ئەمەش وا لێکبدرێتەوە، کە قوتابیانی قوتابخانەی حکومی و ناحکومی لە چوارچێوەی یەک کولتوری هاوبەش دەژین و بە هەمان پرۆگرامی خوێندن دەخوێنن و زۆرینەی مامۆستاکان لە هەمان کۆمەڵگەن و ژمارەیەکیشیان لە قوتابخانە حکومییەکان مامۆستان، ئەمەش وادەکات جیاوازی لە شێوازی پەروەردە و پرۆگرامدا نەبێت و زیرەکی تاکەکان لە ڕووی هەڵچوونییەوە نزیکبن لەیەکتری. ئەمە پێچەوانەی توێژینەوەی( Chamunderswari, 2013)، کە جیاوازی بە شێوەیەکی زۆر هەبوو لە زیرەکی هەڵچوونی لەنێوان قوتابیانی قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکاندا لەبەرژەوەندی قوتابیانی قوتابخانەی ناحکومی، ئەمەشیانگەڕاندۆتەوە بۆ پاڵپشتی باوان بۆ منداڵەکانیان لە قوتابخانەی ناحکومی.

پسپۆڕێکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بۆچوونیان وابوو: **ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم فاکتەرانە ڕۆڵ نابینن لە بوونی جیاوازی، بەڵکو فاکتەری تر هەن، کە ڕەنگە کاریگەریان هەبێت، لە هەمانکاتدا تاکەکان هەمان تەمەن و قۆناغیان هەیە و لە هەمان ژینگەی کۆمەڵایەتی پەروەردەکراون و حەزو ئاواتەکانیان لێک نزیکە.** لەم بارەیەوە

بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک وتی: **بەشێکی پەیوەندی بە پانتایی کۆمەڵایەتی و میدیای کۆمەڵایەتییەوە هەیە و بەشێکیشی پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە لە هەردوو جۆری قوتابخانە هەمان پرۆگرام دەخوێنرێت.**

لە هەمانکاتدا پسپۆڕێکی تەندروستی دەروونی و گروپێک لە سەرپەرشتیاران وتیان: **سیستەم ئەم جیاوازیانە دروست دەکات، قوتابخانەی حکومی و ناحکومی لەو ڕووەوە جیاوازیان نییە.**

**ج-جیاوزی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی جۆری خوێندن(زانستی و وێژەیی)**بۆ زیرەکی هەڵچوونی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆمان بەکارهێنا، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون، کە لە خشتەی(31) خراوەتەڕوو:

**خشتەی 31 جیاوازی بەپێی جۆری خوێندن بۆ زیرەکی هەڵچوونی دەخاتەڕوو:**

| زیرەکی هەڵچوونی | جۆری خوێندن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t دەرهێنراو | بەهای t خشتەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زیرەکی هەڵچوونی | زانستی | 128.01 | 10.59 | 0.854 | 1.96 | بەڵگەدارنییە |
| | وێژەیی | 127.00 | 11.14 | | | |

بە وردبونەوە لە داتاکانی خشتەی(31) جیاوازی نییە لە زیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن(زانستی و وێژەیی).

نەبوونی جیاوازی دەکرێت وا لێکبدرێتەوە، کە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، تاکو ئێستاش پرۆگرامێکی تایبەت بە یەکێک لە لقە زانستییەکان نییە، کە گرنگی بدات بە پەروەردەی زیرەکی هەڵچوونی و پێهکاتەکانی لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە قوتابیانی هەردوو لق دەگەڕێنەوە بۆ هەمان کۆمەڵگە و کولتور و داب و نەریت و شێوازی ژیانیان هەمان شێوازە، ئەمەش وایکردووە جیاوازییەکان کاڵببنەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و توانا و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکە کەس.

ئەم ئەنجامەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (القاضي، 2012) و توێژینەوەی(محمد و منصور، 2015)، کە دەڵێن جیاوازی نییە لە زیرەکی هەڵچوونی بەپێی جۆری خوێندن، بەڵام ئەنجامی ئەم

تویژینەوەیە جیاوازە لەگەڵ ئەنجامی تویژینەوەی (إقرونة، 2018)، کە دەڵێت جیاوازی هەیە لە زیرەکی هەڵچوونی بەپێی جۆری خوێندن لە بەرژەوەندی لقی ویژەیی.

پسپۆڕێکی تەندروستی دەروونی نەبوونی ئەم جیاوازییانە دەگەڕێنێتەوە بۆ: **نەبوونی جیاوازی کرۆکی لە پرۆسەی پەروەردەیی لە نێوان ئەم دوو گروپەدا، کە لە ڕووی کردارەکییەوە جیاوازییەکی کرۆکییان نییە.** گروپێکیش لە سەرپەرشتیاران و مامۆستایان ئەم ئەنجامەیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی: **هەمان ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و پەروەردەی خێزان وایکردوە جیاوازییەکان دەرنەکەون.**

پسپۆڕێکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی، ئەم ئەنجامەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە: **پێویستییەکانی هەرزەکاران و بوونی هەستی هاوبەش لە هەمان قۆناغی تەمەن و خوێندندا وا دەکات جیاوازی نەبێت.**

**د- جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان(نزم، ناوەند، بەرز)،** بۆ ئەم مەبەستە تاقیکردنەوەی(One Way ANOVA)مان بەکارهێنا، بۆئەوەی بزانین جیاوازی هەیە لە نێوان ئاستی بژێوی ژیان(هەژار، مامناوەند، بەرز) لە زیرەکی هەڵچوونی ، ئەنجامی ئەمەش لە خشتەی(32)خراوەتەڕوو:

**خشتەی 32 ئەنجامی تاقیکردنەوەی(ANOVA)**

**بۆزانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێ گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی جارانەکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی کۆی جارانەکان | بەهای (ف)دەرهێنرارو | بەهای(ف)خشتەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەکاندا | 654.324 | 2 | 327.162 | 2.864 | 3.00 | بەڵگەدارنییە |
| لەنێو گروپەکاندا | 45355.940 | 397 | 114.247 | | | |
| کۆی گشتی | 46010.264 | 399 | | | | |

خشتەی(32)ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی(ANOVA)ڕووندەکاتەوە بۆ زیرەکی هەڵچوونی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان. لەم خشتەیەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە جیاوازی ئاماری ئاماژەداری نییە لەنێوان گروپەکان بۆ زیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان، کە بەهای(ف) بریتییەلە(2.864)، واتە جیاوازی ئاماری بەڵگەداری نییە. دەکرێت جیاوازی هەبێت، بەڵام ئەو

جیاوازییە ناگاتە ئاستی ئاماری ئامازەداری، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو فەوزا ئابوورییەی، کە چینەکانی تێدا شاردراوەتەوە، هەروەک پسپۆڕێکی تەندروستی دەروونی و کەسێتی وتی:**"لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دۆخی ئابووری زۆر ڕوون نییە توێژێکی کەم قووڵبونەتەوە لە خەرجی و زیادەڕۆیی لە خەرجی**[1]**، دوای ئەم چینە تێکەڵەیەک دەمێنێتەوە ڕەنگە نەتوانین بە ئاسانی جیاوازییەکانیان بخەینەڕوو"** گروپێک لە مامۆستایان بۆچوونیان وابوو: **پەروەردەی خێزان هۆشیاری و دەوڵەمەندی کولتوری و پاڵپشتییەکانیان ڕۆڵی گەورەی هەیە، لە بنیادنانی زیرەکی هەڵچوونی، خێزان هەیە کە منداڵەکەی لە وانەیەک دەکەوێت پێی دەڵێت:**[2] بەڵام خێزانیش هەیە دەڵێت: **کچم تۆ لە هەموو وانەکان دەرچووی و تەنها لە وانەیەک دەرنەچوییت، دڵنیابە ئەویش چاکدەکەیت لە ئایندە!** ئەم دەستەواژانە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ناخی منداڵەکە.

لە هەمانکاتدا گروپێک لە سەرپەرشتیاران بۆچوونیان وابوو: **جیاوازی لە زیرەکی هەڵچوونی هەیە و لە بەرژەوەندی ئاست بەرزەکان، چونکە هەژارەکان ئەو بار و دەرفەتەیان نییە، کە چینی بەرزتر هەیەتی.**

ئەم ئەنجامەش هاوتەریبە لەگەڵ توێژینەوەی: (Lawrence and Deepa, 2013)، کە دەڵێن جیاوازی نییە بەپێی ئاستی بژێوی ژیان بۆ زیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی بژێوی ژیان.

---

[1] ئەم چینە بەتەواوی لەدوای ساڵی 2003 وە لەکوردستان سەریان هەڵداوە و کۆمەڵناس وێبلن( Thorstein Bunde Veblen)ڕەخنەگری چینی خۆشگوزەران(Leisure Class) بەم شێوەیە وەصفی چینی خۆشگوزەران دەکات، ئەم کۆمەڵناسە تاوان و گوناحی چینی خۆشگوزەران و دەستڕۆیشتوو **بەمەسرەفی زۆر و زێدەڕۆیی و ڕژاندن و پژاندن دەزانێت، ئەندامانی ئەم چینە بۆڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی تر، خەریکی مەسرەف و هەڵەخەرجی بۆخۆنواندنن.** تیم دیلانی، تیۆرییە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل594.

[2] ع،و،م،ر،ت،ن،ە،م،ێ،ن،ێ!

**ئامانجی چوارەم/زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی:** ڕەگەز(نێرو مێ)، لقی زانستی(زانستی و ویژەیی)، جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)، ئاستی بژێوی(نزم، ناوەند، بەرز)دا.

**أ- زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی ڕەگەز(نێرو مێ)،** بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆمان بەکارهێنا، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون، کە لە خشتەی(33) خراوەتەڕوو:

**خشتەی 33 جیاوازی بەپێی ڕەگەز بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو:**

| فۆبیای کۆمەڵایەتی | ڕەگەز | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t دەرهێنراو | بەهای t خشتەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فۆبیای کۆمەڵایەتی | نێر | 68.66 | 20.77 | 0.427 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 69.55 | 20.92 | | | |

لە خشتەی(33)دەردەکەویت جیاوازی نییە، بەپێی ڕەگەز(نێر و مێ) بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی نمرەی گشتی پێوەری فۆبیای کۆمەڵایەتی، بەڵام جیاوازی ئاماری ئاماژەدار بوونی هەیە لە پێکهاتەی(کاردانەوە جەستەییەکان) لە بەرژەوەندی کچان، ئەمەش بۆ سروشت و تایبەتمەندی ڕەگەزی مێ دەگەڕێتەوە، کە ناتوانن هەست و سۆز و کاردانەوە جەستەییەکانیان بشارنەوە، ئەمەش زۆرجار لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدیدەکرێت کاتێک نێر و مێ دیمەنێکی تراژیدی دەبینن، ڕەگەزی مێ بە خێرایی فرمێسکەکانی نیشان دەدات پێچەوانەی ڕەگەزی نێر کە دەیشارێتەوە.

تویژەر نەبوونی جیاوازی نێوان نێر و مێ بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا، کە جیاوازییە ڕەگەزییەکان زۆر کاڵبوونەتەوە لە کاتی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، کە تاک تێیدا نەشونما دەکات و کەسیتی لەو قۆناغەدا ڕەنگرێژی دەکرێت تاک فێری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەبێت تێیدا، لە هەمانکاتدا قوتابخانەکان بە یەک شێواز

پەروەردەی کچان و کوڕان دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکان کەمتر ببێتەوە. زۆرینەی چاوپێکەوتنەکان پاڵپشتی ئەم بۆچوونە بوون.

ئەم ئەنجامە هاوتەریبی ئەنجامی توێژینەوەی:(ابريعيم، 2016) و (الرقاد، 2017) ئەنجامی توێژینەوەکانیان دەریانخستووە کە هیچ جیاوازییەک نییە لە فۆبیای کۆمەڵایەتی لەسەر نمرەی گشتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لە فۆبیای کۆمەڵایەتیدا، بەڵام کاتێکیش دەبینین ئەم ئەنجامە جیاوازە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی(Gardi, 2016)، کە ئاماژەی بەوە کردووە جیاوازیی هەیە لە بەرژەوەندی کوڕان، کە لای کوڕان فۆبیای کۆمەڵایەتی زیاترە بەراورد بە کچان، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوقۆناغە بگەڕێتەوە، کە توێژینەوەی گەردی تێدا ئەنجامدراوە، ئەو کات سێ قەیران بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردی گرتبوو: هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش)؛ قەیرانی دارایی، قەیرانی سیاسی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی. دیارە ڕەگەزی نێریش بەرپرسیارێتییەکانی خێزانی لە ئەستۆدایە و خەمی بژێوی و پاراستنی خێزان لە کێشەکان وای لێکردوون، کە زیاتر کاریگەربن بەتایبەتی قەیرانی دارایی لەو سەردەمەدا پڕوکێنەربوو. گروپێک لە سەرپەرشتیاران ئەم بۆچوونەیان پشتڕاست کردەوە تایبەت بەو قۆناغە، لە هەمانکاتدا توێژینەوەی:(سليمان و أحمد، 2021: 353) ئەم ڕاستییانەیان ئاشکراکردووە و گەیشتوون بەو ئەنجامەی ئەو قۆناغە بۆ پرۆسەی پەروەردەیی کاریگەری نەرێنی گەورەی هەبوولەسەر پرۆسەی پەروەردەیی، قوتابیەکی زۆر وازیان لە خوێندن هێنا.

لە هەمانکاتدا توێژینەوەی(رفاعی، مظلوم و الطنطاوي، 2018)، کە پێیان وایە جیاوازی هەیە لە بەرژەوەندی کچان، (وردة، 2010) و (ميدون و هتهات، 2022) ئەنجامی توێژینەوەکەیان دەریخستووە، کە جیاوازی کرۆکی هەیە لەنێوان نێر و مێ لە فۆبیای کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی کچان. ئەوە بۆ سروشتی جیاوازییە کولتورییەکانی نێوان کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا و کۆمەڵگەکانی تر دەگەڕێتەوە.

له لایەکی ترەوە هەندێک لە توێژەران ئاماژەیان پێکردووە ڕەنگە بەرزی ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی لە هەندێک لە توێژینەوەکاندا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە ڕەگەزی مێ زیاتر ئاماژە بە ترس لەسەرخۆیان تۆماردەکەن بەراورد بە ڕەگەزی نێر [1].

ب- **زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی** جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی) بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆمان بەکارهێنا، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون، کە لەخشتەی(34) خراوەتەڕوو:

**خشتەی 34 جیاوازی بەپێی جۆری قوتابخانە بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو:**

| فۆبیای کۆمەڵایەتی | جۆری قوتابخانە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t دەرهێنراو | بەهای t خشتەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | حکومی | 69.48 | 20.68 | 0.516 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| | ناحکومی | 68.20 | 21.44 | | | |

بە وردبونەوە لە خشتەی(34)ڕووندەبێتەوە، کە جیاوازی نییە لە فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی).

توێژەر وای بۆدەچێت، کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە زۆر نزیکن لەیەکەوە و تایبەتمەندییە کولتوری و ژیاری و نەریتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر هاوبەشن و تەنها جیاوازی لە وردەکارییە کولتورییەکاندا ڕەنگە بەدی بکرێت، ئەمەش هۆکارە بۆ نەبوونی جیاوازی لە فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

له لایەکی ترەوە **تیۆری (ئەلیس) و نێوان کەسەکانیش** بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی، پێیان وایە یەکێک لە هۆکارەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونە پێشینەکانی ژیانی تاکە

---

[1] مبارکة میدون و مسعودة هتهات، مظاهر الرهاب الاجتماعي لدى عينة من الطلبة الجامعيين، المصدر السابق، ص640.

کەس و کاریگەرییەکانی سەردەمی منداڵی، ڕەنگە ئەو ڕێژەیە لە بوونی فۆبیای کۆمەڵایەتی بگەڕێتەوە بۆ شێوازی پەروەردەی سەرەتایی خێزانی.

ج- **زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی** جۆری خوێندن(زانستی و وێژەیی) بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی تاقیکردنەوەکانی(Independent Sample t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆمان بەکارهێنا، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون، کە لە خشتەی(35) خراوەتەڕوو:

**خشتەی 35 جیاوازی بەپێی جۆری خوێندن بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو:**

| | جۆری خوێندن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t دەرهێنراو | بەهای t خشتەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فۆبیای کۆمەڵایەتی | زانستی | 68.38 | 20.80 | 1.167 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| | وێژەیی | 71.03 | 20.91 | | | |

لە خشتەی(35)دەردەکەوێت کەجیاوازی نییە لە فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن(زانستی و وێژەیی).

کاتێک دەبینین فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی جۆری خوێندن: زانستی و وێژەیی جیاوازیی نییە، واتە پسپۆڕێتی زانستی و وێژەیی کاریگەری نییە لەسەر فۆبیای کۆمەڵایەتی، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بابەتێکی تایبەت بە تەندروستی دەروونی وەک پرۆگرام لە ناوەندەکانی خوێندن بخوێنرێت، تاکو جیاوازییەکان دەربکەوێت، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ئەنجامێکی لۆژیکییە، کە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان جیاوازیان نەبێت بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی. ئەم ئەنجامەش هاوشانی ئەنجامی توێژینەوەی (رفاعی، مظلوم و الطنطاوي، 2018) و (الرقاد، 2017)، کە پێیان وایە هیچ جیاوازی نییە بەپێی پسپۆڕێتی(زانستی و وێژەیی) لە فۆبیای کۆمەڵایەتی.

د- **زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی** ئاستی بژێوی ژیان(هەژار، ناوەند، بەرز)، بۆ ئەم مەبەستە تاقیکردنەوەی(One Way ANOVA)مان بەکارهێنا، بۆئەوەی بزانین جیاوازی

هەیە لە نێوان ئاستی بژێوی ژیان(هەژار، مامناوەند، بەرز) لە فۆبیای کۆمەڵایەتی، ئەنجامی ئەمەش لە خشتەی(36)خراوەتەڕوو:

**خشتەی 36 ئەنجامی تاقیکردنەوەی(ANOVA) بۆزانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی جارانەکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی کۆی جارانەکان | بەهای (ف)دەرهێنرارو | بەهای(ف)خشتەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەکاندا | 5371.524 | 2 | 2685.762 | 6.347 | 3.00 | بەڵگەدارە |
| لەنێو گروپەکاندا | 167986.646 | 397 | 423.140 | | | |
| کۆی گشتی | 173358.170 | 399 | | | | |

خشتەی(36)ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی(ANOVA)ڕووندەکاتەوە بۆ جیاوازی ئاستی بژێوی ژیان لە فۆبیای کۆمەڵایەتی. لەم خشتەیەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە جیاوازی هەیە لەنێوان گروپەکان بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان، کە بەهای(ف)بریتییەلە(6.347) بە ئاستی ئاماژەداری(0.002) و کەمترە لە(0.05) ئەمەش بەڵگەی ئاماژەداری جیاوازییە.

بۆ زانینی ئاراستەی جیاوازییەکان یەکێک لە تاقیکردنەوەکانی شیفییەمان بەکارهێنا کەلەخشتەی(37)خراوەتەڕوو:

**خشتەی 37 ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەراوردی شیفییە**

| فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان | جیاوازی لەناوەندەکان | ئاستی ئاماژەداری | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| ناوەند---بەرز | 8.12262 | 0.110 | بەڵگەدار نییە |
| هەژار---بەرز | 23.54399* | 0.002 | بەڵگەدارە |
| هەژار---ناوەند | 15.42137* | 0.024 | بەڵگەدارە |

لە خشتەی(37)ڕووندەبێتەوە، کە هۆکاری بوونی بەڵگەداری جیاوازی لە فۆبیای کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی جیاوازی لای(هەژار)بە جیاوازی( 23.54399) لەگەڵ ئاستی (بەرز) و جیاوازی(15.42137) لە گەڵ ئاستی ناوەند، بە بەڵگەی ئاماژەداری(0.002-0.024)بەدوای یەکدا کەمتر لە(0.05)، بەڵام جیاوازی ئاماری ئاماژەداری بەدی نەکرا لەنێوان چینی ناوەند و بەرز، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی:(رفاعی، مظلوم و الطنطاوي، 2018) ئەنجامی توێژینەوەکەیان گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی جیاوازی نییە، بەپێی ئاستی بژێوی ژیان. فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان جیاوازی هەیە و جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بژێوی هەژار. ئەم جیاوازییەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە منداڵی خێزانە هەژارەکان جگە لەوەی زۆرینەیان بەرپرسیاریتی بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانەکانیان لەسەر شانە و بە شێوەیەکی ئاسایی ناتوانن گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتی خۆیان بدەن، کارامەییەکانی ژیان تێیاندا بە نیوە ناچڵی گەشە دەکات لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە هەمیشە خەم و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیان هەیە بۆ ئەو شتانەی کە پێویستییانە و بەردەست نییە وەک هاوڕێکانی تریان بۆیان بەردەستە، ئەمەش وا دەکات لە هەژارەکان هەستی خۆبەکەمزانین لایان دروستبێت و توشی جۆرێک لە ڕەفتاری خۆلادانی کۆمەڵایەتی و تێکەڵ نەبوون ببنەوە لە ئەنجامیشدا توشی فۆبیای کۆمەڵایەتی ببنەوە.

لە هەمانکاتدا پسپۆڕێکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی وتی: **هەستە نەرێنییەکان زیاتر کاریگەری لەسەر هەژارەکان دەبێت، چونکە ترسی لە شکاندنەوە و گاڵتەپێکردن و نەبوونی پێویستییەکان و نیگەرانی ئایندەی هەیە، لە هەمانکاتدا پەروەردەی ناوچەیەک بۆناوچەیەکی تر جیاوازە ئەو کەسانەی**

**پاڵپشتییەکی باشیان هەیە، منداڵی خێزانە کراوەکان کراوەترن و باوەڕبەخۆبونیان زیاترە و بە پێچەوانەشەوە منداڵی خێزانە داخراوەکان داخراون. پاڵپشتی خێزان لە تەمەنی بچوکەوە دەستپێدەکات لەگەڵ پرۆسەی پەروەردە وردە وردە ئەبێتە بەشێک لە کەسێتی تاک و ئاستی متمانەی بەرز دەبێت، چونکە لە ژیانی ڕۆژانە بەکاری هێناوە ئەگەر لە خێزان هەستی خۆبەکەمزانین هەبێت کاریگەری لەسەر منداڵەکانیان دەبێت"** لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرێک وتی: **باوکێک هاتۆتە نێو قوتابخانە و بە کوڕەکەی وتووە، دەرنەچیت بە گولەیەک دەتکوژم!** دیارە ئەمەش هەستی ترس و تۆقین و دڵەڕاوکێ لای بەشێک لەو منداڵانە دروست دەکات.

پسپۆڕێکی تەندروستی دەروونی و کەسێتی ش وتی: **" ئەو بەراوردەی هەژارەکان دەیکەن لەنێوان خۆیان و چینەکانی تردا وایان لێدەکات گۆشەگیربن لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بەهای هەر کەسێک لە کۆمەڵگەکانی ئێستادا دەوەستێتە سەر ئەو توانا داراییەی هەیەتی و شتومەکەکانی بەکارهێنانی، لەبەرئەوە چینی هەژار لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا دەکەونە ژێرەوە.**

لە هەمانکاتدا (ئەلیس)، پێی وایە هەر لەمنداڵییەوە جۆرێک لە بیروباوەڕ لای تاک دەچەسپێت ئەم بیروباوەڕەش کاریگەری لەسەر ژیانی تاک دەبێت، بۆ نموونە هەستی خۆبەکەم زانین لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی لای تاک خۆی بۆ خۆی دروستی دەکات و تێڕوانینەکەی لەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر خەڵکی پێتبزانن هەژاری عەیبەیە. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر سەیری تیۆري ویبلن(Thorstein Bunde Veblen) بکەین،(The theory of the leisure Calss) دەڵێت: هۆکارە ئابوورییەکانیش لەبەرئەوەی کاریگەری زۆریان لەسەر هەڵس و کەوتی تاک هەیە، هەر بەو شێوەیە لەسەر عادەتە فیکرییەکان کاریگەری دادەنێت.[1] بۆیە دەکرێت بڵێین جیاوازی کرۆکی هەیە لەنێوان هەژار و چینی دەوڵەمەندا.

---

[1] تیم دیلانی، تیۆرییە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو، ل589.




**شێوەی 5 ئاراستەی جیاوازییەکان نیشان دەدات بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان.**

**ئەنجامەکانی ئامانجی پێنجەم:** دۆزینەوەی پەیوەندی پەیوەندی نێوان هەرسێ گۆڕاوە سەرەکییەکەی توێژینەوەکە(کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی) لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن( Person Correlation)مان بەکارهێنا، هەروەک لە خشتەی(38)خراوەتەڕوو.

**خشتەی 38 پەیوەندی گۆڕاوەسەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو**

| گۆڕاو | کارلێکی کۆمەڵایەتی | زیرەکی هەڵچوونی | فۆبیای کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|---|
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | – | | |
| زیرەکی هەڵچوونی | 0.245** | – | |
| فۆبیای کۆمەڵایەتی | –0.156**[1] | –0.254** | – |

[1] بۆدەرخستنی پلەی پەیوەست لەنێوان دوو گۆڕاودا دوو نیشاندەری سەرەکی هەیە، ئەوانیش شێوەی بڵاوبونەوە و هاوکێشەی پەیوەستە، هاوکێشەی پەیوەست بە گرنگترینیان دادەنرێت لەبەرئەوەی ئاماژەدەرێکی چەندییە لەسەر هێز و ئاراستەی پەیوەستەکە. هاوکێشەی پەیوەستەکەش لەنێوان(+1.00) و (–1.00) دایە. ئاماژەکانیش ئاراستەی پەیوەستەکە دیاریدەکەن، بەڵام ژمارەکان هێزی پەیوەستەکە دیاری دەکەن، بەجۆرێک بوونی پەیوەستی(+)واتە پەیوەستەکە ئەرێنییە و زیادبوون لە گۆڕاوێک دەبێتە هۆی زیاد بوون لە گۆڕاوەکەیتریشدا. بوونی ئاماژەی(–) واتە پەیوەستەکە نەرێنییە و کەمکردن لە گۆڕاوێک دەبێتە هۆی کەم بوون لە گۆڕاوەکەی تریشدا. أحمد سليمان عودة و خليل يوسف الخليلي، الأحصاء للباحث في التربية والعلوم الإنسانية، دار الامل للنشر والتوزيع، (1988): ص136.

له خشتەی(38)دەردەکەوێت، کە بەهای پەیوەست لە نێوان **کارلێکی کۆمەڵایەتی** و **زیرەکی هەڵچوونی** بریتییە لە(**0.245**)، ئەم پەیوەستەش پەیوەستێکی ڕاستەوانەیە بە ئاستی ئاماژەداری(0.000)لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی، بە جۆرێک **چەندە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەرزبێت زیرەکی هەڵچوونی بەرزتر دەبێتەوە.**

دەکرێت ئەم ئەنجامە وا لێکبدرێتەوە، ئەو کەسانەی نمرەی بەرزیان هێناوە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ڕووی زیرەکی هەڵچوونیشەوە بەتوانا، زیرەکن، توانای دەستپێشخەری، هاوکاری، لێبوردەیی، ڕێزگرتن لە خود و باوەڕبەخۆبونیان هەیە، ئەم توانایانەش بەکاردەهێنن لە کاتی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا و دەتوانن سەرکەوتووبن، هەروەها بەپێی توێژینەوەکان نمرەی بەرزتریان بەدەستهێناوە لە زیرەکی هەڵچوونی، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت هەر کەسێک بتوانێت کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی بنیاد بنێت خاوەن توانایەکی بەرزیشە لە کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچوونیش وای لێدەکات زیاتر کراوە و کۆمەڵایەتی بێت و خاوەن باوەڕبەخۆبونێکی بەرزبێت، لە لایەکی تریشەوە زیرەکی هەڵچوونی و کارلێکی کۆمەڵایەتی وابەستەن و هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەویتر دەبێت. ئەم ئەنجامەش هاوتەریبی توێژینەوەکانی(رزق الله، 2008) و (فلقت، 2018).

لە هەمانکاتدا، لۆپ و هاوڕێکانی(Lopes et al., 2004: 1018)بە وردی ئاماژەیان بە ئەنجامی دوو توێژینەوە کردووە لەسەر پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و کارلێکی کۆمەڵایەتی، کە پەیوەستێکی بەهێز لەنێوان زیرەکی هەڵچوونی و کارلێکی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بە جۆرێک تاک چەندە زیرەکی هەڵچوونی بەرزبێت ئەوەندە چۆنایەتی کارلێکی کۆمەڵایەتی باشتردەبێت.

لە هەمان ڕاستاییدا (بارون) تیۆرڤانی زیرەکی هەڵچوونی لە زۆربەی توێژینەوەکانیدا ئاماژەی بەوەداوە، کە زیرەکی هەڵچوونی پەیوەستێکی بەهێزی بە کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە هەیە لە مۆدێلەکەی خۆی، بە جۆرێک زیرەکی هەڵچوونی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر سروشتی

کارلێکی نێوان تاکەکان. توێژینەوەی(Macula, 2017) بە هەمان ئەنجام گەیشتووە بە ئاستێکی لاواز. سەرجەم چاوپێکەوتنەکان ئەم ئەنجامەیان بە ئەنجامێکی لۆژیکی وێناکرد.

کرۆکی تیۆری نێوان کەسەکان دەڵێت: پەیوەندی کۆمەڵایەتی باش، ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە دەروونساغی و خۆشگوزەرانی دەروونی تاکەوە، بە پێچەوانەشەوە خراپی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی هەیە بە نەخۆشییە دەروونییەکانەوە. بەو چەشنەش وێنای فۆبیای کۆمەڵایەتیان کردووە، کە لە ناوەرۆکدا کێشەیەکی نێوان کەسەکانە و بە هۆی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دروستدەبێت.

سەبارەت بە بەهای پەیوەست لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و فۆبیای کۆمەڵایەتی بریتییە لە(**0.156-**)، پەیوەستی پێچەوانە هەیە بە ئاستی ئاماژەداری(0.000). **واتە چەندە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەرز بێت فۆبیای کۆمەڵایەتی کەم دەبێتەوە.**

ئەم ئەنجامە ئەنجامێکی لۆژیکییە، هەرکات کارلێک و پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و پێزانین و ئەرێنی بنیاد بنرێت بێگومان ترس و دڵەڕاوکێ دەڕەوێتەوە، کە سەرچاوەی نیشانەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆی دێنێت.

سەبارەت بە بەهای پەیوەست لە نێوان زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتیدا بریتییە لە (**0.254-**) **واتە پەیوەستی پێچەوانە هەیە لە نێوان زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتیدا بە ئاستی ئاماژەداری(0.000). واتە چەندە زیرەکی هەڵچوونی بەرزبێت فۆبیای کۆمەڵایەتی دادەبەزێت.**

ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆئەوەی تاک چەندە کارامەیی و تواناکانی زیرەکی هەڵچوونی بەرز بێت زیاتر هەست بە ئاسودەیی و پێگەی کۆمەڵایەتی دەکات و دەبێتە هۆی باوەڕبەخۆبون و خۆنرخاندن لای هەرزەکار و لە بەرامبەردا فۆبیای کۆمەڵایەتی دادەبەزێت.

## 2-خستنەڕووی ئەنجامە چۆنایەتییەکان

دوای ئەوەی لە ڕێگەی جۆری توێژینەوەی چەندییەوە گەیشتین بە چەندین ئەنجام و شرۆڤە و ڕاڤەمان کرد، بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە شێوەی توێژینەوەی جۆری بۆ پاڵپشتی داتا چەندایەتییەکان(7)پرسیارمان داڕشتەوە، کە بەشێکیان چەندین لقیان لێ دەبێتەوە، لە هەمانکاتدا و لە کاتی پێشکەش نەکردنی وەڵامی تەواودا توێژەر لە چوارچێوەی پرسیارەکەدا چەند پرسیارێکی تری دەکرد لە چاوپێکەوتنەکاندا، بۆئەوەی بگەین بە چەندین ڕاوبۆچوون دروست لەسەر دیاردەکان. بڕوانە پاشکۆی(9) بۆ بینینی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن.

لێرەدا بەپێی کۆکردنەوەی زۆرترین بیرۆکەی دووبارە و نزیک لەیەک ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان دەخەینەڕوو، لە کاتێکدا لە بەشی توێژینەوەی تێکەڵاو دوای خستنەڕووی ئەنجامە چۆنییەکان بە وردی شرۆڤە و ڕاڤەکردن بۆ زانیارییە چۆنییەکان لەگەڵ ئەنجامی داتا چەندییەکان بەراوردکراوە و خراوەتەڕوو.

یەکەم/ کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی و زیرەکی هەڵچوونی لای قوتابیانی پۆلی یازدە لە ئاستی ناوەند بەرزترە و ئەم چەمکانە پێویستیان بە زیاتر تێگەیشتن هەیە لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا. هەرچی پەیوەندی بە ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی هەیە، لە ئاستێکی نزمدایە و زۆرینەی قوتابیانی پۆلی یازدەی ئامادەیی بە شێوەیەکی ئاسایی مامەڵە دەکەن و دوورن لە هەر جۆرە دڵەڕاوکێیەکی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتییان، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کولتور و جیاوازییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانەوە بەشێکی کەم لە قوتابیانی پۆلی یازدە فۆبیای کۆمەڵایەتییان هەیە.

**دووەم/ سەبارەت بە جیاوازی لەکارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، جۆری خوێندن، جۆری قوتابخانە، ئاستی بژێوی،** جیاوازی لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لای ڕەگەزی مێ زیاترە لەبەر تایبەتمەندی ئەم قۆناغەی کۆمەڵگەی کوردی، کە جیاوازییە ڕەگەزییەکان کەمبونەتەوە و ڕەگەزی نێریش چوونە دەرەوەیان زیاترە

بەراورد بە ڕەگەزی مێ پێویستییەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتییان تێر دەکەن، بەڵام ڕەگەزی مێ لەبەرئەوەی زیاتر بۆ خوێندن و کار دەچنە دەرەوە لە قوتابخانە زیاتر تینوی کارلێکی کۆمەڵایەتین.

هەرچی پەیوەستە بە قوتابخانەی حکومی و ناحکومی، ئەوە لە قوتابخانە ناحکومییەکان جیاوازی زیاتر دەردەکەوێت بەراورد بە قوتابخانەی حکومی، چونکە ئەو قوتابخانانە قوتابیان کەمترە لە پۆلدا و کارلێکی کۆمەڵایەتی ئاسانتر ئەنجام دەدرێت، لە لایەکی تریشەوە قوتابخانە ناحکومییەکان بە هۆی ئەوەی بتوانن کێبرکێی زیاتر بکەن و قازانجی زیاتر بەدەستبهێنن بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە حکومییەکان و خاوەنەکانیان زیاتر هەوڵی ئەوەدەدەن مامۆستاکانیان نەرمونیانتربن و بتوانن جێگای ڕەزامەندی قوتابی و باوانیانبن.

ئەوەی پەیوەستە بە جیاوازی جۆری خوێندن ویژەیی و زانستی، ئەوە لە بنەمادا دەبوایە جیاوازی هەبووایە بۆبەرژەوەندی ویژەییەکان، بەڵام چونکە خوێندن لەو لقانە بەپێی توانا و لەسەربنەمایەکی زانستی نەبووە، بۆیە جیاوازی دەرناکەوێت. ئەوەی پەیوەندیدارە بە جیاوازی چینەکان، ئەوە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە لای ئاستی بەرز و ناوەند بە شێوەیەکی ئاسایی کارلێک هەیە، بەتایبەت لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا، بەڵام چینی هەژار بەزۆری لەو ناوەندانەدا خۆیان لادەدەن لە هەر جۆرە کارلێک و پەیوەندییەک، چونکە وا هەست دەکەن ئەو کارلێکە دیوی ناوەوە و هەژارییەکەیان ئاشکرا دەکات، ئەمەش بە لای ئەوانەوە جۆرێکە لە لەکەداربوون، لەبەرئەوە لەو ناوەندانەدا کارلێکیان لاوازە، لە کاتێکدا چینی هەژار لە گەڕەکە هەژارنشینەکان نیشتەجێن و لەو شوێنانەش ڕەنگە کارلێک و پەیوەندییەکان بەهێزتر بێت.

**سێیەم/ جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی: ڕەگەز، جۆری خوێندن، جۆری قوتابخانە، ئاستی بژێوی،** تەنها لە گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان جیاوازییەکی کەم بەدیدەکرێت، سێیەکی بەشداربووان پێیان وابوو، زۆرینەی چینی هەژارەکان وەک دوو چینەکەی تر دەرفەتیان بۆ

نارەخسێت سود لە سەرچاوەکانی بەهێزبوون و بنیادنانی زیرەکی هەڵچوونی ببینن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە دوو چینەکەی تر کەمتر زیرەکی هەڵچوونییان هەبێت.

**چوارەم/ جیاوازی بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، جۆری خوێندن، جۆری قوتابخانە، ئاستی بژێوی ژیان،** بە شێوەیەکی سەرەکی جیاوازی نییە بەپێی هەرسێ گۆڕاوەکەی یەکەم، تەنها جیاوازی لە گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان هەیە، چونکە هەژارەکان ڕووبەڕووی زۆرترین دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و کەموکورتییەکانی ژیان دەبنەوە، لەبەرئەوە پێشبینیکراوە فۆبیای کۆمەڵایەتی لای ئەوان زیاتر بێت.

**پێنجەم/ پەیوەندی نێوان هەرسێ گۆڕاوە سەرەکییەکەی توێژینەوەکە(کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی)** گومان لەوەدا نییە، پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و هەریەکەیان کارلەوەی بەرامبەری دەکات و خەرمانی توانا و کارامەیی و بیری ئەرێنی بۆ تاک بنیاد دەنێت و زیادی دەکات. لە هەمانکاتدا گومان لەوەدا نییە، کە پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و فۆبیای کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی پێچەوانەیە و چەندە کارلێک و پەیوەندی ئەرێنی لەنێوان تاکەکاندا هەبێت، ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی بۆ خوارەوە دادەبەزێت. لە هەمانکاتدا پەیوەندی زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی بە هەمان شێوە پێچەوانەیە و تاک چەندە هەڵگری توانا و کارامەییەکانی زیرەکی هەڵچوونی بێت، ئەوە فۆبیای کۆمەڵایەتی نەک کەمدەبێتەوە، بەڵکو دەچێتە ئاستی نەمان.

## 3-خستنەڕووی ئەنجامەکانی میتۆدی تێکەڵاو و پاڵپشتی و بەراوردکردنیان

**ئامانجی یەکەم/ خستنەڕوی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، ئەم ئامانجە دەبێتە چەند لقێک بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ئا1/ أ-ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

بەپێی توێژینەوەی چەندی: ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی زۆر بەرزە، بە ناوەندی ژمێرەیی(131.49)بە لادانی پێوەری(25.49) بەراورد بە ناوەندی گریمانەکراو(111).

**ئەنجامی چۆنایەتی:** کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی لە سەرووی ناوەندەوەیە ژمارەیەکی باش لە مامۆستایان بە شێوەیەکی هاوڕێیانە پەیوەندی دەگرن لەگەڵ قوتابییەکانیاندا، تەنانەت یەکێک لە بەڕێوەبەرەکان پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابییەکانیان وەک پەیوەندی باوان و منداڵەکانیان وەسف دەکرد. گروپێکیش لە مامۆستایان وتیان ئەوەندە پەیوەندیمان باشە لەگەڵ قوتابییەکان لەخۆیان بایی بوون.

لە هەمانکاتدا گروپێک لە سەرپەرشتیاران ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە کارلێکی کۆمەڵایەتی کەمترە لەو ئاستەی توێژینەوەی چەندایەتی پێی گەیشتووە، کە ڕەنگە کەمێک زیاتر لە نیوەی مامۆستایان کارلێکی ئەرێنییان هەبێت لەگەڵ قوتابییەکانیاندا ئەمەشیان گەڕاندەوە بۆئەوەی ئەومامۆستایانە پێیان وایە، ئەگەر کراوە بن لەگەڵ قوتابییەکانیاندا قۆرخ دەکرێن، لە هەمانکاتدا دۆخی دارایی مامۆستا و مامەڵەی نادروستی هەندێک بەڕێوەبەر و ناڕێکی بینای قوتابخانە و بوونی ژمارەیەکی زۆری قوتابی لە قوتابخانەی حکومی و نەبوونی خولی ڕاهێنانی شێلگیرانە بۆ مامۆستاکان، لە لایەکی تریشەوە بێ ئومێدی قوتابی بەوەی، کە لە کۆتاییدا خوێندن تەواو دەکات دەرفەتێکی ئەوتۆی نییە بۆ کارکردن و سود بینین لە بڕوانامەکەی زۆرجار ساردبونەوە و فەرامۆشکردن ڕوودەدات لە لایەن مامۆستا و قوتابییەکانیشەوە. ئەگەرچی ژمارەیەک لە مامۆستایان تاکو ئێستاش زمانێکی ناپەروەردەیی بەکاردەهێنن لە کاتی کارلێکەکانیاندا، لە هەمانکاتدا هەندێکی تر لە مامۆستایان بە بیانووی پاراستنی کەسێتییان خۆیان لە هەر

کرانەوەیەک بە ڕووی قوتابییەکاندا بەدوردەگرن. لەم بارەیەوە دوو لە مامۆستاکانی چاوپێکەوتنەکانمان، وتیان ئێمە باوەڕمان بە کرانەوە و زەردەخەنە نییە لەگەڵ قوتابییەکانماندا، بەڵکو پێویستە مامۆستا خۆی بەدوور بگرێت لە هەر جۆرە نەرمی نواندنێک لە بەرامبەر قوتابی و تەنانەت پێویستە ڕووی گرژبێت! تاکو شەرم بکات لە مامۆستا و قۆرخ نەکرێت! باوەڕیشیان وابوو، کە میتۆدەکەیان سەرکەوتووبووە، ئەگەرچی ئەمەش دەوەستێتە سەر ئاستی هۆشیاری و خوێندەواری مامۆستا چەندە بەئاگایە لە پێویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو قۆناغە هەستیارە. بۆیە پسپۆڕەکانی بواری دەروونزانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەروونی و کەسێتی ئاماژەیان بە هەستیاری ئەم قۆناغە و پێویستییەکانیان کرد، کە چەندە گرنگە مامۆستا هوشیاربێت بەو پێویستیانە و ڕەچاوکردنی لە کاتی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا.

**ئا1/ ب-ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە:**

**ئەنجامی چەندی:** دوای پێوانەکردنی زیرەکی هەڵچوونی لای قوتابیانی پۆلی یازدە، دەرکەوت کە زیرەکی هەڵچوونی زۆر بەرزە، بە جۆرێک ناوەندی ژمێرەیی بریتییەلە(127.71) بە لادانی پێوەری(10.75)، بەراورد بەناوەندی گریمانەکراو کە(99)یە.

**ئەنجامی چۆنایەتی: ئاستی زیرەکی هەڵچوونی هاوشێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ناوەند زیاترە، چونکە** زیرەکی هەڵچوونی مرۆڤ بە تێکەڵبوونی بە کەسانی تر و ئەزموون و لەگەڵ ژیان بەرزتر دەبێتەوە، ئەگەر مرۆڤ بە تەنها بژیایە لە ڕووی زیرەکی هەڵچوونییەوە هیچ دیاری نەدەدا، بەڵام ژمارەیەک لە مامۆستا و زۆرینەی گروپی سەرپەرشتیارەکان پێیان وابوو، بە نزیکەیی نیوەی قوتابیان توانا و زیرەکی هەڵچوونیان لاوازە، چونکە زیرەکی هەڵچوونی پرۆسەیەکە لە سەرەتاکانی تەمەنی منداڵییەوە دەستپێدەکات و خێزانی کوردیش لە ڕووی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری پەروەردەییەوە ئەو توانایان نییە ئەم چەمکانە بناسن، لەبەرئەوە تەنها قوتابخانە و مامۆستا بەس نییە.

**ئا1/ ج-ئاستی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە:**

**ئەنجامی چەندی:** دوای پێوانەکردنی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەرکەوت، فۆبیای کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی پۆلی یازدە بەراورد بە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کەمترە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕێژەی(16.75%)لای قوتابیان فۆبیای کۆمەڵایەتی بوونی هەیە.

**ئەنجامی چۆنی:** ئەنجامی توێژینەوەی چەندایەتی بە تەواوی لۆژیکییە، فۆبیای کۆمەڵایەتی دەگمەنە و کەمە لای ئەم نەوەیە، ئەمەش ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بە بەربڵاوی و بەکارهێنانی میدیای کۆمەڵایەتییەوە هەبێت، کە نیشانەکانی فۆبیای کۆمەڵایەتی کەمدەکاتەوە. ئەگەرچی ژمارەیەکی کەم لە لاوان توشی تاک ژیانی و دورەپەرێزی دەبنەوە و هەندێ لە نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکانیان لەسەر بەدەردەکەوێت، ئەمەش دەستنیشانی جۆرێکی نەخۆشییە دەروونییەکانی پێناکرێت، چونکە هەر نەخۆشییەکی دەروونی بەپێی سەرچاوە پسپۆڕییەکانی ئەوبوارە بە چەند نیشانەیەکی تایبەت بەخۆی و لە ماوەیەکی دیاریکراوی خۆیدا دەناسرێتەوە. ڕەنگە هۆکاری خەم ساردی و فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی هەندێک لە قوتابیان لەو قۆناغەدا، بەهۆی نەبوونی دەرفەتی کار و نەبوونی ڕۆڵی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکانەوە جۆرێک لە خەمساردی دروست بووە. لە لایەکی ترەوە لە ئێستادا قوتابخانەکان بە هۆی (پرۆژەی بنیادنانی تواناکان لە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی- Capacity Building in primary and secondary education…[1])ەوە، کە بەشێکی گرنگیدانە بە بوونی ڕۆڵی قوتابی لە پرۆسەی خوێندندا، ئەنجامدانی سیمنار و چالاکی دەرەکییە؛ لە هەمانکاتدا پاڵپشتی باوان و هەندێک لە خێزانەکان بۆ منداڵەکانیان لە پرۆسەی خوێندن و ژیانی کۆمەڵایەتی وایکردووە ترسی کۆمەڵایەتی و فۆبیا تاڕادەیەک کەمتربێتەوە. بە پێچەوانەشەوە هەندێک لەو خێزانانەی

---

[1] ئەم پرۆژەیە لەکۆتاییەکانیساڵی 2017 ڕاگەیەنرا و تا مانگی 11ی ساڵی 2022 بەردەوامبوو، کە ئەنجومەنی کولتوری بەریتانی(British Council) بەهەماهەنگی هەردو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی مەرکەزی عێراق و وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، عێراق ئەنجام دەدرا و یەکێتی ئەوروپا پاڵپشتی دارایی دەکرد. ئەم پرۆژە لە ڕێگەی چوار پێکهاتەوە کاری دەکرد، کە گرنگترینیان هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکان بوو بەپێی ستانداردەکانی قوتابخانە و وەکو سیستمی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیاری وەزارەتی پەروەردە جێبەجێی دەکات تاکو ئێستا.

لە ڕووی کولتوری و ڕۆشنبیرییەوە لە ئاستی پێویستدا نین، هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی ترسەوە منداڵەکانیان لە قوتابخانە سەرکەوتوبێت. یەکێک لە بەڕێوەبەرەکان ئەمەی نەشاردەوە و وتی: هەندێک لە سەرۆک خێزانەکان تەنانەت لێرەش لە قوتابخانە لەبەرچاوی ئێمە منداڵەکانیان دەترسێنن!

**ئامانجی دووەم/ زانینی جیاوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی: ڕەگەز(نێر و مێ)، لقی خوێندن(زانستی و وێژەیی)، جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)، ئاستی بژێوی(بەرز، ناوەند، هەژار)دا. ئەم ئامانجە دەبێت بە چەند لقێکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ئا2/أ-بەپێی ئەنجامی توێژینەوەی چەندی:** جیاوازی هەیە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێرو مێ) لە بەرژەوەندی کچان، واتە لای کچان کارلێکی کۆمەڵایەتی زیاترە بەروارد بە کوڕان.

**ئەنجامی چۆنی:** توێژینەوەی چۆنایەتی گەیشتووە بە هەمان ئەنجام، چونکە پێیان وابوو هۆکارە کولتوری و کۆمەڵایەتی و پاشخانی خێزانی و ژینگەی قوتابخانەی هەر کۆمەڵگەیەک ئەمە دیاری دەکات لێرە کچان کۆمەڵایەتی ترن و حەزیان لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و نمایشکردنە و خۆگونجێنترن، بە پێچەوانەوە کوڕان دورەپەرێزترن، ئەمەش ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بەو گۆڕانە فسیۆلۆجیانەوە هەبێت، کە بەسەر کوڕاندا دێت لەو تەمەنەدا.

**ئا2/ب- بەپێی ئەنجامە چەندایەتییەکان:** جیاوازی هەیە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و قوتابی بەپێی جۆری قوتابخانە حکومی و ناحکومی لە بەرژەوەندی قوتابیانی قوتابخانە ناحکومیەکان.

**ئەنجامی چۆنی:** ئەنجامە چۆنایەتییەکان بە ئەنجامێکی لۆژیکی وەسفی ئەنجامە چەندییەکانیان کردووە، چونکە ژمارەی قوتابی لە قوتابخانە ناحکومییەکان کەمە، مامۆستا لە قوتابخانەی ناحکومی ناچارە ئەدای خۆی و کارلێکی و پەیوەندی خۆی لەگەڵ قوتابییەکان باش بکات،

ئەگەرنا توشی لە دەستدانی کارەکەی دەبێت، بەڵام بۆمامۆستای حکومی وا نییە و کارەکەی لە دەستنادات، لە لایەکی ترەوە لەنێو خاوەن پرۆژەکانی قوتابخانە ناحکومییەکاندا کێبرکێ هەیە و ئەمەش کاریگەری لەسەر زۆرترین وەرگرتن هەیە لە ساڵەکانی ئایندەدا، چونکە پرۆژەکەیان لە بنەڕەتدا پرۆژەیەکی وەبەرهێنان و ئامانج لێی قازانجە.

لە لایەکی ترەوە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک و گروپێک لە مامۆستایانی حکومی پێیان وابوو، کە ئەو کارلێکەی لە قوتابخانەی ناحکومی هەیە کارلێکیکی ساختەیە و پەیوەندی بە بەرژەوەندییەوە هەیە، بۆیە واقیعەکەی پێچەوانەیە.

**ئا2/ ج- ئەنجامی توێژینەوەی چەندایەتی:** بەپێی جۆری خوێندن (وێژەیی و زانستی) بۆکارلێکی کۆمەڵایەتی جیاوازی ئاماری بەڵگەداری نەبوو.

**ئەنجامی چۆنایەتی:** لە بنەمادا دەبوایە جیاوازی هەبووایە لە بەرژەوەندی وێژەییەکان، بەڵام چونکە لەسەر بنەمای زانستی ئەو لقانە هەڵنەبژێردراون و ڕۆڵی خێزان بەبێ هەستکردن بە توانای منداڵەکەی بەزۆری جۆری خوێندن بۆ دیاری دەکات، چونکە جۆری خوێندن دەرفەتی کارکردنی زیاترە، ئەمەش وا دەکات ئەو جیاوازییانە نەمێنن لەلایەک، لە لایەکی ترەوە لە کاتی پرۆسەی خوێندندا تەنها لایەنی تیۆری دەخوێنرێت و لایەنی پراکتیکی فەرامۆشکراوە، بۆ نموونە تاقیگەی پێویست نییە بۆ زانستی و دۆکۆمێنت و کەرەستەی پێویست بۆ وێژەییەکان نییە، جیاوازی کرۆکی کاتێک دەبێت، کە لەسەر بنەمای توانا کەسییەکان ئەو لقانە دیاری بکرێت و لە هەمانکاتدا کەرەستە و پێویستییە مادییەکانی خوێندن بۆ هەر لقێک فەراهەم بێت.

**ئا2/ د- ئەنجامی توێژینەوەی چەندایەتی:** جیاوازی بەپێی ئاستی بژێوی ژیان بوونی هەیە و واتە چینی هەژار کەمتر کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنیان هەیە لەگەڵ مامۆستاکانیاندا.

**ئەنجامی چۆنی:** ئەنجامێکی لۆژیکییە، چونکە لە قوتابخانەکاندا هەژارەکان خۆیان لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکشێننەوە، چونکە باجی هەیە، بۆ نموونە چوون بۆ فرۆشگای قوتابخانە

لەگەڵ هاوڕێیان، جل و بەرگ و کەرەستەکانی تر لای هەژارەکان ڕەنگە بەپێی پێویست نەبێت، ئەمەش وایان لێدەکات لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بکشێنەوە، تەنانەت لەنێو پۆلدت هەست بە جۆرێک لە بێبەشبوون و کەموکورتی و خۆبەکەمزانین و خۆنەنرخاندن دەکەن، ئەمەش وایان لێدەکات لە کارلێکی کۆمەڵایەتی بکشێنەوە، هەروەک (ئەلیس) بۆی چووە ئەم ڕەفتارە زادەی بیرکردنەوەیەکی نالۆژیکییە و لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کولتورەوە فێری بووە و دەکرێت ڕاستبکرێتەوە، ئەگەرنا لە پانتایی گشتیدا هەژارەکان لە گەڕەکە هەژارنشینەکان نیشتەجێن و لەو گەڕەکانەش پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوتوچۆکردن زۆر بەهێزە. لە لایەکی ترەوە چینی هەژار بەراورد بە چینەکانی تر دەرفەتی گەشت و گەڕانی کەمترە و دەرفەتی کرانەوەشی کەمترە.

**ئامانجی سێیەم/ زانینی جیاوازی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی: ڕەگەز(نێر و مێ)، جۆری خوێندن(زانستی و وێژەیی)، جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)، ئاستی بژێوی(هەژار، ناوەند، بەرز). ئەم ئامانجە دەبێت بە چەند بەشێکەوە:**

**ئا3/ أ- بەپێی ئەنجامی چەندایەتی:** زیرەکی هەڵچوونی جیاوازی نەبوو بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر و مێ)؛ لەسەر ئاستی نمرەی گشتی پێوەر، تەنها لە پێکهاتەی تێڕوانینی ئەرێنی بۆ خود جیاوازی دۆزرایەوە لە بەرژەوەندی کچان.

**ئەنجامی چۆنی:** هەمان ئەنجام، ڕەنگە کرانەوەی کۆمەڵگە و پەروەردەی خێزان و پاڵپشتی خێزان ڕۆڵی هەبێت لە کاڵکردنەوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکاندا، بوونی جیاوازی لە پێکهاتەی تێڕوانینی ئەرێنی بۆ خودیش پەیوەندی هەیە بە گەشەکردنی خێرای ڕەگەزی مێ، کە چەند ساڵێک هەمیشە لە پێش ڕەگەزی نێرەوەیە، لە هەمانکاتدا بەتواناترن لە دەربڕینی سۆز و تێکەڵاوی وگرنگیدان بەوانی تر، لێرەدا مامۆستا و خێزانەکانیش ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، بەتایبەتی کچان جل و بەرگی جوان لەبەردەکەن و خۆیان دەڕازێننەوە و هەوڵ دەدەن ببنە جێگای سەرنجی دەوروبەریان، لەنێو خێزان و لە دەرەوەش ستایش دەکرێن بەوەی چەندە

جوانن، بەڵام بۆ ڕەگەزی کوڕ تێڕاونینەکان بە شێوەیەکی ترن، بۆ نموونە لەکولتوری کوردی دەڵێن: کوڕ جوانی بۆ چییە؟ خۆڕازانەوەی بۆ چییە؟ پێویست نییە ئەوەندە لەبەر ئاوێنە بمێنیتەوە خۆکچ نیت! ئەم تێڕوانین و گوتانەی دەوروبەر وا دەکات کچان زیاتر تێڕوانینی ئەرێنی خودیان بۆ دروستبێت. لە هەمانکاتدا گروپێک لە مامۆستایان وتیان لە قوتابخانەش کچان پابەندترن لە کوڕان و تێکەڵترن و باشتر خۆیان ئامادەدەکەن بۆ وانەکانیان و گرنگیدانیان بە وانەکان، بەڵام بوونی جیاوازی زیرەکی زیاتر لە زیرەکی(IQ) دەردەکەوێت.

**ئا3/ ب- ئەنجامی چەندی:** جیاوازی نەبوو بەپێی گۆڕاوی جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی) بۆ زیرەکی هەڵچوونی لەسەر ئاستی نمرەی گشتی پێوەر.

**ئەنجامی چۆنی:** ئەنجامێکی لۆژیکییە، چونکە تاکەکان هەمان تاکی نێو یەک کۆمەڵگە و ژینگەی کۆمەڵایەتی و قۆناغن، لە ڕووی جوگرافیای نیشتەجێبونەوە تاڕادەیەک نزیکن، مامۆستاکان لە هەمان کۆمەڵگەن هەمان پرۆگرامی خوێندن دەخوێنن و حەز و ئارەزووەکانیان لێک نزیکە، لە لایەکی ترەوە زیرەکی هەڵچوونی پرۆسەیەکە هۆکاری تر ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنیدا، وەک خێزان و پاشخانی کولتوری یان تواناکانی مامۆستا لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن لە سەرەتاییەوە. ئەگەر بەراورد بکرێت بە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان ڕەنگە جیاوازی بە ئاسانی دەربکەوێت.

**ئا3/ ج- ئەنجامی چەندی،** جیاوازی نەبوو بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن(زانستی و وێژەیی) بۆ زیرەکی هەڵچوونی لەسەر ئاستی نمرەی گشتی پێوەر.

**ئەنجامی چۆنی:** لە بنەمادا دەبوایە جیاوازی هەبێت، چونکە ئەو قوتابیانە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای زانستی وەرنەگیراون، لەبەرئەوە جیاوازیش بەدەرناکەوێت. مامۆستاکان هەمان مامەڵە دەکەن لەگەڵ هەردوو گروپ لە لایەکی تریشەوە پێویستییەکانی هەرزەکاران لەو قۆناغەدا هەمان پێویستین داب و نەریت بیروباوەڕ ژینگەکانیان هەمان ژینگەیە.

**ئا3/ د- ئەنجامی چەندی:** جیاوازی نەبوو لە زیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان(هەژار، ناوەند، بەرز) لەسەرئاستی نمرەی گشتی پێوەر.

**ئەنجامی چۆنی:** ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی تاکە کەس لە لایەک و لە لایەکی ترەوە دۆخی ئابووری لە کوردستان ڕوون نییە، چینێک زۆر بەرزبونەتەوە و پێشبینی ناکرێت سەروەت و سامانیان، ئەوەی کەماوەتەوە لە دوای ئەو چینە تێکەڵەیەکە ئاسان نییە جیابکرێنەوە. لە لایەکی ترەوە ڕەنگە جیاوازی هەبێت، بەڵام نەگاتە ئاستی ئاماژەداری. گروپێک لە سەرپەرشتیاران وتیان هەژار دەرفەتی کەمترە بۆ بنیادنانی کارامەییەکانی و پێویستییەکانی ڕۆژانە وای لێدەکات، کە نەتوانێت وەک چینەکانی تر کارامەییەکانی خۆی پێشبخات.

**ئامانجی چوارەم: زانینی جیاوازی فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی: ڕەگەز(نێر و مێ)، جۆری خوێندن( زانستی و وێژەیی)، جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی)، ئاستی بژێوی ژیان(هەژار، ناوەند، بەرز)دا، ئەم ئەنجامە دەبێت بە چەند لقێکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ئا4/ أ—ئەنجامی چەندی:** جیاوازی نییە لە فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر ئاستی گشتی نمرەی پێوەر، تەنها لە پێکهاتەی کاردانەوە جەستەییەکان لە بەرژەوەندی کچانە.

**ئەنجامی چۆنی:** ئەنجامەکان هاوتەریبن، چونکە بەشداربووان پێیانوابوو جیاوازی ڕەگەزی لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا زۆرکەم بۆتەوە، بوونی جیاوازی لە کاردانەوە جەستەییەکان لای کچان بۆ تایبەتمەندی و سروشتی کچ لەو تەمەنە دەگەڕێتەوە، کە لەخۆی ڕازی نییە و زۆر بەسەرخۆیدا دەشکێتەوە لە کاتی ئەدای کۆمەڵایەتیدا لە لایەکی تریشەوە میدیای کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە.

**ئا4/ ب- ئەنجامی چەندی:** جیاوازی نییە لە فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی جۆری قوتابخانە(حکومی و ناحکومی) لەسەر ئاستی گشتی نمرەی پێوەر.

**ئەنجامی چۆنی:** هەمان ئەنجام بەدەرکەوت، چونکە هەردوو لا لە هەمان کۆمەڵگە و ژینگەن، بۆیە جیاوازییەکان دەرناکەون، بەڵام ئەگەر جیاوازییەکە لەنێوان قوتابخانە ئاساییەکان و نێودەوڵەتییەکاندا بوایە بە ئاسانی دەردەکەوتن.

**ئا4/ ج-ئەنجامی چەندی:** جیاوازی نییە لە فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن(زانستی و ویژەیی) لەسەر ئاستی گشتی نمرەی پێوەر.

**ئەنجامی چۆنی:** دەبوایە جیاوازی هەبووایە لە بەرژەوەندی جۆری خوێندن واتە لای قوتابیانی جۆری خوێندن زیاتر بوایە بەراورد بە ویژەیی، لەبەر قورسی قۆناغەکەیان لەلایەک و زۆری ئەرک و چاوەڕاونییەکانیان بۆ ئایندە لە لایەکی ترەوە، بەڵام چونکە لەسەربنەمایەکی زانستی نەچوونەتە ئەو لقانەوە، جیاوازییەکان بەدەرناکەون بۆ فۆبیای کۆمەڵایەتی.

**ئا4/ د-ئەنجامی چەندی:** جیاوازی هەیە لە فۆبیای کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ئاستی بژێوی ژیان لە بەرژەوەندی هەژاران، واتە هەژارەکان زیاتر توشی فۆبیای کۆمەڵایەتی دەبن بەراورد بە چینی ناوەند و بەرز.

**ئەنجامی چۆنی:** هەژارەکان ئەو بەراوردەی دەیکەن لەگەڵ چینەکانی تردا وایان لێدەکات توشی جۆرێک لە گۆشەگیری ببن و خۆیان بکێشنەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە لە کۆمەڵگەدا بەهای کەسەکان بەپێی توانا ئابوورییەکانی دەپێورێت. لە لایەکی ترەوە منداڵی هەژارەکان متمانەیان نییە لە ڕووی داراییەوە، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لە کاتێکدا منداڵی دەوڵەمەند پێویستییەکانی بۆ فەراهەم کراوە.

**ئامانجی پێنجەم/ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هەرسێ گۆڕاوە سەرەکییەکەی توێژینەوەکە(کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتی) لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، ئەم ئامانجە دەبێت بە چەند لقێکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ئا5/ أ-ئەنجامی چەندی:** پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی هەڵچوونیدا، بە بەهای(**0.245) واتە چەندە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی بەرز بێت زیرەکی هەڵچوونی بەرز دەبێت.

**ئەنجامی چۆنی:** ئەنجامی چەندی زۆر لۆژیکییە، چونکە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی چالاکی مرۆیی زیاتردەکات، ئاستی متمانە بەرز دەکاتەوە، پێکهاتەکانی زیرەکی هەڵچوونی لای تاک دروستدەکات و تاک لە ڕێگەی پەیوەندی ئەرێنییەوە دەتوانێت سودمەندبێت لە دەوروبەرەکەی.

**ئا5/ ب-ئەنجامی چەندی:** پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و فۆبیای کۆمەڵایەتیدا، بە بەهای(**0.156-) واتە چەندە کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی بەرزبێت، فۆبیای کۆمەڵایەتی دادەبەزێت.

**ئەنجامی چۆنی:** ئەنجامی چەندی بە تەواوی لۆژیکییە، چونکە کرانەوە و پەیوەندی ئەرێنی نێوان مامۆستا و قوتابی بنیاتنراو لەسەر ڕێز و پێزانین کلیلی ڕەوینەوەی ترسە لای قوتابی و پردی پەیوەندییەکی تۆکمەیە لەنێوان هەردوو لادا، کاتێک مامۆستا توانی پەیوەندییەکانی پەرەپێبدات لەگەڵ قوتابیەکانی ڕاستەوخۆ ترس و دڵەڕاوکێ لای قوتابی دادەبەزێت.

**ئا5/ ج- ئەنجامی چەندی:** پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان زیرەکی هەڵچوونی و فۆبیای کۆمەڵایەتیدا، بە بەهای(**0.254-)، واتە چەندە زیرەکی هەڵچوونی بەرزبێت فۆبیای کۆمەڵایەتی دادەبەزێت.

**ئەنجامی چۆنی:** توێژینەوەی چۆنایەتی هاوڕاو هاوتەریبە لەسەر دروستی ئەم ئەنجامە، چونکە بەرزبونەوەی زیرەکی هەڵچوونی و پێکهاتەکانی کلیلی ڕەوینەوەی ترس و دڵەڕاوکێیە لای تاک و بناغەی دروستبونی خود نرخاندن و باوەڕبەخۆبون و کرانەوە و ئاسۆی پەیوەندییەکان فراوانتر دەبن و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر گەشە دەکەن.

**خستنەڕوی چەند گریمانەیەک:**

لەئەنجامی توێژینەوەی چۆنایەتی گریمانە بەرهەم دێت، لەکاتێکدا لەمیانی توێژینەوەی چەندایەتی، گریمانەکان تاقیدەکرێنەوە. لە چوارچێوەی ئەنجامی توێژینەوەی چۆنایەتییەوە دوگریمانە گەڵاڵەبوون، کەدەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە بیانخەینەڕوو:

یەکەم/مامۆستای ڕۆشنبیر لە پرۆسەی پەروەردەییدا، ڕۆڵی گەورەی هەیە لە چاندنی پێکهاتەکانی زیرەکی هەڵچوونی و ڕەوینەوەی فۆبیای کۆمەڵایەتی لای قوتابییەکانی.

دووەم/ قوتابخانە ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بنیادنانی زیرەکی هەڵچوونی و کارلێکی ئەرێنی و ڕەوینەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و دەروونساغی قوتابییەکانی.

**دووەم/پێشنیازەکان**

پێشنیازەکان بۆ وەزارەتی پەروەردە:

1- باشتروایە وەزارەتی پەروەردە خولی بەردەوام بکاتەوە بۆ مامۆستایان لەبواری چۆنێتی ئەنجامدانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی، بۆئەوەی بتوانن بەسەرکەوتوویی کارلێکی ئەرێنی بنیادنراو لەسەر مرۆڤدۆستی ئەنجامبدەن بۆ دروستکردنی سەرمایەی مرۆیی کۆمەڵگە. چونکە کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی زیرەکی هەڵچوونی و تێگەیشتن لە پێویستییەکانی قۆناغە جیاوازەکانی هەرزەکاران لەلایەن مامۆستایانەوە، لە هەمانکاتدا ژینگەیەکی ئەرێنی لە قوتابخانە دروست بکرێت، کە توانا و لێهاتویی و کارامەییە کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی و مەعریفی و دەروونییەکانی قوتابی پەرەپێبدات و مامۆستایان دووربخاتەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی زارەکی و وشەی نەشیاو.

2- بەڕێوەبەری قوتابخانە یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی قوتابخانە و پرۆسەی پەروەردەیی و گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان، لەبەرئەوە زۆرگرنگە وەزارەتی پەروەردە میکانیزمێکی گونجاو دابنێت پشت بەستو بەئەزموون و ستاندارده جیهانییەکان سەرکەوتووەکان، بەڕێوەبەر بۆ قوتابخانەکان دیارییبکرێت و بگۆڕدرێن و ستافێکی شارەزاو ڕاهێنراو بۆبەڕێوەبردنی قوتابخانەکان دابینبکرێت کە تیێدا ڕەچاوی تایبەتمەندی کەسێتی و ئیداری و ئەکادیمی بکرێت و ئامادەباشییە مرۆییەکانیان تیابێت بۆ بەڕێوەبردنێکی دروستی پەروەردەیی. لە هەمانکاتدا کردنەوەی خولی تایبەت پێش ئەوەی دەستبەکاربن تاقیکردنەوەیان بۆ ئەو مەبەستە بۆ ئەنجامبدرێت.

3- زیرەکی هەڵچوونی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر تێگەیشتن لە خود و درککردنی خودی و ئەوانی ترو زانینی تواناو کارامەییەکانی تاک و ڕەوینەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و فۆبیای کۆمەڵایەتی، باشتروایە وەزارەتی پەروەردە خولی پێویست بکاتەوە بۆ مامۆستایان بۆ

تێگەیشتن و بنیادنانی زیرەکی هەڵچوونی و چۆنێتی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەتوانا لە زیرەکی هەڵچوونی و بەستنەوەی بە پێکهاتەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنییەوە.

4-گرنگیدان بە وانەکانی هونەر و وەرزش و کاراکردنیان و نەکردنیان بە قوربانی وانە زانستییەکان و بیرکاری، هاوتەریب گرنگیدان بە چالاکییە دەرەکییەکان، کە لە ڕێگەیەوە ژینگەی قوتابخانە خۆشدەکات و وادەکات قوتابی پەوەردەیەکی دروست و ڕەسەن وەربگرێت و دور بکەوێتەوە لە لادان و ساردبونەوە لەپرۆسەی خوێندن و خۆشەویستی بۆ قوتابخانە هەبێت. لەبەرئەوە زۆرگرنگە وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی پێویست لەو بارەیەوە دەربکات و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەوردی چاودێری جێبەجێکردنی بکەن.

5-کاراکردن و گرنگیدان بە پەیوەندی نێوان قوتابخانە و خانەوادەی قوتابییەکان و ئاراستەکردنیان بەرەو پەروەردەیەکی دروست، کە ڕەفتارەکانی تاک سەرچاوەی گرتبێت لە تێڕوانینە ئەقڵانییەکان و دورخستنەوەی بیری نەرێنی لە پرۆسەی پەروەردەیی فەرمی و نافەرمیدا. ئەمەش لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی قوتابخانەکان و پێشنیازکردنی میکانیزمی گونجاو بۆ کاراکردنی ئەنجومەنی باوانی هەر قوتابخانەیەک لە ڕێگەی لیژنەی پەرەپێدانی قوتابخانەکانەوە.

6-زۆر گرنگە وەزارەتی پەروەردە لە کاتی دیاریکردنی پسپۆڕێتی جۆری خوێندنی وێژەییدا، ڕەچاوی توانا و خواست و نمرەی قوتابی بکات بەجۆرێک، کە بتوانرێت بە تەواوی ئامانجەکانی پەروەردەی تیادا بێتەدی، ڕەچاوی ئەوەبکرێت کە پەیمانگای پیشەیی جارێکی تر گرنگی و بایەخی پێ بدرێت و ئەو قوتابیانەی نمرەی بەرز بەدەستناهێنن لە پۆلی نۆی بنەڕەتی جیابکرێنەوە بەپێی خواست و ئارەزووی خۆیان، یان بۆ پەیمانگای پیشەیی یان بۆ خولی پیشەیی، بەجۆرێک تاک بتوانێت بەباشی فێری پیشەیەک ببێت بە خواستی خۆی و ڕۆڵی هەبێت لەپێشخستنی کۆمەڵگەدا.

7-گرنگە لە ناوەندەکانی خوێندندا بایەخ بەکاری کردارەکی بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی بەپێی تایبەتمەندی زانستی و وێژەیی

تاقیگە و کەرەستەی پێویست دابین بکات و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخانبکرێت، بە شێوەیەکی شێلگیرانە و کردارەکی قوتابی ڕاهێنانی تێدابکات.

8-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان لە وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ پسپۆڕانی بوارەکە هەوڵبدات بۆ ئامادەکردن و زیادکردنی پرۆگرامێکی پەروەردەیی خوێندن لە چوارچێوەی تەندروستی دەروونیدا، کە قوتابی فێربکات لە خودی خۆی تێبگات و خۆی بناسێت لە هەمانکاتدا چۆن گرنگی بە تەندروستی دەروونی و لایەنی دەروونی خۆی بدات و بتوانێت لە فشارە دەروونییەکان تێبگات و مامەڵەی دروستیان لەگەڵدا بکات، چونکە چەندە بایەخ بە لایەنی جەستەیی گرنگە بەو چەشنەش گرنگە بایەخ بە لایەنی دەروونی تاک بدرێت، ئەمەش لە کۆتایی قۆناغی بنەڕەتی و هەروەها لە قۆناغی ئامادەییدا.

**سێیەم/توێژینەوە ئایندەییەکان:**

1-هەمان توێژینەوە بکرێت نموونەکەی تەنها بەراورد بێت لەنێوان قوتابخانەیەکی وێژەیی و قوتابخانەیەکی زانستیدا.

2-پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی خێزانی و زیرەکی هەڵچوونی.

3-پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و فۆبیای کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی بنەڕەتی.

4-هەمان توێژینەوە نموونەکەی قوتابی زانکۆبێت.

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:


- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر، بەشی پلاندانان، (28-3-2022).
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، بەشی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان، (30-3-2022).
- تیم دیلانی، تیۆرییە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی، و: خالید شێخی، سەقز، پەخشانگای بیریار (1395).
- سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ2 ، سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، (2020).
- صباح احمد محمد نجار، وانەکانی ڕێبازی توێژینەوە، دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، (2021).
- طاهر حسو زیباری، تیۆری هاوچەرخ لەکۆمەڵناسیدا، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیر، (2017).
- ئەریک فرۆم، بەناوی ژیانەوە، چ2، و: ئازاد بەرزنجی، (2003).


### دووەم/ سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:


- إبراهيم عثمان و سالم ساري، نظريات في علم الاجتماع، القاهرة: الشريكة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات، (2010).
- إحسان محمد الحسن، النظريات الاجتماعية المتقدمة، عمان: دار وائل، (2005).
- أحمد العلوان، الذكاء الانفعالي وعلاقته بالمهارات الاجتماعية وأنماط التعلق لدى طلبة الجامعة في ضوء متغيري التخصص والنوع الاجتماعي للطالب، المجلة الاردنية في العلوم التربوية، 7، عدد2، (2011): 25-144.
- أحمد بدر، أصول البحث العلمي ومناهجه، ط9، القاهرة: المكتبة الاكاديمية، (1996).
- أحمد حسن محمد علي، مهارات التفاعل الصفي، الالوكة الاجتماعية، تأريخ الزيارة: 15-4-2021، https://www.alukah.net/social/0/115488/

- أحمد سليمان عودة و خليل يوسف الخليلي، الأحصاء للباحث في التربية والعلوم الإنسانية، دار الامل للنشر والتوزيع، (1988).
- احمد عبداللطيف وحيد، علم النفس الاجتماعي، عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة،(2001).
- أحمد محمد أبوعوض، محاور تفاعل الطالب مع المعلم" منهل الثقافة التربوية، تأريخ الزيارة: 15-4-2021، https://www.manhal.net/art/s/20344
- اسماء البرغني، حساب الثبات بطريقة التجزئة النصفية، الدرس(73): https://www.youtube.com/watch?v=8K2VWktwSiQ تأريخ الزيارة: 5-11-2022.
- اضطراب القلق الاجتماعي(الرهاب الاجتماعي)، مايو كلينيك، تأريخ الزيارة: 31-10-2021، https://www.mayoclinic.org/ar/diseases-conditions/social-anxiety-disorder/symptoms-causes/syc-20353561
- أنعام هادي حسن، الذكاء الانفعالي وعلاقته باساليب التعامل مع ضغوط النفسية، عمان: دار الصفاء للنشر والتوزيع، (2012).
- إيمان عباس الخفاف، الذكاء الانفعالي تعلم كيف تفكر إنفعاليا، عمان: دار المناهج للنشر والتوزيع، (2013).
- براهيمي محمد و بكاي ميلود، التفاعل الاجتماعي الصفي المثير للتفوق والنجاح" مجلة الجامع في الدراسات النفسية والعلوم التربوية، عدد06 (2017):82-67.
- بلال خالد خضير و عماد اسماعيل هلال، أنماط التفاعل الصفي الممارسة من قبل المعلمين والمعلمات وعلاقتها بدافعية الطلبة نحو التعلم في المرحلة الابتدائية، مجلة الدراسات التربوية والعلمية-كلية التربية-الجامعة العراقية، 2، عدد15، (2020)170-153.

- بلحسيني وردة، أثر برنامج معرفي-سلوكي في علاج الرهاب الاجتماعي ادة عينة من طلبة الجامعة-دراسة تجريبية بجامعة قاصدي مرباح بورقلة (أطروحة الدكتوراه، غير منشورة)، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، (2010).
- بلقاسم محمد و هامل منصور، الذكاء الانفعالي لدى تلاميذ التعليم الثانوي وعلاقته بالانجاز الدراسي والنوع والتخصص، مجلة التنمية البشرية، عدد05، (2015): 94-119.
- بوترعة بلال، و ذياب سليمة، دراسة نظرية تحليلية لحجم العينة في البحث الكيفي، المجلة الجزائرية للعلوم الاجتماعية والانسانية، 9، عدد2، (2021): 355-368.
- جميل حمداوي، جورج زيميل والسوسيولوجيا التفاعلية، تأريخ الزيارة: 17-4-2021. https://www.almothaqaf.com/a/b12-1/896326
- جميل حمداوي، سوسيولوجيا الحياة المدرسية، المملكة المغربية: دار الريف للطبع والنشر الالكتروني، (2020).
- حليمة قادري، التفاعل الصفي بين الاستاذ والتلميذ في المرحلة الثانوية، دراسات نفسية وتربوية مخبر تطوير الممارسات النفسية والتربوية، عدد8، (2012):
- خليل يوسف الخليلي، و أحمد سليمان عودة، الأحصاء للباحث فى التربيه والعلوم الإنسانيه، عمان: دار الفكر للنشر والتوزيع، (1988).
- خليل يوسف علي احمد الشاعر، الذكاء الانفعالي لدى أطفال مدارس الموهوبين وعلاقته بالتحصيل الدراسي في مادة الرياضيات، دراسات تربوية، عدد6، (2017): 61-3.
- رندا رزق الله، العلاقة بين مهارة الذكاء العاطفي والتفاعل الاجتماعي، مجلة جامعة دمشق، 24، عدد1، (2008): 485-512.
- رولا عودة السوالقة و محمد اسماعيل الحوسني، الرهاب الاجتماعي من التنظير الاجتماعي إلى سبل العلاج: دراسة سوسيولوجية إكلينيكية، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الإنسانية والإجتماعية، 16 عدد2(A)، (2019): 112-138.

- رياض نايل العاسمي، العلاج العقلاني الانفعالي السلوكي بين النظرية والممارسة، عمان: دار الاعصار العلمي للنشر والتوزيع، (2015).
- زينب محمد أمين ويخرون، التفاعل بين الدافع المعرفي ومستوى التفاعل الاجتماعي في بيئة الحوسبة السحابية وأثره على تنمية مهارات إنتاج الدروس الإلكترونية لدى طلاب تكنولوجيا التعليم، مجلة البحوث في مجالات التربية النوعية، عدد 3، (2018): 51-98.
- سامر جميل رضوان، القلق الاجتماعي: دراسة ميدانية لتقنين مقياس للقلق الاجتماعي على عينات سورية، مجلة مركز البحوث جامعة قطر، السنة العاشرة، عد19، (2001): 47-77.
- سامية ابريعم، مستوى الرهاب الاجتماعي لدى المراهقين في مدارس مدينة تبسة-الجزائر، مجلة جامعة الاسقلال للابحاث، 1 عدد2، (2016): 29-58.
- سعد بن سعيد القحطاني، الإحصاء التطبيقي: المفاهيم الاساسية وأدوات التحليل الإحصائي الأكثر استخداما في الدراسات والبحوث الاجتماعية واللإنسانية بأستخدام SPSS، المملكة العربية السعودية: معهد الادارة العامة-مركز البحوث الرياض، 2015).
- شارلين هس-بيبر و باتريشيا ليفى، البحوث الكيفية في العلوم الاجتماعية (ت:هنا الجوهرى)، القاهرة: المركز القومي للترجمة، (2011). العدد(1783).
- شاكر محاميد، علم النفس الاجتماعي، عمان: المدى (2003).
- شرف الدين خليل، الاحصاء الوصفي، شبكة الابحاث والدراسات الاقتصادية، (د.ت).
- شەوبۆ شمس الدين سليمان و عمر حمه أحمد، أسباب التسرب الدراسي وعلاقتها ببعض المتغيرات، مجلة قەڵای زانست العلمية، 6، عدد(1)، (2021): 327-359.
- الشيخ فلقت، الذكاء الوجداني وعلاقته بالتواصل التربوي لدى تلاميذ المرحلة الثانوية، دراسة ميدانية بثانويات مدينة ورقلة(رسالة ماجستير غير منشورة)..جامعة-قاصدي مرباح-ورقلة، (2018).

- صالح سلامه البركات و عمر صالح ياسين، العلاقة بين التفاعل الاجتماعي ومستوى الطموح لدى طلبة المرحلة الثانوية في محافظة اربد، Journal of environmental studies, no.3, (2010), 109.
- صالح محمد علي ابوجادو، سيكولوجية التنشئة الاجتماعية ،ط6، عمان:دار المسيرة للنشر والتوزيع، (2006).
- صباح مرشود منوخ و نظير سلمان علي، الذكاء العاطفي وعلاقته بنمط الشخصية لدى طلبة المحلة الاعدادية، مجلة جامعة تكريت للعلوم، 18 عدد8، (2011): 347-409.
- صبيحة ياسر مكطوف و سرى غانم محمود العبيدي، الذكاء الانفعالي وعلاقته بالمسايرة الاجتماعية لدى طلبة الجامعة، مجلة التربية والعلم، 15 عدد3، (2008): 337-362.
- صفية إقرونة، الذكاء الانفعالي والصحة النفسية وعلاقتهما ببعض المتغيرات-دراسة على عينة من تلاميذ مرحلة التعليم الثانوي، مجلة العلوم النفسية والتربوية، 6 عدد2، (2018): 224-247.
- صلاح أحمد عبدالهادي الناقة و إبراهيم سليمان شيخ العيد، مهارات التواصل الصفي ومستوى أدائها لدى معلمي اللغة العربية والعلوم بالمرحلة الأساسية، دار المنظومة، أعمال مؤتمر: التواصل والحوار التربوي..نحو مجتمع فلسطيني أفضل، الجامعة الاسلامية غزة. (2011): 342-389.
- طالب عبد سالم، و سافرة سعدون احمد، الذكاء العاطفي وعلاقته بالخجل لدى طلبة جامعة بغداد، مجلة البحوث التربوية والنفسية، عدد34، (2012): 377-412.
- طه ربيع طه عدوي، النماذج والنظريات المفسرة للرهاب الاجتماعي، مجلة الارشاد النفسي- مركز الارشاد النفسي-عدد 29، (2011): 489-513.
- عايدة ذيب عبداللة محمد، دور معلمات الروضة في تنمية الذكاء الانفعالي لدى الأطفال، مجلة كلية التربية للبنات، عدد 25، (2014): 1051-1066.

- عبدالقادر عبدالله عرابي، المناهج الكيفية في العلوم الاجتماعية، دمشق: دار الفكر، (2007).
- عبدالله احمد القرني، التفاعل الاجتماعي في المجتمعات الافتراضية: دراسة مسحية على اساتذة وطلاب التعليم عن بعد بجامعة الملك عبدالعزين، مجلة القراءة والمعرفة–مصر، عدد179، (2016): 1–32.
- عثمان علي أميمن، و بدرية علي السامرائي، الأختبار النفسي اسسه ومعالجته الإحصائية، الاسكندرية: مطابع عصر الجماهير، (2001).
- عدنان محمد عبده القاضي، الذكاء الوجداني وعلاقته بالاندماج الجامعي لدى طلبة كلية التربية/جامعة تعز، المجلة العربية لتطوير والتفوق، عدد4، (2010): 26–80.
- عطفة سيف الرحمن، تطوير عملية التفاعل الصفي بين المعلمين والمتعلمين لتحسين جودة التعلم، Arabia: Jurnal Pendidikan Bahasa Arab. 11 no. 2, (2019): 17–28.
- العقبي الازهر، أهمية تحديد المفاهيم في البحث الاجتماعي في منهجية البحث العلمي في العلوم الاجتماعية، الجزائر: مؤسسة حسين راس الجبل للنشر والتوزيع، (2017).
- علي أحمد حسن، مهارات التفاعل الصفي، الالوكة، تأريخ الزيارة: 15–4–2021.: https://www.alukah.net/social/0/115488/
- علي اسعد وطفة و علي جاسم الشهاب، علم الاجتماع المدرسي: بنوية الظاهرة ووظيفتها الاجتماعية، الكويت، (2003).
- فاطمة الزهراء الزروق، الذكاء الانفعالي ودوره في التحصيل الأكاديمي، المجلة الجزائرية للطفولة والتربية، 4 عدد5، (2016): 65–92
- فجر جودة النعيمي، علم النفس الاجتماعي دراسة لخفايا الإنسان وقوى المجتمع، بيروت: الرافدين دار اوما: بغداد؛ OPUS Publisher: London، (2016).
- فؤاد البهي السيد، و سعد عبدالرحمن، علم النفس الاجتماعي رؤية معاصرة، القاهرة: دار الفكر العربي، (1999).

- كامل حسن كتلو، المحتوى الظاهر لسيكولوجيا العلاقات الإنسانية بين الطلبة وأساتذة الجامعة، المجلة الاردنية للعلوم الاجتماعية، 9 عدد3، (2016):358-345.
- مباركة ميدون و مسعودة هتهات، مظاهر الرهاب الاجتماعي لدى عينة من الطلبة الجامعيين: دراسة استكشافية بكلية العلوم الإنسانية والاجتماعية بجامعة قاصدي مرباح بورقلة، مجلة الفكر المتوسط، 11، عدد1، (2022): 638-659.
- مجذوب أحمد محمد أحمد قمر، الصحة النفسية والذكاء الوجداني وعلاقتهما ببعض المتغيرات(دراسة على عينة من طلبة كلية مروي التقنية)، مجلة العلوم النفسية والتربوية، 2 عدد1، (2016): 161-183.
- محمد ترقو، التحليل الاحصائي للبيانات بأستخدام برنامج SPSS-تطبيق اختبار شيفيةScheffe على برنامج SPSS الدرس128: https://www.youtube.com/watch?v=xXZSc-aW3HE&list=PLF95nA9dvFzY_Q-ahsHF0Jv5nWIBUCqZT&index=6 تأريخ الزيارة: 21-11-2022.
- محمد در، أهم مناهج وعينات وأدوات البحث العلمي، مجلة الحكمة للدراسات التربوية والنفسية-مؤسسة كنوز الحكمة للنشر والتوزيع-الجزائر. عدد(9)، (2017): 309-325.
- محمد فؤاد حجازى، النظريات الاجتماعية، ط6، القاهرة: مكتبة وهبة، (2008).
- محمد محروس الشناوي، العملية الارشادية، القاهرة: دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، (1996).
- محمد مقداد الربيعي، قيادة التمكين لتدريس التربية الكشفية وعلاقتها بالتفاعل الاجتماعي، عمان: دار معتز للنشر والتوزيع، (2016).
- المراجعة العاشرة للتصنيف الدولي للأمراض تصنيف الإضطرابات النفسية والسلوكية: الأوصاف السريرية -الإكلينيكية- والدلائل الإرشادية التشخيصية، (ICD-10)، منظمة الصحة العالمية المكتب الاقليمي لشرق الأوسط،(1999).

- المرجع السريع للتحليل الإحصائي بأستخدام أمثلة SPSS، ترجمة واعداد لجنة التأليف والترجمة، حلب: شعاع للنشر والتوزيع، (2008).
- مسعودة سالمي و الطاهر سعدالله، العملية الارشادية وفق نظرية ألبرت أليس للإرشاد العقلاني الانفعالي، مجلة الباحث في العلوم الإنسانية والاجتماعية، 14، عدد1، (2022): 163-176.
- منال عبدالخالق جاب الله، سيكولوجية الذكاء الانفعالي اسس وتطبيقات، دسوق: دار العلم والايمان للنشر والتوزيع، (2012).
- مهدي محمد القصاص، مبادئ الإحصاء والقياس الاجتماعي، كلية الاداب: جامعة المنصورة، (2007).
- ناريمان محمد رفاعي وآخرون. أضطراب القلق الاجتماعي لدى طلاب الجامعة في ضوء بعض المتغيرات، مجلة كلية التربية ببنها،6 عدد 116، (2018): 235-281.
- ناريمان محمد و آخرون، أضطراب القلق الاجتماعي لدى طلاب الجامعة في ضوء بعض المتغيرات، مجلة كلية التربية ببنها 6، عدد 116 (2018):234-280.
- نايف فدعوس الحمد وآخرون، مستوى الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتكيف النفسي والاجتماعي لدى الطلبة السعوديين في الجامعات الأردنية، دراسات العلوم التربوية، 43، عدد 5، (2016): 1871-1886.
- نايفة حمدان الشوبكي و سمير عبدالكريم الريماوي، فاعلية برنامج إرشادي يستند إلى نظرية Ellis في تحسين الضبط الذاتي وخفض الرهاب الاجتماعي لدى طلبة المرحلة الثانوية في الاردن، دراسات العلوم التربوية، 45 عدد(4) (2018): 580-594.
- هناء خالد الرقاد، الرهاب الاجتماعي وعلاقته بالتوافق الجامعي لدى طلبة الجامعة الهاشمية، مجلة العلوم التربوية والنفسية1، عدد 3 (2017):248-232.

- يحي بن العربي، ممارسة الألعاب الجماعية ودورها على التفاعل الإجتماعي عند لاعبي البطولة الولائية لولاية الجلفة، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة الجزائر، (2013).

**سێیەم/سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:**

- ABDULQADER HUSSEIN HAMAD GARDI, Prevalence of social phobia among high school students in Erbil Kurdistan region, Zanko j. Med. Sci 20, no. 3 (2016): 1497-1504.
- ALAN MORTIBOYS, Teaching with emotional intelligence, London and New Yourk: Routledge Taylor and Francis Group, (2005).
- ALBERT ELLIS AND RUSSELL, Handbook of rational emotive therapy, New York: Springer Publishing Company, (1977).
- ALBERT ELLIS, Overcoming resistance: A rational emotive behavior therapy integrated approach, 2nd Ed. New York.: Springer publishimg company, (2002).
- ALBERT ELLIS, The revised ABC's of rational-emotive therapy(RET), J*ournal of rational-emotive & cognitive-behavioral therapy*, 9, no.3, (1991): 139-172.
- ALBERT ELLIS, Changing rational-emotive therapy(RET) to rational emotive behavior therapy(REBT), *Journal of rational-emotive & cognitive-behaviour therapy*, 13, no. 2, (1995): 85-89.
- ALBULENA METAH MACULA, Emotional intelligence, it is relation with social interaction and perceived social support, *European journal of spcial sciences education and research*, 4, no.4, (2017): 57-63.
- ARIEL STRAVYNSKI, Social phobia in interpersonal perspective, United Kingdom: Cambridge University press, (2014).
- ARON. T. BECK, et al., Anxiety disorders and phobias: A cognitive perspective, BasicBooks: A Division of Harper Collins Publishers, (1985).

- ARU LAWRENCE AND SIVAN T. DEEPA, Emotional intelligence and academic achievement of high school students in kanyakumari district," IJPSS, 3, no.2, (2013):101-107.
- AZITA JOIBARI AND NILOUFAR MOHAMMADTAHERI, The study of relation between emotional intelligence and studenta, academic achievement of High school in Tehran city, Procedia-Social and Behavioral sciences, 29, (2011): 1334-1341.
- BANUN INAN, A comparison of classroom interaction patterns of native and nonnative EFL teachers, Procedia-social and behavioral sciences, no. 46 (2012): 2419-2423.
- CALHOUN, C. et al., Classical sociology theory, (2nd Ed) Oxford: Blackwell Publishing Ltd, (2007).
- CATHERINE ZELJIKA MUSA AND JEAN-PIERRE LEPINE, Cognitive aspects of social phobia: a revew of theories and experimental research, Eur Psychiatry, no.15, (2000): 59-66.
- CHAMUNDERSWARI, S., Emotional intelligence and academic achievement among students at the higher secondary level, International *journal of academic research in economics and management sciences* 2, No. 4, (2013): 178-187.
- CHARLES T. TAYLOR AND LYNN E. ALDEN, Safety behaviours and jujmantal biases in social anxiety disorder, Behavioural research and therapy, no.48, (2010): 226-237.
- COHEN, D AND CRABTREE, B, Qualitative research, guidelines prejект, Robert Wood Johnson Foundation. Accessed on: 21-1-2023. http://www.qualres.org/HomeInte-3810.html
- COLIN HESSE, Emotional Competence and Interpersonal Interaction: Understanding the Relationship Between Alexithymia and Positive Social Interaction, Unpublished PhD diss,. Arizona State University, (2009).

- DANIEL GOLEMAN, Working with emotional intelligence, New York: Bantam Dell, (1998).
- DAVID A. CLARK, AND AARON T. BECK, Cognitive therapy of anxiety disorfer: Science and practice, New York/ London: The Guilford press, (2010).
- DENNIS GREGORY BRENT, Social phobia and social anxiety: Continuous or discontinuous constructus, Unpublished PhD diss.,The University of Tulsa, (1992).
- DSM-5, Diagnostic and statistical manual of mental disorder(5th Ed.) American psychological association, Washington: New school library, DC. (2014): n.p.
- ELEANOR LEIGH AND DAVID M. CLARK, Understanding social anxiety disorder in adolescents and improving treatment outcomes: Applying the cognitive model of Clark and Wells, Clinical child and family psychology review, (2018): 388-414.
- ERIN A. HEEREY, Emotional, social anxiety, and social interaction. Unpublished PhD diss,. University of California, Berkeley (2004).
- FERDA AKYÜZ IZGIÇ, et al., Social phobia among University students and its relation to self-esteem and body image," *The Canadian journal of psychiatry-Brief Communication*, 49, no.9, (2004): 630-634.
- GEORGE HERBERT MEAD, mind, self, and society, 18th Published. 1st Published 1934. Chicago and London: The University of Chicago Press, (1972).
- ISAAC MEYER MARKS, Fears, phobias, and rituals: Panic, anxiety, and their disorders, Oxford University Press, (1987).
- JELLESMARK ANNETTE et al., Fear of falling and changed functional ability following hip fracture among community-dwelling elderly people:

an explanatory sequential mixed method study, Disability and Rehabilitation, 34, (25), (2012): 2124-2131.

- JOE NAVARO AND MARVIN KARLIND, What every body is saying: An EX-FBI Agenst's Guide to speed-reading people (2008).
- JOHN D. MAYER, et al., Emotional intelligence meets traditional standards for an intelligence. Intelligence, 27 No. 4, (1999):267-298.
- JOHN W. CRESWELL, AND VICKI L PLANO-CLARK, Designing and conducting mixed methods research, SAGE Publication, Inc. (2006).
- JOHN. W. CRESWELL, Research design: qualitative, quantitative and mixed method researches, Los Angeles: SAGE publication, (2017).
- JONATHAN H. TURNER AND JAN E. STETS, Conceptualizing Emotions Sociologically, The Sociology of Emotions, Cambridge University Press, (2005).
- JONATHAN H. TURNER, AND JAN E. STETS, Sociological theories of human emotions, Annual review of sociology No. 32, (2006): 25-52.
- JONATHAN H. TURNER, The mechanics of social interaction: Toward a composite model of signaling and interpreting," Sociological theory, 4, no.1, (1986): 95-105.
- JONATHAN H. TURNER, Toward a general sociological theory of emotions," *Journal for the theory of social behavior* 29, No. 2, (1999): 133-162.
- JONATHAN. H. TURNER, A theory of Social interaction (California: Stanford University press, 1988).
- JOSHUA D. LIPSITZ AND FRANKLIN R. SCHNEIER, Social phobia Epidemiology and cost of illness, Pharmacoeconomics. 18, no. 1 (2000): 23-32.
- KERRY FERRIS AND JILL STEIN, The Real World an introduction to sociology, New York: Norton and Company, (2008).

- KERRY S. WALTERS, "Emotional intelligence, behavioural, and interpersonal assessment of social phobia in adolescents," PhD diss., University of Nebraska, (1999).
- LAJOY SPEARS, Social Presence, Social Interaction, Collaborative Learning, and Satisfaction in Online and Face-to-Face Courses, Unpublished PhD diss,. *Iowa State University*, (2012).
- LOGSDON CONRADO, Family interaction patterns in adolescents with social phobia, Unpublished PhD diss., University of Louisville, (1998).
- LYNN E. ALDEN, Interpersonal perspectives on social phobia. In The Essential handbook of social anxiety for cinicians, ed, W. Ray Crozier and Lynn E. Alden, John Wiley & Sons Ltd. (2001), 381–404.
- LYNN E. ALDEN, AND CHARLES T. TAYLOR, Interpersonal processes in social phobia, Clinical psychology review, no. 24, (2004): 857-882.
- LYNN E. ALDEN, AND SCOTT T. WALLACE, Social phobia and social appraisal in successful and unsuccessful social interactions, Behav. Res. Ther, 33 no.5, (1995): 497-505.
- LYNN E. ALDEN, AND TANNA M B. MELLINGS, Generalized social phobia and social jedgments: The salience of self-and partner-information, Anxiety disorfer, no.18, (2004): 143-157.
- LYNN E. ALDEN, et al., Framing social information and generalized social phobia, Behaviour research and therapy, no.42, (2004): 585-600.
- MAIZATUL AKMAL MOHD, MOHZAN, et al., The influence of emotional intelligence on academic achievement, International conference on University learning and teaching, Published by: Elsevier Ltd, (2012).
- MARC A. BRACKETT, et al., Emotional intelligence: Implications for personal, social, academic, workplace success, Social and personality compass 5 No.1, (2011): 88-103.

- MARIA, S. POULOU, An examination of the relationship among teachers' perceptions of social-emotional learning, teaching efficacy, teacher-student interactions, and students' behavioral difficulties, *International journal of school and educational psychology*, Routledge Taylor and Francis Group, 5, no(2), (2016): 1-11. http://dx.doi.org/10.1080/21683603.2016.1203851
- MICHAEL NEENAN AND WINDY DRYDEN, Rational emotive behavior therapy in a nutshell, London, Thousand Oaks, New Delhi: SAGE Publication, (2006).
- MICHAEL QUINN PATTON, Qualitative evaluation and research methods, Beverly Hills, CA: Sage, (1990).
- MONICA O'KELLY AND JAMES COLLARD, Rational emotive bihavioural therapy, The Oxford handbook of cognitive and behavioral therapies. Online publication, (2015).
- NANCY A. HEISER, Differentiating social phobia from shyness, Unpublished PhD diss., University of Maryland, (2004).
- NICOLE BUTTERMORE, The evolved fuction of social anxiety: Detecting high stakes social interaction," Unpublished PhD diss., University of Michigan, (2009).
- NIGEL MATHERS, et al., Trent focus for research and development in primary health care: Using interviews in a research project, Sheffield: Institute of general practice, (1998).
- NOOR, N. M., AND TALIB, M. A. Family income, perfectionism and social anxiety among higher education students," GJAT, Specia issue, (2019): 161-168.
- PETER SALOVY AND JOHN D MAYER, Emotional intelligence, Imagination, cognition and personality, 9 no. 3, (1989): 158-211.
- PETER SALOVY AND JOHN D. MAYER, Emotional intelligence, New York: Baywood Publishing co. Inc. (1990).

- PETER SALOVY AND JOHN D. MAYER, The intelligence of emotional intelligence," Intelligence, 17, (1993): 433-442.
- QUINCY J.J. WONG AND RONALD M. RAPEE, The developmental psychopathology of social anxiety and phobia in adolescents," In Social anxiety and phobia in Adolescents, ed. Ranta, K., La Greca, A. M., Garcia-Lopez, L-J. and Marttunen, M., Switzerland: Springer, (2015).
- RANA MUHAMMAD DILSHAD AND MUHAMMAD IJAZ LATIF, Focus group interview as a tool for qualitative research: An analysis, *Pakistan journal of social sciences*. 33, No.1, (2013): 191-198.
- REUVEN BAR-ON, The impact of emotional intelligence on giftedness, Gifted education international. 23, (2007a), 122-137.
- REUVEN BAR-ON, The Bar-On model of emotional-social intelligence, Psicothema, No. 18, (2006): 13-25.
- REUVEN. BAR-ON, How important is it to educate people to be emotionally intelligent, and can it be done, in Educating people to be emotionally intelligent, ed, Reuven Bar-On, Maree, J. G., andMaurice Jesse Elias, Westport: Praeger Publishers, (2007b).
- RICHARD P. MATTICK AND CHRISTOPHER CLARKE, Development and validation of measures of social phobia scrutiny fear and social interaction anxiety," Behaviour Research and Therapy, 36, no.4, (1998): 455-470.
- ROB YEUNG, Emotional intelligence: the new rules, London: Marshall Cavendish, (2009).
- ROBERT F. BALES, Interaction process analysis: A method for the study of small group, Cambrisge: Addison-Wesley Press, INC, (1951).
- ROBERT T. KIYOSAKI, RICH DAD's increase your financial intelligence IQ, New York: Business Plus, (2008).

- SAFREN, A. A., et al., “Quality of life in social phobia,” Depression and anxiety, no.4, (2006): 126-133.
- SAFREN, STEVEN A. et al., Factor structure of the social interaction anxiety scale and the social phobia scale. Behavior research and therapy 36, (1998): 443-453.
- SIRWAN KAMAL ALI et al., Assessment of social phobia among students of nursing college in Hawler Medical University at Erbil city-Iraq,” *Kufa journal for nursing science*, 6, no.2, (2016): 1-8.
- STEFAN. G. HOFMAN AND MICHAEL. W. OTTO, Cognitive behavioral therapy for social anxiety disorder: Evidence-based and disorder-specific trearment techniques, New York-London: Routlefge, Taylor and Francis Group, (2008).
- STEVEN GORDON, Social structural effects on emotions, In Research agendas in the sociology of emotions. ed, Theodore, D. Kemper, State University of New York Press, (1990).
- SYLVIE D. LAMBERT AND CARMEN G. LOISELLE, Combining individual interviews and focus groups to enhance data richness, JAN: Research methodology, 62, no.2, (2008): 228-237.
- UBC. The University of British Colombia, Lynn Alden Biography. Accessed on: 6-9-2021. https://psych.ubc.ca/profile/lynn-alden/
- UMA, SEKARAN, Research methods for business (4th Ed). New york: John Wiley and Sons, Inc. (2003).
